زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# شیعرییەتی كات لە ڕۆمانەكانی (میران ئەبراهام)دا

نامەیەكە
پێشكەشی ئەنجوومەنی كۆلێژی زمان كراوە لە زانكۆی سەلاحەدین-
هەولێر وەكو بەشێک لە پێداویستیەكانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە
ئەدەبی كوردیدا

لەلایەن
**ڕێكار عەلی حەسەن**
بەكالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی كوردی- زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر- ٢٠١٢

بە سەرپەرشتی
**پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**

هەولێر- كوردستان
ئاب ٢٠٢٣

# بەڵێننامە

مـن بەڵـێن دەدەم ئەم ماسـتەرنامەیە، کە ناونیشـانەکەی بـریتییە لە (**شـیعرییەتی کـات لە ڕۆمانەکـانی (میـران ئەبراهـام)دا** هەمـووی کـاری ڕەسـەنی تـاکە کەسـی خـۆمە، جـگە لەو جێگایـانەی بە ئاشـکرا ئامـاژەم پێـداوە، هەمـوو نووسـینەکان و ئەنجامەکـان تـوێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردووەتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکـردووە بـۆ ئەوەی بڕوانـامەیەکی پـێ وەربگـرم. بەڵـێن دەدەم لە هەر جێگـایەک شـتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی قوتابی: ڕێکار عەلی حەسەن

ڕێکەوت:   /  / ٢٠٢٣

**پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار**

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردی من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەشی لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

واژوو:

ناو: **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراوە و هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەم نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو : **د. سۆران مامەند عەبدوڵڵا**

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژی زمان

ناو: **پ.ی.د. جیهاد شوکری ڕەشید**

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

## بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە

ئـێمە وەکـو لیـژنەی تـاقیکردنەوە، ئەو ماسـتەرنامەیەمان، کە ناونیشـانی بریتـی بـوو لە (**شیعرییەتی کات لە ڕۆمانەکانی (میران ئەبراهام)دا** خوێندەوە و قوتابییەکەمان کە ناوی (**ڕێکـار عەلـی حەسـەن**) بـوو، لەنـاوەڕۆکەکەی تـاقیکردەوە، ئـێمە بڕیـار دەدەیـن کە پێداویستییەکانی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆری ئەدەبی تێدایە.

واژوو
ناو:
سەرۆکی لیژنە:
ڕێکەوت:

واژوو
ناو:
ئەندام:
ڕێکەوت:

واژوو
ناو:
ئەندام و سەرپەرشتیار:
ڕێکەوت:

واژوو
ناو:
ئەندام:
ڕێکەوت:

واژوو:
ناو: پ.ی.د. سامان حسین عمر
ڕاگری کۆلێژی زمان
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

## سوپاس و پێزانین


- سوپاس بۆ (پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر) کە سەرپەرشتی نامەکەی گرتە ئەستۆ و بە تێبینی و سەرنجەکانی توێژینەوەکەی دەوڵەمەند کرد.
- سوپاس بۆ (پ.ی.د. نەجم خالد ئەڵوەنی) کە بە تێبینی و سەرەنجەکانی توێژینەوەکەمی دەوڵەمەندتر کردووە.
- سوپاس بۆ هاوڕۆحی ژیانم (ڕێزان)، کە بەبێ بوونی ئەو ئەم دارە نەدەگەیشتە بەرهەم.
- سوپاس بۆ هەموو ئەو مامۆستا و دکتۆرە بەڕێزانەی زانکۆی سەلاحەدین کە لە قۆناغی بەکالۆریۆس و ماستەردا فێریان کردین و پەروەردەیان کردین.
- سوپاس بۆ هاوڕێیە ئازیزەکانم بەتایبەت (ژیرۆ، دەشتی، شاخەوان) کە هەمیشە پاڵپشت و یارمەتیدەرم بوون.

**پێشکەشە بە**

- دایک و باوکم
- هاوسەرم، ڕۆناککەرەوەی ژیانم (ڕێزان)
- خوشک و براکانم
- هەردوو جگەرگۆشەکەی ژیانم(ڕێوار، دیلا)
- بە هاوڕێ ئازیزەکانم.

**پوختە**

(شیعرییەتی کات لە ڕۆمانەکانی میران ئەبراهام)دا، ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە، بەو پێیەی کات بایەخێکی زۆری لە ڕۆماندا هەیە و لەگەڵ توخمەکانی تری گێڕانەوەدا پەیوەندییەکی تەواوکاری و پتەویان هەیە، لەگەڵ یەکتردا بنیاتی ڕۆمان پێکدەهێنن، شیعرییەتی کاتیش لە ڕۆماندا، پەیوەستە بە شێوازی تواندنەوەی پەیامەکانی ڕۆماننووس لەناو توخمی کاتدا و گەیاندنی ئەم پەیامانەیە بە شێوازێکی هونەری، لەم توێژینەوەیەدا، پێشینەی توێژینەوە خراوەتەڕوو، بە مەبەستی ئاگاداربوون و سوود وەرگرتن لە کارەکانی پێشوو، پاشان چەمک و زاراوەی شیعرییەت باسکراوە و ڕای هەندێک لە نووسەرانی ڕۆژئاوا و عەرەب و کورد لەبارەی شیعرییەت خراوەتەڕوو، هەروەها شیعرییەتی ڕۆمان و شیعرییەتی کات، لەگەڵ گرنگی کات لە فەلسەفە و ڕۆماندا باسکراوە.

هەروەها پەیوەندی کات بە توخمەکانی تری گێڕانەوە: پەیوەندی کات بە (ڕووداو، کارەکتەر، شوێن) لەم توێژینەوەیەدا خراوەتەروو، بەو مانایەی کات پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ ئەم توخمانەدا هەیە، چونکە هیچ ڕووداو و کارەکتەر و شوێنێک بە بێ کات بوونی نییە، هەروەها پەیوەندی نێوان شیعرییەتی کات و شێوازەکانی گێڕانەوە: پەیوەندی نێوان شیعرییەتی کات و خێراییکردنەوەی گێڕانەوە، لەگەڵ پەیوەندی نێوان شیعرییەتی کات و خاوکردنەوە و ڕێچکەکانی گێڕانەوە خراونەتەڕوو، بێجگە لەمانەش، شیعرییەتی کات لە ڕۆمانەکاندا لە ڕوانگەی ڕەهەندە جیاوازەکانەوە، لەوانە: ڕەهەندەکانی (کۆمەڵایەتی، سیاسی، دەروونی) نیشاندراون. ئەنجامی توێژینەوەکە دەریدەخات کە ڕۆماننووس لە هەرسێ ڕۆمانی (نیشتمانی سارا، شەوگەڕەکان، خەمی مەستورە) بە هۆی تەکنیکەکانی کاتەوە خێراییکردنەوە و خاوکردنەوەی لە کاتی گێڕانەوەدا دروستکردووە و ئەمەش لە ڕووی کورتی و درێژییەوە ناهەوسەنگی لە نێوان کاتی چیرۆک و کاتی گێڕانەوە لەناو ڕۆماندا بنیات ناوە و ئەم ناهاوسەنگییەش شیعرییەتی کاتی لەناو ڕۆمانەکەدا بەرهەم هێناوە هەروەها لە ڕێی ڕێچکەکانی کاتی گێڕانەوە کاتەکانی (ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی)

تێکشکاندووە، ئەمەش شیعرییەتی کاتی لەناو ڕۆمانەکەدا دروست کردووە، هەروەها ڕۆماننووس لە بنیاتی واتایی ڕۆمانەکاندا پەیامی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونی بە شێوەیەکی هونەری و لە ڕێی تەکنیکەکانی کاتەوە پێشکەش کردووە.

## لیستی ناوەرۆک


| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| II | بەڵێننامە |
| III | پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار |
| IV | بڕیاری لێژنەی تاقیکردنەوە |
| V | سوپاس و پێزانین |
| VI | پێشکەشە بە |
| VIII-VII | پوختە |
| XI-IX | لیستی ناوەرۆک |
| 3-1 | پێشەکی |
| 6-4 | پێشینەی توێژینەوە |
| **47-7** | **بەشی یەکەم: شیعرییەتی کات لە ڕۆماندا** |
| 7 | **تەوەری یەکەم: ناساندنی چەمک و زاراوەی شیعرییەت** |
| 7 | آ- لای نوسەرانی ڕۆژئاوا |
| 12 | ب- لای نوسەرانی عەرەب |
| 15 | پ- لای نوسەرانی کورد |
| 19 | **تەوەری دووەم: شیعرییەتی کات لە ڕۆماندا** |
| 19 | یەکەم: گرنگی کات لە فەلسەفەدا |
| 26 | دووەم: چەمک و گرنگی کات لە ڕۆماندا |
| 31 | سێیەم: شیعرییەتی کات لە ڕۆماندا |
| 32 | چوارەم: شیعرییەتی ڕۆمان |
| 38 | **تەوەری سێیەم: پەیوەندی کات بە توخمەکانی تری گێڕانەوە** |
| 38 | یەکەم: پەیوەندی کات بە ڕووداوەوە |
| 40 | دووەم: پەیوەندی کات بە کارەکتەرەوە |

| | |
|---|---|
| 43 | سێیەم: پەیوەندی کات بە شوێنەوە |
| **102-48** | **بەشی دووەم: پەیوەندی نێوان شیعرییەتی کات و شێوازەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (میران ئەبراهام)دا** |
| 49 | **تەوەری یەکەم: پەیوەندی نێوان شیعرییەتی کات وخێراییکردنی گێڕانەوە** |
| 49 | ١-لابردن |
| 50 | آ- لابردنی دیاریکراو |
| 52 | ب- لابردنی دیاری نەکراو |
| 55 | ٢- کورتکردنەوە |
| 59 | **تەوەری دووەم: پەیوەندی نێوان شیعرییەتی کات و خاوکردنەوەی گێڕانەوە** |
| 60 | یەکەم: گرنگی وەسف |
| 64 | آ- وەسفی وەستاو (ئیستاتیکی) |
| 66 | ب- وەسفی جولاو |
| 68 | دووەم: ئەرکەکانی وەسف |
| 68 | آ- ئەرکی جوانکاری |
| 70 | ب- ئەرکی واتایی |
| 73 | سێیەم: جۆرەکانی وەسف |
| 73 | آ- وەسفی شوێن |
| 78 | ب- وەسفی کارەکتەر |
| 83 | **تەوەری سێیەم: پەیوەندی شیعرییەتی کات و ڕێچکەکانی گێڕانەوە** |
| 83 | یەکەم: ڕێچکەی دواخراو |
| 85 | آ- دواخراوی دەرەکی |
| 88 | ب- دواخراوی ناوەکی |
| 92 | ج-دواخراوی ئاوێتە |

| | |
|---|---|
| 99 | دووەم: ڕێچکەی پێشخراو |
| 145-103 | **بەشی سێیەم: شیعرییەتی کات لە ڕۆمانەکانی (میران ئەبراهام)دا لە ڕوانگەی ڕەهەندە جیاوازەکانی کاتەوە** |
| 104 | **تەوەری یەکەم: ڕەهەندی کاتی کۆمەڵایەتی** |
| 108 | آ- ڕەهەندی کاتی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا |
| 111 | ب- ڕەهەندی کاتی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا |
| 118 | ج- ڕەهەندی کاتی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانی (خەمی مەستورە)دا |
| 122 | **تەوەری دووەم: ڕەهەندی کاتی سیاسی** |
| 123 | آ- ڕەهەندی کاتی سیاسی لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا |
| 127 | ب- ڕەهەندی کاتی سیاسی لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا |
| 130 | ج- ڕەهەندی کاتی سیاسی لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)دا |
| 134 | **تەوەری سێیەم: ڕەهەندی کاتی دەروونی** |
| 136 | آ- ڕەهەندی کاتی دەروونی لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا |
| 140 | ب- ڕەهەندی کاتی دەروونی لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا |
| 143 | ج- ڕەهەندی کاتی دەروونی لە ڕۆمانی (خەمی مەستورە)دا |
| 146 | **ئەنجام** |
| R149 | **لیستی سەرچاوەکان** |
| -A159 A162 | **پاشکۆ** |
| A | پوختەی نامەکە بەزمانی ئینگلیزی |

## پێشەکی

ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی بە ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤەوە پەیوەستە، کاتیش بەهەمان شێوە بە ژیانی مرۆڤەوە پەیوەستە، بە بێ بوونی کات مرۆڤیش بوونی نییە، بەو پێیەی ئەدەبیش بەرهەمی مرۆڤە، بۆیە ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤ لەناو ئەدەبدا بەشێوەیەکی ئەدەبی و هونەری شێوەگیر بووە، کاتیش یەکێکە لەم چەمکە گرنگانەی لە دنیای ڕاستەقینەوە بۆ ناو ئەدەب گواستراوەتەوە، لەبەرئەوە کات بە یەکێک لە بنیاتە گرنگەکانی ئەدەب دادەنرێت، تەنانەت هەندێک لە ڕەخنەگران پێیان وایە، کە ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی بە هونەرێکی (کات)ی پۆلێن بەند دەکرێت، چونکە کات توخمێکی زیندووە و پەیکەری ژانرە ئەدەبییەکانی وەک(شیعر چیرۆک، ڕۆمان) پێکدەهێنێت، لەناو ئەم ژانرانەش ڕۆمان تۆکمەترین هونەرە، کە وابەستەی کات بێت، چونکە ڕۆمان پەیوەندییەکی دانەبڕاوی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە، بۆیە داب و نەریت و کەلتور و ژیانی واقیعی تاکەکانی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی هونەری لەناو ڕۆماندا ڕەنگدانەوەی هەیە.

کاتیش توخمێکی گرنگی هونەری گێڕانەوەیە و پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ توخمەکانی تری گێرانەوەدا هەیە، بەبێ کات گێڕانەوە بوونی نییە، بە مانایەکی تر پەیوەندی نێوان کات و ڕۆمان هێندە تۆکمە و پتەوە، بەشێوەیەک ناکرێت هیچ ڕۆمانێک بەبێ کات بەرهەم بهێنرێت، واتە ناتوانین کات و ڕۆمان لە یەکتر جیا بکەینەوە، هەروەها کات لەگەڵ توخمەکانی تری ڕۆمان وەک (شوێن، کارەکتەر، ڕووداو) بنیاتی ڕۆمان پێکدەهێنن، ناتوانین باس لە ئیستاتیکای کات بکەین و جوانییەکانی دەست نیشان بکەین بەبێ (شوێن، ڕوداو، کارەکتەر)، چونکە کاتی جووڵەی کارەکتەرەکان لەناو شوێندایە و پێشکەوتن و گەشەسەندنی ڕووداوەکانیش بە پێشکەوتن و گەشەسەندنی کارەکتەرەکان گرێدراوە، لە ماوەی کاتێکی دیاریکراودا.

**گرنگی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە:** لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، توێژینەوەیەکی تایبەت لەسەر شیعرییەتی کات لە ڕۆماندا نییە، بۆیە ئێمە ئەو توێژینەوەیەمان تەرخانکرد بە شیعرییەتی کات لە ڕۆماندا، ئەو تەکنیکە جیاوازانەی شیعرییەت بەرهەم دێنن، لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا خراوەتەڕوو.

**سنوری توێژینەوە:** سنوری ئەم توێژینەوەیە، شیعرییەتی کاتە لە ڕۆمانەکانی (نیشتمانی سارا، (شەوگەڕەکان، خەمی مەستورە)ی (میران ئەبراهام)دا، لەڕووی بنیاتی هونەری و واتاییەوە.

**ڕێبازی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفی- شیکاری) پەیڕەوکراوە.

**پرسیاری توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا هەوڵماندا‌وە لە ڕێگەی چەند پرسیارێکەوە، بە ئەنجامی توێژینەوەکە بگەین لەوانە: شیعرییەت چییە؟ شیعرییەتی کات لە ڕۆماندا چ گرنگییەکی هەیە؟ پەیوەندی کات بە توخمەکانی تری گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (نیشتمانی سارا، شەوگەڕەکان، خەمی مەستوورە)ی (میران ئەبراهام)دا چۆنە؟ پەیوەندی نێوان شیعرییەتی کات بە شێوازەکانی گێڕانەوە و خاوکردنەوە و ڕێچکەکانی گێڕانەوە لە هەر سێ ڕۆمانەکەدا چۆنە؟ پەیوەندی نێوان شیعرییەتی کات و ڕەهەندە (کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونییەکان) لە هەر سێ ڕۆمانەکەدا چین؟

**ئامانجی توێژینەوە:** دیاریکردنی شیعرییەتی کاتە لە ڕۆمانەکانی (نیشتمانی سارا، شەوگەڕەکان، خەمی مەستوورە)دا لە ڕووی بنیاتی هونەری و واتاییەوە، تا بزانین ڕۆماننووس چۆن شیعرییەتی کاتی لە ڕۆمانەکاندا دروستکردووە و لە ڕووی هونەرییەوە تا چەند سوودی لە تەکنیکەکانی کات وەرگرتووە بۆ دروست کردنی جوانیناسی و شیعرییەتی کات لە ڕۆمانەکانیدا، لە ڕووی واتایشەوە تا چەند توانیویەتی پەیامەکانی خۆی لە توخمی کاتدا بتوێنێتەوە و بە شێوەیەکی هونەری پێشکەشی وەرگری بکات.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە پوختە و پێشەکی و پێشینە و سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە.

**بەشی یەکەم:** بەسەر سێ تەوەر دابەشکراوە، لە تەوەری یەکەمدا، زاراوە و چەمکی شیعرییەت ناسێنراوە، هەروەها بۆچوونی بەشێک نووسەرانی ڕۆژئاوا و عەرەب و کورد لەسەر شیعرییەت خراوەتە ڕوو، لە تەوەری دووەمدا، شیعرییەتی کات و ڕۆمان و گرنگی کات لە فەلسەفە و ڕۆماندا باسکراوە، لە تەوەری سێیەمدا، پەیوەندی کات بە توخمەکانی تری گێڕانەوە (ڕووداو، کارەکتەر، شوێن) نیشاندراوە.

**بەشی دووەم:** ئەم بەشە لە سێ تەوەر پێکدێت، لە تەوەری یەکەمدا، پەیوەندی نێوان شیعرییەتی کات و خێراییکردنەوەی گێڕانەوە خراوەتەڕوو، لە تەوەری دووەمدا، پەیوەندی نێوان شیعرییەتی کات و خاوکردنەوەی گێڕانەوە، لە تەوەری سێیەمدا، پەیوەندی شیعرییەتی کات و ڕێچکەکانی گێڕانەوە باسکراوە.

**بەشی سێیەم:** ئەم بەشە لە سێ تەوەر پێکدێت، لە تەوەری یەکەمدا، ڕەهەندی کاتی کۆمەڵایەتی و لە تەوەری دووەمدا، ڕەهەندی کاتی سیاسی و لە تەوەری سێیەمدا ڕەهەندی کاتی دەروونی لە هەر سێ ڕۆمانەکە خراوەتەڕوو.

لە کۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

**پێشینەی توێژینەوە**

ئەو توێژینەوانەی لەلایەن ڕەخنەگران و توێژەران لە بارەی ڕۆمانەوە کراون، بەشێکی زۆریان تایبەتن بە بابەتی گێڕانەوە و لە چوارچێوەی گێڕانەوەشدا باس لە توخمی کات کراوە، وەکوو یەکێک لە توخمە گرنگەکانی گێڕانەوە، بەڵام وەکوو توێژینەوەیەکی سەربەخۆ، کە بە شیعرییەتی کات پەیوەست بێت، کەمتر گرنگی پێدراوە، ئەوانەشی وەکوو توێژینەوەیەکی سەربەخۆ توێژینەوەیان لە بارەی ئەم توخمە کردووە، تەنیا لە ڕووی هونەرییەوە باسیان کردووە، بەبێ ئەوەی باسی لایەنی واتایی بکەن و گرنگی ئەم توخمە لە ڕووی واتاییەوە بخەنەڕوو، یاخود گرنگی و ڕۆڵی ئەم توخمەیان لە دروست کردنی جوانیناسی و بەرهەمهێنانی شیعرییەتی کات لەناو ڕۆماندا باس نەکردووە، واتە بەو ناونیشانەی ئێمە، تاکوو ئێستا ئەم بابەتە نەبووەتە بابەتی توێژینەوەیەکی سەربەخۆ، ئەوەش یەکێکی تر بوو، لەم هۆکارانەی بووە هۆی ئەوەی ئەم بابەتە بکەین، بە ناونیشانی توێژینەوەکەمان، جگە لەم گرنگییەی، کە توخمی کات لەناو گێڕانەوەدا هەیەتی و وەک توخمێکی گرنگی گێڕانەوە بنیاتی ڕۆمان پێک دەهێنێت.

لە پێشینەی ئەم توێژینەوەیەدا، هەوڵدەدەین باسی هەندێک لەو توێژینەوانە بکەین، کە لە توێژینەوەکەی ئێمە نزیکن، بە مەبەستی ئاگاداربوون لەم کارانەی پێش ئێمە ئەنجامدراون، تا ئێمە لە کاتی توێژینەوەکەماندا، بتوانین سوود لەڕوانگەی پێشوتر وەربگرین و لە هەمان کاتدا نەکەوینە ناو دووبارەبوونەوە و لە توێنژینەوەکەماندا ئاڕاستەیەکی نوێمان هەبێت، تا لە کارەکانی پێشوتر جیامان بکاتەوە، لەبەرئەوە بەشێک لەم توێژینەوانە دەخەینەڕوو، لەگەڵ سەرنجەکانی خۆمان لەبارەی ئەم توێژینەوانە، ئەوەش بە مەبەستی جیاکردنەوە و نیشاندانی جیاوازییەکانی توێژینەوەکەی ئێمە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێش خۆمان. ئەم توێژینەوانەش بریتین لە:

نامە دکتۆراکەی (نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی) بە ناونیشانی (بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردی)دا، لە ساڵی ٢٠٠٣ وەک نامەی دکتۆرا تاوتوێ کراوە و لە ساڵی

٢٠٠٤ له شێوەی کتێب بڵاوکراوەتەوە. ئەم توێژینەوەیە، وەکو توێژینەوەیەکی سەربەخۆ له باشوری کوردستاندا، بە یەکەمین نامەی ئەکادیمی دادەنرێت، کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ باسی توخمی کاتی کردبێت، ئەمەش وایکردووە بە سەرچاوەیەکی گرنگ دابنرێت، بۆ ئەم توێژینەوانەی، کە له دوای ئەم توێژینەوەیە ئەنجام دراون. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا، له ڕووی هونەرییەوە باسی بینای کاتی کردووە و ئەم تەکنیکانەی خستووەتەڕوو، کە لەناو ڕۆمانەکانی (ژانی گەل، شار، ڕاز) بەکارهاتوون و بینای کاتیان لەسەر دامەزراوە، بەڵام توێژەر ئەوەی پیشان نەداوە، کە ڕۆڵی ئەم تەکنیکانە چین له دروست کردنی جوانیناسی و چۆن شیعرییەتی کات لەناو ڕۆماندا بەرهەم دەهێنن، هەروەها ئەم توێژینەوەیە له ڕووی واتاییەوە باسی لەم سێ ڕۆمانە نەکردووە و ئەوەی دەرنەخستووە، کە ڕۆڵی کات چییە؟ له گەیاندنی پەیامەکانی ڕۆماننووس لەم سێ ڕۆمانەدا، چونکە شیعرییەتی کات تەنیا بە لایەنی هونەری پەیوەست نییە، بەڵکو لایەنی واتایش دەگرێتەوە، هەرچەندە له هەندێک شوێندا باسی له ناوەرۆک کردووە، بەڵام تەنیا له پێناو ڕوونکردنەوەی لایەنە هونەرییەکەی باسی کردووە و ئەوەی نەخستووەتەڕوو، کە پەیامی نووسەر لەم ناوەرۆکەدا ئامانجی چییە؟ بە چ مەبەستێک ئەم پەیامانەی لەناو تەکنیکە هونەرییەکانی کاتدا تواندووەتەوە.

یەکێکی تر لەم توێژینەوانە، کە دەربارەی توخمی کات له گێڕانەوەدا کراوە، توێژینەوەکەی (عطا رشید حسین)ە، بەناونیشانی (ڕەگەزی کات له بنیاتی دەقی شانۆیی (چێژ له مەرگتان وەردەگرم)دا، کە لەخولی (٦)ی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٩)ی لاپەڕە (١-١٠)ی گۆڤاری زانکۆی گەرمیان بڵاوکراوەتەوە، توێژەر لەم دەقە شانۆییەدا باسی کاتەکانی (ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو)دەکات و هەرسێ کاتەکەی لەناو دەقەکەدا دیاری کردووە، هەروەها توێژەر له لاپەڕە (١٠)دا و لەبەشی (ئەنجام)ی توێژینەوەکەدا، باس له تێکشکاندنی زنجیرەیی کاتی گێڕانەوە دەکات، بەڵام ئاماژە بەم تێکشکاندنە له بنیاتنانی جوانیناسی و دروستکردنی شیعرییەتی کات لەناو دەقەکەدا ناکات.

هەروەها (کاروان کاکەسورە) لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (کات وەک پرسێکی شەڕانگیز لە ئەزموونی مندا)، کە لە ژمارە (١)ی ساڵی  (٢٠٢١)ی لاپەڕە (١١٠-١٢٨)ی گۆڤاری گێڕانەوە بڵاوکراوەتەوە، نووسەر لەم وتارەدا هەوڵیداوە وەڵامی پرسیاری (کات چییە؟) لە ڕوانگەی فەیلەسوفان و زانایانی فیزیایی و دەروونی بداتەوە، بۆ ئەم مەبەستە بۆ چوونیان لەم بارەوە دەخاتەڕوو و پاشان هەوڵدەدات باسی ڕەنگدانەوەی ئەم بۆچوونانە لەناو ئەدەبی گێڕانەوەدا بکات، لەبەرئەوە ئەم سەرچاوەیە  بۆ تیگەیشتن لە پرسی کات بە شێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش ڕەنگدانەوەی لەناو ئەدەبی   گێڕانەوەدا، لە ڕووی تیۆرییەوە بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێت.

## بەشی یەکەم: شیعرییەتی کات لە ڕۆماندا

### تەوەری یەکەم: ناساندنی زاراوەی شیعرییەت

#### ١-لای نووسەرانی ڕۆژئاوا

شیعرییەت لە سەردەمی (ئەرستۆ)وە، تاوەکو ئێستا بابەتی گفتوگۆی ڕەخنەگران بووە و پێناسەیەکی گشتگیر و یەکلاکەرەوە لە بارەی شیعرییەتەوە نییە، ئەوەش بەهۆی فرە ڕەهەندی و پێکداچوون و ئاوێتەبوونی واتا و دەلالەتەکانییەتی، بۆیە ڕەخنەگران بۆچوونی جیاواز لەم بارەوە دەخەنەڕوو، ناساندنی وەک زاراوە و چەمکێکی ئەدەبی، تاوەکو ئێستا وەک پرسێکی ئەدەبی گرنگ ماوەتەوە، لەبەرئەوە شیعرییەت وەک زاراوە و چەمک لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، گۆڕانی بەسەردا هاتووە، واتە زاراوە و چەمکی شیعرییەت لەناو ڕەخنەگراندا، بەپێی سەردەم و قۆناغە جیاوازەکانی ئەدەب، مەبەست و واتای جیاوازی وەرگرتووە و چەند زاراوەیەکی جیاوازی بۆ بەکارهاتووە.

زارەوەی شیعرییەت لە وشەی یۆنانی (Põ–ĕtiks) وەرگیراوە، ئەم زاراوەیەش (Põ–ĕtiks) بۆ کتێبەکەی (ئەرستۆ) دەگەڕێتەوە، کە بەناوی (هونەری شیعر)ە، ئەرستۆ لەم بوارەدا، بەیەکەم نووسەر دادەنرێت، کە باسی لە چەمک و زاراوەی شیعرییەت لەناو ژانرە ئەدەبیەکاندا کردووە، دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەشی بەناو میللەتان، ڕەخنەگرانی نەتەوە جیاوازەکانیش بەپێی یاسا و تایبەتمەندیەکانی زمانەکانی خۆیان گۆڕانیان بەسەر ئەم زاراوەیەدا هێناوە، بۆیە بە ئینگلیزی زاراوەی (poetics) و بە فەرەنسی زاراوەی (Poĕtique) بۆ بەکارهاتووە.[1]

ئەرستۆ بۆ دروستبوونی شیعرییەتی دەق زمان بە پێوەرێکی گرنگ دادەنێت، بۆ ئەم مەبەستەش باس لە بەکارهێنانی زمانێک دەکات، کە لە زمانی ڕۆژانە جیاواز بێت، لەبارەی

---

[1] بڕوانە: ئەمین عەبدولقادر عومەر، شیعرییەت د ڕۆمانێن (سدقی هرۆری)دا، چاپخانا حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٩

زمانی شعرییەوە دەڵێت: ((ئەو زمانە شعرییەی وشەی ناباوی تێدا بەکاربێ، بەرزی و شکۆمەندی تێدایە و لەسەروی ئاستی زمانی ڕۆژانەوەیە))[1]، زمان لە دەقی ئەدەبیدا بنەڕەتێکی سەرەکییە، چونکە دەقی ئەدەبی کارکردنە لەناو خودی زماندا.

تیۆرەکەی ئەرستۆ بۆ بەشێک لە توێژینەوەکانی دوای خۆی بووەتە بنەما، بەڵام بەشێک لە ڕەخنەگرانیش، ڕەخنە لە تیۆرەکەی ئەرستۆ دەگرن و بە تیۆرێکی تەواو و گشتگیری دانانێن، یەکێک لەوانە (تۆدۆرۆف)ە، کە بەپێی بۆچوونی ئەو، ئەرستۆ بابەتەکانی لە ئاستێکی بەدوای یەک داهاتوو شیکردوونەتەوە و جیا جیا لێی کۆڵیونەتەوە، چونکە ((لە درامادا تەنیا باسی تراژیدیای کردووە و ئەو بەشەی تایبەتە بە کۆمیدیا، ونە یاخود هەر نەبووە))[2]، واتە ئەرستۆ بەهۆی لێوردبوونەوە و خوێندنەوەی دەقەکانەوە، هەوڵیداوە ئەو یاسایانەی خۆیان لە دەقەکاندا هەن، ئاشکرایان بکات، لەبەرئەوە (تۆدۆرۆف) پێی وایە، کە کتێبی (هونەری شیعر)ی ئەرستۆ، بەو واتایەی، کە ئەو بۆ شیعرییەت هەیەتی، نابێتە شیعرییەت، تەنانەت نابێتە کتێبی تیۆری ئەدەبیش، دەربارەی ئەم کتێبە دەڵێت: ((جگە لە تیۆرییەک کە پەیوەندی بە تایبەتمەندیەکانی هەندێک جۆری گوتاری ئەدەبییەوە هەبوو، هیچی دیکە نەبوو)).[3]

چەمکی شیعرییەت لە سەردەمی نوێدا و بەتایبەت لە سەدەی بیستەمدا، لەسەر دەستی کۆمەڵێک ڕەخنەگر و نووسەر، گۆڕان و بەرەوپێشچوونێکی زۆری بەسەردا هات، بەتایبەت لەگەڵ دەرکەوتنی فۆڕمالیستەکان ئەم گۆڕان و بەرەوپێشچوونانە هاتنە ئاراوە. لە لای فۆڕمالیستەکان بابەتی توێژینەوە ئەدەب نەبوو، بەڵکو ئەدەبییەت بوو، لەم بارەوە یاکۆبسۆن بەو مانایەی توێژینەوەیان لەبارەی ئەو تایبەتمەندی و ڕێسایانە دەکرد، کە ئەو دەقەی کردووە بە کارێکی ئەدەبی و لە کاری نائەدەبی جیای کردووەتەوە، واتە ئەو لایەنانەی کە

---

(1) ئەرستۆ، هونەری شیعر، وەرگێڕانی. عەزیز گەردی، چاپی دووەم، ، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١١، ل ٨٣.

(2) تزفيطان طودورف، الشعرية، ت: شكري المبخوت ورجاء بن سلامة، الطبعة الثانية، دار توبقال، المغرب،١٩٩٠ص ١٢

(3) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

ئەدەبییەت بە کارە ئەدەبییەکان دەبەخشێت.[1] واتە فۆرمالیستەکان لە توێژینەوەکانیاندا بەدوای ڕێساکانی گوتاری ئەدەبیدا دەگەڕان، شیعرییەتیش یەکێک لەم ڕێسایانە بوو.

(ڕۆمان یاکۆبسۆن)، کە یەکێک لە ڕابەرانی میتۆدی فۆرمالیستە ڕووسەکان بوو، تیۆرێکی لەبارەی ئەدەبییەت یان شیعرییەت داهێنا و لە تیۆرەکەی ئەودا، شیعرییەت بە ئەرکی شیعرییەوە پەیوەستە، واتە هەر دەقێک ئەرکی شیعرییەتی تێدا زاڵبوو، ئەوا دەقێکی شیعرییە، پێی وایە، شیعرییەت بە ئەرکی شعرییەوە گرێدراوە، شیعرییەتیش لە لای ئەو بریتییە لە زانستی ئەدەب، هەروەها (یاکۆبسۆن) لە بنیاتنانی شیعردا زمان بە گرنگ دەزانێت، شیعرییەتی شیعریش بە زمانەوە دەبەستێتەوە، پێ وایە، ئەوە شیعرییەتە، کە دەقی ئەدەبی لە دەقی نا ئەدەبی جیادەکاتەوە[2]. لەم بارەوە پرسیارێکی وروژاند، کە دەڵێت: ((چ شتێک پەیامێکی زارەکی دەکاتە کارێکی هونەری؟))[3]، وروژاندنی ئەم پرسیارە بووە هۆی ئەوەی، کە زمانی شیعری لە زمانی ڕۆژانە جیابکاتەوە و بگاتە ئەو وەڵامەی، ئەوەی کاری ئەدەبی بەرهەم دەهێنێت شیعرییەتە، هەروەها لە بارەی پەیوەندی شیعرییەت و زمانەوە دەڵێت: ((شیعرییەت بە تەواوی گرنگی بە بنیاتی زمانی دەدات، وەک چۆن وێنەکێشان گرنگی بە بنیاتی وێنە دەدات، بەو پێیەی زمانەوانی زانستی هەمەلایەنەی پێکهاتە زمانەوانییەکانە، دەکرێت شیعرییەت بە بەشێکی دانەبڕاو لە زمانەوانی هەژمار بکرێت)).[4]

تیۆرەکەی (یاکۆبسۆن) وەک بەشێک لە تیۆرەکانی تر، کە لەبارەی ئەم چەمکەوە هەن، بێ کەموکوڕی نییە، کەموکوڕی تیۆرەکەشی لەوەدا دەردەکەوێت، کە تیۆری شیعرییەتی تەنیا لە

---

[1] بڕوانە: سعید یقطین، تحلیل الخطاب الروائي(الزمن – السرد- التبئیر)، المرکز الثقافي العربي للطباعة و النشر و التوزیع، ط٣، بیروت، ١٩٩٧. ص١٣

[2] بڕوانە: سروە تاهیر عەلی، ئەڤین ئاسۆس حەمە، شعرییەتی ناو لە ڕۆمانی "دواهەمین هەناری دونیا"ی بەختیار عەلی دا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خول ٦ 5th Conferance of Human sciences جۆزەردان ٢٠١٩، ل٢٤٧

[3] رومان یاکبسون، قضایا الشعریة، ت: محمد الولي ومبارک حنون، الطبعة الأولی، دار توبقال للنشر، المغرب ١٩٨٨، ص ٢٤.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٤.

شیعردا کورت کردووەتەوە و تیۆرەکەی ((تەنیا بۆ شیعر دەگونجێت، بەتایبەتی شیعری کێشدار، زیاتر لە چیرۆکی بە پەخشان نووسراو و درامادا)).[1]

یەکێکی تر لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی لە سەدەی بیستەمدا (جۆن کۆهین)، کە لەدوای تیۆرەکەی (یاکۆبسۆن) تیۆرێکی لەبارەی شیعرییەتەوە دانا، کە بە (شیعرییەتی لادان) ناسراوە، لەبەرئەوەی ((هەموو تیۆرەکەی (جان کۆهین) لەسەر دیاردەیەک دامەزراوە، کە کرۆک و جەوهەری کردەی شیعرییەت پێک دەهێنیت، ئەویش دیاردەی لادانە(deviation) لە یاسا باوەکانی زمانی ئاسایی))[2]، واتە لادان لە ڕێساکانی زمان ئەو لادانەش بەپێ ی ڕێسایەک بەڕێوە دەچێت، کە جیاوازە لەو ڕێسایانەی لە زمانی ڕۆژانە دا هەیە، ئەوەش شیعرییەت دروست دەکات.

(کۆهین) بەهەمان شێوەی (یاکۆبسۆن) لە شیکردنەوەی تیۆرەکەیدا چەمکی شیعرییەت بە زمانەوانی دەبەستێتەوە و جەخت لەسەر شیعرییەتی شیعر دەکاتەوە و شیعرییەت بە شیعرەوە پەیوەست دەکات، چونکە لە پێناسەی شیعرییەتدا دەڵێت: ((شیعرییەت زانستێکە بابەتەکەی شیعرە)).[3] شیعرییەتەکەی کۆهین بەراوردکردنی نێوان شیعر و پەخشانە، بۆ ئەم بەراوردکردنەش لادان لە نێوانیان دەکاتە پێوەر، بە بۆچوونی ئەو، ڕێژەی لادان لە شیعردا زیاترە، بە بەراورد لەگەڵ پەخشان، بۆیە دەڵێت: ((لە نێوان پەخشان و شیعری ڕۆمانتیکیدا وا دادەنرێت جیاوازی لە چەندێتیدا زۆرتربێت لە چۆنیەتی)).[4]

---

[1] روبرت شولز، السيماء والتأويل، ت: سعيد الغانمي، الطبعة الأولى، المؤسسة العربية للدرسات والنشر، بيروت، ١٩٩٤، ص ٤٨.

[2] خەلیل ئیبراهیم مستەفا، شیعرییەتی دەق، بە نموونەی شیعرە کوردییەکانی مەحوی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٩.

[3] جان كوهن، بنية اللغة شعرية، ت: محمد الوالى و محمد العمري، الطبعة الأولى، دار البيظاء: دار توبقال للنشر، المغرب، جولان، ١٩٨٦، ص ٩.

[4] جون كوين، النضرية الشعرية (بناء لغة الشعر والتوزيع)، ت: د.أحمد درويش، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٠، ص ٤٤.

چەمکی شیعرییەت لەلای ( تۆدۆرۆف) چەمکێکی گشتگیرە و تایبەتە بە هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی وەک (شیعر، چیرۆک، ڕۆمان...) تەنیا بە ژانرێک لە ژانرە ئەدەبییەکان تایبەت نییە، زانستی هەموو ئەدەبە، چونکە شیعرییەت لە ڕوانگەی ئەودا فراوانترە، واتە (شیعرییەت شیعر و پەخشان لەخۆدەگرێت، چونکە هەردووکیان بە ئەدەبەوە پەیوەستن)[1]، ئەوەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە تۆدۆرۆف بە پێچەوانەی (یاکۆبسۆن و کۆهین)ەوە، شیعرییەتی تەنیا بە شیعرەوە پەیوەست نەکردووە، بەڵکو شیعرییەت لەلای (تۆدۆرۆف) بریتییە لە: ((زانینی ئەو یاسا گشتیانەی کە لە دایکبوونی کارێکی ئەدەبی ڕێکدەخەن، بەڵام جیاواز لەو زانستانە کە زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسییە، لەدوای ئەو یاسایانەش دەگەڕێت کە لە خودی ئەدەب خۆیدا هەن))[2]، واتە چەمکی شیعرییەت بە ڕای (تۆدۆرۆف) کۆمەڵێک یاسا و تایبەتمەندییە، کە کاری ئەدەبی لە کاری نا ئەدەبی جیادەکەنەوە، ئەو یاسا و تایبەتمەندییانەش لەناو دەقی ئەدەبیدا هەن و شیعرییەتیش گەڕانە بە دوای ئەو یاسا و تایبەتمەندییانەی، کە کاری ئەدەبی بەرهەم دەهێنن، کەواتە دەقی ئەدەبی خۆی شیعرییەت نییە، بەڵکو شیعرییەت ئەو یاسا و تایبەتمەندییانەیە، کە ئەم دەقەیان بنیات ناوە، دەقی ئەدەبیش پێکهاتەیەکی ئاڵۆز و فرە ڕەهەندی لە خۆیدا هەڵگرتووە، لەبەرئەوەی لە نەستی نووسەرەوە سەرچاوەی گرتووە و نەستی نووسەریش بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ، بەناویەکدا چوونێکی ئاڵۆزی هەموو زانستەکانە، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر دەقی ئەدەبی هەیە، لەبەرئەوە ((کاری ئەدەبی لە خودی خۆیدا بابەتی شیعرییەت نییە))[3]، بەڵکو ئەوە تایبەتمەندی و یاساکانی دەقی ئەدەبییە، کە دەبنە بابەتی شیعرییەت.

شیعرییەت لەناو دەقی ئەدەبیدا لە شێوەی گوتاردا بەرجەستە دەبێت، چونکە بە پێی بۆچوونی (تۆدۆرۆف) شیعرییەت تیۆرێکە بۆ داڕشتن و بنیاتنانی گوتاری ئەدەبی، کە یاسا

[1] اوبيرة هدى، مصطلح الشعرية عند محمد بنيس، رسالة ماجستير، جامعة قاصدي مرباح ورقلة في الجزائر، ٢٠١٢، ص ٢٦.

[2] تزفيطان طودورف، الشعرية، ت: شكري المبخوت ورجاء بن سلامة، ص ٢٣.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٣.

و تایبەتمەندییەکانی کاری ئەدەبی دەردەخات، کە سەرچاوەی شیعرییەتن، بۆیە شیعرییەت لە گوتاری ئەدەبیدا گەڕانە بەدوای ئەو یاسا و تایبەتمەندییانەی، کە گوتاری ئەدەبی جیادەکەنەوە لە گوتارە نا ئەدەبییەکان، هەروەها شیعرییەت لە گوتاری ئەدەبیدا تەنیا بە لایەنی زمانەوانییەوە پەیوەست نییە، بەڵکو پەیوەستە بە چەمکەکانی تری وەک (تەکنیک و شێوازگەری و ڕەوانبێژی و ئیستاتیکا و سیمۆلۆژیا...)وە، چونکە بوونی ئەم بابەتانە لەناو دەقدا، کاری ئەدەبی بەرهەم دەهێنێت و دەبنە هۆی ئەوەی گوتاری ئەدەبی لە گوتاری نائەدەبی جیابکەنەوە، واتە زمانی ئاسایی دەگۆڕن بۆ زمانێکی نائاسایی، ئەمەش لە کاری ئەدەبیدا سەرچاوەی شیعرییەتە.

**ب- لای نووسەرانی عەرەب**

زاراوەی شیعرییەت لەناو ئەدەبیاتی عەرەبیدا، زاراوەیەکی نوێیە، بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمی زایینی دەگەڕێتەوە، لە ژێرکاریگەریی ئەدەبی ڕۆژئاوادا، ئەم زاراوەیە هاتووەتە ناو ئەدەبی عەرەبی، بەڵام ئەم زاراوەیە، وەک چەمک و واتا لەناو ئەدەبی عەرەبیدا، مێژوویێکی کۆنتری هەیە. ناساندنی زاراوەی شیعرییەت لە ئەدەبی عەرەبیشدا، هەروەکو ئەدەبی ئەوروپی بێ کێشە نەبووە و بۆچوون و تێڕوانینی جیاوازی لەبارەوە خراوەتەڕوو، زاراوەی شیعرییەت لەلای ڕەخنەگرانی عەرەب جگە لە وشەی (الشعرية)، چەند زاراوەیەکی تری بۆ بەکارهاتووە، وەک: ((الشعرية، الانشائية، الشاعرية، علم الادب، الفن الابداعي- الابداع، فن النظم، فن النظم، فن الشعر، نظرية الشعر، بويطيقا، بوتييك)).[1] شیعرییەتی ڕۆژئاوا بەتایبەت شیعرییەتی نوێ، کاریگەری لەسەر شیعرییەتی عەرەبی

---

[1] حسن ناظم، مفاهيم الشعريية(دراسة مقارنة في الأصول والمنهج والمفاهيم ) الناشر: المركز الثقافي العربي، بيروت، ١٩٩٤، ص١٨

دەرکەوتووە و ڕەخنەگرانی نوێی عەرەب لەژێر کاریگەری ڕەخنەگرە ڕۆژئاواییەکانەوە شیعرییەتی دەقیان خستووەتەڕوو.

شیعرییەت لەناو ڕەخنەگرانی عەرەب و ناساندنی ئەم چەمکە لە ڕەخنەگرێکەوە بۆ ڕەخنەگرێکی تر جیاوازە، بەشێک لە ڕەخنەگرانی عەرەب وشەی ئەدەبییەت بەرانبەر وشەی شیعرییەت بەکاردەهێنن و ئەدەبیەتیشیان بەسەرجەم ئەو تایبەتمەندییانەی، کە دەبنە هۆی بنیاتنانی دەقی ئەدەبی تایبەت کردووە، واتە ئەدەبییەت لە ئامانجەکاندا بیر و بۆچوونێکە هاوتای بیرۆکەی شیعرییەتە، پەیوەندی شیعرییەت و ئەدەبییەتیش پەیوەندی ڕێباز و ناوەڕۆکە، مەبەست لە شیعرییەت ئەو تایبەتمەندیە پەتییانەیە، کە نموونەی ڕووداوی ئەدەبی دروست دەکەن، واتە ئەدەبییەت بەرهەم دەهێنن.[1] ئەم بۆچوونەش هەمان بۆچوونی فۆرمالیستەکانە، کە پێیان وابوو ئەوەی ئەدەبییەتی ئەدەب دەردەخات شیعرییەتە، لەبەرئەوە شیعرییەت ئەو ڕێسا و تایبەتمەندییانەیە، کە گوتاری ئەدەبی لە گوتاری نائەدەبی جیادەکاتەوە، لەبەرئەوە فۆرمالیستەکان بەدوای ڕێساکانی گوتاری ئەدەبیدا دەگەڕان و توێژینەوەیان لەم بارەوە دەکرد، ئەم کارەشیان بە ئەدەبییەت یان شیعرییەت ناودەبرد، بە واتایەکی تر، شیعرییەت گەڕانە بەدوای ئەو بنەما و یاسانەی، کە دەقە ئەدەبییەکان لە دەقەکانی تر جیادەکاتەوە و لە ڕووی جوانیناسیشەوە دەقەکان بەرزدەکاتەوە، ئەگەر ئەم بنەما و یاسایانە لە دەقدا نەبوون، ئەوا ئەو دەقە نابێتە دەقێکی ئەدەبی.

(ئەدۆنیس) یەکێکە لە شاعیر و ڕەخنەگرانی عەرەب، کە گرنگی بە بابەتی شیعرییەت داوە و بەشێک لە بەرهەمەکانی بۆ ئەم بوارە تەرخانکردووە، بەڕای ئەم ڕەخنەگرە ((شیعرییەت بە ماناوە پەیوەست نییە، بەڵکو لە واژەدایە، لێرەدا بەهای شیعرییەت وەک کورتکردنەوەیەک لە

[1] بڕوانە: حسن ناظم، مفاهيم الشعرية (دراسة مقارنة في الأصول والمنهج والمفاهيم ) الناشر: المركز الثقافي العربي، بيروت، ١٩٩٤، ص ١٧٦.

زمـانەوە هەڵـدەقوڵێ))[1]، ئەم بۆچـوونە ئەوە دەردەخـات، کە ئەدۆنـیس بە هەمـان شـێوەی ڕۆمـان یاکۆبسـن شـیعرییەتی بە لایەنـی زمـانەوانی و وشـەوە پەیوەسـت کـردووە، واتە پێی وایە، کە دەنگ و ئاواز و مۆسیقا و لادانە زمانییەکان شیعرییەت دروست دەکەن.

یەکێکی تر لەم ڕەخنەگرانەش (کەمال ئەبو دیب)ە، کە یەکێکە لە ڕەخنەگرانی نوێی عەرەب و کاریگەریی شیعرییەتی ڕۆژئاوا، لە بۆچوونەکانیدا دەربارەی شیعرییەت ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە لە ژێر کاریگەری ڕەخنەگرانی ڕۆژئاوا پێی وایە، کە ناجێگیریی، لە چەمکی شیعرییەتدا هەیە، لەم بارەیەوە دەڵێت: ((چەمکی شیعرییەت بە درێژایی مێژوو گۆڕاوە، لە ڕووی چەمکەوە، واتە تێگەیشتنی ڕەخنەیی بۆی گۆڕاوە نەوەک لە سروشتی پێکهاتەکانیدا)).[2] هەر لە ژێر کاریگەری ئەواندا ڕای وایە، کە شیعرییەت بەهۆی پەیوەندییە زمانییەکانەوە دروست دەبێت، واتە بەبێ پەیوەندییە زمانییەکان و بارودۆخە سروشتییەکانی زمان شیعرییەت دروست نابێت، بەڵکو دەبێت نووسەر سروشتێکی تازە و جیاواز بە وشەکان بدات و لە سروشتە جێگیرەکەی جیای بکاتەوە، کە لە زمانی ئاسایی جیاواز بێت، لەم بارەیەوە دەڵێت: ((شیعرییەت وێناکردنێکی باڵایە و چەند دوانەیەکی دژیەک دادەهێنێت یان ئەوەیە زمان لە شوێن و ئاستێکی نوێدا جێگیر دەکات)).[3] کەواتە بە بۆچوونی (کەمال ئەبو دیب) بەکارنەهێنانی وشەکان بۆ واتای دروست و فەرهەنگی و دەرکردنیان لە سروشتە جێگیر و فەرهەنگییەکەی، سروشتێکی تازە بە وشەکان دەدات و شیعرییەت دروست دەکات، چونکە لادان لە زمانی ئاسایی مەودایەک لە نێوان زمانی ئاسایی و زمانی نائاسایی دروست دەکات، کە ئەمەش بە پێی بۆچوونی (کەمال ئەبو دیب) کە بە تیۆری (بۆشایی (کەلێن)، یاخود مەودای گرژی یان پشێویی) ناسراوە، شیعرییەت دادەهێنێت، هەرچەندە ڕادەی پشێویی یان گرژییەکەش زیاتر بێت کارگەری شیعرییەتەکەش زیاتر

---

[1] ئەدۆنیس، شیعرییەتی خوێندنەوە، وەرگێڕانی: عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ،٢٠٠٢، ل ٩.

[2] كمال ابو ديب، في الشعرية، مؤسسة الأبحاث العربية، الطبعة الاولي، بيروت، ١٩٨٧، ص ١٢٧.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ص ١٢٧

دەبێت، واتە ((تا بۆشایی (کەلێن)) دروستکراو یان دۆزراوە، فراونتر بێت وێنەکە قوڵتر و شیعریی تر و دەوڵەمەندتر دەبێت)).[1]

یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی ئەم تیۆرە ئەوەیە کە دەق و وەرگر بەیەکەوە پەیوەست دەکات، چونکە مەبەست لە بۆشایی(کەلێن) گونجان یان نەگونجانی دەقە لەگەڵ وەرگر، ئەمەش بەهۆی دووانە هاودژەکانەوە، کە تەواوکەری یەکترن و مانای گشتی دەق پێکدەهێنن، واتە ئەو واتا فەرهەنگییەی وشەکان هەیانە، لەگەڵ ئەو واتا دروستکراوەی وشەکان لەناو دەق هەیانە، بۆشایی (کەلێن) لە زەینی وەرگر دروست دەکەن، ئەم کەلێنەش پەشێوی و گرژی لە زەینی وەرگر دروست دەکات و ئاستی چاوەڕوانی وەرگر تێک دەشکێنێت، ڕادەی کاریگەریی شیعرییەتیش دەوەستێتە سەر ئەو بۆشاییە(کەلێن)ەی، کە لە نێوان دەق و وەرگر دروست بووە، بەو مانایەی ئەو گرژیی و پەشێوییەی، کە بەهۆی ئەم بۆشاییەوە دروست بووە، ڕادەی شیعرییەتی دەق دەردەخات.

**ج- لای نووسەرانی کورد**

نەتەوەی کورد وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە، خاوەن ئەدەبیاتێکی تایبەت بەخۆیەتی، چونکە شێواز و بیرکردنەوە و فەلسەفەی ژیانی، لەناو ژانرە ئەدەبییەکانی وەک (شیعر، چیرۆک، ڕۆمان...) دەرکەوتووە، ئەم ژانرانەش بە شیعرییەتەوە پەیوەستن، لەبەرئەوەی کاری ئەدەبی لە کاری نائەدەبی بە هۆی شیعرییەتەوە جیادەکرێتەوە، بۆیە ناساندنی شیعرییەت لەناو ڕەخنەگرانی ئەدەبی کوردیدا وەک ڕەهەندێکی گرنگی ئەدەبی، گرنگی پێدراوە و یەکێک لەو ڕەخنەگرانەش (عەزیز گەردی)یە، کە وشەی شیعرییەتی لە کتێبی (ئەدەب و ڕەخنە)دا، بەرانبەر بەم چەمکە بەکارهێناوە، هەروەها جگە لە (عەزیز گەردی) بەشێکی زۆر لە ڕەخنەگران، لە توێژینەوە ئەدەبییەکاندا وشەی شیعرییەتیان بەرانبەر

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ص٤٧.

زاراوەی شیعرییەت بەکارهێناوە و کردوویانە بە ناونیشانی توێژینەوەکانیان و لە ڕوانگەی جیاوازەوە شیعرییەتیان ناساندووە، هەرچەندە لەپاڵ ئەم وشەیە چەند وشەیەکی تر بۆ زاراوەی شیعرییەت بەکارهاتووە وەک ((شیعرایەتی، بوتیقا، هونەری شیعر، شیعرناسی))[1]، بەڵام لەناو ئەم وشانەدا وشەی شیعرییەت لە هەموویان زیاتر بۆ زاراوەی شیعرییەت بەکارهاتووە.

لای نووسەرانی کورد، بۆچوونی جیاواز لەبارەوە چەمکی شیعرییەتەوە هەیە، لەبەرئەوە ڕەخنەگران لەسەر پێناسەیەکی گشتگیر بۆ ناساندنی شیعرییەت کۆک نین. (عەزیز گەردی) شیعرییەتی لە وشەدا کورت نەکردووەتەوە و بە ماناوە پەیوەستی کردووە، واتە بە پێچەوانەی بەشێک لە ڕەخنەگران، کە شیعرییەت لە واتا دادەبڕن و تەنیا بە وشەوە پەیوەستی دەکەن، لەبارەی شیعرییەتەوە دەڵێت: ((شیعرییەت تەنیا لە وشەدا نییە و وشەکە خۆی لە وشەکانی تر جیاناکاتەوە، بەوەی ئەوە شیعرییەتی تیایەو ئەوانی تر نا بەڵکو پەسندی و جوانی و شیعرییەتی وێنە، لەو مانا قووڵ و هەست و نەستە شاراوەدایە کە تیایەتی))[2]، واتە شیعرییەت تەنیا لەم وشانەدا نییە، کە لادانیان تێدایە و بۆ مەبەست و واتای فەرهەنگی بەکارنەهاتوون، بەڵکو ئەوەی شیعرییەت لە گوتاری ئەدەبیدا دروست دەکات، وێنا و مانای ئەو دەربڕینانەیە، کە لە وشە و ڕستە و پەرەگرافەکاندا بەرجەستەدەبن.

شیعرییەت تەنیا لە وشە کورت نابێتەوە، چونکە ناتوانین وشە لە دەوروبەرەکەی جیابکەینەوە، لەبەرئەوەی لە گوتاری ئەدەبیدا، وشە بەتەنها شیعرییەت دروست ناکات، ئەگەر مانا و مەبەستێکی ئیستاتیکی نەبێت و بە وشەکانی تر نەبەسترابێتەوە و گونجانی لەگەڵ دەوروبەرەکەی نەبێت و وێناکردنێکی قووڵ و جوانی دروست نەکردبێت، ئەم

---

[1] خەلیل ئیبراهیم مستەفا، شیعریەتی دەق، بە نموونەی شیعرە کوردییەکانی مەحوی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٦.

[2] عەزیز گەردی، ئەدەب و ڕەخنە، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٧٤، ل ٦١.

بۆچوونەش نزیکە لە بۆچوونی زۆرێک لە  فۆرمالیستەکان، کە گرنگییان بە ئاواز دەدا، ئەمەش لەبەر جیابوونەوەی لە واتا نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بایەخی ئاواز لەوەدایە، کە پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ واتادا وەردەگرێت.[1] واتە لەلای فۆرمالیستەکان ئاواز کاتێک گرنگە، کە واتایەکی قووڵی هەبێت و لە واتا دانەبڕابێت و پەیوەندییەکی تەواوکەری لە نێوان ئاواز و واتادا هەبێت، لەبەرئەوەی هەردووکیان گرنگی و بایەخی دەق دەردەخەن، ئەم بۆچوونەش پێچەوانەی بۆچوونی (ئەدۆنیس)ە، کە پێی وابوو شیعرییەت لە وشەدایە و پەیوەست نییە بەماناوە.

گرنگی شیعرییەت لەوە دەردەکەوێت، کە زیندوویەتی بە دەق دەدات، ئەمەش بەهۆی ئەو چێژەیە، کە لە کاتی خوێندنەوە بە وەرگری دەبەخشێت، لەبەرئەوە لە بارەی شیعرییەتەوە وتراوە: ((شیعرییەت زیندوویەتی بە دەق دەبەخشێت و ڕادەی چێژ بەخشین بۆ خوێنەر زیاد دەکات، شتی نوێ و چاوەڕوان نەکراو دادەهێنێت، خەیاڵی داهێنەرانە دروست دەکات، لە ڕووی سینتاکسەوە پەیوەندی نێوان ڕۆنانی سەرەوە و ژێرەوە تێکدەدا و جیاواز دەبن))[2]، بۆیە هەر دەقێک لە ئاستە جیاوازەکانی زمان، تا لادانی زیاتری تێدا بێت، ئەوا ڕادەی شیعرییەتی دەقەکە زیاتر دەبێت، لادان بە واتای تێکشکاندن و دووبارە بنیاتنانەوەی لە لایەن نووسەر، واتە ئەو گرژی و ئاڵۆزییەی کە نووسەر لە دەقەکەدا بە هۆی لادانەوە بنیاتی ناوە، وەرگر بەدوای چارەسەرکردن ئەم گرژیە و دۆزینەوەی کۆدەکانی دەگەڕێت ئەمەش چێژ بە وەرگر دەبەخشێت، بە واتایەکی تر، ((شیعرییەت هەوڵدانە بۆ تێپەڕاندنی زمانی باو و قسەی ئاسایی بۆ زمانێکی دیکە کە هەڵگری جۆرێک لە کۆد و جیاوازییە، کە هەر لێرەشەوە بەرهەمی ئەدەبی دێتە بوون، بەڵام پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە، ئایا ناکرێت بەرهەمی ئەدەبی

---

[1] بڕوانە: ریچارد هالند، درامدی تاریخی بر نظریە ادبی از افلاطون تا بارت، ت. گروە ترجمە شیراز(علی معصومی، شاپور جورکیش)، نشر چشنە، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٥ ص٢٣٨.

[2] ناز ئەحمەد سەعید& و سدیق ئەوڕەحمان عەلی، غەزەلە وەرگێڕدراوەکانی حافز لە تەرازووی شیعرییەتدا، گۆڤاری پژوهشنامە ادبیات کردی، سال ٦، شمارە ٢١، پیایی ٩، بهار و تابستان سنندج، ١٣٩٩، ل ٨٠.

بەبێ ئەو زمانە جیاوازە بخوڵقێنین؟ بێگومان دەقی ئەدەبی لەم سەردەمدا لە هەوڵی کەمکردنەوەی سنوری نێوان زمانی قسە و زمانی نێو تێکستەکاندایە، بەڵام هێشتا جیاوازیان هەر هەیە. بێگومان من لەگەڵ مانەوەی ئەو جیاوازییە دام، لام وایە بەشێک لە سەرکەوتوویی هەر دەقێک لە پتەوی و جیاوازی زمانەکەیدایە لە زمانی ئاسایی)).[1]

ڕەخنەگرانی ئەدەبی کوردی بەشێکی زۆریان باس لە گرنگی لادان دەکەن، پێیان وایە لادان لەناو گوتاری ئەدەبیدا زمانی ئاسایی دەگۆڕێت، زمانی ناباو دروست دەکات، ئەمەش شیعرییەتی دەق بەرهەم دەهێنێت، ئینجا لادانەکە لە ئاستی وشە، یان ڕستە، یان گوتاردا بێت، لەم بارەیەوە دەوترێت: ((لادان بە ئاماژەیەکی بە ئەدەبی بوونی دەق و شیعرییەتی دەق دادەنرێت، چونکە لادان دەرچوونە لە دەستووورە ئاساییەکانی زمان، لە هەر یەکێک لە ئاستەکانی دەنگی ڕۆنانی شێوازی، ڕەوانبێژی خۆی لەخۆیدا ڕووداوێکی شێوازگەرییە))[2]، بەڵام شیعرییەت بەتەنها بەهۆی لادانەوە دروست نابێت، بەڵکو دەبێت لادانەکە هەڵگری مانا و ئیستاتیکا بێت، لەبەرئەوە ((زۆرجار لادان نابێتە شیعر و ڕووبەڕووی جۆرێک لە شێوازی نالۆژیکی دەبێتەوە، بەتایبەتی لە وێنە سورياليیەکاندا))[3]،

چونکە شیعرییەت ئەو ڕێسا و تایبەتمەندیە شاراوەیە دەگرێتەوە، کە خوێنەر لە ڕێگای خوێندنەوەی دەق دەیانزانێت و مانا شاراوەکانی دەدۆزێتەوە، بە واتایەکی تر: ((شیعرییەت بریتییە لە زانینی ئەو بارە شاراوانەی نێو دەق، کە پێشکەشی خوێنەر دەکرێت. بەهۆیەوەیان ئەدەبیەتی ئەو دەقانە دەزانرێت)).[4]

بە بڕوای ئێمەش شیعرییەت لە گوتاری ئەدەبیدا بریتییە لە: تێکشکاندن و لادان و نامۆ کردنی زمان بە دۆخ و باری بنەڕەتی خۆی، لە ئاستی هونەری و واتایی، هەروەها

---

(1) ئارام سدیق، زمان و شیعرییەت، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٧، ل ١٥٨.
(2) هیمداد حوسێن، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٧ ل ٦٩.
(3) عەبدولقادر حمە امین محمد، بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٦٥.
(4) ئیدریس عەبدوڵڵا، شێوازگەری لادان، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٣، ل ٢٠٤.

شیعرییەت لە لای وەرگر خوێندنەوەی جیاوازی دەق و گەیشتنە بە ڕێسا و تایبەتمەندییە شاراوەکانی دەق، کە وەرگر بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و ئایدۆلۆژی و ئەزموونی خۆی پێی دەگات، هەروەها شیعرییەت تەنیا ژانرێکی ئەدەبی ناگرێتەوە، بەڵکو کۆی ئەو ژانرانە ئەدەبیانە دەگرێتەوە، کە لە توخمە پێکهێنەرەکانیدا، لادان هەیە و لە زمانی ئاسایی جیای دەکاتەوە، یان کۆی ئەو یاسا و تایبەتمەندییانە دەگرێتەوە، کە بنیاتی گوتاری ئەدەبی پێک دەهێنێت و گوتاری ئەدەبی پێ جیا دەکرێتەوە لە گوتاری نائەدەبی، ئینجا لادانەکانی لە ئاستی وشە یان ڕستە یان گوتاردا بێت.

**تەوەری دووەم: شیعرییەتی کات لە ڕۆماندا**

**یەکەم: گرنگی کات لە فەلسەفەدا**

کات یەکێکە لە پرسیارە جەوهەرییەکانی مرۆڤ، کە لە کۆنەوە تاکو ئێستا بووەتە بابەتی تێڕامان و وردبوونەوە، نووسەران هەوڵیانداوە لە توێژینەوەکانیاندا، دەربارەی ئەم پرسە وەڵامی پرسیاری (کات چییە؟) بدەنەوە، بەهۆی فرە ڕەهەندی چەمکی کاتەوە چەندین بۆچوونی جیاواز هەن، ئێمەش لێرەدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، لە ڕووی فەلسەفیەوە، بەشێک لەم بۆچوونانەی دەربارەی ئەم چەمکە هەن، دەخەینەڕوو.

کات ئەو جووڵەیەیە، کە لە ڕابردووەوە دەستی پێکردووە و بە ئێستا گەیشتووە و بۆ داهاتوو دەچێت، بەڵام لە ڕووی فەلسەفییەوە چەمکێکی ئاڵۆزە و بە کۆمەڵێک ڕەهەندی تری وەک (بوون، ژیان و مەرگ، بەردەوامی، یادەوەری...) پەیوەستە، بەبێ گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی یۆنانی کۆن، ناتوانین باس لە گرنگی کات لە فەلسەفەدا بکەین. لەناو فەیلەسوفانی یۆنانی کۆندا، (ئەفلاتوون) یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی لە کات کردووە، چونکە لە چوارچێوەی بوونەوە باس لە بیرۆکەی کات دەکات و بوون بەسەر دوو جیهاندا دابەش دەکات، ئەوانیش جیهانی سێبەر و جیهانی ڕاستەقینەیە ((خەڵک لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ئەو بابەتانەی دەیان بینن و هەستیان پێدەکەن، بە شمەکی ڕاستەقینە و تەواویان

دادەنێت، بەڵام ئەم شمەکانە لە وێنەی لەبەرگیراوە و سێبەری ڕاستەقینەی کامل بەولاوە هیچی دیکە نین)).[1] جیهانی ڕاستەقینە لە لای (ئەفلاتوون) جیهانێکی جێگیر و نەگۆڕە، بەڵام لە جیهانی سێبەردا، کات جێگیر نییە و لە جووڵە و گۆرانی بەردەوامدایە، بۆیە ئەفلاتون ((کاتی بە وێنەیەکی هەمیشەیی داناوە، کاتێک ئافەریدەکەر گەردوونی ئافەریدەکرد بڕیاریدا وێنەیەکی جولاوی هەمیشەیی دروست بکات، بەگوێرەی ژمارە، وێنە هەمیشەییەکەشی خستە جولان)).[2] واتە لە ڕوانگەی ئەفلاتوونەوە تێپەڕینی کات تەنیا لە جیهانی سێبەردا بوونی هەیە و لە جیهانی ڕاستەقینەدا کات وێنەیەکی وەستاو و نەگۆڕە.

لەدوای ئەفلاتوون (ئەرستۆ) بایەخێکی زۆری بەکات داوە و کات و جووڵەش بەیەکترەوە دەبەستێتەوە، واتە ئەگەر جووڵە نەبێت کاتیش نابێت، جووڵەش گۆڕانی لێدەکەوێتەوە، لە پێناسەی کاتدا دەڵێت: ((کات ژمارەی جووڵەیە لە ڕووی پێشکەوتن و دواکەوتنەوە))،[3] بەڵام (ئەفلاتون) نوێنەرایەتی بۆچوونێکی دژ بەم بۆچوونە دەکات و پێی وایە کات و گەردوون هاوکاتی یەکتر هاتوونەتە بوون، بەیەکەوە سەریان هەڵداوە و بەیەکەوەش لەناو دەچن، هەروەها ئەرستۆ بایەخێکی زۆری بە کاتی ئێستا داوە، چونکە ڕای وابووە کە ((کاتی ئێستا لە نێوان سەرەتای  کاتی داهاتوو و کۆتایی کاتی ڕابردوو خاڵی ناوەندییە و هەردوو کاتەکە لەخۆیدا کۆ دەکاتەوە)).[4]

کاریگەری ئەم بۆچوونەی (ئەرستۆش) لەسەر فەیلەسوفانی دوای خۆی ڕەنگی داوەتەوە و بەشێک لە فەیلەسوفان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی بەتایبەتی (هیگل)، چونکە بە هەمان شێوەی ئەرستۆ کاتی ئێستا بە خاڵی جەوهەری دادەنێت. (هایدگەر) لە کتێبی (بوون و کات)دا چەمکی کات لای ئەرستۆ ڕوون دەکاتەوە و پێی وایە، کە هیگڵ لەبارەی پرسی

---

[1] حەمید عەزیز، تیۆری زانستی زانستییانە، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٦، ل ١٧.

[2] مارتن هایدگەر، بوون و کات، وەرگێڕانی: د.محمد کەمال، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٣، ل ٥٣٧.

[3] عبدالرحمن بدوي، الوجود بالزمان، الطبعة الثالثة، دار الثقافة، بيروت، لبنان، ١٩٧٣، ص ٤٨.

[4] حسام الالوسی، الزمان في الفكر الدينى والفلسفى القديم، الطبعة الاولى، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٠، ص ١٥٥.

کاتەوە ڕاستەوخۆ سوودی لە بۆچوونەکانی ئەرستۆ وەرگرتووە، لەبەرئەوەی هیگل بە هەمان شێوەی ئەرستۆ کاتی بە جووڵەوە پەیوەست کردووە و ئێستا بە جەوهەر دادەنێت و ڕای وایە کە ڕابردوو و داهاتوو لەناو ئێستادا تواونەتەوە ((کەوابوو پۆزەتیڤانە مرۆڤ دەتوانێت کات بە ڕانەبردوو دابنێت: پێشتر و پاشتر نییە ڕانەبردوویەکی کۆنکرێتییە، لە ڕابردووەوە پەیدابووە و داهاتووشی لە نێو خۆیدا هەڵگرتووە)).[1]

(هایدگەر) کات بە بوونی مرۆڤەوە پەیوەست دەکات، واتە لای (هایدگەر) بوونی مرۆڤ بوونێکی کاتییە و کاتیش لەناو بوونی مرۆڤدا دەردەکەوێت، تاکو مرۆڤ هەبێت کاتیش دەبێت، لەبەرئەوەی کاتی پەیوەست کردووە بەبوونی مرۆڤەوە، کەواتە هەستکردن بەکاتیش لەگەڵ دۆخی مرۆڤدا دەگۆڕێت، لەم بارەشدا خێرایی و سستی تێپەڕینی کات، پەیوەستە بە دەروونی مرۆڤەوە، بۆیە هایدگەر دەڵێت: ((کات لە جەوهەردا هەڵچوونە و لەناو داهاتوودا کاتێتی خۆی دەسەلمێنێ))[2]، کەواتە (هایدگەر) کاتییەتی کات لە کاتی داهاتوودا دەبینێت و پێی وایە کاتی ئێستا لە پێناو کاتی داهاتوودایە، بۆ ئەم مەبەستەش دوو جۆر کات لەیەکتر جیادەکاتەوە ئەوانیش کاتی ڕەسەن و کاتی ناڕەسەنن، ڕەسەنایەتی کاتیش بە کاتی داهاتووەوە دەبەستێتەوە و دەڵێت: ((داهاتوو لەناو کاتی ڕەسەندا لە ڕەهەندەکانی دیکە لە پێشترە، کاتی ڕەسەنانە ڕووە و داهاتووە، تایبەتمەندیەتی خۆی دیاری دەکات و لەناو ئێستاوە دەکەوێتە ڕێ. داهاتوو دیاردەی سەرەکی و کاتێتی ڕەسەنانەیی یە)).[3]

لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بەشێکی زۆر لە فەیلەسوفان کات بە لایەنی دەروونی مرۆڤ دەبەستنەوە، بە پێچەوانەی بەشێک لە زانایانی فیزیا، کە زیاتر بایەخ بەکاتی بابەتی (سروشتی) دەدەن، ئەوکاتەش بە سەرجەم گەردوون و ئەوانەی لەناویدان و پێیدا تێدەپەڕن پەیوەستە، کە ئێمە بەپێی ئەو شێوازی کاتە کاتەکانمان ڕێک دەخەین، کە بە سەعات و ڕۆژ

---

[1] مارتن هایدگەر، بوون و کات، ل ٥٤٦- ٥٤٧.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢٦.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢٥.

و ساڵ پێوانە دەکرێت، ئەم جۆرە کاتەش پەیوەندی نییە بە هەست و سۆز و خەیاڵەوە بە پێچەوانەی کاتی دەروونی، کە بە هەست و سۆز و بیرکردنەوە و خەیاڵ و ئەزموونکردنەوە پەیوەستە.

(ئۆگستین) یەکێکە لە بیرمەندەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، کاتی بە دەروونی مرۆڤەوە گرێداوە و پێی وایە، کە هەرسێ کاتی (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) بەیەکترەوە پەیوەستن و ناتوانرێت لە یەکتر جیابکرێنەوە، لەم بارەوە دەڵێت: ((ئەگەر هیچ شتێک تێنەپەڕێت، کاتی ڕابردوو نایەتە کایەوە. ئەگەر هیچ شتێکیش نەیەت کاتی داهاتوو دەرناکەوێت. ئەگەر هەنووکەیش شت نەبێت، کاتی ئێستا پێک نایەت. ئەو دوو کاتە، ڕابردوو و داهاتوو، لە چ دۆخێکدان، لە کاتێکدا هەنووکە ڕابردوو نییە و داهاتوو هێشتا نەهاتووە؟ خۆ ئەگەر ئێستا هەمیشە ئامادەبێت و بە ڕابردوودا تێنەپەڕێت، ئەودەم بەڕاستی نابێتە کات، بەڵکو بە نەمری دەمێنێتەوە)).[1]

(ئۆگستین) ڕای وایە کە هەرسێ کاتی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو بەهۆی عەقڵەوە ڕێکدەخرێن، واتە ڕابردوو بەهۆی یادەوەرییەوە لەناو کاتی ئێستادا ئامادەیی هەیە و تەنیا کاتێکی تێپەڕ نییە، بەڵکو لەناو ئێستادا درێژە بە بوونی خۆی دەدات، داهاتووش بەهۆی پێشبینییەوە لەناو کاتی ئێستادا ئامادەیی هەیە و کاتی ئێستاش بەهۆی هۆشیاریی و سەرنجدانەوە ئامادەیی هەیە لەناو مرۆڤدا، ئەمەش بە جەوهەردانانی بەردەوامییە لە پرسی کاتدا و پەیوەستکردنی کاتە بە دەروونەوە، ئەم بۆچوونەی (ئۆگستین) لەناو ئەدەب بەگشتی و هونەری گێڕانەوە بەتایبەتی ڕەنگی داوەتەوە، چونکە لە هونەری گێڕانەوە، بگێڕەوە لە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەناو کاتەکانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو هاتوچۆ دەکات و هەر سێ کاتەکە ئامادە و بەردەوامن لەناو کاتی ئێستادا، بەهۆی تەکنیکەکانی کاتەوە ڕابردوو دێتەوە ناو ئێستا و داهاتوو لەناو ئێستادا پێشبینی دەکرێت.

---

[1] کاروان عومەر کاکە سور، کات وەک پرسێکی شەڕانگێز لە ئەزموونی مندا، گۆڤاری گێڕانەوە (گۆڤارێکی تایبەتە بە گێڕانەوە) ژمارە(١) ساڵی یەکەم، بەهاری ٢٠٢١، ل ١١٣.

یەکێکی تر لەو فەیلەسوفانەی، کە بڕوای بە بەردەوامی کات هەیە، (هێنری برگسۆن)ە، کە بەردەوامی کردووە بە بنەڕەت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری کات چییە؟ (برگسۆن) کاتی ڕابردوو بە کاتێکی بەسەرچوو دانانێت، ڕای وایە، کە ڕابردوو بەهۆی زەینەوە لە ئێستادا بەردەوامی بەخۆی دەدات، بۆیە دەڵێت: ((رابردووو بەردەوامە و هیچی بە تەواوەتی لێ بەسەرنەچووە. بێگومان ئێمە بە کەرتێکی بچووک لە ڕابردوومان بیردەکەینەوە، بەڵام بە تێکڕای ڕابردوومانەوە حەزدەکەین و دەخوازین و ئیش دەکەین))[1]، هەروەها (برگسۆن) کاتی دەروونی لە کاتی ماتماتیکی جیادەکاتەوە و کاتی دەروونی دەکاتە پێکهاتەی توێژینەوەکەی و لە ڕووی چۆنیەتییەوە لەکات دەکۆڵێتەوە و بەشوێنەوە نایبەستێتەوە، پێ وایە مرۆڤ ئازادە، بۆیە بەردەوامی بەکاتی ڕابردوو دەدات لەناو کاتی ئێستادا، هیچ کاتێکی ڕابردوو نییە، کە بەتەواوەتی لە رابردوو مابێتەوە و نەهاتبێتە ناو کاتی ئێستامان، لەبەرئەوە کات بە پەیوەندییەکی نەپچڕاو دادەنێت و بە بۆچوونی ئەو کات واتە بەردەوامی، چونکە هۆشیاریی  کاتی ڕابردوو و داهاتوو لەناو کاتی ئێستادا دەتوێنێتەوە و ئەم دوو کاتە دەکاتە یەک و سنووری نێوانیان ناهێڵێت، لەم بارەوە دەڵێت: ((هۆشیاری پەیوەندییەکە لە نێوان ئەوەی هەبووە و دەبێت. پردێکە لە نێوان ڕابردوو و داهاتوودا)).[2]

(برگسۆن) ڕای وایە، ئەوەی سنووری نێوان کاتەکان دەکێشێت، تەنیا ماتماتیکە و  تیۆرییە و لە ژیانی ڕاستەقینەدا ڕابردوو و داهاتوو لە یەکتری جیانابنەوە، واتە کات لەلای ئەو بۆ ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو دابەش نابێت، ئەم بۆچوونەی برگسۆنیش پێچەوانەی بۆچوونی (ئەنشتاین)ە، چونکە ئەنشتاین بڕوای بە جیاکردنەوەی ئەم دووکاتە نییە و پێی وایە کاتی دەروونی یان عەقڵی هەر ڕەنگدانەوەی کاتی سروشتییە و ناکرێت لە یەکتری جیا بکرێنەوە، چونکە ((مرۆڤ بەرهەمی سروشتە، بۆیە عەقڵی مرۆڤیش بەرهەمی ئەم سروشتەیە و

---

[1] کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر، ئیستاتیکا، چاپخانەی مێخەک، ٢٠٢١، ل١٠٤.

[2] هنري برغسون، طاقة الروحية، ترجمة: د.علي مقلر، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، الحمراء بيروت، ١٩٩١، ص ٩.

شوێنی عەقڵیش هەر بەشێکە لە شوێنە سروشتیەکە))[1]، بۆیە بە بۆچوونی (ئەنشتاین) ئەو ڕووداوەی لە ڕابردوو ڕووی داوە، پەیوەندی بە ڕابردووەوە هەیە و تەنیا پرۆسەی بیرهاتنەوەکەی لە ئێستادایە، ئەگەرنا ڕووداوەکە هەر ناوەڕۆکێکی ڕابردووی هەیە و نابێتە ئێستا، واتە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو شوێنی یەکتر ناگرنەوە، واتە: ((تێپەڕبوونی کات بەلای ئەمەوە دیاردەیەکی واقیعییەو ڕابڕدوو نابێتە ئێستا و کاتی ئێستاش شوێنی ڕابردوو ناگرێتەوە. لەبەر ئەوە ڕووداوی کاتە بەسەرچووەکان، کۆمەڵە ڕووداوێکن، کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە و ناکرێت بە کاتەکانیان بڵێین ئێستایەکی تێپەڕیو )).[2]

ئەم بۆچوونە بۆ کاتی فیزیکی گونجاوە، بەڵام لە کاتی دەروونیدا مرۆڤ لە ڕێی یادەوەری و هۆشیارییەوە دەتوانێت لە کاتی ئێستادا بۆ ناو کاتەکانی تر بگەڕێتەوە، بە مانایەکی تر ناتوانین بڵێین کاتی ڕابردوو کاتێکی تەواو تێپەڕیووە و لە ناو کاتی ئێستادا بوونی نییە، چونکە بەشێک لە کاتی ڕابردووی مرۆڤ کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی کاتی ئێستا هەیە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کاتی ڕابردوو کاتێکی تێپەڕیو نییە و بەردەوام لە ڕێی یادەوەری و هۆشیارییەوە دێتەوە ناو کاتی ئێستا.

(باشلار) بە پێچەوانەی برگسۆن کاتی داهاتوو دەکاتە خاڵی بنەڕەت و پێی وایە کە ئەوە کاتی داهاتووە لە ناو کاتی ئێستادا بوونی هەیە، چونکە مرۆڤ لە پێناو داهاتوودا دەژیت، باشلار لەبارەی گرنگی کاتی داهاتووەوە دەڵێت: ((ئێمە بە هەموو توانامانەوە بەرەو داهاتوویەکی نزیک هەوڵ دەدەین و ئەم هێزەش بەردەوامیەتی ئێستامان پێک دەهێنێت))[3]، واتە (باشلار) پێی وایە کە داهاتوویەکی نزیک وا دەکات، کاتی ئێستا بەردەوامی هەبێت، هەروەها باشلار بۆچوونی لەبارەی پێوانی کات و پەیوەندی لەگەڵ شوێندا، لە گەڵ

---

[1] يحيى هويدي، درسات في الفلسفة الحديثة و المعاصرة، دار الثقافة للطباعة ولنشر، القاهرة ١٩٨١ ص ١٦١.

[2] نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٣، ل ١٨.

[3] ڤاستون بشلار، حدس اللحظة، تعريب رضا عزوز و عبدالعزيز زمزم، نشر دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، العراق، ١٩٨٦، ص ٥١.

بۆچوونی (برگسۆن) جیاوازە، چونکە برگسۆن بە گونجاوی نازانێت لە پێوانەکرنی کاتدا سوود لە مەوداکانی شوێن وەربگیرێت و لەم بارەوە دەڵێت: ((پێوانی کات بە کاتژمێر جۆرە ڕوانگەیەکی میکانیکییە کە بەباڵای شوێندا بڕاوە و وادەکات چەمکی شوێن تێکەڵ بە چەمکی کات ببێت))،[1] بەڵام (باشلار) بە پێچەوانەی (برگسۆن) پێوانی کات بە شتەکانی ناو شوێن دەبەستێتەوە، هەروەها یادەوەریی مرۆڤ بە شوێن دەبەستێتەوە و پێی وایە، بەهۆی شوێنیشەوە یادەوەرییەکان پارێزراون، بۆیە دەڵێت: ((یادەوەرییە جێگیرەکان تا پەیوەندیان بە شوێنەکەوە بەهێزتر و دڵنیاتر بێت، ئەوا یادەوەرییەکان زیاتر ڕوون دەبنەوە))[2]، بە مانایەکی تر شوێن ئەو تۆمارەیە، کە بە هۆیەوە دەتوانین یادەوەرییەکان یان ڕابردووی خۆمانی تێدا بخوێنینەوە، ئەمەش پێوانی کاتە بەشوێن، چونکە کات لە شوێندا دەردەکەوێت.

بەپێی بۆچوونی بەشێکی تر لە فەیلەسوفان و زانایان چەمکی کات، تەنها بە بوونی مرۆڤەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو بە سروشتەوە پەیوەست دەکرا و پێیان وایە، کات بەبێ شوێن بوونی نییە، چونکە بەپێی زانستی مێژووی مرۆڤایەتی پێش پەیدابوونی مرۆڤ کات بوونی هەبووە، بەڵام بەشێکی تر ئەو پەیوەندییە ڕەت دەکەنەوە و کات و شوێن وەک دوو چەمکی سەربەخۆ باس دەکەن.

(نیوتن) یەکێکە لەم زانایانەی، کە کات و شوێنی لە یەکتر جیاکردووەتەوە و هەریەکێک لەم دووانەی بە بەشێکی سەربەخۆ داناوە. کاتی بە ڕەها داناوە، کاتی ڕەهاش بریتییە: ((لەو کاتەی کە ڕاستییەکی ژمێریاریی هەیە. لەخۆیدا وەستاوە و لە سروشتی خۆیدا داهاتووی هەیە. هیچ ڕێژەیکی لە دەرەوەی خۆیدا نییە، لە هەموو مادەیەکی جووڵاو جیایە و شیاوی گۆڕان نییە. بەشێوەیەکی ڕاست و ڕێک لە ڕێڕەوی خۆی دەڕوات. لە دەرەوەی بوونی

---

[1] هنری برجسون، الطاقة الروحية، ت: د.سامی الدروبی، الهيئة المصرية العامة للتاليف والنشر ، القاهرة، ١٩٧١. ص ٨٦.

[2] غاستون باشلار، جماليات المكان، الطبعة الثانية، ت: غالب هلسا، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، الحمراء، بيروت ، ١٩٨٤، ص ٣٩.

مرۆڤە و پەیوەندی بە هەلومەرجی ژینگەکەیەوە نییە)).[1] بە پێی ئەم بۆچوونە، کات بە دەروونی مرۆڤەوە پەیوەست نەکراوە و کاتی فیزیکی دەگرێتەوە، کە لە ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤدا بە سەعات و رۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵ دەپێورێت، بەڵام ئەنشتاین بە پێچەوانەی نیوتن کاتی بە ڕەها دانەناوە، چونکە بەپێی تیۆری ڕێژەیی (ئەنشتاین) کات ڕێژەییە و بە پێی ئەم تیۆرە گەردوون چوار ڕەهەندی هەیە، کە بریتین لە درێژی و پانی و بەرزی و زەمەن، لەم بارەوە دەوترێت: ((لەم ڕاستییە ئاسانتر نییە، کە بڵێین لە ژیانێکی پەیوەندیدار بە شوێنکاتی خاوەن چوار ڕەهەندا دەژین کە ڕەهەندە شوێنییە سیانییەکان (درێژی، پانی، بەرزی)یە لەگەڵ ڕەهەندی کاتی))،[2] واتە بەپێی تیۆری (ئەنشتاین) کات و شوێن لە ڕەهەندی دەروونییەوە بەیەکەوە لکاون و بەبێ یەکتر بوونیان نییە، چونکە هیچ ڕووبەرێکی شوێن بەبێ کات و هیچ کاتێکیش بەبێ شوێن بوونی نییە، لەبەرئەوە ئەنشتاین چەمکی کات و شوێن دەکاتە یەک چەمک و زاراوەی شوێنکاتیان بۆ بەکاردەهێنێت.

لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەم بۆچوونانەی دەربارەی چەمکی کاتەوە هەن، هەمان ئەو بۆچوونانە لەناو ئەدەبدا، بە شێوەیەکی گشتی ڕەنگیان داوەتەوە، بەتایبەت لە ناو ڕۆماندا، چونکە گێڕانەوە لە دوو کات پێکدێت کە کاتی چیرۆک و کاتی گێڕانەوەیە، ئەو کاتەی کە لەناو کاتی چیرۆکدا هەیە، زیاتر کاتی فیزیکی یان کاتی بابەتییە، ئەوکاتەش کە لەناو لەکاتی گێڕانەوەدا هەیە، کاتی دەروونیی یان کاتی خودییە.

**دووەم: چەمک و گرنگی کات لە ڕۆماندا**

ئەدەب دیاردەیەکی نامۆ نییە بەژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤ و پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان ئەدەب و واقیعدا هەیە، بۆیە ژانرە ئەدەبییەکان پەیوەستن بەم ژینگەییەی، کە دەقی ئەدەبی

---

[1] حسين مجيد حسين، البناء الزمن للخطاب السردي، رساله الماجستير، جامعه صلاح الدين، ٢٠١٥، ص ٤-٥.

[2] نيان نوشيروان فؤاد، التكنيك والموضوعات الدالة بين القصة الانگليزيه والعربية والكردية القصيرة، دراسات مقارنة، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين، ١٩٩٥، ص ٥٥.

تێدا بەرهەم دێت، واتە جیهانی ناوەوەی دەق ڕەنگدانەوەی جیهانی دەرەوەی دەقە، بە واتایەکی تر، دەکرێت واقیعی دەرەوە وەک هۆکاری بەرهەمهێنانی دەق سەیر بکرێت، بەتایبەتی لە ڕۆماندا، چونکە لاساییەکی وردی مرۆڤ لەناو ڕۆماندا دەبینرێت، لەبەرئەوە لایەنی واتایی ڕۆمان، لە واقیع و خەیاڵی ڕۆماننووسەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمەش لە بۆچوونی (میشێل زراڤا)دا دەردەکەوێت، کە دەڵێت: ((ڕۆمان هەر چنینەوەی خەیاڵ نییە، هێندەی ڕەنگدانەوەیە بۆ واقیع و دەتوانرێ بگوترێ گەوهەر و سیفاتی بنچینەیی تیایدا بۆ گوزارشتکردنە لە پەیوەندی نێوان واقیع و خەیاڵ))[1]، واتە بنیاتی ڕۆمان بەتەنها لەسەر خەیاڵ دانامەزرێت، بەڵکو تێکەڵ کردنی خەیاڵ و واقیعە، چونکە واقیع ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە بنیاتی توخمەکانی ڕۆماندا و ڕۆماننووس وەک کەرستەیەکی خاو لە بنیاتنانی توخمە پێکهێنەرەکانی ڕۆماندا، سوود لە واقیع وەردەگرێت.

کاتیش یەکێکە لەم چەمکە گرنگانەی لە دنیای ڕاستەقینەوە بۆ دنیای ڕۆمان گواستراوەتەوە، لەبەرئەوە کات بە یەکێک لە توخمە گرنگەکانی ڕۆمان دادەنرێت، تەنانەت هەندێک لە ڕەخنەگران پێیان وایە کە ((ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی بە هونەرێکی (کات)ی پۆلێن بەند دەکرێت))،[2]چونکە کات توخمێکی زیندووە و بنیات و پەیکەری ژانرە ئەدەبییەکانی وەک(شیعر چیرۆک، ڕۆمان) پێکدەهێنێت، لەناو ئەم ژانرانەش ((ڕۆمان یان چیرۆک تۆکمەترین هونەرە کە وابەستەی کات بێت))[3]، چونکە کات توخمێکی گرنگی هونەری گێڕانەوەیە، بنیاتی ڕۆمان پێکدەهێنێت، پەیوەندیەکی گرنگی لەگەڵ توخمەکانی تری گێڕانەوەدا هەیە، بەبێ کات گێڕانەوە بوونی نییە، چونکە ((ئەوە کاتە کە گێڕانەوەی تێدایە

---

[1] ميشيل زرافا، الادب القصصي- الرواية والواقع الاجتماعي، ت: سما داود، دار الشؤن الثقافة العامة، الطبعة الاولى، بغداد، ٢٠٠٥، ص ٩٢.

[2] دیار فایەق مەجید، شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی کوردیی باشوری کوردستان بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست (١٩٧٢- ٢٠٠٣)، ناوەندی خاک بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، کەلار، ٢٠٢١، ل ٩٧.

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧.

نەک گێڕانەوە بێت کاتی تێدابێت))[1]، بە مانایەکی تر پەیوەندی نێوان کات و ڕۆمان هێندە تۆکمە و پتەوە، بەشێوەیەک، کە ناکرێت هیچ ڕۆمانێک بەبێ کات بەرهەم بهێنرێت و کات خودی ڕۆمانە، وەک چۆن مرۆڤ بە خودی کات دانراوە، واتە ناتوانین کات و ڕۆمان لەیەکتر جیابکەینەوە، چونکە(( کات پێکهێنەری ڕۆمانە وەک چۆن کات پێکهێنەری ژیانە وە وتەی هەبوو نەبوو کەس لەخودا گەورەتر نەبوو وتەیەکە لەدەسپێکی هەموو چیرۆکێکە کە مرۆڤ دەیگێڕێتەوە)).[2]

هەرچەندە ڕۆماننووسان لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمان گرینگییان بە توخمی کات نەداوە و بەشێوەیەکی زنجیرەیی کاتی ڕۆمانەکانیان ڕێکخستووە، پەیڕەوی بەدوای یەکداهاتنی کاتیان کردووە، هەروەک چۆن لە ژیانی واقیعی مرۆڤ کات لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا و داهاتوو درێژ دەبێتەوە، ڕۆماننووسە تەقلیدییەکانیش هەمان ئەم کاتەیان بۆ ناو ڕۆمان گواستووەتەوە، ڕووداوەکانیشیان بەجۆرێک دەگێڕدرایەوە، کە کات تێیدا کۆتایی هاتووە و بەسەرچووە، چونکە ((لە ڕوانگەی ڕۆماننووسە تەقلیدییەکان کات ڕابردووە))،[3] ئەمەش هەمان ئەو شێوازە بوو، کە داستاننووسەکان لە نووسینی داستاندا، پەیڕەویان دەکرد، ئەم شێوازەش بە شێوازێکی تەقلیدی ناسراوە.

پاش گۆڕانە واقیعییەکانی سەدەی بیستەم ڕۆماننووسان هەوڵییانداوە بەشێک لە واقیعی ژیانی ڕاستەقینە و ئەزموونی مرۆڤایەتی و دید و ڕوانینەکانیان لە بارەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕۆمانەکانیان بخەنەڕوو، بەتایبەتیش دوای بڵاوبوونەوەی تیۆری ڕێژەیی کات و ئاشکراکردنی جیهانی نەست لە لایەن زانایانی دەروونناسەوە (فرۆید، یۆنگ، ئەدلەر، مۆڕۆن) چەمکی کاتیش لە لایەن بەشێک لە

---

[1] حسن بحراوی، بنية الشكل الروائي (الفضاء- الزمن- الشخصية)، الطبعة الاولى، الناشر: المركز الثقافي العربي، دار البيضاء، بيروت، ١٩٩٠، ص ١١٧.

[2] مراد عبدالرحمن مبروک، بناء الزمن في الرواية المعاصرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٨، ص ٥.

[3] محمد عزام، فضاء النص الروائي (مقاربة بنوية تكوينية في أدب نبيل سليمان)، دار الحوار للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، سورية، ١٩٩٦، ص ١٢١.

ڕۆماننووسان و ڕەخنەگران گۆڕانی بەسەرداهات و ڕۆماننووسان هەوڵیاندەدا بینای کات لە ژێر بارە جیاوازەکانی دەروونی مرۆڤ و چەمکی ڕێژەیی کات، کاتی ڕۆمانەکانیان ڕێکبخەن، هەندێک لە نموونەی ئەو ڕۆماننووسانەش بریتین لە: (( (جێمس جۆیس) تێدەکۆشا بۆ ئەوەی تیۆرێکی ئێستاتیکی دابنێ لەبارەی هەڵوێستی هونەرمەند بەجیهانەوە، بەتایبەتیش لەمەڕ ئایینەوە. (مارسیل پروست) کەوتبووە خولیای گرێدانی هەستەکانی مرۆڤ بە زەمەنەوە، بەشێوەیەک زەمەنی لەلا، هەم (هۆ)بوو، هەم (مەبەست). (لۆرانس) وای دارشت کە پەیوەندی بەتین لە نێوان هونەر و سێکسدا بدۆزێتەوە، کە بەلامەوە هەردووکیان دیاردەی هەستی مرۆڤن)).[1]

ئەمەش بووە هۆی داهێنانی جۆرە ڕۆمانێک، کە بە ڕۆمانی نوێی ئەورووپی ناسرا و بنیاتێکی نوێی گێڕانەوەیان لە بەرهەمەکانیاندا پەیڕەوکرد، کە دواتر ئەم بەرەوپێشچوونە بووە هۆی سەرهەڵدانی میتۆدێکی گێڕانەوەی نوێ، کە بە میتۆدی (شەپۆلی هۆش) ناسرا، ئەم میتۆدە گۆڕانێکی گەورەی بەسەر یاساکانی هونەری ڕۆمانی تەقلیدی هێنا، کاتیش لە ڕوانگەی ڕۆماننووسانی شەپۆلی هۆش پێگەیەکی جیاواز و گرنگتری هەبوو، کاتیان لە ڕوانگەی زەینەوە پێشکەش دەکرد، بۆ ئەوەی زنجیرەیی و بەدوای یەکداهاتنی کات، وەک ئەوەی لە ڕۆمانی تەقلیدیدا هەبوو، تێک بشکێنن و کات لە ڕوانگەی زەینەوە پێشکەش بکەن، لە ڕێگای هەندێک تەکنیکەوە بەناو کاتەکانی (ڕابردوو، ڕانەبردوو، داهاتوو) هاتوچۆیان دەکرد، ئەمەش کارێکی ئێستاتیکییە، چونکە ((جووڵەکردن و یاریکردن بەکات کارێکی ئێستاتیکییە)).[2] بەناوبانگترین ئەو ڕۆماننووسانەی ڕۆمانەکانیان بە میتۆدی (شەپۆلی هۆش) بنیادناوە بریتین لە: (جیمس جۆیس، فیرجینا، ۆلف و مارسیل پروست) ئەم گرنگییە زۆرەی توخمی

---

[1] عەبدوڵلا سەراج، ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٣٠

[2] هەرێم عوسمان، تەکنیک لە سێ چیرۆکی ئارام کاکەی فەللاحدا، گۆڤاری هەنار، ژ (٤٤)، ٢٠٠٩، ل ٢١.

کات لە ڕۆمانی نوێ و هاوچەرخ وای لە بەشێک لە ڕەخنەگران و ڕۆماننووسان کرد، کە سەرکەوتوویی ڕۆمان بە شێوازی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی کات لەناو ڕۆماندا ببەستنەوە.

**سێیەم: شیعرییەتی کات لە ڕۆماندا**

کات توخمێکی سەرەکی ڕۆمانە و بەیەکێک لە توخمە گرنگەکان دادەنرێت، کە لەگەڵ توخمەکانی تری ڕۆمان وەک شوێن و کارەکتەر و ڕووداو بنیاتی ڕۆمان پێکدەهێنن، چونکە ناتوانین باس لە ئیستاتیکای کات بکەین و جوانییەکانی دەست نیشان بکەین بەبێ ڕوداو و کارەکتەر و شوێن، چونکە کات ڕۆڵی لە گۆڕان و پێشکەوتن و گەشەسەندنی شوێن و ڕووداو و کارەکتەرەکان هەیە، بە واتایەکی تر، پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونی توخمەکانی دیکەی ڕۆمان بە توخمی کاتەوە پەیوەستە، کەواتە کات پایەیەکی گرنگی گێڕانەوەیە، بۆیە بەشێک لە شیعرییەتی ڕۆمان بە شیعرییەتی کاتەوە پەیوەستە، شیعرییەتی کاتیش لە ڕۆماندا بریتییە لە شێوازی تواندنەوەی پەیامەکانی ڕۆمانووس لەناو توخمی کاتدا و گەیاندنی ئەو پەیامانە بە شێوازێکی هونەریی، بەهۆی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی کات وەک (خێراکردن و خاوکردنەوە) و تێکشکاندنی کاتەکانی (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) دەبێت.

لە پرۆسەی گێڕانەوەدا دووجۆر کاتمان هەیە، کاتی چیرۆک و کاتی گێڕانەوە، مەبەست لە ((کاتی چیرۆک ئەو زەمەنەیە، کە دەبێت ڕووداوەکانی لە ئاستی چیرۆکدا ڕووی دابێت، ئەو زەمەنە بە زەمەنێکی دەرەکی دادەنرێت))[(1)]، کاتی چیرۆک ئەو کاتەیە، کە ڕووداوەکان بە شێوەی زنجیرەیی کاتەکانی بەدوای یەکتردا دێن، چونکە ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە و کاتەکانی (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) بەدوای یەکتردا دێن، بەڵام کاتی گێڕانەوە کاتێکی ناوەکییە، پەیوەندی بە ڕۆماننووسەوە هەیە، بۆیە ئەو ڕیزبەندییەی، کە لە کاتی چیرۆکدا هەیە، لەکاتی گێڕانەوە ڕۆماننووس دەتوانێت پابەندی ئەو ڕیزبەندییە نەبێت و ڕیزبەندییەکە

---

[(1)] د.نەجم ئەڵوەنی، سێ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل ٣٥.

تێک بشکێنێت، لە بەرئەوە زۆرجار بگێڕەوە لە کاتی ئێستای گێڕانەوەدا، لەبری ئەوەی بەرەو کاتی داهاتوو بڕوات، بەرەو کاتی ڕابردوو دەگەڕێتەوە و و دووبارە دەگەڕێتەوە کاتی ئێستا و یان لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا باسی کاتی داهاتوو دەکات، واتە لەناو کاتەکانی (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو)دا، هاتوچۆ دەکات، لەبەرئەوەی کاتی چیرۆک مادەیەکی خاوە بۆ کاتی گێڕانەوە و ڕۆماننووس بە مەبەستی دروست کردنی جوانی و شیعرییەتی کات لە ڕۆماندا، لە ڕێی تەکنیکەکانی کاتەوە یاری بە کاتی گێڕانەوە دەکات، جیاکردنەوەی ئەم دوو کاتەش لەناو ڕۆماندا، ((بە خوێندنەوەی دەقەکە بەدەردەکەوێت، هونەری کورتکردنەوە و دووبارەکردنەوە و لابردن و بازدان و بڕین، دەوری سەرەکیان لە بیناسازی ئەودا دەبێت، هەر بەهۆی ئەمانەشەوە لە زەمەنی یەکەم جیادەکرێتەوە))[1]، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە شیعرییەتی کات لە گێڕانەوەدا، بە وەرگریشەوە پەیوەستە، چونکە جیاکردنەوەی کاتی چیرۆک و کاتی گێڕانەوە بەهۆی خوێندنەوەوە دەردەکەوێت، لەبەرئەوە ئەزموونی وەرگر لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆماندا، ڕۆڵی هەیە لە درککردن بەو شیعرییەتەی ڕۆماننووس بەهۆی یاری کردن بەکاتەکانی (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) دروستی کردووە، ئەمەش لە لای خوێنەر سەرچاوەی دروستبوونی شیعرییەتی خوێندنەوەیە، چونکە ئاستی چاوەڕوانی لە خوێنەر تێکدەشکێنێت و وا لە خوێنەر دەکات، بۆ ئەوەی لە ئێستای کاتی گێڕانەوە تێبگات، بۆ کاتە جیاوازەکانی ڕووداو بگەڕێتەوە.

ڕۆماننووس لە کاتی گێڕانەوەدا بەهۆی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی کات، جیاوازی لەنێوان کاتی چیرۆک و کاتی گێڕانەوە دروست دەکات و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم دوو کاتە لە ڕووی کورتی و درێژییەوە هاوتەریب نەبن، هەروەها ڕۆماننووس لە پێش و پاش خستنی کاتە جیاوازەکانی ناو کاتی گێڕانەوە ئازادە، ئەمەش نا هاوسەنگی لە نێوان کاتی چیرۆک و کاتی گێڕانەوە دروست دەکات، جیاوازیی ئەم دوو کاتەش بۆ بەکارهێنانی

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

تەکنیکی  خێراکردن  و خاوکردنەوە دەگەڕێتەوە، لە لایەن ڕۆماننووسەوە، چونکە ڕۆماننووس لە کاتی گێڕانەوەدا دەتوانێت ڕووداوێکی چەند ساڵە لە کاتێکی کورتدا و لەچەند دێرێکدا، بەهۆی لابردن و کورتکردنەوە و ئاماژەپێدانەوە کورت بکاتەوە، بەمەش کاتی گێڕانەوە کورتتر دەبێت لە کاتی چیرۆک، واتە کاتی گێڕانەوە لە کاتی چیرۆک خێراتر دەبێت، یان بە پێچەوانەوە ڕووداوێکی کورت و چەند دەقیقەیی درێژبکاتەوە و بە درێژی باسی بکات، ئەوەش وادەکات کاتی گێڕانەوە لە کاتی چیرۆک درێژتربێت، کە بە مەبەستی خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوە بە بەراورد بە کاتی چیرۆک بەکاردەهێنرێت، بۆیە ئەم تەکنیکی خێرایی و خاوکردنەوەیە جوانیناسی و شیعرییەتی کات لەناو دەقی ڕۆماندا دروست دەکەن، جگە لە لادان و تێکشکاندنی زمانی ئاسایی لە ئاستی وشە و ڕستە و گوتاردا، کە بەگشتی سەرچاوەیەکی گرنگی دروستکردنی شیعرییەتی ڕۆمانن.

**چوارەم: شیعرییەتی ڕۆمان**

ڕۆمان یەکێکە لە ژانرە ئەدەبییەکانی سەردەمی نوێ، بنیاتێکی هونەری دەوڵەمەند و ئاڵۆزی هەیە، هەروەها  کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە، کە لە ژانرە ئەدەبییەکانی تر جیای دەکاتەوە، بەهۆی ئەو فراوانییەی لە زمان و توخم و تەکنیک و پێکهاتە هەیەتی، بە یەکێک لە ژانرە ئەدەبییە گرنگەکان دادەنرێت، بەو پێیەی شیعرییەتیش بە هەموو ژانرە ئەدەبییەکانەوە پەیوەستە، ڕۆمانیش یەکێکە لە  ژانرە ئەدەبییەکان، بۆیە وەک چۆن شیعرییەت پەیوەندییەکی پتەوی بە شیعرەوە هەیە، بە هەمان شێوە لە ڕۆمانیشدا بایەخێکی گرنگی هەیە و بە بنیاتی هونەری و واتایی ڕۆمانەوە پەیوەستە، ئەگەرچی شیعر و ڕۆمان هەردووکیان جەوهەرەکەیان زمانە، بەڵام لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ زمان و شێوازی بەکارهێنانی زمان لەناو دەقدا جیاوازن، واتە بەهۆی جیاوازی لە بنیاتی دەقی شیعر و ڕۆمان، شیعرییەت لە دەقی ڕۆماندا جیاوازە، لەم شیعرییەتەی کە لە دەقێکی شیعریدا هەیە، واتە: ((زمانی شیعری یان شیعرییەتی نووسینی ڕۆمان ئەوە نییە، کە لە نووسیندا شیعر بەکاربهێنین، یان

شیعر تێکهەڵکێشی ڕۆمان بکەین یان ڕۆمانێک بە شیعر بنووسین، بەڵکو شیعرییەتی نووسین بریتییە لە مانای چڕوپڕی و کورتکردنەوەی ڕستە و خەستکردنەوە و بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی هونەری، بە شێوەیەک کە لە زمانی ئاسایی ڕۆژانە جیابکرێتەوە، چێژێکی ئێستاتیکی بە دەقەکە ببەخشێت)).[1]

شیعرییەتی ڕۆمان پەیوەستە بە سەرجەم توخم و تەکنیکەکانی ڕۆمان و توێژینەوەیە لەو ڕێسا و تایبەتمەندییانەی، کە بنیاتی ڕۆمانیان پێکهێناوە، یەکێک لەم توخمانەش توخمی زمانە، چونکە زمان یەکێکە لە توخمە گرنگەکانی ڕۆمان، کە بنیاتی گوتاری ڕۆمان پێکدەهێنێت، لەبەرئەوە ڕۆماننووس خەیاڵەکانی لە وشە و ڕستە و دەربڕینەکانیدا بەرجەستە دەکات و شیعرییەتی زمان لە ڕۆماندا دروست دەکات، هەروەها ڕۆماننووس بەهۆی بەکارهێنانی زمانێکی ئەدەبی لە گوتاری ڕۆماندا، شیعرییەت بەرهەم دەهێنیت، چونکە ئەرکی شیعرییەت لە گوتاری ڕۆماندا، بەو تایبەتمەندی و ڕێسایانەوە پەیوەستە، کە زمانی ئاسایی بۆ زمانێکی نائاسایی دەگۆڕن، ئەم گۆڕانە زمانیەش کە بەهۆی ئەرکی شیعرییەتەوە ئەنجام دەدرێت، شیعرییەتی زمان لەناو ڕۆمادا دروست دەکات، لەبەرئەوە ((نابێ تەنیا زمانێکی واقیعی و ئاسایی بێ، بەڵکو لە پاڵ لایەنی هونەرکاری ڕووکارەکەیەوە، دەبێ لایەنی لۆژیکی عەقڵی پەخشانی لە زماندا، لە پاڵ خەیاڵ و فەنتازیای شیعری و هەروەها لایەنی هەڵچوون و سۆز لە پاڵ واقیع و واتادا، ئاوێتەی یەکتر بکرێن، بەم شێوەیە پانتاییەکی مردووی چەقبەستوو لە نێو دەقدا دروست نابێ، بەڵکو زیندوویێتی دەبەخشێ، دوور لە ڕاستییە زانستییە بێ جووڵەکان (الجامدة) ئەمەش لە زمانی شیعر و شیعرییەتی دەق نزیک دەکەوێتەوە)).[2]

---

[1] سابیر ڕەشید، چیرۆکی کوردی - ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، ئاودێر، هەولێر، ٢٠١٦ ل ١٠٢- ١٠٣.

[2] هێمن عومەر ئەحمەد، چەند لایەنێکی شیعرییەت لە کۆچیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن)ی (جەبار جەمال غەریب)دا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ماستەر، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١١٥.

ئێمە بۆچوونمان وایە، ئەم زمانەی لە گوتاری ڕۆماندا بەکاردێت، هەرچەندە لە زمانی ئاسایی نزیک بێت، نابێتە هەمان ئەو زمانەی لە واقیعدا هەیە، چونکە ڕۆماننووس، خەیاڵ و جیهانبینی و توخمەکانی ڕۆمان و تەکنیکەکانی ڕۆمانی لەناو ئەم زمانەدا تواندووەتەوە، واتە کۆمەڵێک یاسا و تایبەتمەندی تێدایە، کە لە زمانی ئاسایی جیای دەکاتەوە و ئەو یاسا و تایبەتمەندیانەش لەناو ڕۆماندا بنەمای دروستبوونی شیعرییەتن، بە مانایەکی تر شیعرییەتی ڕۆمان تەنیا لە بەزاندنی زمانی باو و لایەنی زمانەوانی کورت نابێتەوە، بەڵکو بە هونەرنواندن و دەست ڕەنگینی و شێوازی  نووسەر بە چۆنییەتی ڕێکخستنی پلۆت گرێدراوە، واتە چۆن و بە چ شێوازێک مامەڵە لەگەڵ توخمە سەرەکییەکانی ڕۆمان دەکات، ئەگەر توخمەکانی  کات و شوێن و ڕووداو و کارەکتەرەکانی خستە ناو قالبێکی هونەری بەرز، ئەوا گوتاری ئەدەبی بەرهەم دەهێنێت و شیعرییەت لە گوتارەکە دروست دەبێت و نابێتە گوتارێکی نائەدەبی.

ئەدەبی بوونی گوتاری ڕۆمان بۆ فۆرمالیستەکان دەگەڕێتەوە، لە ئەنجامی توێژینەوە و گەڕان بەدوای سەرچاوەی ئەدەبییەتی چیرۆک و ڕۆمان، (فابوڵ و سوژێت)یان لە یەکتر جیاکردەوە، کە (فابوڵ) چیرۆکە و (سوژێت) پلۆتە، ئەمانەش سەرچاوەیەکی گرنگی شیعرییەتی ناو ڕۆمانن، جیاوازی نێوان چیرۆک و پلۆتەوە بەم شێوەیە خراوەتەڕوو: ((چیرۆک بریتییە لە ڕێکخستنی واقیعی ڕووداوەکان واتە شێوەی بەدوای یەکداهاتن، بەڵام پلۆت زنجیرەیەک لە ڕووداوەکانی ڕۆمانە، کە بگێڕەرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە، مەبەست لەم جیاکردنەوەیەش خستنەڕووی ئەدەبییەتی دەقی ڕۆمانە، واتە چیرۆک کەرستەی خاوە بۆ پێکهێنانی توخمەکانی چیرۆک بەر لە ئامادەسازی، بەڵام پلۆت بنەڕەتی کارەکەیە و ئەو شێوازەیە کە نووسەر بۆ گێڕانەوەی ڕۆمانەکە هەڵیدەبژێرێت، هونەری ڕۆماننووس لە نەخشاندنی پلۆتی ڕۆمانەکەدا، شیعرییەت بە ڕۆمانەکە دەبەخشێت)).[1]

---

[1] بوشرا کەسنەزانی، پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا، ساڵی ١٩٩٥-٢٠٠٥، چاپی دووەم، چاپخانەی سەردەم، ٢٠٢١ سلێمانی، ل ٧٥- ٧٦.

ئەو هۆکارانەی گوتارێکی نائەدەبی دەکەنە گوتارێکی ئەدەبی و شیعرییەتی ڕۆمان بەرهەم دەهێنن تەنیا بریتی نین لە تێکشکاندن و بنیاتنانەوەی زمان، بەڵکو شیعرییەتی ڕۆمان پەیوەندی بە چۆنییەتی چنین و ڕێکخستنی ڕوودا و نیشاندانی کارەکتەرەکانیش هەیە، کە ڕۆماننووس پەیڕەوەی دەکات و شیعرییەت لە دەقەکە بەرهەم دەهێنێت، لەبەرئەوە (بەسام قەتوس) پێی وایە توێژینەوە لە شیعرییەتیی ڕۆمان بریتییە لە: ((شێوازی دەربڕین، شێوازی دەربڕینی بیرۆکەیەکی ڕێکخراو و توخمەکانی ڕۆمان، بەواتایەکی تر بریتییە لە گەڕان بەدوای شێوازی خوێندنەوەی جیاوازی دەق و دۆزینەوەی گوتاری ئەدەبی و پێوەرەکانی گەشەی پەخشان بەرەو شیعرییەت)).[1]

لایەنیکی تری شیعرییەتی ڕۆمان بەهۆی خوێندنەوەیەکی قووڵەوە دەردەکەوێت، چونکە ڕۆماننووس بەهۆی بەکارهێنانی کۆمەڵێک تەکنیک لە بنیاتنانی ڕۆماندا، پەیامێک بە وەرگر دەگەیەنێت، ئەوەش بەهۆی ئاویتەکرنی واقیع و خەیاڵ، واتە ژیانی واقیعی مرۆڤ تێکەڵی خەیاڵی ڕۆماننووس دەبێت و لە گوتاری ڕۆماندا دەردەکەوێت، بەو واتایەی ڕۆماننووس بە شێوەیەکی هونەری نزیک لە واقیع ڕووداوەکان دەخاتەڕوو، بە شێوەیەک بڕوا بە خوێنەر بهێنێت، کە ئەم ڕووداوانە هەمان ئەو ڕووداوانەن، کە لە واقیعدا هەن، یان دەکرێت ڕووبدەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم ڕووداوانەی ناو ڕۆمان تێکەڵەیەکن لە واقیع و خەیاڵی ڕۆماننووس، هەروەها ڕۆماننووس بەهۆی تەکنیکەکانەوە یاری بە زمان و کات و ڕووداوەکان دەکات.

یەکێکی تر لەم تەکنیکانەی، کە شیعریەت لەناو ڕۆماندا دروست دەکات، تەکنیکی گۆشەنیگایە، کە یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکانی ڕۆمان و ئەگەر ڕۆماننووس بە وردی مامەڵە لەگەڵ ئەم تەکنیکە نەکات، ئەوا خوێنەر چێژ لە خوێندنەوەی دەقەکە وەرناگرێت و ئەمەش کاریگەری لەسەر شیعرییەتی ڕۆمان دەبێت، واتە دەبێت ڕۆماننووس بە وردی مامەڵە لەگەڵ

---

[1] بسام قطوس، مقاربة نصية في الأدب الفلسطيني الحديث، دارالشروق، عمان، ٢٠٠٠، ص ١٦٠.

تەکنیکەکانی ڕۆمان بکات، چونکە لە دەقی ڕۆماندا، سەرچاوەی بەرهەم هێنانی شیعرییەتن، لەبەرئەوە شیعرییەتی ڕۆمان بریتییە لە: ((لە بەیەکدا چوونی ڕاستەقینە و خەیاڵ، بەناویەکداچرژانی کات، شیعرییەتی زمان و گۆشەنیگەکان، تێکەڵاوی پرسیارەکان، شکاندنی شێوە چەقبەستووەکان و پارچەپارچەبوونی کارەکتەر و ڕووداوەکان))،[1] کەواتە شیعرییەتی ڕۆمان بۆ چۆنییەتی مامەڵەی بگێڕەوە لەگەڵ توخم و تەکنیکەکانی ڕۆمان دەگەڕێتەوە.

تەکنیکی فرەدەنگی یەکێکی ترە لەو تەکنیکانەی، کە شیعرییەت لەناو ڕۆماندا دروست دەکات. ئەم تەکنیکەش لە ڕۆمانی نوێدا دەرکەوتووە، هەروەها خاڵێکی جیاکەرەوەیە لەگەڵ ڕۆمانی کۆندا، چونکە تەکنیکی فرەدەنگی یان ڕۆمانی فرەدەنگی (ئەو ڕۆمانەیە کە جیاوازە لە ڕۆمانی کۆن و شێوەی ڕۆمانی کۆن پەیڕەو ناکات، لەم ڕۆمانەدا هەر کارەکتەرێک خاوەنی دەنگی خۆیەتی و لەگەڵ دەنگی کارەکتەرەکانی تر تێکەڵ دەبێت)[2]، هەروەها لەم تەکنیکەدا، چەند کارەکتەرێک لە بارەی ڕووداوێکەوە دەدوێن، بەڵام هەریەکەیان خاوەنی ڕوانین و بۆچوونی تایبەت بە خۆیەتی و گوزارشت لە خۆی دەکات، ئەو دەنگە جیاوازانە لە ناو ڕۆماندا تێکەڵ بەیەکتر دەبن و شیعرییەت لە ڕۆماندا دروست دەکەن.

داهێنانی چەمکی فرەدەنگی لە ڕۆماندا، بۆ توێژەری ڕووسی (میخائیل باختین) دەگەڕێتەوە و لەم بارەوە دەڵێت: ((تاکدەنگی ناتوانێ تێکڕای قووڵایی و تایبەتمەندیەکانی وشیاری مرۆڤی بیریار و بواری دیالۆگی ئەم وشیارییە دەرک بکات))[3]، واتە لەلای باختین بیری سەرەکی فردەنگی بە دیالۆگەوە پەیوەستە و بەهۆی دیالۆگەوە باری دەروونی و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئینتیمای سیاسی و ئاینی و ئایدۆلۆژیا و ئاستی ڕۆشنبیری کارەکتەرەکان لە ڕۆماندا وێنا دەکرێت، واتە بەهۆی فرەدەنگییەوە چەندین جۆری بیر و ئایدۆلۆژیا و دەنگ و ڕەنگی

---

[1] سليمان سالم الفرعين، شعرية الرواية، مدن الملح أنموذجا، إشراف الأستاذ الدكتور محمد علي الشوابكة، رسالة الدكتوراه، قسم اللغة العربية وآدابها جامعة مؤتة، الاردن، ٢٠١٠، ص ٣٣.

[2] جمال مير صادقى و ميمنت مير صادقى، واژەنامه هنر داستان، كتاب مهناز، چاپ دوم، ١٣٨٨، ص ١٥٠.

[3] میخائیل باختین، دیالۆگ، خەندە، ئازادی، وەرگێڕانی: هادی محەمەدی، کتێبی یانەی قەڵەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٧١.

جیاواز دروست دەبێت، چونکە ((ژانری ڕۆمان بەهۆی مەزنی و فراوانییەوە بێگومان پێویستی بەبوونی چەند دەنگێک، یان گێڕەرەوەیەک هەیە، کە هێندەی تر ڕۆمان بەهێزتر و بەچێژتر دەکات)).(1)

فرەدەنگی شیعرییەت لە گوتاری ڕۆماندا دروست دەکات، لەبەرئەوەی ئەم تەکنیکە دەبێتە هۆی تێکشکاندنی کات و زنجیرەیی ڕووداوەکان، چونکە هەر کارەکتەرێک دەتوانێت خۆی چیرۆکی خۆی بگێڕێتەوە و خۆی ببێتە بگێڕەوەی چیرۆکەکانی، ئەمەش وا لە وەرگر دەکات، بۆ بەیەکەوە بەستانەوەی ڕووداوەکان سوود لە یادگە (زەین)ی خۆی وەرگرێت، هەروەها ئەم تەکنیکە وا لە وەرگر دەکات خۆی لە یەکێک لە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەدا ببینێتەوە، لەبەرئەوە فرەدەنگی چێژی خوێندنەوە لەلای خوێنەر دروست دەکات، هەر بەهۆی تەکنیکی فرەدەنگییەوە وەرگر ناچاردەبێت بۆ شیکردنەوە و کردنەوەی کۆدەکانی ناو دەق سوود لە دەرەوەی دەقیش وەربگرێت، چونکە فرەدەنگی هەڵگری چەندین بیر و ئایدیۆلۆژیایە، کە بە دەرەوەی دەق پەیوەستن، بۆیە دەتوانین بڵێین، کە باختین پردێک لە نێوان دەق و دەرەوەی دەق دروست دەکات، کەواتە ئەم تەکنیکە جگە لەوەی لەناو ڕۆماندا، شیعرییەت دروست دەکات، لە لای خوێنەریش شیعرییەتی خوێندنەوە بەرهەم دەهێنێت.

ڕەهەندێکی تر، کە شیعرییەتی ڕۆمانی لە سەر بەندە، بنیاتنانی ئەو وێنا هونەریانەیە، کە ڕۆماننووس لەناو ڕۆماندا بنیاتیان دەنێت، تا وێنا کردنەکان کاریگەرتربن، شیعرییەتی ڕۆمانەکە و کاریگەری لەسەر وەرگر زیاتر دەبێت، چونکە، ((مەبەست لە بەرهەمهێنانی وێنا هونەریەکان، گوزارشتکردنە لەم دنیا دروستکراو و خەیاڵییەی، کە لە ڕۆماندا هەیە، ئەمەش بۆ وروژاندن و دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر وەرگر)).(2)

---

(1) کارزان موحسین قادر، سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی (١٩٩١-٢٠٠٠)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٩، ل ٩٨.

(2) احمد حسين الجارالله، اسلوبية القصة، دراسة في القصة القصيرة العراقية، اصدارات مشروع بغداد عاصمة الثقافة العربية، ط١، بغداد ٢٠١٣، ص ٢٢٨.

شیعرییەتی ڕۆمان، هونەرنواندنی ڕۆماننووسە لە چۆنییەتی چنین و ڕێکخستنی کات و ڕووداو و وردەکاری لە هەڵبژاردنی شوێنەکان و نیشاندانی کارەکتەرەکان، چونکە شیعرییەتی ڕۆمان بەو شێواز و تەکنیانەوە پەیوەستە کە ڕۆماننووس بەکاریان دەهێنێت، بۆ ئەوەی پەیامی خۆی لەناو توخمەکان بتوێنێتەوە و بە شێوەیەکی هونەری پەیامەکەی بە وەرگر بدات و شیعرییەتی خوێندنەوە لەلای وەرگریش بەرهەم بهێنێت، واتە لایەنێکی تری شیعرییەت پەیوەستە بەوەی ڕۆماننووس چۆن کەرستەکانی بنیاتی ڕۆمان بەکاردەهێنێت و لە ڕێگەی توخم و تەکنیکە جیاوازەکانی ڕۆمانەوە بە چ شێوازێک جوانیناسی لە دەقی ڕۆماندا بەرهەم دەهێنێت و بنیاتی واتایی ڕۆمانەکەی بە شێوەیەکی هونەری پێشکەش بە وەرگر دەکات.

**تەوەری سێیەم: پەیوەندی کات بە توخمەکانی تری ڕۆمانەوە**

**یەکەم: پەیوەندی کات بە ڕووداوەوە**

ڕووداو یەکێکە لە توخمە گرنگەکانی گێڕانەوە و لە بنیاتی ڕۆماندا گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و پرۆسەی گێڕانەوەی لەسەر بنیات دەنێرێت، بۆیە بە توخمێکی سەرەکی ڕۆمان دادەنرێت، پەیوەندییەکی تەواوکاری لەگەڵ توخمەکانی تری ڕۆماندا، وەک (کات، شوێن، کارەکتەر) هەیە، بەشێوەیەک ئاوێتەی یەکتر دەبن، کە جیاکردنەوەیان ئاسان نییە، چۆنیەتی ئاوێتەکردن و ڕێکخستنی ئەم توخمانەش بەپێی سەردەم و قۆناغە جیاوازەکانی ئەدەب دەگۆڕێت.

هەموو دەقێکی گێڕانەوە باسکردنی ڕووداوێکە، هەموو ڕووداوێکیش لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی(ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو) پێکدێت، ئەم بە دوای یەکداهاتنەش ڕێڕەوێکی مێژوویی کاتی هەیە، کات ڕووداوەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و بەدوای یەکتردا ڕێکیان دەخات، بۆیە کات وەک یەکێک لە توخمە پێکهێنەرەکانی گێڕانەوە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ توخمی ڕووداودا هەیە، هیچ ڕووداوێک لە دەرەوەی کاتدا ڕوونادات و بەبێ کات

ڕووداو بوونی نییە، چونکە ((ڕووداو بەستنەوەی کردارە بە کات))،[1] کرداریش جۆرێکە لە جووڵە و کاتیش بەبێ جووڵە بوونی نییە. لەبەرئەوە پەیوەندی نێوان توخمی کات و ڕووداو پەیوەندییەکی تەواوکارییە، جیاکردنەوەیان تەنیا لەڕووی تیۆرییەوە دەکرێت، چونکە هەموو ڕووداوێک لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا ڕوودەدات، کە نووسەر بەپێی پێویستی هونەری دەق دایدەڕێژێت.

ڕۆماننووس بە پێی کات و کار و کردەوەی کەسایەتییەکان و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان ڕێک دەخات و تۆماریان دەکات، ڕۆمان یان ((چیرۆک گێڕانەوەی کۆمەڵێک ڕووداوە کە بەپێی کات ڕێکخراوە))،[2] هەروەها بەهۆی کاتەوە دەتوانین قۆناغ و سەردەمی ڕووداوەکان لەیەکتری جیا بکەینەوە، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین، پەیوەندی نێوان کات و ڕووداو بریتییە لەو مەودا زەمەنییە، کە ڕووداوەکانی ڕۆمان تێیدا ڕوودەدەن، ئینجا مەودا زەمەنییەکە هەرچەندێک بێت.

شێواز و چۆنییەتی خستنەڕووی ڕووداویش بە پێی سەردەم گۆڕانی بەسەرداهاتووە، واتە شێوەی خستنەڕووی ڕووداو لە نێوان شێوازی کۆن و نوێدا جیاوازە، لە ڕۆمانی تەقلیدیدا، بەپێی کاتی (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) ڕووداو دەخرایەڕوو، ڕووداوەکانیش بەپێی ئەم کاتانە ڕێکدەخران و بەشێوەیەکی زنجیرەیی بەشە پێکهێنەرەکانی ڕووداو (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی) بەدوای یەکتردا دەهاتن، بایەخیان بە هێزی پلۆت و یەکێتی ئۆرگانی نێوان بەشەکانی ڕۆمان دەدا، بۆیە تێڕوانینی ڕۆماننووسە تەقلیدییەکان بۆ ڕووداو ((ئەو ڕیزبوونەیە کە ڕووداوی تێدا دەردەکەوێت، واتا وێنای بەدوای یەکداهاتنی ڕووداوە لە چوارچێوەی کاتدا)).[3]

---

[1] محمد زغلول سلام، دراسات في القصة العربية الحديثة، منشأة المعارف، اسكندرية- مصر، بدون سنة، ص ١١.

[2] أ.م. فورستر، اركان الرواية، ت: موسى العاسى، دار جروس برس، طرابلس-لبنان، ١٩٩٤، ص ٦٧.

[3] عبدالله ابراهيم علاوي، البناء الفني في رواية الحرب العربية في العراق (١٩٨٠- ١٩٨٥)، رسالة ماجستير، كلية الادب – جامعة بغداد، ١٩٧٨ ص٢٣.

له سەدەی بیستەمدا، کاتێک کات بوو بە  ناوەند و نوێنەری سەرەکی ڕۆمانی (شەپۆلی هۆش)، شێوازی خستنەڕووی ڕووداویش گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، چونکە قوتابخانەی (شەپۆلی هۆش) پشتی بە چالاکی زەینی دەبەست لە پرۆسەی گێڕانەوەی ڕووداودا، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕووداوەکان بەشێوەی پچڕ پچڕ و پەرش و بڵاو پیشان بدرێن، هەر جارەی بچێتە سەر بەشێک یان کاتێک، واتە ڕەچاوی بەدوای یەکدا هاتنی کاتیان نەدەکرد، ئەم میتۆدە بایەخ  بە یەکێتی ئۆرگانی نێوان بەشەکانی ڕووداو نادات، ڕۆماننووس دەتوانێت پاش و پێش بە کاتی ڕووداوەکان بکات، ئەو بە دوای یەکداهاتنە مێژووییەی بۆ کاتی ڕووداوەکان لە واقیعدا هەیە لێی لابدات.

**دووەم: پەیوەندیی کات بە کارەکتەرەوە**

کارەکتەر لە بنیاتی گێڕانەوەدا بەیەکێک لە توخمە گرنگەکانی گێڕانەوە دادەنرێت، هیچ ڕۆمانێک بەبێ بوونی توخمی کارەکتەر نانووسرێت، توخمەکانی تری گێڕانەوە وەک (کات و شوێن و ڕووداو) بۆ دەرخستنی لایەنە جیاوازەکانی کارەکتەرن، هەرچەندە کارەکتەریش بەبێ بوونی ئەم توخمانە ناتوانێت بەتەنیا بنیاتی ڕۆمان پێک بهێنێت، چونکە گۆڕان و پەرەسەندنی کارەکتەر پێویستی بە کات و شوێن و ڕووداوە، کارەکتەر هۆکارێکە بۆ بەیەکەوە گرێدانی توخمەکانی تری ڕۆمان، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین بوونی توخمەکانی تری ڕۆمان بە بوونی کارەکتەر بەستراوەتەوە، بۆیە ((ڕۆمان بەبێ کارەکتەر نانووسرێت. هەموو توخمەکانی دیکەی ڕۆمان بۆ ئەوە دادەمەزرێن بۆ ئەوەی کەسایەتی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەیی و ناوچەیی و ئاکاری ئەو دەربخەن )).[1]

کارەکتەر بەهۆی توخمەکانی ترەوە دەردەکەوێت و دەناسێنرێت و بەوانەوە گرێدراوە، لەبەرئەوە کارەکتەر لەناو ڕۆماندا بەبێ توخمەکانی تر ناتوانێ دەربکەوێت، واتە وەک چۆن ڕۆمان بەبێ کارەکتەر نانووسرێت، بە هەمان شێوە بەبێ ڕووداو و کات و شوێنیش

[1] نجم خالید ئەلوەنی، گرنگی کارەکتەر لە ڕۆمانی (یادداشتی عەترو ئاگر)ی (بەیان سەلمان)-دا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٢١، ل ١٣.

نانووسرێت، هەموو کارەکتەرێک پێویستی بە پانتایی و شوێنێک و ڕووداوێک هەیە، ئەم ڕوداوەش لە زەمەنێکدا ڕووی داوە، واتە کارەکتەر بەهۆی ڕووداو و زەمەن پەرەدەسێنێت و دەگۆڕێت، گۆڕانیش بەبێ جووڵە و کات و شوێن ڕوونادات، هەندێک جار توخمەکانی تری ناو ڕۆمان ڕۆڵی کارەکتەر دەبینن و دەبن بە پاڵەوانی ڕۆمانیش ((لە ڕۆماندا دەکرێ هەموو شتێک ببێتە پاڵەوان))،[1] لەبەرئەوە مەرج نییە تەنیا مرۆڤ ڕۆڵی کارەکتەر یان پاڵەوان لەناو ڕۆماندا بگێڕێت یەکێک لەم نووسەرانە (ئالان ڕۆب گرییە) لە کتێبی (بەرەو ڕۆمانی نوێ) ((بە تەواوەتی ڕۆڵی (کەسایەتی - پاڵەوان) دەسڕێتەوە و دەیدات بە زەمەن و شتومەک)).[2]

کارەکتەر پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ توخمەکانی تری ڕۆماندا هەیە و ناکرێ ئەم پەیوەندییە لە کاتی نووسینی ڕۆماندا ڕەچاونەکرێت، ((کارەکتەرەکان هێندە گرنگن، کە دەبنە هۆی پێکەوە بەستانەوەی هەموو توخمەکانی تری ناو ڕۆمان وەک (زمان، کات، شوێن)).[3] لەم ڕوانگەوە دەتوانین بڵێین کاتیش وەک یەکێک لە توخمە گرنگەکانی ڕۆمان پەیوەندی بە کارەکتەرەوە هەیە، پەیوەندیی کارەکتەر بە کاتەوە هیچی کەمتر نییە، لەم پەیوەندییەی لە نێوان شوێن و کاتدا هەیە، چونکە هەردووکیان وەک ئامرازێکی هونەری بەکاردەهێنرێن لەگەڵ کاتدا، بۆ ئەوەی لەناو ڕۆماندا هەندێک جار بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ گوزارشت لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ بکەن، واتە دووبارە دروستکردنەوە و وێناکردنی ژیانی ڕاستەقینەیە، بەڵام بە شێوەیەکی جیاوازتر لەوەی، کە لە ژیانی ڕۆژانە دەیبینین، واتە ڕۆماننووس بەهۆی کارەکتەرە جیاوازەکانی ناو ڕۆمانەوە گوزارشت لە دید و بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی ژیانەوە دەکات، (لۆرانس بلوک) لە کتێبی (نووسینی ڕۆمان لە چنینەوە تا چاپکردن) باس لە ئەزموونی ڕۆماننووسی خۆی دەکات و بەتایبەت لە بنیاتی

---

[1] سەنگەر قادر شێخ محمەد حاجی، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا ، چاپخانەی خانی- دهۆک ل١٨٠.

[2] عەبدوڵلا سەراج، ئاستانەی ڕۆمان و گۆشە نیگاکان، ل ٣١- ٣٢.

[3] سیروس شمیسا، انواع ادبی، نشر میترا، ویرایش چهارم، تهران، ١٣٨٣، ص ١٢٠.

کارەکتەر لە بارەی پەیوەندی ڕۆماننووس و کارەکتەر دەڵێت: ((هەموو کارەکتەرەکان ڕەنگدانەوەی کەسایەتی نووسەرن، ئینجا ڕەنگدانەوەکە گەورەبێت یان بچووک، من دڵنیام لەم ڕەنگدانەوە و لەناو نووسینەکانمدا دەیبینم، تەنانەت ئەگەر هەموو کارەکتەرەکانیش لەخۆم نەچن، بەڵام وەک ئەو ئەکتەرە هەڵسوکەوت دەکەم، کە ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت کاتێک وێنای کارەکتەرەکانم دەکەم، واتە من ئەو ڕۆڵە دەگێڕم و ئەو دیالۆگەش دەڵێمەوە، کە خەریکە لەسەر کاغەزەکە دەینووسم، کە بۆ ئەو کارەکتەرە تەرخانکراوە، بەم شێوەیە بە درێژایی نووسینی ڕۆمانەکە لەناو قوڵایی ئەو ڕۆڵەدا دەبم)).[1]

ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونی بنیاتگەرەکانە، کە دەق لە نووسەر جیادەکەنەوە، هەر وەک (ڕۆلان بارت)، کە ڕەخنەگرێکی سەر بەم تیۆرەیە دەڵێت: ((لە ڕوانگەی ئێمەدا کارەکتەرەکان لە بنەڕەتدا چەند بوونەوەرێکی کاغەزین))،[2] واتە لە ڕوانگەی (ڕۆلان بارت)ەوە، کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان ناتوانن وێنا و ڕوانینی ڕۆماننووس لەبارەی ژیانی ڕاستەقینە لەناو دەقی ڕۆماندا بەرجەستە بکەن.

لەیەک چوونی ژیانی ڕاستەقینە و ڕۆمان واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە کارەکتەری ناو ڕۆمان هەمان ئەو کارەکتەرانەی ناو ژیانی راستەقینە بن، بەڵام بەو پێیەی ڕۆمان گێڕانەوەی ژیانە بەشێوەیەکی هونەری، بۆیە هەموو جووڵەیەکی کارەکتەرەکان پەیوەستە بە کاتەوە.

کات پەرەسەندن و گۆڕان و کورتی و درێژی تەمەنی کارەکتەرەکان لەناو ڕۆماندا دەردەخات، هەموو شتێکی کارەکتەرەکان بەکاتەوە بەستراوەتەوە، هەروەک چۆن لە ژیانی ڕاستەقینەدا هەموو جووڵەیەکی مرۆڤ بە کات پێوانە دەکرێت، کەواتە کات لەناو ڕۆماندا ڕەوڕەوەی بەرەوپێش بردنی جووڵەی کارەکتەرەکانە، ئەگەر کات نەبێت جووڵەی کارەکتەرەکان دەوەستێت، ناکرێت باسی کارەکتەر و کات بکرێت بەبێ بوونی شوێن، چونکە

---

[1] لورانس بلوك، كتابة الرواية من الحبكة الى الطباعة، ترجمة وتقديم: دكتور صبرى محمد حسن، دار الجمهورية للصحافة- ٢٠٠٩، ص١٢٤.

[2] رولان بارت، مدخل إلى التحليل البنوي للقصص، ت: د. منذر عياشي، مركز الإنماء الحضاري، ط١، حلب – سوريا، ١٩٩٣، ص ٧٢.

کات بەبێ جووڵە بوونی نییە و جووڵەش لە دەرەوەی شوێندا بوونی نییە، لەناو ڕۆماندا بە هەمان شێوەی ژیانی ڕاستەقینە، شوێن ئەو پانتاییەیە،کە جووڵەی کارەکتەرەکانی بەپێی کات تێدا ڕێکدەخرێت.

**سێیەم: پەیوەندی کات بە شوێنەوە**

شوێن لە دەقی ئەدەبیدا، بە شێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش لەناو ڕۆماندا، وەک هەر توخمێکی تری ڕۆمان توخمێکی زیندوو و کارایە، پێگەیەکی گرنگی هەیە، لە پێکهێنانی بنیاتی ڕۆماندا، بۆیە نەبوونی توخمی شوێن لەناو ڕۆماندا، دەبێتە هۆی شێواندنی پەیکەری ڕۆمان، لەبەرئەوە پێویستە لەناو دەقی ڕۆماندا، تایبەتمەندی و گرنگی شوێن ڕەچاو بکرێت. شوێن لە نێو دەقی گێڕانەوەدا ئاماژەیە بۆ ئەو پانتاییە واقیعی یان خەیاڵییەی، یان پێکهاتەیەکە لە هەردووکیان بە شێوەیەکی تێکەڵ، کە ڕۆماننووس لەناو دەقی گێڕانەوەدا وێنای دەکات، ئەم وێناکردنەش، لە ڕۆماننووسێکەوە بۆ ڕۆماننووسێکی تر، بە پێی هزری ڕۆماننووسەکە، دەگۆڕێت، واتە: ((ڕۆماننووس لە ڕوانگەیەکی هونەرییەوە بەشێوەیەکی نزیک لە واقیع یان جیاواز لە واقیع وێنای شوێن دەکێشێت، بەڵام بە کۆمەڵێک دیدگا و تایبەتمەندی جیاوازەوە، کە ئەمانەش بریتین لە ئەنجامی کارلێکی نێوان کات و شوێن و کەسایەتییەکان))[1]، کەواتە شوێن پەیوەندی بە سەرجەم توخمەکانی تری ڕۆمانەوە هەیە، چونکە توخمەکانی تری ڕۆمان وەک (کارەکتەر، کات، ڕووداو) پێویستیان بە شوێنێک هەیە، تا لەخۆیان بگرێت، بە مانایەکی تر شوێن لەناو دەقی گێڕانەوەدا بریتییە: لەو چوارچێوە واقیعی و خەیاڵییەی، کە توخمەکانی تری گێڕانەوە لەخۆدەگرێت و هیچ کام لە توخمەکانی تری گێڕانەوە بەبێ بوونی شوێن بوونیان نییە، شوێنیش بەبێ بوونی توخمەکانی تری ڕۆمان بوونی نییە.

شوێن لەناو ڕۆماندا، بە شێوازێکی هونەری کاریگەری لەسەر جۆر و بیرکردنەوە و شێوازی کارەکتەرەکان هەیە، چونکە شوێن شانۆی جووڵەی کارەکتەرەکانە و کاتی جووڵەی

---

[1] د. فاضل عبود التميمي، البناء السردي في الشعر شيركو بيكەس، سلسلة كتب سردم العربي، ط١، السليمانية، ٢٠٠٨، ص ٩٠.

کارەکتەرەکانیش لەناو شوێندایە، لەبەرئەوە هەندێک جار بەهۆی شوێنەوە واتە لە ڕێی وەسف و شێوازی دروستکرنی بیاناکان کاتی ڕووداو یان کاتی جووڵەی کارەکتەرکان و پەرەسەندنیان دەردەکەوێت، لەبەرئەوە ((هەر کارێکی ئەدەبی توخمی شوێن فەرامۆش بکات و گرنگی پێنەدات، ئەوا ئەو کارە ئەدەبییە تایبەتمەندی و ڕەسەنایەتی لەدەستدەدات))[1]، واتە گرنگی و ڕەسەنایەتی کاری ئەدەبی بەشوێنەوە دەبەستێتەوە، چونکە مرۆڤ لە دەرەوەی شوێندا بوونی نییە و ژیانی مرۆڤ بە شوێنەوە بەستراوەتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی شوێن ڕەنگدانەوەی لەسەر هەستی ناوەوە و شێوازی بیرکردنەوە و تایبەتمەندیی و کەسایەتی مرۆڤەکان هەبێت، ئەمەش لە ناو کاری ئەدەبیدا ڕەنگدانەوەی دەبێت، بەو پێیەی ئەدەبیش بەرهەمی مرۆڤە.

پەیوەندی کات و شوێن پەیوەندییەکی ئاوێتەیە و ناکرێت بە ئاسانی لە یەکتر جیا بکرێنەوە، هەرچەندە هەر یەک لەم دوو توخمە خاوەن تایبەتمەندیی خۆیانن، ئەو پەیوەندییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کات بەبێ جووڵەی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان بوونی نییە و جووڵەی کارەکتەریش بەبێ شوێن بوونی نییە، هەروەک چۆن لە ژیانی ڕاستەقینەدا، ناشێت شوێن لە کات جیا بکرێتەوە، کاتیش پەیوەستە بە بوونی جووڵەوە، لەبەرئەوەی هەموو جووڵەیەک لەناو کات و شوێن دایە، بۆیە لەناو ڕۆمانیشدا کات ڕەهەندێکی شوێنی هەیە، بە هەمان شێوە شوێنیش ڕەهەندێکی کاتی هەیە، بەشێک لە نووسەران و ڕۆماننووسان بۆچوونی جیاوازیان لە بارەی پەیوەندی نێوان کات و شوێن هەیە و لەم بارەوە بۆچوونی خۆیان دەربڕیوە.

(دۆستۆڤسکی) یەکێکە لەو ڕۆماننووسانەی، کە شوێن دەکاتە پێوەری کات و لە بری کات بەکاری دێنێ، واتە لەبری ئەوەی کات بکاتە پێوەری شوێن ئەو بە پێچەوانەوە ((شوێن دەکاتە ئەڵتەرناتیڤ و پێوەرێک بۆ کات، لە ڕۆمانی (گەمژە)دا)).[2]

---

[1] غاستون باشلار، جماليات المكان، الطبعة الثانية، ت: غالب هلسا، ص ٥– ٦.

[2] سەباح ئیسماعیل، چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٢٣.

بەشێک لە ڕۆماننووسانی عەرەب لە ڕۆمانەکانیاندا، دەستەڵاتی کاتیان لەناو ڕۆماندا بە شوێن داوە، واتە شوێن کاریگەری بەسەر ڕووداو و پەرەسەندنی کارەکتەرەکان هەیە و کات هیچ دەستەڵاتێکی نییە و ناتوانێت گۆڕانکاری دروست بکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە دەکرێت ئەم دوو توخمە وەک دوو توخمی سەربەخۆ لەناو ڕۆماندا دەربکەون و بنیاتی ڕۆمان پێک بهێنن، هەر لەم بارەوە نووسەر و ڕەخنەگری عەرەب (ئوسامە غانم) بۆچوونی وایە، کە دەکرێ کات لە شوێن جیا بکرێتەوە و شوێن کات لەخۆ نەگرێت، یان ئاماژە بە کات نەکرێت و بمەیەندرێت، بەڵام ناکرێ شوێن لە ڕۆماندا نەبێت و ڕۆمانێکی بێ شوێن بهێنینە بەرچاو، لەم بارەوە دەڵێت: ((کات هەندێک جار دەستەڵات لەدەست دەدات و هیچ گۆڕانکارییەک دروست ناکات)).[1]

باختین بەهۆی ئەو پەیوەندییە تۆکمەییەی، لە نێوان کات و شوێندا هەیە، زاراوەی لێکدراوی شوێنکات بەکاردەهێنێت، لە ڕوانگەی (باختینەوە) کات بەهۆی شوێنەوە و شوێنیش بەهۆی کاتەوە هەستی پێ دەکرێت، بۆیە: ((پەیوەندی نێوان کات -شوێن لەڕووی هونەرییەوە لە ئەدەبدا پەیوەندیەکی هەڵمژراوە))[2]، واتە ئەم دوو توخمە تەواوکەری یەکترن و پەیوەندییەکانیان لەناو یەکتردا تواونەتەوە، بەڵام بەشێک لە نووسەران ڕۆمان بە هونەرێکی کاتی دادەنین و لە شوێن دای دەبڕن، پێیان وایە، ئەوە زەمەنە نوێنەری ڕۆمانە و پەیوەندی بە شوێنەوە نییە، نووسەرانی پەرتوکی (جیهانی ڕۆمان) هەمان بۆچوونیان هەیە و ڕۆمان بە هونەرێکی زەمەنی دادەنێن، بۆیە دەڵێن: ((ڕۆمان وەک وێنە و پەیکەر لەگەڵ هونەرە

---

[1] أسامة غانم، التجربة الجمالية والمكان في الرواية العربية – الطليعة الأدبية – دار الشؤون الثقافية العامة – ع/٣ السنة الرابعة – بغداد، ٢٠٠٢، ص ٧٤.

[2] ميخائيل باختين، أشكال الزمان والمكان في الرواية، ت: يوسف الحلاق، د ط ، وزارة الثقافة( نقلا عن رسالة) «البنية الزمكانية في رواية الرماد الذي غسل الماء لعزالدين جلاوجي دراسة تحليلية تأويلية»، ١٩٩٠، ص ٥.

شوێنییەکان ناکۆکە، بە ئاستی خودی مۆسیقا بەر لە هەموو شتێک بە هونەرێکی زەمەنی دادەنرێت)).[1]

ئێمەش بۆچوونمان وایە کە کات و شوێن دوو ڕەهەندی سەربەخۆن لە ئاستی تیۆری و لە پراکتیکدا ئاوێتە و تێکەڵن و ناکرێ بەئاسانی لەیەکتر جیابکرێنەوە، وەک چۆن بەبێ بوونی شوێن مرۆڤ بوونی نییە، واتە ماددە ناتوانێت لە دەرەوەی شوێندا بوونی هەبێت، لەبەرئەوە ئەوەی مانا بەبوونی کات دەدات، جووڵە و گۆڕانە، کە ئەم جووڵە و گۆڕانەش، لە شوێن ڕوودەدات، کەواتە: ((کات و شوێن بەهۆی ئەو پەیوەندییە نزیکەی کە لە نێوانیاندا هەیە، ناتوانرێ لە یەکتری جیابکرێنەوە، چونکە شوێن بەبێ کات و کات بەبێ شوێن بوونی نییە، بەو پێیەی مادە لە شوێن و کاتدا هەیە، مەحالە لە یەکتر جیابکرێنەوە))[2]. واتە کات و شوێن دوو ڕەهەندی گرنگی بوونن کار لەیەکتر دەکەن و یەکتر دەگۆڕن. هیچ ڕووداو و جووڵەیەک لە دەرەوەی کات و شوێندا نییە، لەناو ڕۆمانیشدا، ئەم دوو توخمە بنیاتی گێڕانەوە پێکدەهێنن و دوو توخمی سەربەخۆن و هەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی، بەڵام ناتوانین لەیەکتر جیایان بکەینەوە و بەبێ بوونی کات باس لە شوێن بکرێت، چونکە جووڵە و ڕووداوی کارەکتەرەکان بەبێ بوونی ئەم دوو توخمە دروست نابێت.

هەندێک جار کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان بەهۆی بیرەوەرییەکەوە، کە لە شوێنێکەوە هەیانە، بۆ زەمەنی ڕابردوو دەگەڕێنەوە، لە نێوان شوێن و بیرەوەریدا پەیوەندییەکی بەهێز هەیە، هیچ بیرەوەرییەکی مرۆڤ لە دەرەوەی شوێندا دروست نابێت، چونکە مرۆڤ لە شوێندا، لە دایک دەبێت و لە شوێنیش دەژیت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە کۆمەڵێ بیرەوەری و یادگاری بۆ دروست ببێت و بیرکەوتنەوەی ئەو بیرەوەریانەش دەبێتە هۆی بیرکەوتنەوەی شوێن و گەڕانەوە بۆ ئەو زەمەنە ڕابردووەی، کە ئەو بیرەوەریانەی تێدا دروست بووە،

---

[1] رولان بورنوف و ريال اوئيليه: عالم الرواية، ت: نهاد التكرلي، دار الشئوون الثقافية العامة، ط ١ بغداد، ١٩٩١، ص ١١٨.

[2] بودوستنيک وياخوت، عرض موجز للمادية الديالكتيكية، دار التقديم، موسكو، بدون سنة، ص٤٦.

پەیوەندی نێوان کات و شوێن لەدەرەوەی ڕۆمان و لەناو ڕۆمانیشدا پەیوەندییەکی نەپچڕاوە، لەم بارەیەوە گوتراوە: ((مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لە کات و شوێندا دەژی و بیردەکاتەوە و جۆرەها حەکایەت و چیرۆک دەخوڵقێنێ. ڕۆمانیش یەکێکە لەو هونەرە گەورانەی کە مرۆڤ دایهێناوە بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی فراوانتر تەعبیر لە فەلسەفەی بوونی خۆی و شت و دیاردەکان بکات، بۆیە کاتیشی بە بناغەی سەرەکی ئەم هونەرە داناوە، بێ ئەوەی لە مەوداکانی شوێنی جیابکاتەوە)).[1] ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤ و ژانری ڕۆمان بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، بەو پێیەی ژیانی مرۆڤ بە کات و شوێن بەستراوەتەوە، بەرهەمی ڕۆمانیش وێناکردنی وێنەکانی ژیانە لە ڕێی کارەکتەر و ڕووداوەکان، لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا.

[1]نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، ل 19.

**بەشی دووەم: پەیوەندی نێوان شیعرییەتی کات و شێوازەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (میران ئەبڕاهام) دا**

شیعرییەتی کات بە بنیاتی واتایی و هونەریەوە پەیوەستە، چونکە گەیاندنی واتا بە کۆمەڵێک شێوازی هونەرییەوە بەندە، بۆ ئەوەی واتاکان بە شێوازێکی هونەری بەرز بە بگاتە وەرگر، ئەگەر توێژینەوەی ناوەڕۆک بە تەنیا بکرێتە باسێک سەبارەت بە ئەدەب ئەوا دەبێتە باسکردنی ئەزموونێک، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەدەب لەگەڵ شێوەکانی دیکەی دەربڕینی مرۆیدا یەکسان بێت، چونکە جیاوازیی ئەدەب لەگەڵ شێوەکانی دیکەی دەربڕیندا بۆ بەکارهێنانی ئەو تەکنیکە ئەدەبییانە دەگەڕێتەوە، کە لە دەقی ئەدەبیدا بەکاردەهێنرێن.[1]

ڕۆماننووس کۆمەڵێک شێواز بۆ گەیاندنی بنیاتی واتایی لە ڕۆماندا بەکاردەهێنێت، یەکێک لەم شێوازانەش بەکارهێنانی تەکنیکەکانی کاتە لە بنیاتی ڕۆماندا، چونکە تەکنیکەکانی کات یەکێکن لەو تەکنیکانەی لە ڕووی هونەرییەوە بە شێوازەکانی گێڕانەوە پەیوەستە، لەبەرئەوە ڕۆماننووس لەناو ڕۆماندا دەبێت بە شێوەیەکی ورد مامەڵە لەگەڵ شێوازەکانی گێڕانەوەدا بکات، چونکە شێوازەکانی گێڕانەوە جوانیناسی و شیعرییەت لەناو ڕۆماندا دروست دەکەن، کە بۆ وەرگر سەرچاوەی چێژە، یەکێک لە شێوازەکانی گێڕانەوەش بریتییە لە مامەڵەی ڕۆماننووس لەگەڵ جووڵەی کاتی گێڕانەوە، لە ڕووی خێرایی و خاوکردنەوەی کات لە ڕۆماندا، چونکە کاتی گێڕانەوە و کاتی چیرۆک هاوشانی یەکتر نین، لەبەر ئەوە ڕۆماننووس بەخێرایی بەسەر هەندێک ڕووداو و کات و شوێن تێدەپەڕێت و خۆی لە زۆر بابەتی لاوەکی ڕزگاردەکات، یان هەندێک جار ڕۆماننووس پێویستی بەوەیە، بابەتێکی کورت بە پڕی بگێڕێتەوە، بەمەش خاوکردنەوە لە کاتی گێڕانەوەدا دروستدەبێت. هەردوو جووڵەکەی کاتی گێڕانەوە خێراییکردنەوە و خاوکردنەوەی کات جیاوازی لە نێوان کاتی گێڕانەوە و کاتی

---

١ بڕوانە: أحمد العدواني: بداية النص الروائي، النادي الأدبي والمركز الثقافي العربي، رياض، الدار البيضاء، بيروت، ٢٠١١، ص ٨.

چیرۆک دروست دەکەن، چونکە لە خێراییکردنەوەی کاتی گێڕانەوەدا، کاتی گێڕانەوە لە کاتی چیرۆک کورتترە، بەڵام لە خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوەدا، کاتی گێڕانەوە درێژترە لە کاتی چیرۆک.

**تەوەری یەکەم: پەیوەندی نێوان شیعرییەتی کات و خێراییکردنەوەی گێڕانەوە**

**خێراییکردنەوەی گێڕانەوە:** خێراییکردنەوەی گێڕانەوە تەکنیکێکی جووڵەی کاتی گێڕانەوەیە، ڕۆماننووس لە ڕێی هەندێک تەکنیکەوە، کە پەیوەستن بە خێراییکردنەوەی کاتی گێڕانەوە، ئیستاتیکا و شیعرییەت لەناو ڕۆمان و لە لای وەرگر دروست دەکات، ڕۆماننووس بەهۆی دوو تەکنیکی دیاریکراو جووڵەی کاتی گێڕانەوە خێرا دەکات، کە بریتیین لە:

**١-لابردن**

یەکێک لە تەکنیکەکانی خێراییکردنەوەی کاتی گێڕانەوە بریتییە لە لابردنی بەشێکی کاتی چیرۆکەکە، واتە ڕۆماننووس بەهۆی ئەم تەکنیکەوە زەمەنێکی درێژ یان کورت لە کاتی چیرۆک لادەبات، باسی ئەم ڕووداو و بەسەرهاتانە ناکات، کە لەم ماوەیەدا ڕوویان داوە، یان ڕۆماننووس بەشێک لەم ڕووداوانەی کاتی چیرۆک بە پێویست نازانێت، کە لەکاتی گێڕانەوەدا باسیان بکات، بۆیە بەشێک لە چیرۆکەکە لە کاتی گێڕانەوەدا باس ناکرێت و بە شێوەیەکی تەواو بێدەنگی لێ دەکرێت[1]، ئەمەش لە کاتی گێڕانەوەدا بۆشایی دروست دەکات، بەڵام ئەو بۆشاییە هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر پرۆسەی گێڕانەوەکە دروست ناکات، بە پێچەوانەوە ئەم لابردنە وادەکات، کاتی گێڕانەوەکە کورت و پوخت بێت.

ڕۆماننووس بە کۆمەڵێک دەستەواژە ئەم بۆشاییانە پڕدەکاتەوە و ئاماژە بەم لابردنانە دەکات، کە بەهۆی تەکنیکی لابردنەوە دروست بوون، وەرگریش لەم دەستەواژانە تێدەگات،

---

[1] بڕوانە: حسن بحراوی، بنية الشكل الروائي (الفضاء- الزمن- الشخصية)، ص ١٥٦.

ئەوەش زیاتر چێژ بە ڕۆمانەکە دەدات و شیعرییەت لە ڕۆمانەکەدا دروست دەکات. لابردن بە پێی بۆچوونی (جیرار جینێت) دەبێتە دوو جۆر[1]، کە بریتین لە:

**ا-لابردنی دیاریکراو:** لەم جۆرە لابردنەدا، بگێڕەوە بە چەند دەستەواژەیەکی ئاشکرا و ڕوون ئاماژە بە ماوەی نێوان کاتە لابراوەکە دەکات، بەڵام باس لە چۆنییەتی ڕووداوەکان ناکات، تەنیا ماوە لابراوەکە بە ڕۆژ یاخود هەفتە و مانگ و ساڵ دەخاتەڕوو[2].

لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا ڕۆماننووس ئەم تەکنیکەی لە زۆر شوێن بەکارهێناوە، یەکێک لە نموونەکانی لابردنی دیاریکراو لەم ڕۆمانەدا، لە لاپەڕە (٤٤٣)دا خراوەتەڕوو:

**((دە ساڵ بەسەر مردنی باپیرە خایمدا تێپەڕیبوو، ڕۆژی پێنجشەممەی مانگی دەی ساڵی دوو هەزار و شەش بوو، ئێوارە درەنگ، کاتێک ئارۆن لە زانکۆ گەڕایەوە، سالار بەبێ ئەوەی گوێ بە نانخواردنی ئێوارەیان بدات، خەریکی شەراب خواردنەوە بوو...)).**

ماوەی لابراو لەم نموونەیە دەساڵە، بگێڕەوە باسی ئەو ڕووداوانە ناکات، کە لە ماوەی ئەم دەساڵەدا ڕوویان داوە، یەکسەر دێتە سەر دوای ئەم دەساڵە و باسی بارودۆخی ژیانی سالار دەکات، لە دوای ئەم دەساڵە. ناوەڕۆکی ئەم نموونەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە باپیرە خایم و سالار و خێردا و ئارۆن دوای ئەوەی لە هۆڵەنداوە بۆ کوردستان دەگەڕێنەوە و دواتر دوای دوو ڕۆژ پاش هاتنەوەیان بۆ کوردستان باپیرە خایم دەمرێت. بگێڕەوە لە دوای مردنی باپیرە خایم بە مەبەستی جوانکاری و دروستکردنی شیعرییەت لە ڕۆمانەکەدا، تەکنیکی لابردنی دیاریکراوی بەکارهێناوە. بەهۆی لابردنی ئەم ماوەیە، بۆشایی لە نێوان پێش ماوەی لابراو و دوای ماوە لابراوەکە دروست بووە، ئەم بۆشاییەشی بە دەستەواژەی (دەساڵ) پڕکردۆتەوە و کاتی گێڕانەوەی پێ پوخت و کورت کردووەتەوە، ئەمەش هیچ

---

[1] بڕوانە: جيرار جينيت، خطاب الحكاية (بحث في المنهج)، ت: محمد معتصم و عبدالجليل الأزي و عمر حلي، ط٢، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ١٩٩٧.ص١١٧

[2] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ص١١٨

کاریگەری نەرێنی لەسەر گێڕانەوەکە دروست نەکردووە، بەڵکو شیعرییەتی زیاتری بە ڕۆمانەکە بەخشیوە. ئەم لابردنە وایکردووە کاتی گێڕانەوە لە کاتی چیرۆک خێراتربێت و ڕۆماننووس ئەم کاتە مێژووییەی تێک شکاندووە، کە لە کاتی چیرۆکدا هەیە.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)دا لە ڕێی بگێڕەوەی هەمووشتزانەوە، لە لاپەڕە (٢٩)دا دەڵێت:

((**دوای دوو کاتژمێر، کاتێک مەستورە بە ئاگا هاتەوە، هەمان پەرستار، ژنە کورتەباڵا قژ کورتەکە، بە دیارییەوە وەستابوو، مەستوورە لێی ڕوانی: "دەی ڕاست بەرەوە، ئەوە دکتۆر ئیزنی داویت، بەڵام دەبێ بوەستیت تاوەکوو پۆلیسەکان بەدواتدا دێن!"**)).

ناوەڕۆکی ئەم نموونەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کاتێک مەستوورە و هاوسەرەکەی و کچەکانی لەگەڵ چەندین کەسی تر لە لایەن ڕژێمی بەعس دەستگیرکراون، بە مەبەستی ئەنفالکردنیان لە ڕێی پاسێکەوە دەیانەوێت بیان گوازنەوە، بەڵام پاسەکە لە ڕێگادا تووشی ڕووداوێک دەبێت و بەم هۆیەوە مەستوورە سەری لە دووڵاوە دەشکێ و لە هۆش خۆی دەچێت و دەیبەن بۆ نەخۆشخانە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە هاوسەر وکچەکانی جیا ببێتەوە و بێ ئاگابێت لە چارەنووسی ئەوان کاتێک سەرەتا دێتەوە هۆش خۆی باری دەروونی تێکدەچێت و بەسەر کارمەندانی نەخۆشخانەکە هاوار دەکات و داوا دەکات چارەنووسی هاوسەر و کچەکانی پێ بڵێن، بەڵام ئەوان بەبێ تێگەیشتن لە دۆخی دەروونی نەخۆشەکە بەهۆی دەرزیەکەوە بۆ ماوەی دوو کاتژمێژ بێ هۆشی دەکەن.

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا بە دەستەواژەی (دوو کاتژمێر) ئاماژە بە ماوەی لابراو دەکات و باسی ئەو ڕووداوانە ناکات، کە لە ماوەی ئەم دوو کاتژمێرەدا ڕوویان داوە، تەنیا ئاماژەی بە ماوە لابراوەکە کردووە و یەکسەر دێتە سەر دوای ئەم دوو کاتژمێرە و کاتێک مەستوورە لە نەخۆشخانە بە ئاگا دێتەوە، پەرستارەکە داوای لێ دەکات چاوەڕوانی پۆلیسەکان بێت، تا بیبەن، ئەمەش پرۆسەیەکی تەکنیکییە و بووەتە هۆی ئەوەی شیعرییەتی

زیاتر بە ڕۆمانەکە بدات و کاتی گێڕانەوەکە بە بەراورد بە کاتی چیرۆک خێراتر بێت، بەبێ ئەوەی کاریگەری نەرێنی لەسەر پرۆسەی گێڕانەوەکە هەبێت.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا، لە یەکێک لە نموونەکانی لابردنی دیاریکراو لە ڕێی بگێڕەوە و لە زاری (مارتن)ەوە، لە لاپەڕە (٣٦٤)دا، دەڵێت:

**((دە ڕۆژ دوای چوونی من و کارمن بۆ مۆزەخانە، لە لایەن مۆزەخانەی ئەمستردامەوە بە نامەیەک ئاگادار کراینەوە، کە یەکی مانگی شەش تا پازدەی هەمان مانگ، لە کۆی شەش هۆڵی مۆزەخانەدا، پێنج هۆڵمان بۆ ئامادە دەکرێت، هەر لە نامەکەیشدا نووسرابوو، کە ئەوان ئەرکی پۆستەر و ڕیکلام دەگرنە ئەستۆی خۆیان)).**

ناوەڕۆکی ئەم نموونەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاتێک (مارتن) لە بەندیخانەی میسر ڕزگاری دەبێت و دەچیتەوە هۆڵەندا، لەگەڵ (کارمن بۆ کردنەوەی پێشەنگایەک بە مەبەستی نمایشکردنی کارە تابلۆکانی دایکی مارتن  کارەکانی (سامان خدر) سەردانی مۆزەخانەی ئەمستردام دەکەن، دواتر بگێڕەوە بەهۆی تەکنیکی لابردنی دیاریکراو و بە دەستەواژەی (دە ڕۆژ) ئاماژە بە کاتی لابراو دەکات و ئەم ڕووداوانەی لە ماوەی ئەم (دە ڕۆژ)ەدا، ڕوویان داوە، ناخاتە ناو کاتی گێڕانەوە و لە دوای ئەم ماوەوە بەردەوامی بە پرۆسەی گێڕانەوەکەی دەدات و باسی ئەم ڕووداوانە دەکات، کە لە دوای ئەم (دە ڕۆژ)ەدا، ڕوویان داوە، ئەوەش بۆشایی لە نێوان پێش ماوەی لابراو و دوای ماوەی لابراو دروست کردووە، ئەم بۆشاییە کاتی گێڕانەوەی خێراکردووە و شیعرییەتی کاتی بەرهەم هێناوە، چونکە لەناو ڕۆمانەکەدا، ئەم یاریکردنەی ڕۆماننووس بە کاتی گێڕانەوە جوانیناسی دروست کردووە.

**ب-لابردنی دیارینەکراو:** ڕۆماننووس لەم جۆرە لابردنەدا، ماوەی نێوان کاتە لابراوەکە دیاری ناکات و بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ئاماژەی پێ نادات، بەڵکو وەرگر خۆی بە شێوەیەکی گریمانەیی درک بە ماوەی کاتە لابراوەکە دەکات[1]، واتە ڕۆماننووس ژمارەی

---

[1] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ص١١٩

ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵ بە شێوەیەکی ئاشکر ناخاتەڕوو و تەنیا بە شێوەیەکی نادیار دەیانخاتەڕوو، بۆیە وەرگر دەبێت ((لە ڕێی بەستنەوەی ماوەی ڕووداوەکانی لەوەو پێش و لەمەو پاشەوە درکیان پێ بکات و بە شێوەیەکی گریمانەیی کاتە لابراوەکان بپێوێت)).[1]

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا، لە یەکێک لە نموونەکانی لابردنی دیارینەکراودا، لە ڕێی بگێڕەوە لە لاپەڕە (١٢) دەڵێت:

**((چەند هەفتەیەک دوای ئەم ڕۆژە، دروێنە دەستی پێ کرد و بەهەرەوەزی گەنمەکەیان دووریییەوە، منیش دوو داهۆڵەکەم لەگەڵ خۆمدا بۆ ماڵەوە هێنایەوە...))**

ناوەڕۆکی ئەم نموونەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە (خایم) لە گەڵ (مامە سلێمان)دا، دەڕۆن بۆ دەشخت و لە وێدا چاوی بە دوو (داهۆڵ) دەکەوێت، کە لەناو پەڵەگەنمەکەدا، داکوترابوون بە مەبەستی ترساندنی باڵندەکان بۆ ئەوەی گەنمەکە نەخۆن. دوای ئەمە بگێڕەوە بەشێک لە کاتی چیرۆک لە ڕێی تەکنیکی لابردنی دیارینەکراوەوە لادەبات، ماوەی لابردنە دیارینەکراوەکەش بە دەستەواژەی (چەند هەفتەیەک دوای ئەم ڕۆژە) دەخاتەڕوو. بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، باسی دوای ماوەی لابراو دەکات.

ماوەی لابراو، (چەند هەفتەیەکە)، بەڵام نازانین ماوە لابراوەکە بە دروستی چەند هەفتەیە، چونکە ئاماژەی بە ژمارەی هەفتە لابراوەکان نەکردووە، واتە ئەو ماوەیە نەخراوەتە ناو کاتی گێڕانەوەکە، بۆیە بە شێوەیەکی گریمانەیی و گشتی ئاماژەی پێداوە. ئەمەش ناهاوسەنگی لە نێوان کاتی گێڕانەوە و کاتی چیرۆک دروست کردووە و ئەم ناهەوسەنگیەش نەوەک هەر لەنگی لە کاتی گێڕانەوە دروست نەکردووە، بەڵکو وای کردووە چێژی زیاتر بە وەرگر بدات و کاتی گێڕانەوەشی کورت و پوخت کردووەتەوە. خوێنەر لە کاتی خوێندنەوە هەست بەم لابردنە دەکات، بەڵام ماوەی لابراو کاریگەریی نەرێنی ناکاتە سەر پڕۆسەی گێڕانەوەکە، لەبەرئەوە ئەم نا هاوسەنگی و بۆشاییەی نێوان کاتی گێڕانەوە و

---

[1] نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، ل ١٦٨.

کـاتی چیـرۆک شـیعرییەتی لە دەقەکەدا دروسـت کـردووە، چـونکە کـاتی گێـڕانەوەی خێـرا کـردووە، ڕۆمـاننووس  بە ئاگـاییەوە کـاتی گێڕانەوەکەی خێرا کـردووە و ئەم تەکنـیکەی بە مەبەستی دروستکردنی جوانیناسی و شیعرییەت بەکارهێناوە.

ڕۆماننووس  لە ڕۆمانی خەمی مەستوورەدا، لە ڕێی مەستوورە و لەسەر زاری (بارام) باسی کوژرانی (بورهان)ی برای و (حەکیم و حیکمەت)ی مامی دەکات، لە لاپەڕە (١٦٣)دا، بەم شێوەیە دەخاتەڕوو:

**((ئەوە زیاتر لە چەند ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕ دەبێ، من هێشتا نەمتوانیوە، کوژرانی بورهان و ئەو دوو مامەم لەیاد بکەم، یان هیچ نەبێت تۆزێک ڕەنگیان کاڵ ببێتەوە و ئەوەندە بۆ سەر ڕۆحم گوشار نەهێنن)).**

ڕۆماننووس لەم نموونەیەدا، لابردنی دیارینەکراوی بەکارهێناوە، چونکە بە شێوەیەکی نادیار ئاماژە بەم ساڵانە دەکات، کە لابراون، بەبێ ئەوەی باسی ژمارەی ساڵە لابراوە بکات، ئەم ساڵە لابراوانەش، نەخراونەتە ناو کاتی گێڕانەوەکە، بە دەستەواژەی (چەند ساڵ) بەشێوەیەکی نادیار ئاماژەی بەساڵە لابراوەکان کردووە، لێرەدا بە ئاگایی ئەنجام دراوە بە مەبەستی دروستکردنی شیعرییەتی کات لە ڕۆمانەکە، ئەمەش پرسێکی تەکنیکییە، چونکە ئەم لابردنە کاتی گێڕانەوەی خێراتر کردووە، ئەم لابردنە بۆشایی لە کاتی گێڕانەوەدا دروست کردووە، ئەم بۆشاییەش بە دەستەواژەی (چەند ساڵ) پڕکراوەتەوە، بەبێ ئەوەی ئەم بۆشاییە کاریگەریی خراپ لەسەر پرۆسەی گێڕانەوەکە دروست بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم بۆشیاییە چێژی زیاتری بە دەقەکە داوە و لە ڕووی هونەرییەوە جوانکاری زیاتری لە دەقەکە دروست کردووە، چونکە وای لە وەرگر کردووە، لە چاوەڕوانی ڕووداوە سەرەکییەکاندا نەمێنێتەوە.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا دنیابینی خۆی لە ڕێگەی بگێڕەوەوە دەردەبڕێت، وەک لە لاپەرە (٣٥)دا دەڵێت:

**((پاش چەند ڕۆژێک، لە نیوە شەودا، لەسەر پلیکانەکان بە دایکم گەیشتم، وەکوو منداڵێک کە لاسارییەکی کردبێت، سەری داخست و بێدەنگ بە تەنیشتمەوە ڕەت بوو، بە پلیکانەکاندا سەر کەوت و چوو بۆ ژوورەکەی خۆی)).**

ناوەڕۆکی ئەم نموونە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاتێک دایکی مارتن بەیانییەک بە مەبەستی کڕینی نان و پەنیر دەچێت بۆ بازاڕ و دواتر دوای سێ ڕۆژ دایکی مارتن پەیوەندی بە (مارتن)ەوە دەکات، پێی دەڵێت: لە (پاریس)ە، دوای چەند ڕۆژێکی تر دەگەڕێتەوە، بگێڕەوە دواتر بە دەستەواژەی (پاش چەند ڕۆژێک) باسی کاتی گێڕانەوەی دایکی مارتن دەکات و باسی ئەو ڕووداوانەی، کە لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەی کە دایکی مارتن لە (پاریس)ە، ناکات و ڕووداوەکانی ئەم ماوەیە ناخاتە ناو کاتی گێڕانەوەکە، ئەم کاتەشی بە تەکنیکی لابردنی دیارینەکراو خستووەتەڕوو، چونکە ژمارەی ئەو ڕۆژانە دیاری ناکات، کە لە کاتی گێڕانەوەکە نەخراونەتەڕوو، بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، ڕووداوەکانی چەند ڕۆژێک دوای پەیوەندییەکە بۆ وەرگر دەخاتەڕوو، ئەو ڕووداوانەشی، کە کەوتوونەتە نێوان کاتی پەیوەندییەکە و کاتی گەڕانەوەی دایکی مارتن، بەهۆی تەکنیکی لابردنی دیارینەکراوەوە لابراون، بەبێ ئەوەی باسی ژمارەی ئەو ڕۆژانە بکات، کە لابراون.

**٢-کورتکردنەوە:** یەکێکە لەو تەکنیکانەی بۆ خێراکردنی کاتی گێڕانەوە بەکاردێت، چڕکردنەوە و کورتکردنەوەی ماوەی درێژی کاتی ڕووداوەکانە، بگێڕەوە باسی وردەکاری ڕووداوەکان ناکات و بەخێرایی و بە شێوەیەکی گشتی ئەو ڕووداوانەی لە چەند ڕۆژێک یاخود چەند هەفتە و مانگ و ساڵدا ڕوویان داوە، لە چەند دێڕێکدا، یاخود لە چەند لاپەرەیەکی کەمدا دەیان خاتەڕوو[1]، واتە بگێڕەوە بەخێرایی بەسەر ئەو ڕووداوانە تێ دەپەڕێت، کە لە ماوەیەکی کاتی دوور و درێژ ڕوویانداوە، بۆ ئەوەی تەنیا ئەو ڕووداوانەی بۆ پرۆسەی گێڕانەوەکە گرنگ و پێویستن بیان گێڕێتەوە و خۆی لە بابەتی لاوەکی و

---

(1) بڕوانە: موريس أبو ناضر، الالسنية والنقد الادبى فى النظرية والممارسة، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٧٩، ص٩٨

دریـژدادڕی بپارێزێـت، لەبەرئەوە ڕۆمـاننووس بە ئاگـاییەوە ئەم تەکنـیکە بەکاردەهێنێـت، ئەوەش کاریگەری نەرێنی لەسەر پرۆسەی گێڕانەوەکە دروست ناکات، واتە: ((ڕۆمـاننووس کاتێک هەست بکات ماوەیەک لە ژیانی کەسانی ناو چیرۆکەکە هەیە، کە گرنگییەکی ئەوتۆیان نییە و لادانیان کار ناکاتە سەر بینای هونەری چیرۆکەکە... لەبەرئەوە کورتیان دەکاتەوە بە خێرایی بەسەریاندا ڕەت دەبێت))[1]، بە مەبەستی ئەوەی خوێنەر لە کاتی خوێندنەوە، چێژ لە دەقە وەربگرێت و لە چاوەڕوانی ڕووداوە گرنگەکاندا نەمێنێتەوە و هەست بە بێزاریی نەکات و خوێنەر بۆ ناو ڕووداوە گرنگەکان کێش بکات، ئەمەش چێژی خوێندنەوە و شیعرییەت لە دەق و لای وەرگیرش دروست دەکات.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا، لە یەکێک لە نموونەکانی کورتکردنەوە لە ڕێی بگێڕەوەی هەمووشتزانەوە، کورتەیەک لە ژیانی (مەلا ڕەحمان) دەخاتەڕوو، کە یەکێکە لە کارەکتەرە لاوەکییەکانی ناو گێڕانەوەکە، مەلا ڕەحمان پێشتر لە بەغداد هاوڕێی خایم بووە، دواتر سالار و سارا بۆ سەلامەتی گیانی خۆیان، بۆ لای مەلا ڕەحمان دەچن، بگێڕەوە لە چەند دێڕێکدا بە تەکنیکی کورتکردنەوە ژیاننامەی مەلا ڕەحمان دەخاتەڕوو، بۆیە چەندین وردەکاری و ڕووداوی دریـژی کـورتکردووەتەوە و بەکـورتی ڕووداوەکـانی ژیـانی (مەلا ڕەحمان)مان بۆ دەگێڕێتەوە، وەک لە نموونەکەدا دەردەکەوێت و بگێڕەوە لە لاپەڕە (٣٢٦-٣٢٧)دا دەڵێت:

**((مەلا ڕەحمان کە خۆی ناوی یوسف حمۆ بوو، پێش ئەوەی ببێت بە مەلا، لە قوتابخانەی حامورابی بنەڕەتی گەڕەکی کەڕادە لە شاری بەغداد مامۆستای زمانی عەرەبی بوو، لە ساڵی ١٩٤٨ لە ڕۆژانی فەرهودەکەی ئەو ساڵەدا ماڵەکەی لەلایەن گرووپە عەرەبە دژە زایۆنیستەکانەوە تالان دەکرێت و دەسوتێندرێت ئەو ڕۆژە یوسف حمۆ خۆی لە ماڵ نابێت عەرەبە توند ڕەوەکان سەری سوهام حەمدانی ژنی دەتاشن و مەمکی دەبڕن و بە درەختی**

---

[1] پەرێز سابیر، بینای چیرۆکی کوردی (لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٣٠٣.

**حەوشەکەیاندا هەڵی دەواسن، ئەو دەم یوسف حمۆ شەش مانگ بوو هاوسەرگیری لەگەڵ سوهام حەمداندا کردبوو، دوای ئەم ڕووداوە ناچار یوسف حمۆ بەتەنیا بۆ شاری سلێمانی هەڵدێت ناوی خۆی بە ڕەحمان عەبدوللا قادر دەگۆڕێت، هەر هەمان ساڵ لە مزگەوتی خانەقای شاری سلێمانی دەچێتە حوجرە و دوای پانزە ساڵ خوێندن بڕوانامەی مەلایەتی وەردەگرێت)).**

بگێڕەوە لەم نمونەیەدا، ڕووداوەکانی بە شێوەیەکی گشتی خستووەتەڕوو، بەبێ ئەوەی باسی وردەکاری ڕووداوەکان بکات، ئەمەش خێرایی بە کاتی گێڕانەوە داوە و تێپەڕینێکی خێرا بەسەر چەندین ڕووداو دەکات، بە چەند ئاماژەیەک کاتی ڕووداوەکان کورت دەکاتەوە و بەیەکیان دەبەستێتەوە، واتە بۆشاییە کاتییەکان بە ئاماژەکردنێکی کورت دەخاتەڕوو، بگێڕەوە نایەوێ خوێنەر لە چاوەڕوانی ڕووداوە سەرەکی و گرنگەکاندا بهێڵێتەوە و تامەزرۆیی خوێندنەوە لەدەست بدات، لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵێک زانیاریی لە بارەی مەلا ڕەحمان بە خوینەران دەدات، ڕۆماننووس لە ڕێی کورتکردنەوەی کاتی گێڕانەوەوە، چێژی زیاتر بە دەق و وەرگر داوە و وای کردووە شیعرییەتی زیاتر، لەناو دەق و لە لای وەرگر دروست بێت.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (خەمی مەستوور)ەدا، لە ڕێی بگێڕەوەوە لە لاپەڕە (٥٨)دا، لە زاری مەستوورەوە دەڵێت:

**((بە درێژایی تەمەنم، زیاتر لە بیست جار لە ترسی ئەوان خۆمان لەناو ئەو پەڵە دارمۆدانەدا شاردووەتەوە. کاتی خۆی کە منداڵ بووم، وام دەزانی دایکم تێک چووە؛ دەیگوت: "دارمۆدەکان پیرۆزن و زیاتر لە هەزار ساڵە دەمانپارێزن، "**

**ڕاستی دەکرد، من لە ڕۆژێکدا باوەڕم بە قسەکانی دایکم هێنا کە ئەو لە ژیاندا نەمابوو، کاتێک خۆم بووبوومە دایک و لەگەڵ خدر و چوار کچەکەمدا، لەناو پەڵە دارمۆدەکاندا خۆمان شاردبووەوە، لەو کاتەدا زوو زوو ئەو قسەیەی دایکم لە گوێکانمدا دەزرینگایەوە)).**

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، باسی ئەو ڕووداوانە دەکات، کە بە درێژایی تەمەنی تووشی بووە، بەبێ ئەوەی بچێتە ناو وردەکاری هیچ کام لەم ڕووداوانە و بە شێوەیەکی گشتی باسی کردوون، کاتی دوورودرێژی ڕووداوەکانی کورت کردووەتەوە، ئەمەش هونەرێکە، کە تێیدا وردەکاری لاوەکی باس ناکرێت و ماوەی ڕووداوەکان کورت و پوخت دەکرێتەوە، بگێڕەوە لەم نموونەدا بە مەبەستی نیشاندانی پیرۆزی دارمۆدەکان چەندین ڕووداوی پەیوەست بەم دارمۆدانە کورت دەکاتەوە و دەیانخاتە پاڵ یەکتری ئەمەش بۆ ئەوەی وەرگر لە مەبەستی سەرەکی ڕۆماننووس دوور نەکەوێتەوە، کە مەبەست تێیدا نیشاندانی پیرۆزی دارمۆدەکان و ئەو پەناگە بچوکەیە، کە بەردەوام خەڵکی دێی جەلەمۆرد لە ترسی زوڵم و زۆری حیزبی بەعس پەنایان بۆ بردووە. ئەم کورتکردنەوەیە بووەتە هۆی ئەوەی وەرگر لە ماوەیەکی کورتدا، بەسەر چەندین ڕووداودا تێپەڕێت، ئەمەش کاتی گێڕانەوەی خێراتر کردووە و شیعرییەتی کاتی بە ڕۆمانەکە داوە.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا، لە زاری (مارتن)ەوە لە لاپەڕە (٢٧٥)دا دەڵێت:

**((دەستبەسەرکردنم لە نێوان ئەو چوار دیوارەدا، بە جۆرێک ورووژاندبوومی و کاری لە هەستەکانم کردبوو، شەوان خەونم بەو خۆراکانەوە دەبینی، کە ئەوسا دایکم لێی دەنان، ڕۆژانە ماتەمینی دای دەگرتم و وێنەی ناتەبا و غەریب بە ڕۆحم لە خەیاڵمدا دەر دەکەوتن، گوێم لە سروەی با بوو، پێش ئەوەی لە بیابانەکەوە هەڵبکات و نەسیمی خۆی بە ڕووی بالاخانەی بەندیخانەکەدا بدات، شەوانە وەک بزن کاوێژم دەکرد، بەو چێژانەوەی لە ڕابردوومدا بەر زمانم کەوتبوون، بە خەیاڵ و لە خەونەکانمدا، لەگەڵ کارمن لەبەر ڕۆشنایی مانگدا بە ڕووتی لە بیابانەکەدا لێک دەئالاّیان، لە دوای ڕەحەتبوونمان، بە درێژایی شەو بێدەنگ لە ئەستێرەکانمان دەڕوانی. بەیانیانیش لە عەزرەت بۆنی شەهوەت و ئارەقی لەشم بە ئاگا دەهاتمەوە، بە جۆرێک، ژووری زیندانەکەم پڕ دەکرد لە بۆن و بەرامی خەونەکانم)).**

بگێڕەوە ئەو ڕووداوانەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە تەواوی ژیانی ڕابردووی کارەکتەری سەرەکی، کە ناوی (کارمن)ە، ڕوویان داوە، بەبێ ئەوەی بچێتە ناو وردەکاری هیچ کام لە

ڕووداوەکان و کاتی ڕووداوەکان بە درێژی بخاتەڕوو، ئەم پرۆسەیەش لە شێوەی گوزەرێکە بەناو بیرەوەری و یادگارییەکانی کارەکتەرەوە، ڕووداوەکانی ژیانی ڕابردووی بەراورد دەکات بە ڕووداوەکانی ئێستا  کە لە بەندیخانەی وڵاتێکی عەرەبی ئیسلامیدایە و لە دۆخێکی ئاڵۆزی ژیانیدا کاتەکانی بەسەردەبات، ڕۆماننووس هەوڵی داوە لە ڕێگەی تەکنیکی کورتکردنەوەدا ڕووداوەکانی دنیای ڕاستی بە شێوەیەکی کارسازانە لە دنیای ڕۆماندا جێگیر بکات و بە شێوەیەکی خێرا بەسەر ڕووداوەکاندا تێدەپەڕێت، کاتی گێڕانەوەی پێ خێراکردووە، ئەمەش وا لە وەرگر دەکات بە تەواوی تێکەڵی ناو ڕووداوەکانی ڕۆمان بێت و زیاتر ئارەزووی زانینی ڕووداوەکان و چارەنووسی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانی هەبێت.

ڕۆماننووس لە هەرسێ ڕۆمانی (نیشتمانی سارا، خەمی مەستوورە، شەوگەڕەکان)دا بەهۆی تەکنیکی (لابردن، کورتکردنەوە) خێراییکردنەوەی لە کاتی گێڕانەوە دروست کردووە و زەمەنێکی درێژ، یان کورتی لە کاتی چیرۆکی لابردووە، یان کورتی کردووەتەوە، باسی ئەم ڕووداو و بەسەرهاتانەی نەکردووە، کە لەم ماوەیەدا ڕوویانداوە، یان بەشێک لەم ڕووداوانەی کاتی چیرۆکی بە پێویست نەزانیوە، کە لەکاتی گێڕانەوەدا باسیان بکات، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کاتی گێڕانەوە بە بەراورد بە کاتی چیرۆک کورتتربێت، ئەوەش ناهەوسەنگی لە نیوان کاتی گێڕانەوە و کاتی چیرۆک دروست کردووە، شیعرییەتی کاتی لە ڕۆمانەکاندا بەرهەم هێناوە.

**تەوەری دووەم: پەیوەندی نێوان شیعرییەتی کات و خاوکردنەوەی گێڕانەوە**

خاوکردنەوەی گێڕانەوە پێچەوانەی خێراییکردنی گێڕانەوەیە، بگێڕەوە هەندێک جار سەرنجی وەرگر لەسەر شوێنێک یان کارەکتەرێک یان هەر دیاردەیەک لە دیاردەکانی ناو ڕۆمان ڕادەگرێت بە مەبەستی خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان، خاوکردنەوە بە هەمان شێوەی خێراییکردنی گێڕانەوە، جوانیناسی و شیعرییەت  لەناو ڕۆماندا و لای وەرگر دروست دەکات، یەکێک لەم تەکنیکانەی لە خاوکردنەوەی گێڕانەوەدا بەکاردێت، بریتییە لە وەسف.

**یەکەم: گرنگی وەسف:** وەسف تەکنیکێکی گرنگی ڕۆمانە و بە مەبەستی خاوکردنەوەی جووڵەی کاتی گێڕانەوە بەکاردێت، ئەوەش دەبێتە هۆی درێژبوونەوەی کاتی گێرانەوە و نا هاوسەنگی لە نێوان کاتی گێڕانەوە و کاتی چیرۆک دروست دەکات، ئەم ناهاوسەنگییەی کە لە نێوان ئەم دووکاتەدا دروست دەبێت سەرچاوەی دروست بوونی جوانیناسی و شیعرییەتە لە ناو ڕۆماندا. ڕۆماننووس بەهۆی ئەم تەکنیکەوە وەسفی شوێن یان کارەکتەر یان هەر دیاردەیەک لە دیاردەکانی ناو ڕۆمان دەکات، شێوازی بنیاتی وەسف لە ڕۆمانی کۆندا جیاوازە، وەسف لە سەرەتادا، زیاتر بۆ لایەنی جوانکاریی و ڕازاندنەوەی ڕۆمان بوو، یاخود پیشاندانی دیوی دەرەوەی شتەکان بووە، دیوە شاراوەکانی شتەکان و کارەکتەرەکانی پیشان نەدەدا، واتە: ((وەسف تەنیا توخمێکە بۆ ڕازاندنەوە و جوانکاری دەق، لەبەرئەوە تا ڕادەیەک لەم وێنە و پەیکەرانە دەچوو، کە لە ڕازاندنەوەی کۆشک و تەلارە کلاسیکییەکاندا بەکاردەهات و یەکێک بوو لە شێوەکانی جیاکردنەوە و ناسینەوەیان)).[1]

وەسف لە ڕۆمانی کۆندا، وەک پاشکۆیەکی گێڕانەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا و بوونێکی سەربەخۆی نەبوو، بەڵام وەسف لە ڕۆمانی نوێدا گۆڕانی بەسەردا هات و بەیەک ئەرکەوە پەیوەست نەبوو، چونکە ئەرکەکەی تەنیا لە چوارچێوەی ڕازاندنەوە و جوانکاریدا نەمایەوە، بەڵکو وەسف توانی بۆ قوڵایی دیووە شاراوەکانی کەسایەتییەکان و شتەکان شۆڕبێتەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکی تەواوکەری لە نێوان وەسف و گێڕانەوە دروست ببێت، وەسف ببێتە بەشێکی گرنگ و تەواوکەر بۆ گێڕانەوە و ئاوێتەی ببێت، ئەم جۆرە وەسفەش ناکرێ لاببرێ و لابردنی کاردەکاتە سەر بنیاتی ڕۆمانەکە.

وەسف بەپێی جۆری شێوازەکانی گێڕانەوە دەگۆڕێت، ((لە گێڕانەوەی بابەتیدا بگێڕەوە بەهۆی وەسفەوە چوارچێوەی کات و شوێنی ڕووداوەکان و ڕەفتار و سروشتی کەسەکان دیاری دەکات، هەروەها وەسف هۆکارێکی بنیاتنانە و پشت بە بگێڕەوەی هەمووشتزان

[1] عبدالأمير مطر فيلى الساعدي، الوصف في الرواية العراقية (دراسة نقدية في تقنية بناء الوصف) ١٩٣٧-١٩٩٠، رسالة ماجستير، كلية لأداب، جامعة بغداد، ٢٠٠٠، ص ١٣.

دەبەستێت، بەڵام لە گێڕانەوەی خودیدا بگێڕەوە دیوی ناوەوەی شتەکان پیشان دەدات و تێکەڵ بە ڕوانینی کارەکتەرەکان و باری دەرونیان دەبێت و بۆ ناخی شتەکان شۆڕدەبێتەوە))[1]، واتە لە شێوازی گێڕانەوەی بابەتیدا، بگێڕەوە لە ڕێی وەسفەوە دیکۆری شتەکان و کرداری کارەکتەرەکانمان بۆ دیاری دەکات، بەڵام لە شێوازی گێڕانەوەی خودیدا بگێڕەوە تێکەڵ بە باری دەروونی کارەکتەرەکان دەبێت و بۆ دیوی ناوەوەیان شۆڕدەبێتەوە و تەنیا چوارچێوە و دیکۆری کاراکتەر و شتەکان پیشان نادات.

بەهۆی وەسفەوە زانیاریمان لەبارەی شوێن و شێوازی ژیان و ئاستی بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان دەست دەکەوێت، لەبەرئەوە هیچ ڕۆمانێک بەبێ وەسف نییە، هەروەها وەسف وێنای هەست و سۆز و دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکانمان بۆ دەکێشێت، (ژیرار ژنێت) باسی گرنگی وەسف لە گێڕانەوە دەکات و لەم باوەڕەدایە، کە ((دەتوانین وێنای وەسفێک بکەین، کە گێڕانەوەی تێدا نەبێت بەڵام ناتوانین گێڕانەوەیەک بێنینە بەرچاومان، وەسفی تێدا نەبێت))[2]، لەبەرئەوە پێویستە وەسف لەناو سیاقی گێڕانەوەدا بێت چونکە وەسف و گێڕانەوە پێکهێنەری بنیاتی ڕۆمانن.

وەسف بەپێی سەردەم و قۆناغە جیاوازەکانی ئەدەب گۆڕاوە و بەرەوپێش چووە، ئەم بەرەو پێش چوونەی وەسف لای نووسەرانی ڕۆمانی شەپۆلی هۆشیشدا دەبینرێت، لەبەرئەوەی ((لە ڕۆمانی (شەپۆلی هۆش)دا، گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هاتووە، چونکە وەسف لە دەرەوە بۆ کەس و شتەکان ناکرێت، بەڵکو لە ناوەوەیە، لەبەر ئەوە شێوەی وەسفەکان لە بابەتییەوە گۆڕاوە بۆ خودی و لە ناخی کارەکتەرەکانەوە هەڵدەقوڵێ و گوزارشت لە شتەکانی دەرەوەی ئەوان دەکات))[3].

---

[1] سەرچاوی پێشوو، ل ٢٩.

[2] دانا فایەق، منالێک بە دزییەوە کتێب دەخوێنێتەوە گفتوگۆ لەگەڵ (کاروان کاکەسوور)، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، ٢٠٠٨، ل ٧٠– ٧١.

[3] نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، ل 198.

هەندێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی و ڕۆماننووسان بۆچوونی جیاوازیان لە بارەی وەسفەوە هەیە، چونکە بەشێک لە ڕۆماننووسان، لە وەسفدا هەموو وردەکارییەک ناخەنەڕوو، کاتێک وەسفی کارەکتەرێک یان شوێنێک دەکەن، تەنیا ئەم شتانەی بە مەبەستی ڕۆمانەکەوە پەیوەستە، وەسفی دەکەن، بۆ ئەوەی باشتر بتوانن، مەبەستەکەیان بگەیەنن، بەڵام بەشێکی تر لە ڕۆماننووسان دەیانەوێت لە کاتی وەسفدا، زۆرترین وردەکاری لە بارەی شتە وەسفکراوەکە بخەنەڕوو، تا شتە وەسفکراوەکان لە یەکتری جیابکرێنەوە و لە وەسفکراوێکی دیکە نەچێت، بۆ ئەم مەبەستەش وەسفەکانیان لەسەر دوو بنیاتی جیاواز دادەمەزراند، کە ئەوانیش (لێکۆڵینەوە و هەڵبژاردن)ە. ڕۆڵی هەریەک لەم بنیاتانەش جیاوازە، چونکە لە ((لێکۆڵینەوەدا ڕۆماننووس هیچ وەردەکارییەک ناهێڵێتەوە کە باسنەکات و وەسفی هەموو شتک دەکات بەڵام لە هەڵبژاردندا هەندێک وردەکاری بۆ خوێنەر دەهێڵدرێتەوە و تەنیا هەندێک دیمەنی گرنگ وەسف دەکات)).[1]

ڕۆماننووسان بە پێی پەیڕەویان لەم دوو بنیاتی وەسفە، بەسەر سێ جۆر دابەش دەبن، بەشێکیان لە کاتی وەسفدا پەیڕەوی بنیاتی لێکۆڵینەوە دەکەن و بەشێکیشیان پەیڕەوەی هەڵبژردن و بەشەکەی تریشیان پەیڕەوی هەردووکیان دەکەن، واتە لە هەندێک لە دیمەنی ڕۆمانەکانیاندا، وەسفی هەموو وردەکارییەک دەکەن و لە هەندێک دیمەنی تردا تەنیا ئەو وەسفی ئەو شتانە دەکەن، کە لەگەڵ مەبەستی ڕۆماننووسەکەدا دەگونجێت، یەکێک لە نموونەکانی ئەم ڕۆماننووسانە بریتییە لە (بەلزاک)، کە لایەنگری بنیاتی لێکۆڵینەوەیە، بە پێچەوانەی (تۆڵستۆی)، کە لایەنگری بنیاتی هەڵبژاردنە، بەلزاک گرنگی بە وردەکاری وەسفکراوەکە دەدات، بەڵام تۆڵستۆ پێی وایە، وەسف کاریگەری نەرێنی لەسەر خەیاڵی وەرگر هەیە و خەیاڵەکانی دەکوژێت، لە نووسەرە نوێکانیش (میشیل بۆتۆر)ی، بە لایەنگری (بەلزاک) و (ناتالی ساروت)یش بە لایەنگری (تۆلستۆ و ستاندال) دادەنرێت، بەڵام هەرچی (فلۆبیر)ە، پەیڕەوی لە هەردوو بنیاتەکەی وەسف کردووە، چونکە لە هەندێک دیمەندا تەنیا

---

[1] محمد عزام، شعرية الخطاب السردي، منشورات إتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥، ص ٧٠.

وێنای شته گرنگەکانمان بۆ دەکێشێت لە هەندێک دیمەنی تردا باسی وردودرشتی وردەکارییەکان دەکات.[1]

نووسەرانی ڕێبازی شەپۆلی هۆش لە بنیاتی وەسفدا، پەیڕەویان لە (بنیاتی هەڵبژاردن) کردووە، کە وەک بنیاتێک لە دژی (بنیاتی لێکۆڵینەوە) سەری هەڵدا، بەڵام بەشێک لە ڕۆماننووسان بە تەواوی وەسف لە ڕۆماندا ڕەت دەکەنەوە، پێیان وایە، کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆماندا وەسفەکان پشتگوێ دەخات، بۆیە وەسف بە پێکهاتەیەکی بنیاتی ڕۆمان دانانێن، لە نموونەی ئەم ڕۆماننووسانەش (ئەندرێ جید)ەیە، کە لەم بارەوە دەڵێت: ((دەمەوێت ڕۆمان لە هەموو ئەم توخمانەی سەر بەڕۆمان نین ڕزگاربکەم... تەنانەت بڕوام بەوە نییە، کە وەسفی کارەکتەرەکان لە تایبەتمەندی ڕۆمان بن))[2].

بەو پێیەی ڕۆمان ڕەنگدانەوەی ژیانە و بە شێوەیەکی هونەری گوزارشت لە ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤ دەکات، مرۆڤیش دوو دنیای جیاوازی هەیە، دنیای ناوەوە و دنیای دەرەوە، کە دنیای ناوەوە مەبەستمان لە لایەنی دەروونی و ناخی مرۆڤە، دنیای دەرەوەش مەبەست لێی شێوازی ژیان و جل و بەرگ و ڕووخساری مرۆڤە، بۆیە وەسفیش نابێت تەنیا ئەرکی جوانکاری ببینێت و تەنیا لە پێناوی وەسفدا بێت، بەڵکو دەبێت گوزارشت لە دیوی دەرەوە و ناوەوەی کارەکتەرەکان و تایبەتمەندیان و ئاستی ڕۆشنبیری و ناسنامەی چینایەتی و نەتەوایەتیان بکات و وێنە و وێنای ژیان، بۆ وەرگر بکێشێت، چونکە بەبێ ئەمانە، ڕۆمان ناتوانێت کاربکاتە سەر ئاستی ڕۆشنبیری وەرگر، کەواتە پەیوەندیەکی پتەو لە نێوان وەسف و گێڕانەوەدا هەیە، ئەم پەیوەندییەش لە کاتی گێڕانەوەدا دەردەکەوێت و پەیوەندی وەسفیش بە کاتی گێڕانەوە، بە پێی ڕۆڵیان لە گەشەسەندنی ڕووداوەکان دەبنە دوو جۆر[3]، کە بریتین لە:

---

[1] بڕوانە: أحمد قاسم سيزا، بناء الرواية، دراسة قارنة لثلاثية نجيب محفوظ الهيئة المصرية العامة الكتاب، ١٩٨٤، ص ١١٩.

[2] مجموعة من الكتاب، الفضاء الروائي، ترجمة: عبدالرحيم حزل، منشورات أفريقيا، الدار البيضاء – المغرب و بيروت – لبنان، ٢٠٠٣، ص٤٣-٤٤.

[3] بڕوانە: صدوق نور الدين، البداية في النص الروائي، دار الحوار للنشر والتوزيع، سورية، ١٩٩٤، ص٤٨

**آ–وەسفی وەستاو:**

وەسفی وەستاو تەکنیکێکی کاتە و پەیوەندی بە ڕیتمەکانی کاتی گێڕانەوە هەیە، وەسفێکی بێ جووڵەیە و بە مەبەستی خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوە بەکاردێت، لەم جۆرە وەسفەدا ((هیچ کردارێک لە واقیعدا ڕوونادات و کاتی چیرۆک تێیدا دەوەستیت))[1].

بگێڕەوە لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا، لە ڕێی گێڕانەوەی بابەتییەوە و لە زاری بگێڕەوەی هەمووشتزانەوە لە لاپەڕە (٢٧٥)دا دەڵێت:

**((قەشە یوسف، پیاوێکی باڵابەرز و بەژنباریک بوو، تەمەنی سی ساڵێک دەبوو، ڕیش و سمێڵێکی قەڵەمیی ڕەش و قژێکی کورت، چاوەکانی ڕەشی قەترانی و گەش، سەرتاپا کۆستۆمێکی قەشەی کلدانی ڕەشی پۆشیبوو)).**

لەم نموونەیەدا، بگێڕەوە لە ڕێی وەسفی (قەشە یوسف)ەوە، بۆ ماوەیەکی کورت کاتی گێڕانەوەی وەستاندووە و پەرەسەندن و بەرەوپێش چوونی ڕووداوەکانی ڕاگرتووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەم وەسفە کورت خایەنە کاتی گێڕانەوەکە خاو بکاتەوە، بگێڕەوە لە دوای ئەم کاتەی گێڕانەوەکەی تێدا ڕاگرتووە، دووبارە لە وێوە دەست بە گێڕانەوە دەکات و ڕووەداوەکانی ناو ڕۆمانەکە بەرەوپێش دەبات.

ڕۆماننووس لە خەمی مەستوورەدا، لە یەکێک لە نموونەکانی وەسفی وەستاودا، وەسفی دوو کارەکتەرمان بۆ دەکات، دوای ئەوەی مەستوورە لە هاوسەر و کچەکانی جیا دەکرێتەوە، بە مەبەستی دۆزینەوەیان دەچێتە بەردەم بارەگای حیزبی بەعس لە کەرکوک، ئەوانەی خەڵکی دێهاتە داگیرکراوەکانن لە کەسوکاریان، دابڕاون بۆ بەردەم ئەم بارەگایە دەچوون، بە مەبەستی دۆزینەوەی کەسوکاریان مەستوورەش لەوێدا چاوی بە دوو ئافرەت بە ناوەکانی (گوڵە و مینا) دەکەوێت، کە بۆ هەمان مەبەست لەم شوێنە بوون، ڕۆماننووس لە ڕێی بگێڕەوەی هەمووشتزانەوە لە لاپەڕە (٣٧)دا، لە وەسفی ئەم دوو کارەکتەرەدا دەڵێت:

---

[1] یان مانفريد، علم السرد، مدخل إلى نظرية السرد، ت: أماني ابو رحمة، دار نينوى للدراسات والنشر والتوزيع، ط١، سورية- دمشق، ٢٠١١، ص ١٢١.

**((هەردوو خوشکەکە سێ خاڵی شینیان لەسەر چەناگەیان کوتابوو، گلێنەی چاویان گەورە و ڕەشێکی تۆخ بوو، چاویان ڕشتبوو، کاتێک لێت دەڕوانین، خێرا سەرنجت دەچووە سەر چاوە ڕەشەکانیان. لێویان تەڕو و لووتیان قنج، سەرپۆشی ڕەشی لەبەر خۆردا کاڵەوەبوویان بەسەردا دابوو، قژیان خاو و ڕەش، لە ژێر سەرپۆشەکانیانەوە بەسەر شانیاندا بڵاو بووبووەوە)).**

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا لە ڕێی وەسفی (خاڵی سەر چەناگە و قەبارە و ڕەنگی چاویان و لێو و لوتیان و سەرپۆش و چۆنیەتی ڕەنگی قژیان) وەسفکردنی دیوی دەرەوە و رووخساریان دەکات، بۆ دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکان شۆڕنابێتەوە، هەروەها هیچ ئاماژەیەکی جووڵەکردن لەم وەسفانەدا نییە، لەبەرئەوە وەسفیکی وەستاوە، بگێڕەوە بەهۆی ئەم وەسفانەوە ڕوخسار و دیوی دەرەوەی ئەم کارەکتەرانە لە لای وەرگر وێنا دەکات، ئەم وەسفانەش بوونەتە هۆی ئەوەی کاتی گێڕانەوە بە بەراورد بە کاتی چیرۆک خاوبکەنەوە، بەمەش کاتی گێڕانەوە لە کاتی چیرۆک درێژتربووە و شیعرییەتی کاتی بە ڕۆمانەکە داوە، ڕۆماننووس ئەم جۆرە وەسفەی وەک تەکنیکێکی هونەری بە مەبەست بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی وەرگر بتوانێت لە زەینی خۆیدا وێنای کارەکتەرەکان بکات و لەڕێگەی شیعرییەتی دەقەوەکەوە بگاتە قوڵایی ڕووداوەکان و چێژی زیاتر لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە وەربگرێت.

بگێڕەوە لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا لە زاری (مارتن)ەوە، وەسفی یەکێک لە کارەکتەرە لاوەکییەکان دەکات و لە لاپەرە (٢٥)دا دەڵێت:

**((لە پشتی بارەکەوە کچێکی باڵا بەرز، هێندەی لە منەوە دیاربوو، قژ زەرد سپی پێست، چاو شین، پارچەیەک قوماشی تەنکی سووری بەسەر گۆی مەمکە قنجەکانیدا دابوو، لە پشتیەوە توند بە تاڵێک پەت بەستبووی، شان و مل و ورگە ڕووتەکەی، وەکوو ئاوێنەیەکی بێگەرد دووبارە گڵۆپەکانی تێدا دەگرانەوە)).**

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، لە ڕێگەی چەند وەسفێکەوە وێنای دیوی دەرەوە و ڕوخساری ئەم کارەکتەرەمان بۆ دەکات و بە هۆی ئەم وەسفەوە کاتی گێڕانەوە ڕادەگرێت و پشوویەکی

کورت بە خوێنەر دەدات، ئەوەش بووەتە هۆی خاوبوونەوە و درێژبوونەوەی کاتی گێڕانەوە و لە ڕووی کورتی و درێژییەوە نا هاوسەنگی لە نێوان کاتی چیرۆک و کاتی گێڕانەوە دروست کردووە، وای کردووە، ئەم دوو کاتە یەکسان نەبن، لەبەرئەو شیعرییەتی کاتی لە گێڕانەوەکەدا دروست کردووە، هەروەها جۆری وەسفەکە وەستاوە، چونکە هیچ دەستەواژەیەکی تیدا نییە، کە ئاماژە بێت بۆ جوولەی کارەکتەرەکە، هەموو ئەو دەستەواژانەی بۆ وەسفی کارەکتەرەکە بەکارهاتوون، ئاماژەن بۆ وەسفی وەستاو.

**ب-وەسفی جوڵاو:**

وەسفی جوڵاو یەکێکی ترە لەو تەکنیکانەی بۆ خاوکردنەوەی کاتی گێرانەوە بەکاریێت، لەم جۆرە وەسفەدا، کاتی چیرۆک بە تەواوی ناوەستێت، بەڵکو وەسفەکە تێکەڵ بەکات کراوە و ڕێگە بە تێپەڕینی کات بە ناو کۆپلە و برگە وەسفییەکانییدا دەدات وێنەی جوولەی کارەکتەر و شتەکان دەکێشێت و ڕووداوەکان لەم جۆرە وەسفە بە هێواشی بەرەوپێش دەچن[1].

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا، باس لە چەندین ڕووداو دەکات کە ڕەهەندێکی مێژوویییـــان هەیە، کە بەهـــۆی ئەم ڕووداوانە، چەنـــدین کارەســـاتی نـــاخۆش ڕووبەڕووی جوولەکەکان بووەتەوە و یەکێک لەم ڕووداوانەش ئەوەیە، کە خایم بۆ سەرا بانگ دەکەن، وەک نوێنەری جوولەکەکانی شاری سلێمانی، بە مەبەستی لێسەندنی سەرانە، ڕۆماننووس لە لاپەڕە (١٨٦)دا، لە ڕێی بگێرەوە و لە زاری (خایم)ەوە، کاریگەری ئەم ڕووداوە دەردەخات و دەڵێت:

**((ئەژنۆکانم ئەلەرزین و هەردوو دەستم لە پشتمدا لە یەکترین هەڵپێکابوو، نینۆکەکانم توند لە پێستی پشتی دەستم چەقاندبوو، بێدەنگ سەرم بۆ ڕاوەشاند و پاشان ناچاربووم، لەبەرخۆمەوە وتم، بەڵێ فەرمانتە قوربان)).**

---

[1]بڕوانە: مراد عبدالرحمن مبروک، بناء الزمن في الرواية المعاصرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٨، ص٩٣-٩٤

لەم نموونەیەدا، بگێڕەوە ئەگەر باسی لەرزینی ئەژنۆکان و سەر ڕاوەشاندن و قسەکردنی کارەکتەری نەکردبایە، ئەوە وەسفەکە دەبوو بە وەسفێکی وەستاو، بەڵام لەبەرئەوەی بگێڕەوە باسی لەرزینی ئەژنۆکان و سەر ڕاوەشاندن و قسەکردنی کارەکتەر دەکات، وەسفەکە بووەتە وەسفێکی جوڵاو.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)دا، لە ڕێی بگێڕەوە لە وەسفی یەکێک لەم سەربازانەی کە لەناو ئەو پاسەدایە، کە مەستوورە و هاوسەرەکەی و کچەکانی لەگەڵ چەندین سەرنشینی تر دەست بەسەرکراون و بە مەبەستی ئەنفالکردنیان دەیان گوازنەوە، لە لاپەڕە (١٩)دا، دەڵێت: ((**یەکێکیان گەنجێکی باڵا بەرزی سوورکار بوو، کە سەری لە بنمیچی پاسەکە توند بووبوو، ڕیش و سمێڵی تاشیبوو، بەردەوام دەستی ڕاستی بۆ ئاماژەدان بە قسەکانی دەجووڵاند**)).

ڕۆماننووس لە ڕێی بگێڕەوەی هەمووشتزانەوە وەسفی ئەم کارەکتەرەمان بۆ دەکات و کاتی گێڕانەوە بۆ ماوەیەکی کورت خایەن ڕادەگرێت، وەسفەکەش وەسفێکی جووڵاوە، چونکە بگێڕەوە لە کاتی قسەکرندا، ئاماژە بە جووڵاندنی دەستی ڕاستی کارەکتەرەکە دەکات، ئەوەش کاتی گێڕانەوەکەی خاوکردووەتەوە، ڕۆماننووس بە مەبەستی جوانکاری و وێناکردنی ئەم کارەکتەرە لە زەینی وەرگردا، ئەم تەکنیکەی بەکارهێناوە، ئەوەش شیعرییەتی کاتی لەناو ڕۆمانەکە و شیعرییەتی کاتی خوێندنەوەی لە لای وەرگر دروست کردووە.

هەروەها ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا، لە یەکێک لە نموونەکانی وەسفی جوڵاودا، لە ڕێی بگێڕەوە و لە زاری (مارتن)ەوە، وەسفی دایکی (مارتن)مان بۆ دەکات و لە لاپەڕە (٣٢)دا دەڵێت:

((**هەستم پێ کردوو بە ڕەنیگیشییەوە دیاربوو، دەمزانی چەندە پێویستی بە من بوو، تا ڕای خۆمی پێ بڵێم، هەردوو ڕوومەتی سوور بووبوونەوە و خوێنیان تێزابوو، بەهێواشی چاوی لێک نا و سەری نا بە سنگمەوە**)).

ڕۆمـــاننووس لەم نمـــوونەیەدا، بە هـــۆی تەکنیکـــی وەســـفکردنەوە کـــاتی گێـــڕانەوەی خاوکردووەتەوە، چونکە بۆ ماوەیەک کاتی گێڕانەوە ڕادەگرێت و لە ڕێی بگێڕەوەوە وەسفی دیوی دەرەوە و ناوەوەی دایکی مارتنمان بۆ دەکات، جۆری وەسفەکەش وەسفی جووڵاوە، لەبەرئەوەی بگێڕەوە بە دەستەواژی (بە هێواشی چاوی لێکنا و سەری نا بە سینگمەوە) ئاماژەی بە جووڵەی کارەکتەرەکە کردووە، ئەوەش وای کردووە کاتی گێڕانەوەکە و کاتی خوێندنەوە درێژتر ببنەوە و شیعرییەتی کات لەناو ڕۆمانەکەدا دروست ببێت.

**دووەم: ئەرکەکانی وەسف**

زۆربەی ڕەخنەگران دوو ئەرکیان بۆ وەسف دیاریکردووە هەرچەندە جگە لەم دوو ئەرکە ڕەخنەگـران ئاماژەیـان بە چەنـد ئەرکێکـی تـریش کـردووە بەڵام ئەم دوو جـۆرەی لێـرە دەیانخەینەڕوو باوترین ئەرکەکانی وەسفن، کە ئەوانیش بریتین لە:

**آ-ئەرکی جوانکاری:**

یەکێکە لە ئەرکەکانی وەسف، کە ڕۆماننووس لە کاتی وەسفدا بایەخ بە لایەنی وشە و ڕستە و دەربڕینەکان دەدات، ئەم جۆرەیان زیاتر لە ڕەخنەی کۆندا باوبوو لەبەرئەوەی لە ڕەخنەی کۆندا جوانی شێوازیان لە جوانی وەسفدا دەبینی.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا، بە هۆی گێرانەوەی بابەتی و لە ڕێی بگێڕەوەی هەمووشتزانەوە، بەم شێوەیە لە لاپەڕە (٢٤٥)دا، لە وەسفی (سارا)دا، دەڵێت:

**((سارا کچێکی باریکەلەی قەڵەمی دەموچاوی ڕێک و قژی ڕەش و لوول بوو، چاوی بایەمی و ڕەنگی ڕەش و قـاوەیی تـێکەڵ و تارمـاییەکی ڕەساسـییش بەسـەر بیلبیلەکـانی چاویـدا ڕژابوو، دەنگێکی ناسک و بەردەوام پێکەنینێکی شەرمنانە لەسەر لێوی بوو، خوێنی گەرمی لاوێتی بە دەمارەکانیدا شەپۆلیان دەدا و گورجوگۆڵییەکیان بە جەستەی بەخشیبوو)).**

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، وێنای شێوەی دەرەوەی کارەکتەری کردووە و دەیەوێت شێوەی جەستەی کارەکتەر لە دەروونی وەرگر ئامادە بکات، بۆیە لابردنیشی هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر پرۆسەی گێرانەوەکە نییە، چونکە تێکەڵ بە گێرانەوەکە نەبووە، ڕۆڵی لە

بەرەوپێش بردنی ڕووداوەکانی ناو گێڕانەوەکە نییە، وەسفەکە تەنیا بە مەبەستی ڕازاندنەوە و جوانکارییە، بگێڕەوە بۆ ماوەیەکی کورتخایەن گێڕانەوەکەی ڕاگرتووە، ئەوەش بووەتە هۆی خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوەکە و شیعرییەتی کاتی لە ڕۆمانەکەدا، دروست کردووە.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)دا، لە ڕێی بگێڕەوە و لە زاری (مەستوورە)وە، لە وەسفی یەکێک لە کارەکتەرە لاوەکییەکاندا، لە لاپەڕە(١٧٥)دا، دەڵێت:

**((وابزانم ئەم عەزیەم لە بەری پاکیزەخاندا بینیوە، ژنێکی بالآبەرز، قژی ڕەش و درێژ، پێڵاوی پاژنە بەرز و پاوانەی زیوین، خۆیەتی، ئێستاش وەکو خۆی دێتە بەر چاوم!))**.

ناوەڕۆکی ئەم نموونە بۆ ئەو کاتە دەگرێتەوە، کە شاری هەولێر بەهۆی کۆڕەوەکە چۆل بووە و زۆربەی دەرگای ماڵەکان شکێنراون و مەستورەش دەچێت بۆ ماڵێک، کە ماڵی ژنێکە و بە ماڵی (پاکیزەخان) ناسراوە، ڕۆماننووس بۆ مەبەستی جوانکاری ئەم وەسفەی بەکارهێناوە و کاتی گێڕانەوەکەی پێ خاوکردووەتەوە و شیعرییەتی کاتی بەرهەم هێناوە، چونکە بەهۆی ئەم وەسفەوە کاتی گێڕانەوە و کاتی خویندنەوەی پێ درێژکردووەتەوە و ئەوەش چێژی زیاتر بە وەرگر دەدات، جگە لەم نا هاوسەنگییەی کە لە نێوان کاتی گێڕانەوە و کاتی چیرۆک دروستی کردووە کە ئەوەش هۆکارێکی ترە بۆ ئەوەی شیعرییەتی کات لە ڕۆمانەکەدا دروست ببێت.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا لە یەکێک لە نموونەکانی وەسف، کە ئەرکی جوانکاری بینیووە لە لاپەڕە (١١)دا، دەڵێت:

**((چاوم بڕییە چاوی ڕووی گەشاوە و دەمێکی بەپێکەنین، چاوی لە تەڕیدا شەوقی دەدایەوە، قژێکی زەردباوی لوول، بە ئالۆسکاوی بە لایدا خستبوو، بالآی زۆر بەرز و بەخۆوە بوو، من و دایکم بەئەستەم دەگەیشتینە شانی)).**

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، لە ڕێی (مارتن)ەوە، وەسفی ڕوخساری (کارڵ) دەکات و بۆ دیوی ناوەوەی شۆڕنابێتەوە و تەنیا مەبەستی جوانکاری و دەق و وێناکردنی دیوی دەرەوەی

(کارڵ)ە، لە زەینی وەرگردا، لابردنی ئەم جۆرە وەسفە کاریگەری نەرێنی ناکاتە سەر پرۆسەی  گێڕانەوەکە، لە ڕێی ئەم وەسفەوە کاتی گێڕانەوەی خاوکردووەتەوە، چونکە بۆ ماوەیەکی کورت خایەن کاتی گێڕانەوەکەی وەستاندووە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کاتی چیرۆک بە بەراورد بە کاتی گێڕانەوەکە درێژتر بێت، ئەم جیاوازیی کاتەش، کە لە نێوان کاتی گێڕانەوە و کاتی چیرۆک دروست بووە بووەتە هۆی بەرهەمهێنانی جوانیناسی و دروست بوونی شیعرییەتی کات لە ڕۆمانەکەدا.

**ب- ئەرکی واتایی:**

یەکێکی ترە لە ئەرکەکانی وەسف، کە لە ڕێی ئەم جۆرەی وەسف درک بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و جەستەیی و دەروونی کارەکتەرەکان دەکەین، چونکە وەسفی واتایی ((بایەخ بە ڕەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی کارەکتەر دەدات، ئامانجی وێناکردنییەتی لە نێو ڕۆمان و دەرخستنی کردارەکانی و دیاریکردنی هۆکارەکانی ڕەفتار و کردارەکانییەتی، ئەمەش لە ڕێگەی وەسفکردنی ژینگەی کارەکتەر و ئەو پێکهاتە و شتانەی کە باگگروندییان بۆ دروست کردووە))[1]، واتە وێنای شوێن و کردەوەکانی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانمان بۆ دەکات و هۆکاری کردار و هەڵسوکەوتەکانی کارەکتەرەکانمان بۆ دەدۆزێتەوە، ئەمەش لە ڕێی وەسفی شوێن و ژینگە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکانەوە دەردەکەوێت.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا، لە لاپەڕە (٣٤٦)دا دەڵێت:

**((سالار ئاسەواری خەمێکی گران بە ڕووییەوە دیاربوو، چاوی ئاوساو و سوور هەڵگەڕابوو بێڕەنگ و لاواز ئێسقانی سەر ڕوومەتەکانی دەرپەڕیبوون، هەر لەیەکەم ڕۆژی مردنی ساراوە، جامانەکەی نەکردبۆوە سەری و قژی شێواو بوو، پێشمەرگەکان یەک یەک بەرەو ڕووی سالار هاتن و سەرەخۆشییان لێ کرد)).**

---

[1] صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الادبي، الطبعة الاولى، دارالشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٧، ص ٤٤٠.

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، وەسفی ئەم خەمە قووڵە دەروونییەی سالار دەکات، کە بەهۆی مەرگی سارای هاوسەری بەسەری هاتووە و  کاریگەریی ئەم ڕووداوە لە سەر ڕووخسار و شێوەی سالار ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەش پەیوەندی خۆشەویستی نێوان ئەم دوو کارەکتەرە دەردەخات،  ئەم وەسفە ئەرکێکی واتایی هەیە، چونکە ئەم وەسفە پەیوەندی بە ڕووداوەکانی ناو گێڕانەوەکە هەیە و بەشێکی دابڕاو نییە لە گێڕانەوەکە، لابردنی ئەم وەسفە بۆشایی دەخاتە ناو گێڕانەوەکە و کاریگەری لەسەر ڕۆمانەکە دەبێت، وەرگریش لە ڕێی ئەم وەسفەوە هەست بە دەروونی سالار دەکات، کە لە دوای مردنی سارا بەسەریدا هاتووە، ڕۆماننووس لەم وەسفەدا لە ڕێی وەسفی دیوی دەرەوەی کارەکتەر دیوی ناوەوەی کارەکتەری دەرخستووە، بە مانایەکی تر، ئەم وەسفە بە دیوی ناوەوە و دەرەوەی کارەکتەر پەیوەستە، لە ڕێی ئەم وەسفەوە کاتی ڕۆمانەکەی خاوکردووەتەوە و شیعرییەتی کاتی لە ڕۆمانەکەدا، دروست کردووە.

ڕۆماننووس لە ڕێی بگێڕەوەوە لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)دا، لە لاپەڕە (١٥)دا، دەڵێت:

**((دەستی بەسەر سەری کتەدا هێنا، پاشان ژێر چەناگەی گرت و سەری پێ هەڵبڕی و لێی ڕوانی، کتە، دەزانی ئەو ڕۆژە لە بازاڕ بۆچی بەشەڕ هاتم؟ چونکە سەگبابێکی ناڕەسەن پێی گوتم: لادێی بێئەقڵ، بۆچی ناڕۆیتەوە بۆ ئەو کاولەیەی لێوەی هاتوویت، وەک بڵێی من لە هەولێر نانی دەستی ئەو بخۆم.  تەنیا لەبەر ئەوە بوو، داوای باقییەکەم لێ کردەوە، وای دەزانی ژنم و لادێیی و بێئەقڵم، ئاگام لە قوونی خۆم نییە و دەتوانێت پارەکەم بخوات...)).**

وەسف لە ڕۆماندا، وەک ئەرکێکی واتایی کۆدەکانی باری دەروونی و  کۆمەڵایەتی و ژینگەییمان بۆ دەخاتەڕوو، مەستوورە وەک لێقەوماوێکی ئاوارە و کەسوکار ئەنفالکراوی لادێی، لای هەڵپەرستێکی شاری خەریکە فێڵی لێ دەکرێت، پرسیار ئەوەیە بۆچی کارەکتەری سەرەکی لەگەڵ کتە (پشیلە)کە، دەردە دڵ دەکات و لای مرۆڤێکی خاوەن هۆش ئەم گرێی دڵەی نادرکێنێت، وەک باوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا پشیلە بە سپڵە و بێوەفا ناوی ڕۆیشتووە، کەچی ئەمە کۆدێکە لەم ڕۆمانەدا دەردەکەوێت پشیلە لە کەسەکان باشتر و بە ئەمەکترە،

کارەکتەر لە سەردەمێکدا دەژییێت هەموو مرۆڤێکی بەلاوە نامۆیە، چونکە ئەو کارەسات و تاوانەی بەسەری هاتووە، لەسەر دەستی مرۆڤی بێ ویژدان و هەلپەرستەوە بووە، ئەمەش ئەو دنیابینییەیە کە ڕۆماننووس لە سۆنگەی دنیای واقیعەوە دەیگوازێتەوە.

لەم نموونەیەدا وەسف بە کاتی گێڕانەوە پەیوەست کراوە، چونکە ئەم وەسفە ڕەهەندێکی کۆمەلایەتی و دەروونی هەیە، لەبەرئەوە بەشێکی دابڕاو نییە لە کاتی گێڕانەوەکە، بەردەوامی بە پرۆسەی گێڕانەوەکە داوە و لابردنی ئەم وەسفە کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر گێڕانەوەکە، چونکە وەرگر بەهۆی ئەم وەسفەوە هەست بە باری دەروونی (مەستوورە) دەکات، کە بەهۆی ئەم ژینگە کۆمەلایەتییەوە بۆی دروست بووە، لەبەرئەوە ئەم وەسفە جگە لە ڕەهەندی دەروونی ڕەهەندێکی کۆمەلایەتیشی هەیە، ئەمەش لە ڕووی هونەری و واتاوە جوانیناسی لە ڕۆمانەکەدا دروست کردووە و شیعرییەتی کاتی بەرهەم هێناوە، چونکە ڕۆماننووس ئەم واتایەی بە شێوازیکی هونەری پیشکەش کردووە، چونکە لە ڕێی ئەم وەسفەوەوە کاتی گێڕانەوەی خاوکردووەتەوە و شیعرییەتی کاتی لە نموونەکەدا دروست کردووە.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا لە یەکێک لە نموونەکانی وەسفی واتایی، لە زاری (مارتن)ەوە، باسی باری دەروونی (سەلیم)مان، بۆ دەکات و لە لاپەڕە (٢٥٨) دەڵێت:

**((چاوی لێ زیت کردمەوە و ئارەق لە ڕووی دەچۆڕا، زووزوو لێوی دەگەست و دەستی خۆی دەگووشی، هەموو گیانی لە عەزرەتدا دەلەرزی، چەند جارێک شانی هەڵتەکاند، بێ ئەوەی بتوانێت هیچ بڵێت، پاڵێکی پێوە نام و وەلاوەی نام، لەپی دەستی بە ڕقەوە هێنا بە ڕووخساری پۆرترێتەکەی فاتمەدا، پاش ئەوەی تەواو دیسان شێواندی))**.

بگرەوە لە ڕێی ئەم وەسفەوە باسی دۆخی دەروونی سەلیم دەکات، کە لە دۆخێکی ناجێگیر دایە، ئەوەش پەیوەندی بەو پۆرترێتە هەیە، کە لەسەر دیواری بەندیخانە کێشاویەتی و مارتن دەیەوێت هێلەکانی ئەو پۆرترێتە تۆخ بکاتەوە و سەرنج لە هێڵە شێوێندراوەکانی فاتمە دەدات، ئەوەش پەیوەندی بە ڕەهەندی ئاینی و کۆمەلایەتی و دەروونییەوە هەیە، چونکە

سەلیم کەسێکی بڕوادارە و بڕوای بە ئاینی ئیسلام هەیە و کێشانی دەموچاو لە پۆرترێتەکەدا بە تاوان دەزانێت، هەروەها نایەوێت کەسێکی بێگانە دەموچاوی فاتمەی خوشکی ببینێ، پێی وایە لەبەر خاتری خودا و ڕۆحیانییەتی فاتمە نابێ دەموچاوی فاتمە لەم پۆرترێتە بکێشرێت، بۆیە بە لەپی دەستی ڕوخساری پۆرترێتەکەی فاتمە دەشێوێنێت، ئەوەش بۆ ئەم ترسە زۆرەی دەگەڕێتەوە، کە لە خودا هەیەتی هەروەها بەشێکی تری ئەم ڕووداوە پەیوەندی بە کەلتور و ئەم ژینگە کۆمەڵایەتییەوە هەیە، کە سەلیم تێیدا ژیاوە، دەرکەوتنی ڕووخساری ئافرەت لە بەرانبەر کەسی بێگانەدا وەک عەیبەیەک بینراوە، لەبەرئەوە سەلیم بە بینینی ئەم پۆرترێتە دۆخی دەروونی تێک دەچێت و دەکەوێتە بارودۆخێکی دەروونی نالەبارەوە.

ئەم وەسفەش پەیوەندی بە ڕووداوەکانی کاتی گێڕانەوە هەیە و ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و ئاینی و دەروونی هەیە لەبەرئەوە بەشێکی دابڕاو نییە لە گێڕانەوەکە، لابردنی ئەم وەسفەش کاریگەری نەرێنی لە پرۆسەی گێڕانەوەکە دروست دەکات، هەروەها ئەم وەسفە بووەتە هۆی خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوە و دروستکردنی جوانیناسی لە ڕۆمانەکە و شیعرییەتی کاتی لە ڕۆمانەکە دروست کردووە، ڕۆماننووس لە ڕێی ئەم وەسفەوە وێنای بیرکردنەوە و داب و نەریت و کەلتور و ئاینی (سەلیم)ی لە لای وەرگر کردووە و وەرگر بە ئاسانی دەتوانێت وێنەی هەمان ئەم جۆرە کارەکتەرانە لە ژیانی واقیعیدا بدۆزێتەوە و ئەمەش شیعرییەتی کاتی خوێندنەوە لە لای وەرگر درووست دەکات، چونکە وا لە وەرگر دەکات، لە ڕێی هۆشیارییەوە بەراوردی ئەم کارەکتەرە لە گەڵ واقیعدا بکات و بەمەش کاتی خوێندنەوە لە کاتی گێڕانەوە و کاتی چیرۆک درێژتر دەبێت.

**سێیەم: جۆرەکانی وەسف**

**آ-وەسفی شوێن:** وەسف و شوێن لەناو ڕۆماندا، پەیوەندییەکی تەواوکەریان لە نێواندا هەیە، بەهۆی وەسفی شوێنەوە ڕۆماننووس کاتی ڕووداوەکان دەردەخات و زانیاری لەبارەی کارەکتەرەکان و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان بۆ وەرگر ئاشکرا دەکات، ڕۆماننووس بۆ

ناونانی شوێنەکان لەناو پرۆسەی گێڕانەوە هەندێک جار سوود لە واقیع وەردەگرێت، واتە ڕۆماننوس زۆرجار ناوی ڕاستەقینەی شوێنەکان، کە لە واقیعدا هەیە لە ڕۆماندا بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی هەستی ئەوە لای وەرگر دروست بکات، کە ئەوە هەمان ئەم شوێنە جوگرافییەیە، کە لە واقیعدا هەیە، هەرچەندە ئەو شوێنانەی ناو ڕۆمان تێکەڵ بە خەیاڵی ڕۆماننووس دەبن و بەگوێرەی ویستی ڕۆماننووس و گونجانیان لەگەڵ کارەکتەر و ڕووداوەکان دادەمەزرێن، واتە بە شێوەیەکی نزیک لە واقیع وێنای شوێنەکانمان بۆ دەکات، کە بگونجێ لەگەڵ ڕووداو و کارەکتەرەکان ((ڕەنگە وەسف لە وێناکردنی شوێندا ئامرازێکی سەرەکی بێت، هەوڵێکیشە بۆ بەرجەستەکردنی جیهانی دەرەکی، نووسەر وەسفی واقیعێکی پەتی ناکات کاتێک وەسفی شوێن دەکات لە تابلۆیەک کە بە وشە دروستکراوە، بە شێوەیەکی هونەری پێکهێنراوە)).[1]

وەسف و ناونانی شوێنەکانی ناو ڕۆمان بۆ نزیک کردنەوەی ڕۆمانە لە واقیع و هەروەها شوێنەکانی ناو ڕۆمانیش بەتەواوی بەدەر نییە لەم شوێنانەی لە واقیعدا هەیە، چونکە ڕۆمان بە شێوەیەکی هونەری و تێکەڵ بە خەیاڵی ڕۆماننووس و بە گونجانی لەگەڵ جووڵە و ڕەفتار و باری دەروونی کارەکتەرەکان ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتییە.

وەسفی شوێن پەیوەندی بە کارەکتەرەوە هەیە، چونکە ڕۆماننووس بەهۆی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان بەشێوەیەکی هونەری وەسفی شوێنەکان دەکات، یان بە پێچەوانەوە، لە ڕێی شوێنەوە وەسفی کارەکتەر دەکات، چونکە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان شوێن و کارەکتەردا هەیە، هەروەها وەرگر بەهۆی وەسفی شوێنەوە، ئاشنای ژیان و هەڵسوکەوت و باری دەروونی کارەکتەر دەبێت، هەروەکوو (رینێی وێلێک ئۆستن وارین) پێیان وایە، ((وەسفی

[1] احمد زياد محبک، متعة الرواية، دار المعرفة للطباعة والنشر والتوزيع، ط١، بيروت- لبنان، ٢٠٠٥، ص ٣٥.

شوێن دەبێت بە شێوەیەکی خوازراو گوزارشت لە کارەکتەر بکات، لەبەرئەوەی مالی مرۆڤ درێژکراوەی مرۆڤ خۆیەتی، ئەگەر وەسفی ماڵەکەیت کرد ئەوا وەسفی خۆیت کردوو)).[1]

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا، لە چەند شوێنێک باسی گەڕەکی جوولەکەکان دەکات، کە لەم گەڕەکەدا لەناو ترس و دوو دڵیدا ژیاون، ئەمەش بەهۆی ئەم بارودۆخە ئابووری و ئایدۆلۆژیی و کۆمەڵایەتییەی، کە لەم سەردەمەدا هەبوو، جگە لەم ڕەهەندانە، گەڕەکەکە بەهۆی ئەم ئاوەڕۆیە (شیوە)ی، کە بە ناویدا تێەڕیوە، بۆگەنەکەی کاریگەریی نەرێنی لە ڕووی دەروونی و تەندروستی جوولەکەکان دروست کردبوو، لەبەرئەوە لە دوای بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە شاری سلێمانیدا، جوولەکەکانی ناو (گەڕەکی جولەکەکان) زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە، هەروەکوو بگێڕەوە لە وەسفی ئەم (شیوە) و کاریگەری ئەم (شیوە) لە سەر دەروون و تەندروستی کارەکتەرەکان لە لاپەڕە (١٢٧-١٢٨)دا، دەڵێت:

**((ڕوانیم ڕووناکیی مانگ بە بەرزیی بالای کەندەلانی شیوەکەدا شۆڕ بووبووەوە و تاکو سەر ڕووی ئاوەکە گەیشتبوو، نازانم بڵێم ئاوەکە یان باشترە بڵێم میزاوەکە، شنەبایەک بە پێچاوپێچی شیوەکەدا گیڤەی کرد و لە خوارەوە بۆ سەر بۆن و بەرامی گووناوی لەگەڵ خۆی هێنا و پێش ئەوەی بیپرژێنێت بە سەر ماڵەکاندا من یەکەم کەس بووم ئەو شەوە بۆنی پاشەڕۆی خەڵکی شارم کرد، کاتێک پڕ بە سییەکانم بۆنم هەڵمژی، لە خەیاڵی خۆمدا وتم ئێستا دەزانم بۆچی کانیشا سیلیەتی و سیەکانی هەڵئاوساون، کچێک لە قەرەداغ لەناو ئەو سرووشتە پاک و بێگەردەدا گەورە بووبێت و ناچار لە بەر دڵدارەکەی هاتبێتە ئەم گەڕەکە، بێجگە لەوەی کە لە مێردەکەی دوو دڵە، ئیتر ئەوە دەردی گران کردووە!)).**

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، کاتی گێڕانەوەکەی خاوکردووەتەوە، وەسفی شوێنەکەش وەسفی وەستاوە و برگە وەسفییەکانی شوێنەکە تێکەڵ بە کاتی گێڕانەوەکە نەبووە و تێکەڵ بە دەروونی کارەکتەر دەبێت و وێنای دیوی ناوەوەی کارەکتەرمان پیشان دەدات، کە بەهۆی

---

[1] أمنة يوسف، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، دار الحوار للنشر والتوزيع، ط١، سورية، ١٩٩٧، ص ١٠٤.

بۆگەنی ئەم (شیو)ەوە بۆی دروست بووە، ئەوەش ئەرکێکی واتایی بە وەسفی شوێنەکە بەخشیوە، واتە بەهۆی ئەم وەسفەوە وەرگر زانیاری لەسەر پەیوەندیی شوێنەکە بە دەروونی کارەکتەرەکانەوە و کاریگەری لەسەر ڕووداوەکان دەزانێت، چونکە بگێڕەوە بەهۆی وەسفکردنی ئەم شوێنەوە هۆکاری بەشێک لە ڕووداوەکان و نەخۆشی و دەردی ناو جووەکان ڕوون دەکاتەوە. هەروەها ئەم وەسفە جوانیناسی لە بنیاتی ڕۆمانەکەدا دروست کردووە، چونکە کاتی گێڕانەوەی بە بەراورد بە کاتی درێژکردووەتەوە و شیعرییەتی کاتی بەرهەم هێناوە.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)دا، لە ڕێی بگێڕەوە و لە زاری (مەستوورە)وە وەسفی بالکۆنی چەند ئەپارتمانێک دەکات و لە لاپەڕەکانی (٦٥-٦٦)دا، دەڵێت:

((**چاوی بەسەر پەنجەرەی ئەپارتمانەکاندا گێڕا، لە باڵکۆنی ئەپارتمانێک ڕیزێک جلی خەت خەت بە تەنافێکدا هەڵواسرابوون، ڕەنگی خەتی سەر جلەکان شین و سپی بوون کە زیاتر لە بیجامە دەچوون. لە باڵکۆنی ئەپارتمانێکی تر سەرپۆشی ڕەش بە تەناف و لێواری پەرژینی باڵکۆنەکەدا درابوون، بە جۆرێک بەری ڕووناکییان بۆ ناو ژوورەوە گرتبوو. لە ئەپارتمانێکی نهۆمی سێ چاوی چووە سەر قوماشێک، کە لە پێش چاوی ئەودا هاوشێوەی پەلکەزێڕینە بوو**)).

ڕۆماننووس لەم نموونەیەدا، لە ڕێی گێڕانەوەی بابەتی و لە زاری بگێڕەوەی هەمووشتزانەوە کاتی گێڕانەوە خاوکردووەتەوە و بەهۆی وەسفکردنی کەرستەکانی ناو باڵکۆنی چەند ئەپارتمانێکەوە وەسفی باڵکۆنی ئەپارتمانەکان دەکات، وەسفەکان وەسفی وەستاون، چونکە هیچ دەستەواژەیەکی تێدا نییە، کە ئاماژە بۆ جووڵەی کەرستەکانی ناو باڵکۆنی ئەپارتمانەکان بکات، بگێڕەوە ئەم وەسفەی تێکەڵ بە کاتی گێڕانەوە نەکردووە، بۆیە دەتوانین بە ئاسانی برگە وەسفییەکان لە گێڕانەوەکە جیا بکەینەوە، هەروەها ئەم وەسفانە ئەرکێکی واتاییان هەیە، چونکە بگێڕەوە لە ڕێی ئەم وەسفانەوە تێکەڵ بە دەروونی

مەستووره دەبێت و وێنای دیوی ناوەوەی مەستوورەمان پیشان دەدات، لەبەرئەوەی باسی ئەوە دەکات، کە مەستووره پارچە قوماشێک لە شێوەی پەلکەزێڕینەدا دەبینێت، ئەوەش بە دەروونی مەستوورەوە پەیوەستە، جگە لەوەی مەستووره بە هۆی دابران و ونکردنی هاوسەر و منداڵەکانی بەردەوام بۆ دۆزینەوەیان دەگەڕێت و ئەمەش وای کردووە، کە وەکوو خوویەکی ڕۆژانە چاودێری باڵەخانەکان بکات، ئەوەش یەکێکی ترە لەم هۆکارانەی کە ئەم وەسفەکە دەکاتە وەسفێکی واتایی، ڕۆماننووس بە هۆی ئەم تەکنیکەوە جیاوازی لە نێوان کاتی چیرۆک و کاتی گێرانەوە دروست کردووە، ئەمەش جوانیناسی و شیعرییەتی کاتی لە کاتی گێڕانەوە دروست کردوو.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی شەوگەڕەکاندا، لە ڕێی بگێڕەوە و لە زاری (مارتن)ەوە، وەسفی شوێنێکی ولاتی میسر دەکات و لە لاپەڕە (٦٨)دا، دەڵێت:

**((کابرا ئاوڕی لێ نەدامەوە و بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن گەیشتە ناو کۆلانێکی تەنگ، ئەمبەر و ئەوبەری ئەو کۆلانە، بە عارەبانە و مێز گیرابوو، بە جۆرێک کۆلانەکەیان هیندەی تر تەنگ کردبووەوە، بازاڕێک بوو، هەموو شتێکی تێدا بەرچاو دەکەوت، جلوبەرگفرۆش، شێوازی جلەکانیان و ڕەنگ و ڕەواڵەتی کاڵەوەبوویان دڵیان تەنگ دەکرد، سەوزە و میوە فرۆش بەردەوام بە ڕووی پیادەڕەواندا دەیاننەڕاند، سەبەتە دانراوەکان پڕ بوون لە سەوزە و میوە و خواردەمەنی، لەو دەوروبەرە تاکوتەرا بە بارتەقا و بەرزیی مێزی میوەفرۆشەکان خەشوخاڵ و پاشەڕۆم دەبینی، بۆگەنیان هەستی بۆنکردنمیان پەک خست، ئەو دوو ڕیزە باڵەخانەیەیی ئەملاولای کۆلانەکەیان گرتبوو، هەموو ڕەنگ زەرد و هاوشێوە بوون، زۆر دڵتەنگ دەهاتنە پێشچاوم یەک یەک شانیان دابووە بەر شانی یەک و پیری و بێخزمەتی بە ڕەنگ و بالآیانەوە دیاربوو)).**

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا لە ڕێی بگێڕەوەی خودیی و لە زاری مارتنەوە وەسفی یەکێک لە کۆلانەکانی ولاتی میسر دەکات، کە لە شێوەی بازاڕێکی میللی دایە، کاتێک مارتن بەم کۆلانەدا تێدەپەڕێت، ئەم دیمەنانەی لەم کۆلاندا دەیان بینێت و بە دەروونی ئەو نامۆن و

کاریگەری لەسەر دەروونی دروست دەکەن، لەبەرئەوەی مارتن (بەشی هونەری) تەواوکردووە، هەر زوو سەرنجی دەکەوێتە سەر ڕەنگی شتەکانی دەوروبەری، بەڵام بێ ڕەنگی جلی جل فرۆشەکان و باڵاخەنەکان، کاریگەری نەرێنی لەسەر دەروونی مارتن دروست دەکەن، لەبەرئەوەی مارتن لە ژینگەیەکی جیاوازتر گەورە بووە و بەم ژینگەیە ڕانەهاتووە، بۆیە بە پیسی و پاشەڕۆی نێو ئەم کۆڵانە هەست بە هەناسە تەنگی دەکا.

بگێڕەوە لە ڕێی وەسفی دیوی دەرەوە و ناوەوەی ئەم شوێنە باری دەروونی و ئابووری کەسەکان و مێژووی کۆن و نوێی شتەکانمان پیشان دەدات، چونکە لە وەسفی ئەم شوێنەدا، باسی کۆنی و بێ ڕەنگی بیناکان و چینی کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکان و لایەنی دەروونی کارەکتەرەکانمان بۆ دەکات، ئەم وسفە ئەرکێکی واتایی هەیە، چونکە بە چەند ڕەهەندێکەوە پەیوەستە و تەنیا وەسفێکی جوانکاری نییە، لەبەرئەوە لابردنی ئەم وەسفە کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر پرۆسەی گێڕانەوەکە، چونکە بگێڕەوە ئەم وەسفەی بە ڕەهەندی مێژوویی و ئابووری و دەروونییەوە پەیوەست کردووە، هەروەها وەسفەکانی ئەم نموونەیە لە جۆری وەسفی وەستاودان و ئەم برگە وەسفیانەی بۆ ئەم شوێنە بەکارهاتوون، دەتوانین لە کاتی گێڕانەوە جیای بکەینەوە، واتە برگە وەسفییەکان بە ڕوونی دەرکەوتوون و تێکەڵ بە گێڕانەوەکە نەکراون، ئەم وەسفە کاتی گێڕانەوەی خاوکردووەتەوە و بووەتە هۆی ئەوەی کاتی گێڕانەوە درێژتر بێت ئەوەش شیعرییەتی کاتی لە گێڕانەوەکە دروست کردووە.

**ب-وەسفی کارەکتەر:** وەسفی کارەکتەر لەناو ڕۆماندا گرنگی خۆی هەیە، چونکە ئێمە لە ڕێی وەسفی کارەکتەرەوە، دەتوانین بە چۆنیەتی ژیان و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان ئاشنابین و ئاستی ڕۆشنبیری و ئابووری و کار و کردەوەکانیان لەناو ڕۆماندا بزانین، بگێڕەوە بەهۆی وەسفی کارەکتەرەوە وێنە و وێنای کارەکتەرەکانمان نیشاندەدات، هەروەها وەرگریش بەهۆی ئەم وەسفەوە، دەتوانێت کارەکتەرەکان لە یەکتری جیابکاتەوە، بۆیە ئەگەر بگێڕەوە وێنای کارەکتەرەکان لە خەیاڵی وەرگر نەچەسپێنێت،

ئەوکاتە وەرگر ناتوانێت لە کردار و ڕەفتاری کارەکتەرەکان تێبگات و کاردانەوەیان بۆ ڕووداوەکان بزانێت، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە گێڕانەوەکە چێژ و سوودێکی مەعریفی بە وەرگر نەگەیەنێت، وەسفی کارەکتەر بە پێی قۆناغەکانی گەشەسەندنی ڕۆمان، گۆڕانی بەسەرداهاتووە، وەسفی کارەکتەر لە قۆناغی کۆندا، باسی ڕوخسار و جل وبەرگ و باری ئابووری کارەکتەری دەکرد، واتە زیاتر وەسفەکان وەسفی دەرەوە بوون و کارەکتەر وەک مرۆڤێکی واقیعی نیشان دەدرا، بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا کێشانی وێنەی کارەکتەر پەیوەندی بە شارەزایی ڕۆماننووسەوە هەیە, چونکە وەسفی کارەکتەرەکان تەنها بریتی نییە لە تەنیا نیشاندانی دیوی دەرەوەی کارەکتەرەکان و کورتەیەک لە ژیاننامەکەی، بەڵکوو ڕۆماننووس جگە لە لایەنی جەستەیی و دیوی دەرەوەی کارەکتەرەکان بۆ قووڵایی دەروونی کارەکتەرەکان شۆڕدەبێتەوە و وێنەی لایەنی دەروونی و هەست و سۆز و هەڵچوونەکانیشیان دەکێشێت.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی نیشتمانی (سارا)دا، لە بەشێک لەم وەسفانەی، کە بۆ کارەکتەرەکان کردوویەتی بۆ دەروونی کارەکتەرەکان شۆڕبووەتەوە و دەروونی کارەکتەرەکانی لە کاتی بوونی ڕووداوەکان و کاردانەوەیان بۆ ڕووداوەکان خستووەتەڕوو، وەک لەم نموونەوەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، بگێڕەوە وەسفی دیوی ناوەوەی سارا دەکات لە دوای ڕۆشتنی (باپیرە خایم) و دایک و باوک و(مەحمودی) برای بۆ ئیسرائیل و دوورکەوتنەوەی لە شاری سلێمانی و ڕۆیشتینیان بۆ شاخ لەگەڵ (سالاری) هاوسەری، بەم شێوەیە باسی کاریگەری ئەم ڕووداوە لەسەر دەروونی سارا دەکات و لە لاپەڕە (٣٣٥)دا، دەڵێت:

**((ڕەنگی زەرد و لاواز بووبوو، شەو تاکو بەیانی بەدەم گریانەوە گۆرانی ئەوت و ڕۆحی ماندووی خۆی دەلاواندەوە... ترسی بەجێهێشتن و لێکدابڕان خەیاڵ و ڕۆحی سارایان وێران کردبوو)).**

ڕۆماننووس لەم نموونەیەدا، وەسفی دیوی ناوەوەی کارەکتەرمان بۆ دەکات، لەم جۆرە وەسفەدا، ناتوانین وەسفەکان لابدەین، چونکە تێکەڵ بە گێڕانەوەکە بووە و بەهۆی ئەم وەسفەوە، کاردانەوەی کارەکتەرەکە بۆ ئەو ڕووداوانەی، کە ڕوویان داوە، ڕوون دەبێتەوە،

هەروەها لە ڕێی ئەم وەسفەوە ڕووداوەکان پەرەدەسێنن و بەرەوپێشەوە دەچن، ئەم وەسفە لە جۆری وەسفی جوولاوە، چونکە بە چەند دەستەواژەیەک ئاماژە بە جوولەی کارەکتەرەکە کراوە و برگە وەسفییەکانیش تێکەڵ بە کاتی گێرانەوەکە کراون، لەم وەسفەدا، کاتی گێڕانەوە بە تەواوی ناوەستێت، تەنیا کاتی گێڕانەوەکە بۆ ماوەیەکی کورت خایەن خاودەبێتەوە و ئەوەش شیعرییەتی زیاتر بە گێڕانەوەکە داوە.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)دا لە ڕێی بگێڕەوە و لە زاری (مەستوورە)وە وەسفی دایکی (مەستوورە) دەکات و لە لاپەڕە (٨٧)دا دەڵێت:

**((هەر ئەوەندەی گوێمان لە تەقەکان بوو، دایکم زریکەیەکی کرد، وەکوو ئەو فیشەکانە بەر جەستەی ئەو کەوتبن. من زیاتر لە دەنگی دایکم ڕاچڵەکیم، بینیم دەموچاوی سوور هەڵگەڕابوو، پێڵووی چاوی خوێنیان تێ زابوو، دەستی توند لە مەچەکی من هەڵپێکا، پێکانی لە تەختەی سەر پەنجەرەکە گیر کردبوو، لێوی دەگەست و هەموو گیانی دەلەرزی، هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو))**.

ئەم وەسفە وەسفیکی جوولاوە، چونکە بگێڕەوە بە چەند دەستەواژەیەک ئاماژە بە جوولەی کارەکتەرەکە دەکات و ئەرکێکی واتایشی هەیە، لەبەرئەوەی وەسفەکە بە دەروونی کارەکتەرەوە پەیوەستە و بگێڕەوە باسی باری دەروونی کارەکتەرەکەمان بۆ دەکات، کە بەهۆی تەقاندنی فیشەکەکان لە بارێکی دەروونی ناجێگیردایە و لە ناخەوە هەست بە ئازار دەکات، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەهۆی سیاسەتی ئەو کاتی ڕژێمی بەعس چەندین خەڵکی بێتاوان لە گوندەکان بە فیشەکی پیاوانی سەر بە دەستەلات دەکوژران و دەنگی فیشەکەکان وەک ئاماژەیەک بووە بۆ سوتاندنی دڵی دایکەکان بەهۆی کوشتنی منداڵەکانیان لە لایەن پیاوانی سەر بە دەسەلاتەوە، لەبەرئەوە دایکی مەستوورە وا هەست دەکات، ئەم فیشەکانە بەر جەستەی ئەو دەکەون، ئەم وەسفە بە ڕەهەندی سیاسی و دەروونییەوە پەیوەستە، بۆیە ئەرکێکی واتایی هەیە و لابردنی لەناو ڕۆمانەکەدا، کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر ڕۆمانەکە، چونکە پەیوەندی بە ڕووداوەکانی ناو گێرانەوەکەوە هەیە، هەروەها ئەم

وەسفە كاتی گێڕانەوەی خاوكردووەتەوە، بەمەش كاتی گێڕانەوە بە بەراورد بە كاتی چیرۆک درێژترە، بۆیە نا هەوسەنگی لە نێوان ئەم دوو كاتەدا دروست كردووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەم دوو كاتە هاوتەریبی یەكتر نەبن و جوانیناسی و شیعرییەتی كات لە ڕۆمانەكەدا دروست بكەن.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (شەوگەڕەكان)دا، لە ڕێی وەسفی كارەكتەرەكانەوە ئەو ئاكار و خاسیەتانەمان بۆ باس دەكات، كە لە ژیانی واقیعیدا لە كەسەكاندا هەن و بۆ ناو ڕۆمانیش گواستراونەتەوە، لە ژیانی واقیعیدا، نموونەی ستایش و دابڕان زۆرە، بە تایبەتی لەناو ئەو كۆمەڵگایانەی، تا ئێستاش شیرازەی كۆمەڵایەتی و پاراستنی بنەماكانی خێزان باون و گرنگی خۆیان هەر ماوە، بە تایبەتی لەناو ئازیز و زۆر نزیكەكاندا، بگێڕەوە لە یەكێک لە نموونەكاندا، نموونەیەكی ئەم واقیعەمان بۆ دەخاتە ناو پرۆسەی گێڕانەوەكەی، ئەوەش لە زاری یەكێک لە كارەكتەرە سەرەكییەكانی ناو ڕۆمانەكە كە  ناوی (مارتن)ە.

مارتن كاتێک  سەفەر دەكات و بەرەو فڕۆكەخانە دەكەونە ڕێ، هەستیماڵئاوایی و خۆشەویستی خۆی بۆ دایكی دەردەبڕێت، باوشی گەرمی دایكی بۆن دەكات، بەڵام دایكی بەسەرنج و خۆشەویستییەكی نهێنییەوە لە باڵای مارتنی كوڕی ڕادەمێنێت، وەک بڵێی دوا دیدار و دوا نیگایان بێت و یەكتر نەبیننەوە، دابڕان هەمیشە گومانی یەكتر نەدیتنەوەی هەیە و ترس هەیە لەوەی جارێكیتر نیگایان نەكەوێتەوە سەر یەكتر، ئەمە دنیابینی نووسەرە، كە بەڕاستی لە ژیانی واقیعیدا هەیە و گواستراوەتەوە ناو دەقی ڕۆمان و وەرگر لە ڕێیەوە ئاشنایەتی دروستدەكات، ڕۆماننووس لە ڕێی بگێڕەوە و لە زاری (مارتن)ەوە، بەم شێوەیە وەسفی كاتی ماڵئاوایی نێوان مارتن و دایكی دەكات و لە لاپەڕە (٥٥)دا، دەڵێت:

**((پێش ئەوەی بچمە بەردەمی پۆلیسەكان بۆ پشكنین، چەند جارێک دایكم لە ئامێز گرت، ئەو هەر پێدەكەنی و لەبەر خۆیەوە ورتەورتی بوو، دیسان پێش هۆڵی ترانزێت، ڕووم كردە دایكم، دایە، تا حەفتەی داهاتوو. توند لە باوەشم گرت و چەند جارێک ڕوومەتیم ماچ كرد، هەستم كرد، ئەو هەرگیز ئەوەندە لەگەڵمدا ساردوسڕ نەبووە، پاش ئەوەی ئەو بێدەنگ لێی**

**دەڕوانیم پێم وت، تا دەگەڕێمەوە ئاگات لە خۆت بێت...، چاوی پڕ بوو لە فرمێسک، بەردەوام لە بەری پێمەوە تا تەوقی سەرم لێی دەڕوانیم...))**.

بگێڕەوە ئەم وەسفەی تێکەڵ بەکاتی گێڕانەوە کردووە و بەهۆی ئەم وەسفەوە کاردانەوە و دایکی مارتن ڕوون دەبێتەوە لابردنی ئەم وەسفە لەناو پڕۆسەی گێڕانەوەکەدا، کار دەکاتە سەر بنیاتی گێڕانەوەکە، چونکە بگێڕەوە لە ڕێی ئەم وەسفەوە باسی باری دەروونی دایکی مارتن دەکات، کاتێک مارتن بۆ وڵاتی میسر سەفەر دەکات، ئەوەش بۆ نزیکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان ئەم دووانە دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوە ئەم وەسفە ئەرکێکی واتایی هەیە و بە ڕەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە پەیوەستە، هەروەها بگێڕەوە بەهۆی ئەم جۆرە وەسفە بەردەوامی بە پرۆسەی گێڕانەوەکەی داوە، ئەگەرچی بە شێوەی پچڕ پچڕ کاتی گێڕانەوەکە دەوەستێنێت و دووبارە دەست بە بەرەو پێش بردنی ڕووداوەکان دەکاتەوە، واتە ئەم وەسفە بە تەواوی کاتی گێڕانەوەی نەوەستاندووە، بەڵام کاتی گێڕانەوەی پێ خاوکردووەتەوە ئەمەش شیعرییەتی کاتی بە پڕۆسەی گێڕانەوەکە داوە.

ڕۆماننووس لە هەرسێ ڕۆمانەکەدا، بۆ خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوە وەسفی بەکارهێناوە، بۆ ئەمەش سوودی لە وەسفی وەستاو و جووڵاو وەرگرتووە لە وەسفی وەستاو کاتی گێڕانەوەی ڕاگرتووە، بەڵام لە وەسفی جووڵاو کاتی گێڕانەوە بە تەواوی نەوەستاوە، بەشێک لە وەسفەکانی هەرسێ ڕۆمانەکە تەنیا ئەرکی جوانکاریان بینیوە، بەڵام بەشێکی تر لە وەسفەکان ئەرکێکی واتایان هەیە و پەیوەندی بە ڕووداوەکانی ناو گێڕانەوەکە هەیە و لابردنیان کاریگەری نەرێنی لە سەر پڕۆسەی گێڕانەوەکە دروست دەکەن.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکانیدا ئەو بڕگە وەسفیانەی کە بۆ وەسفی شوێن و کارەکتەر بە کاری هێناون، لە ڕووی ئەرکەوە ئەرکێکی واتاییان هەیە، هەموو ئەو وەسفانەی بۆ شوێن کراون، وەسفی وەستاون و بڕگە وەسفیەکانیان بە ئاسانی لە کاتی گێڕانەوە جیا دەکرێنەوە، بەڵام وەسفی کارەکتەرەکان وەسفی جووڵاون و بڕگە وەسفیەکانیان بە ئاسانی لە کاتی گێڕانەوە جیا ناکرێتەوە، ڕۆماننووس بەهۆی بە کارهێنانی تەکنیکی وەسف لە ڕۆمانەکانیدا

کاتی گێڕانەوەی درێژکردووەتەوە، ئەوەش بووەتە هۆی خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوە، واتە بەهۆی ئەم وسفانەوە، وای کردووە، کاتی گێڕانەوە و کاتی چیرۆک لە ڕووی کورتی و درێژییەوە یەکسان نەبن ئەوەش شیعرییەتی کاتی بە ڕۆمانەکە داوە، هەروەها شیعرییەتی کاتی خوێندنەوەی لە لای وەرگر دروست کردووە، چونکە وەرگر دەتوانێت بەهۆی ئەم وسفانەوە لە هەڵسوکەوت و هەڵچوونەکانی کارەکتەرەکان تێبگات و بگاتە قوڵایی ڕووداوەکان و بە دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکان شۆڕببێتەوە، هەروەها وێنەی دیوی دەرەوەی کارەکتەرەکان لە زەینی خۆیدا بکێشێت.

**تەوەری سێیەم: پەیوەندی نێوان شیعرییەتی کات و ڕێچکەکانی کاتی گێڕانەوە**

ڕێکخستنی کاتی گێڕانەوە لەناو ڕۆماندا بە ڕێچکەکانی کاتی گێڕانەوە پەیوەستە، چونکە ڕۆماننووس بەهۆی ڕێچکەکانی کاتی گێڕانەوە، کات لەناو ڕۆماندا ڕێکدەخات، لەبەر ئەوەی کاتی چیرۆک بە هێڵێکی ئاسۆیی دەڕوات و کاتەکانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو، بەدوای یەکتردا دێن، بەڵام ڕۆماننووس بەهۆی ڕێچکەکانی کاتی گێڕانەوە، ئەم هێڵە ئاسۆییە، تێک دەشکێنێت و پێش و پاش بە کات دەکات، واتە بگێڕەوە لە کاتی گێڕانەوەدا، بە بەدوای یەکداهاتنی کاتەکانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو،پەیوەست نابێت، ڕۆماننووس بە مەبەست لادان لە کاتی واقیعیدا دەکات، چونکە ئەم تەکنیکە، جوانی بە دەقەکە دەدات و جوانیناسی لەناو ڕۆمان دروست دەکات، لەبەرئەوە بەشێک لە شیعرییەتی کات بۆ چۆنییەتی مامەڵەی ڕۆماننووس لەگەڵ ڕێچکەکانی کات دەگەڕێتەوە، ڕێچکەکانی کاتیش دەبن بە چەند جۆرێک، کە بریتین لە:

**یەکەم- ڕێچکەی دواخراو:** لەم تەکنیکەدا ڕۆماننووس پابەندی زنجیرەیی کات نابێت، وەک ئەوەی لە واقیعدا هەیە و ڕۆماننووس لە ڕێچکەی دواخراودا کاتی مێژوویی تێک دەشکێنێت، بگێڕەوە ئێستای کاتی گێڕانەوە ڕادەگرێت و باسی ئەو ڕووداوانە دەکات، کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە و بگێڕەوە باسی نەکردووە و بەسەریدا تێپەڕیووە، لەبەرئەوە ((ڕێچکەی دواخراو واتە بگێڕەوە دەست لە ئاستی یەکەمی گێڕانەوە هەڵبگرێت، بە مەبەستی گەڕانەوەی

ڕووداوێــک، کە پێشــتر بەســەریدا تێپەڕبــووە، یــان پشــتگوێی خســتووە و ئامــاژەی پێنەکردووە)).[1]

ئەم تەکنیکە لە بواری سینەماشدا بەکارهاتووە و لە سینەمادا بە فلاش باک (Flash Back) ناسراوە، دواتر ئەم زارەوەیە بۆ ناو ڕەخنەی ڕۆمانیش گوازراوەتەوە، لە هونەری سینەمادا لە دوای تەواوبوونی وێنەگرتنی ڕووداوەکان لە لایەن وێنەگرەکان، دەستکاری زنجیرەی کـاتی بەدوای یەک داهــاتنی ڕووداوەکانیــان دەکــرد، بەبــێ ئەوەی کــاریگەری لەســەر ڕووداوەکان هەبێت، بۆیە بەهۆی (فلاش باک)ەوە، ((نووسەر دەتوانێت خوێنەر لە کاتی ئێستاوە بۆ ڕابردوو بگوازێتەوە، واتە فلاش باک بەم کردەیە دەگوتریت کە ڕۆماننووس لە کاتی گێڕانەوەدا بۆ دواوە بگەڕێتەوە، ئەم کردەیە لە فیلم و بەرنامە تەلەفزیۆنیەکانیشدا بەرچاو دەکەویت و گرنگی تایبەتی هەیە، چونکە یارمەتی بینەر و خوێنەر دەدات، زیاتر لە بارەی ژیانی کارەکتەرەکەوە بزانێت و لە هەست و سۆزیەوە نزیک ببێتەوە. فلاش باک وا لە خوێنەر دەکات چێژی زیاتر لە ڕووداوەکان وەربگریت))[2]، واتە نووسەر لە ڕێی تەکنیکی دواخراوەوە وا لە خوینەر دەکات، لە کاتی ئێستاوە بۆ کاتی ڕابردوو بگەڕێتەوە، بە مەبەستی زیــاتر ئاشــناکردنی خــوینەر بەم ڕووداوانەی کە لە کــاتی ڕابــردوو ڕوویــان داوە، بەڵام گێڕانەوەکەیان دواخراوە و بگێرەوە لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا، باسیان دەکات، ئەمەش بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر لە بارەی ژیانی ڕابڕدووی کارەکتەرەکانەوە بزانێت و تێکەڵ بە باری دەروونی کارەکتەرەکان ببێت و چێژی زیاتر لە خوێندنەوەی ڕۆمانە وەربگرێت.

---

(1) جیرار جینیت، خطاب الحکایة (بحث في المنهج)، ص ٤٧.

(٢) the MasterClass staff. (), what is a flashback no page, 2021.

**جۆرەكانی دواخراو:**

(ژێرار ژێنێت) تەكنیكی دواخراو بۆ سێ جۆر دابەش دەكات[1]، كە بریتین لە:

**آ-دواخراوی دەرەكی:** ئەم تەكنیكە: ((گەڕانەوەیە بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی كە دەكەونە پێش خاڵی دەست پێكردنی سەرەتای گێڕانەوەكە))[2]، بە مانایەكی تر ئەم ڕووداوانە ناكەونە ناو كاتی گێڕانەوە بەڵام بگێڕەوە بە مەبەستی زیاتر ڕوونكردنەوە و زەمینە خۆشكردن بۆ ڕووداوەكانی كاتی ئێستای گێرانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێك كە كەوتووەتە پێش كاتی دەست پێكردنی كاتی گێڕانەوە، ئەم تەكنیكەش دەبێتە هۆی تیكشكاندنی زنجیرەیی كات و شیعرییەتی كات لە ڕۆمانەكەدا دروست دەكات

لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا، سەرەتای دەستپێكردنی كاتی گێڕانەوەكە لەم كاتەوە دەست پێ دەكات، كە خایم تەمەنی شەش حەوت ساڵانە و هەر گەڕانەوەیەك بۆ پێش لە دایكبوونی یان پێش تەمەنی شەش حەوت ساڵانی خایم بگەڕێتەوە ئەوە ئەو كاتە دەبێتە گێڕانەوەیەكی دەرەكی. بگێڕەوە لە یەكێك لە نموونەكانی گێڕانەوەی دەرەكی، دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئەوكاتە كاتێك بگێڕەوە لە زاری (مامە سلێمان) باسی (هاڕوونی) باوكی مامە سلێمان، كە دەكاتە باپیری (خایم) دەكات و لە لاپەڕە (٧٢-٧٣)دا، دەڵێت:

**((هاڕوونی باوكم بە زۆر منی كرد بە ئاشەوان، كە ئەوسا من دەمویست پیشەیەكی تر فێر ببم یان دوای عیلم بكەوم، باوكم تەنیا بۆ جارێكیش چییە گوێی لە قسەكانی من نەگرت و ڕێگای پێ نەدام تەنانەت بیریشی لێبكەمەوە، ئیتر بە زەبری دار كردمی بە ئاشەوان، وتم ئەگەر خۆم منداڵم بوو زۆریان لێ ناكەم، تاوەكو جێگای من بگرنەوە و ئەوانیش ببنە ئاشەوان)).**

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا دواخراوی دەرەكی بەكارهێناوە لەبەرئەوەی كاتی ئێستای گێڕانەوە ڕادەگرێت و بۆ ڕووداوێكی پێش كاتی گێرانەوە دەگەڕێتەوە و لە ئێستای كاتی گێڕانەوەدا

---

[1] جيرار جينيت، خطاب الحكاية (بحث في المنهج)ص٦١

[2] أحمد قاسم سيزا، بناء الرواية، دراسة قارنة لثلاثية نجيب محفوظ، ص ٥٨.

باسی دەکات، چونکە ئەم ڕووداوە بۆ ڕابردوویەکی دوورتر لە کاتی گێڕانەوە دەگەڕێتەوە، واتە بۆ پێش لە دایکبوونی خایم دەگەڕێتەوە، بگێڕەوە لەم نموونەیەدا کاتی زنجیرەیی تێکشکاندووە، ئەوەش شیعرییەتی کاتی لەناو ڕۆمانەکەدا دروست کردووە.

لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)دا، سەرەتای دەستپێکردنی کاتی گێڕانەوە لەم کاتەدا دەست پێ دەکات، کە مەستوورە بەهۆی پرۆسەی ئەنفالەوە خدر و کچەکانی لە دەست داوە، دواتر بگێڕەوە لە ڕێی تەکنیکەکانی (بیرهاتنەوە و خەون و خەیاڵ و خۆدواندنەوە) بۆ کاتی ڕابروو دەگەڕێتەوە و باسی ئەو ڕووداوانە دەکات، کە بوونەتە هۆی ئەوەی مەستوورە لە دێی (جەلەمۆرد)ەوە بێتە هەولێر و لە یەکێک لە باڵەخانەکانی ئیسکان بژیت، لەبەرئەوە بگێڕەوە لە ڕێی زەینی مەستوورەوە بۆ کاتی ئەو ڕووداوانەی لە کاتی ڕابردوودا ڕوویان داوە لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا باسیان دەکات، بەشێکی زۆر لەو ڕووداوانەی دەیان گێڕێتەوە، کەوتوونەتە پێش دەستپێکردنی کاتی گێڕانەوەکە.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)دا، لە ڕێی بگێڕەوەی هەمووشتزانەوە لە لاپەڕەکانی (٦٢-٦٣)دا دەڵێت:

**((دەستی بە قەراغی کەوەنتەرەکەیەوە گرتبوو، بە دەستێکی بەلوعەکەی با دا و دەنگی دڵۆپەی ئاوی بەلوعەکەی بێدەنگ کرد، پاشان وەکوو لەگەڵ خۆیدا بدوێت: گوتی"باش بەبیرم دێت ئەو ڕۆژەی شووم بە خدر کرد، بەفرێکی زۆر بارییبوو، بەو سەرما و بەفر و بارانە، شاییمان کرد. بەس نەبوو ماڵمان لە دێیەکی تر نەبوو، هەردووکمان خەڵکی دێی جەلەمۆرد بووین. ئەوکات ماڵی خدری حاجی خاس تازە لە دێی دارەقوتەوە بۆ جەلەمۆرد هاتبوون، دیوارمان بە دیواری ماڵی خدرەوە بوو، ئەگینا بەو تۆفانە نەدەگەیشتینە لای یەکتری، لەبەر بەفر، کەس لە دێهاتەکانی تری ناوشوانەوە، بۆ زەماوەندەکەمان نەهاتبوو. کوڕ و کچی دێ لە گەورەکەی ماڵی خدر شایی و هەڵپەڕکێیان دەکرد)).**

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، لە ڕێی زەینی مەستوورەوە بۆ کاتی هاوسەرگیری نێوان مەستوورە و خدر دەگەڕێتەوە، ئەم کاتەش دەکەوێتە پێش دەستپێکردنی کاتی گێڕانەوە و

بگێڕەوە کاتی ئێستای گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕاگرتووە و ئەم ڕووداوەی کە لە کاتی ڕابردوویەکی دوور ڕووی داوە، بگێڕەوە لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا باسی دەکات، بە مەبەستی زەمینە خۆشکردن بۆ ڕووداوەکانی دواتر، چونکە لە ڕووداوەکانی دواتر بگێڕەوە باسی ئەوە دەکات، کە هەر کاتێک خدر و مەستوورە کێشەیەکیان هەبووایە، خدر بە مەستوورەی گوتووە، کە ئەم ڕۆژەی تۆم هێنا تۆفان بوو وەک ئاماژەیەک بەوەی مەستوورە سەرچاوەی کێشە و ناخۆشییەکان بێت.

دواتر بگێڕەوە لە کاتی ئێستای گێڕانەوە ئاماژە بەوە دەکات کە مەستوورە ئەگەرچی خدری خۆش نەویستووە، بەڵام لەبەرئەوەی کە جەستەی پیاوێکی بە ڕووتی بینیووە، هەروەها بەهۆی خدرەوە چوار جار بووە بە دایک، لە شووکردنی بە خدر، ئێستاش پەشیمان نییە، کەواتە بگێڕەوە بە ئاگاییەوە لە ڕێی ئەم تەکنیکەوە زەمینەی بۆ ڕووداوەکانی دواتر خۆش کردووە و چاوەڕوانی لە لای وەرگر دروستکردووە و وای کردووە وەرگر بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی ڕووداوەکانی داهاتوو بکات، واتە بەهۆی تەکنیکی دواخراوی دەرەکییەوە شیعرییەتی کاتی دروست کردووە، چونکە لە کاتی ئێستای گێڕانەوەدا باسی ڕووداوێک دەکات، کاتەکەی بۆ ڕابردوویەکی دوور دەگەڕێتەوە و دەکەوێتە پێش کاتی گێڕانەوە، بەڵام بگێڕەوە لە کاتی ئێستای گێڕانەوەدا ڕووداوەکەی خستووەتەڕوو.

لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا سەرەتای دەستپێکردنی کاتی گێرانەوە لەو کاتەوە دەست پێدەکات، کە (مارتن) لە (ڕۆما) بۆ (ئەمستردام) دەگەڕێتەوە و لە ماڵەوە چاوی بە دایکی و کارڵ دەکەوێت، کە ئەوکات (مارتن) تەمەنی سی ساڵە.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا، لە ڕێی بگێڕەوە بۆ ڕابردوویەکی دوور و پێش دەست پێکردنی کاتی گێڕانەوە دەگەڕێتەوە و لە ڕێی زەینی (مارتن)ەوە باسی یادگارییەکی سەردەمی منداڵی مارتنمان بۆ دەکات و لە لاپەڕە (٣٠٩)دا دەڵێت:

**(( یادگاریی ئەو ڕۆژەی لەگەڵ دایکم دابووم تەمەنم چوار ساڵان بوو، خوو و پیشەی ڕۆژانەمان، تەنها نیگار کێشان بوو، بەبیرم دێت بە درێژایی ئەو ڕۆژە، دایکم گوێی لە**

**میوزیکی جاز دەگرت، دوایین دەنگی دابووە تەسجیلەکە، بە جۆرێک، هەموو کەرەستەی ماڵەکە لەگەڵ شەپۆلی دەنگی بەرزی موزیکەکەدا دەلەرزین، تاوێک نیگارمان دەکێشا و جارجاریش دایکم ناوبڕێکی وەردەگرت، دەستی منی دەگرت و پێکەوە سەمامان دەکرد، پاش ئەوەی ماندوو دەبووین، بۆ بەرامبەر کەنفاسەکانمان دەگەڕاینەوە و دەستمان دەکردەوە بە نیگارکێشان)).**

بگێڕەوە لە ڕێی خەیاڵی مارتنەوە باسی یادگارییەکی سەردەمی منداڵی مارتن لەگەڵ دایکی دەکات، کە ئەوکات تەمەنی چوار ساڵە، کاتێک بەیەکەوە سەما دەکەن و نیگاردەکێشن، بگێڕەوە لە کاتێکدا ئەم ڕووداوە لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا باس دەکات، کە مارتن لە دۆخێکی دەروونی و تەندروستی ناجێگیردایە و بە خەیاڵ بۆ یادگارییەک دەگەڕێتەوە، کە لە زەینی مارتن وەک و یادەوەرییەکی خۆش ماوەتەوە، ئەم کاتەش دەکەوێتە پێش کاتی گێڕانەوە، لەبەرئەوە بگێڕەوە ئێستای کاتی گێڕانەوە ڕادەگرێت و بەهۆی تەکنیکی دواخراوی دەرەکی بۆ کاتێکی ڕابردووی دوور گەڕاوەتەوە و ئەم ڕابردووە دوورە لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا باس دەکات، ئەم گەڕانەوەش بە دوای یەکتر داهاتنی کاتەکانی (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو)ی وەک ئەوەی کە لە واقیع دا هەیە، تێکشکاندووە، ئەم یاریکردنەش لە نێوان کاتی ئێستا و ڕابردوودا شیعرییەتی کاتی لە ڕۆمانەکەدا دروست کردووە.

**ب-دواخراوی ناوەکی:** ڕۆماننووس لە ڕێی ئەم تەکنیکەوە بۆ کاتی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەم ڕابردووە دەکەوێتە ناو کاتی گێڕانەوە، بە مانایەکی تر گەڕانەوەیە بۆ ئەو ڕووداوانەی، کە کەوتوونەتە دوای دەست پێکردنی کاتی گێڕانەوە[1]، بەڵام گێڕانەوەی ئەم ڕووداوانە دواکەوتووە و لە کاتی خۆیدا باس نەکراون بۆیە بگێڕەوە بە هۆی ئەم تەکنیکەوە دەگەڕێتەوە و ئەم ڕووداوانە لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا باس دەکات.

---

[1] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ص٥٨

له ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا، هەر گەڕانەوەیەکی بگێڕەوە بۆ ئەو ڕووداوانەی، کە لە دوای تەمەنی شەش حەوت ساڵی خایم دەست پێ دەکەن، گەڕانەوەیەکی ناوەکییە و تەکنیکی دواخراوی ناوەکی بۆ بەکارهاتووە.

بگێڕەوە لە یەکێک لە نموونەکانی دواخراوی ناوەکی باسی (باپیرە خایم) دەکات، کاتیک باوکی لەگەڵ (مامە سلێمان) بۆ کەرکوک دەینێرێت و مامە سلێمان بە (ماتان)ی دەناسێنێت و خایم سەرنجی دەکەوێتە سەر ئەو پەیکەرانەی کە ماتانی دارتاش لە دار دروستی کردوون ئەوەی زۆر سەرنجی خایم ڕادەکیشێت پەیکەری ناودارەکانە و و پاشان ماتان ئاماژە بە پەیکەرێک دەکات، کە پەیکەری شێخ سەعیدە و بگێڕەوە لە ڕێی زەینی خایمەوە بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە و لە لاپەڕە (٣٩)دا دەڵێت:

**((لەبیرم دێت، ئەو ڕۆژەی هەواڵی کوشتنی شێخ سەعید لە موسڵەوە گەیشتەوە سلێمانی، من لە قوتابخانەی ڕوشدییە بووم، زیاتر لە حەفتەیەک نەچووینەوە، بۆ قوتابخانە و دوکان بازاڕ داخرابوون))**.

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، لە ڕێی زەینی خایمەوە بە تەکنیکی دواخراوی ناوەکی بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە، کە خایم لە قوتابخانەی ڕوشدییە بووە، ئەم ڕووداوەش دەکەوێتە بەشی دووی ڕۆمانەکە، بەڵام بگێڕەوە لەبەشی چوارەم و لە کاتی ئێستای گێڕانەوەدا باسی ئەم ڕووداوە دەکات، ئەوەش وای کردووە بۆ ماوەیەکی کورت خایەن ئێستای گێڕانەوەکە ڕابگیرێت و ڕووداوێکی ڕابردوو لە کاتی ئێستای گێڕانەوەکەدا باس بکات. بگێرەوە بە هۆی ئەم تەکنیکەوە زنجیرەیی کاتی تیک شکاندووە و شیعرییەتی کاتی لە ڕۆمانەکەدا دروست کردووە.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی خەمی (مەستوورە)دا، لە ڕێی بگێرەوە لە لاپەڕەکانی (١٣٨-١٣٩)دا، دەڵێت:

**((هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بەردەوام بوو: "کوڕە نەمزانی خواردنی ئەو مرەبای سێوە ئاوا هۆشم لەبەر ناهێڵێت و ئەو کەتنەم پێ دەدات، چۆن ئا بەم ماکسییە تەنکەوە،**

**گەیشتبوومە ناو بازاڕ، ئەوەندەی لە بیرم بێت، کاتێک گەیشتمە سەر ڕاستە شەقامی بەرانبەر قەڵاتێ، ئەو کوڕوکاڵەم وەکوو شارەزەردەواڵە لێ وورووژان، وەکوو سەربازەکانی حکومەت دەهاتنە پێش چاوم، هەموو وەکوو چەقەڵ چاویان زەق دەرپەڕیبوون و لە منیان ڕوانی، بە خوا لیک بە دەمیاندا دەهاتە خوار، بەو بێهۆشییەمەوە، بۆنی ناوگەڵیانم دەکرد، بۆنی ساردی شەهوەتیان، بە دیواری سییەکانمەوە نووسابوو، تا چەند ڕۆژێکیش لە لووتمدا نەدەڕۆیشت، وا بزانم زیاتر لە دە گەنج دەستیان بۆ مەمک و سمتم بردووە، دووکاندار و مشتەری هاتبوونە سەر شۆستەکان و هەر چاوێکیان کردبووە دوو چاو ئیتر نازانم ئەو ڕۆژە خەتاکە لە منەوە بوو یان ئەو خەڵکە لەگەڵ بینینی هەموو ئافرەتێکدا ئاوا بوون))**.

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، ئێستای کاتی گێڕانەوەی ڕاگرتووە و لە ڕێی زەینی مەستوورەوە بۆ کاتی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، ئەم کاتەش دەکەوێتە ناو کاتی گێڕانەوە، بەڵام لە کاتی خۆی باس نەکراوە و گێڕانەوەکەی دواکەوتووە بگێڕەوە بەهۆی تەکنیکی دواخراوی ناوەکی بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە و لە ئیستای کاتی گێڕانەوەدا باسی دەکات، لەبەرئەوەی کاتی گێڕانەوە لە ڕۆمانی خەمی مەستوورە لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە مەستوورە لە هەولێرە، لەم دواخراوەش بۆ ڕووداوێک دەگەڕێتەوە، کە لە هەولێر ڕوویداوە، ئەوەش کاتێک مەستوورە سندوقێک دەکاتەوە و چاوی بە مەکسییەکی سوور دەکەوێت کە لەناو سندووقەکەدایە، دواتر لە ڕێی زەینەوە بۆ ڕووداوێک دەگەڕێتەوە، کە ئەوکاتەی ئەم مەکسییە سورەی لەبەرکردووە و چووەتە بازاڕ بۆ بەردەم قەڵاتێ و لەوێدا کوڕوکاڵەکان دوای کەوتوون و توشی کێشە وئاڵۆزی هاتووە، ئەم ڕووداوەش دەکەوێتە ناو کاتی گێڕانەوە، بەڵام گێڕانەوەکەی دواکەوتووە و بگێڕەوە لە ئێستای کاتی گێڕانەوە ئەم ڕووداوەی خستووەتەڕوو، ئەمەش تێکشکاندنی زنجیرەیی کاتە و جوانیناسی و شیعرییەتی لە ناو ڕۆمانەکەدا بنیات ناوە.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا، لە ڕێی (مارتن)ەوە، بۆ کاتی ڕابردوو دەگەڕێتەوە و لە لاپەڕەکانی (٣٢٦-٣٢٧)دا، دەڵێت:

**((بەبیرم دێت، سمکۆ فەرهاد هەموو جارێک پێی دەوتم ، توانیم جەستەم لەناو جەنگدا دەرباز بکەم و لێی هەڵبێم، بەڵام هەرگیز ناتوانم جەنگ لەناو ڕۆحم دەربکەم. سمکۆ ئەمەی لە کاتێکدا دەوت، کە من لێم دەپرسی، 'بۆچی تۆ تەنیا لە ڕابردووت دەدوێیت، لە باسی ڕابردووت و جەنگ زیاتر، هیچ باسێکی ترت لا نییە!))**.

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، بە هۆی تەکنیکی دواخراوی ناوەکییەوە بۆ کاتی ڕابردوو دەگەڕێتەوە لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا باسی ڕووداوێکی ڕابردوو دەکات ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بگێڕەوە ئێستای کاتی گێڕانەوە ڕابگرێت، چونکە ئەم ڕووداوە لە شوێنی خۆیدا باس نەکراوە و باسکردنی دواخراوە، ڕووداوەکەش دەکەوێتە ناو کاتی گێڕانەوە، چونکە بگێڕەوە لە ڕێی زەینی مارتنەوە بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە، کە مارتن لە ڕۆما گەڕاوەتەوە و لە شارەکەی خۆی و لە شەوانی شەوگەڕیدا سمکۆ فەرهاد دەناسێت، هەر گەڕانەوەیەکیش بۆ دوای گەڕانەوەی (مارتن) لە ڕۆما ئەنجام درابێت، گەڕانەوەی ناوەکییە و ئەم تەکنیکەشی کە بۆ گەرانەوەکە بەکارهاتووە دەبێتە دواخراوی ناوەکی.

سمکۆ فەرهاد بە هۆی زوڵم ستەمی ڕژێمی ئەوکاتی عێراق هاتووە بۆ هۆڵەندا و بەردەوام لە لای مارتن هۆکاری تەواو نەکردنی خوێندن و سەرکەوتنی لە بوارەکانی ژیان بۆ جەنگ گەڕاندووەتەوە، بگێڕەوە لە کەرتی (١)ی ڕۆمانی شەوگەڕەکاندا باسی ئەم پەیوەندی نێوان مارتن و سمکۆ فەرهادی کردووە، بەڵام دواتر پاش ئەوەی مارتن دەچێتە میسر و لەوێ زیندانی دەکرێت و پاشان ئازاد دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ ئەمستردام کە ئەوکات سمکۆ فەرهاد بۆ عێراق گەڕاوەتەوە، مارتن لە بارودۆخێکی دەروونی و جەستەیی ناجێگیردایە بەهۆی ئەو ڕووداوانەی کە لە بەندیخانەدا بەسەری هاتووە لەبەرئەوە لە کاتی ئێستای گێڕانەوەدا وا پێویست دەکات، بگێرەوە لە ڕێی زەینی مارتنەوە بۆ ئەم وتەیەی سمکۆ فەرهاد بگەڕێتەوە و لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا، بەهۆی تەکنیکی دواخراوی ناوەکییەوە ئەم وتەیەی سمکۆ فەرهاد بخاتەڕوو، بگێڕەوە لە کەرتی (٢١)ی ڕۆمانی شەوگەرەکاندا، باسی ئەم وتەیەی سمکۆ فەرهادی کردووە، چونکە مارتن دوای ئەوەی لە بەندیخانە دەگەڕێتەوە

هەمان هەستی سمکۆ فەرهادی هەیە و بە هەمان شێوە دوای ئازادبوونیشی ناتوانێت لەژێر کاریگەری ئەم ڕووداونە ڕزگاری بێت، کە لە بەندیخانەدا بەسەری هاتووە.

**ج-دواخراوی تێکەڵ (ئاوێتە):**

یەکێکە لە تەکنیکەکانی کات و ڕۆمانووس لە ڕێی ئەم تەکنیکەوە زنجیرەیی کاتی گێڕانەوە تێک دەشکێنیت و جوانی و شیعرییەت لەناو ڕۆماندا دروست دەکات، هەروەها ئەم تەکنیکە کاتە جیاوازەکان بەیەکەوە پەیوەست دەکات یان بە مانایەکی تر ((ئەو دواخراوە تێکەڵەیە، کە لە هەردوو داخراوی دەرەکی و ناوەکی پێکدێت))[1]، واتە بگێڕەوە دواخرای دەرەکی و دواخراوی ناوەکی تێکەڵ دەکات و ئێستای گێڕانەوە ڕادەگرێت، ئەم دوو دواخراوە لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا بەیەکەوە باس دەکات، بەو مانایەی کە ڕووداوێک، کە کاتی ڕوودانی بۆ پێش کاتی گێڕانەوە دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ڕووداوێکی تر ئاوێتە دەکرێت، کە کاتی ڕوودانی دەکەوێتە ناو کاتی گێڕانەوە، بگێڕەوە هەر دوو ڕووداوەکە لە ئێستای کاتی گێڕانەوە دەخاتەڕوو. هەندێک جار ئەم دوو ڕووداوە بە ئێستای کاتی گێڕانەوە پەیوەست دەکرێن.

لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا، بگێڕەوەی هەمووشتزان لە ڕێی یادشتەکانی سارا، کە بگێڕەوە دوای مردنی سارا یاداشتەکانی دەخاتەڕوو و لەم ڕێیەوە بۆ چەندین ڕووداوی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، کە لە شوێنی خۆیدا باسی نەکردوون و لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا باسیان دەکات، بگێڕەوە لە یەکێک لە نموونەکانی ئەم گەڕانەوەیەدا، باسی گفتوگۆی نێوان دایک و باوکی دەکات و لە لاپەڕە (٣٥١)دا، دەڵێت:

**((باوکم گەلێک جار بەڕووی دایکم هەڵ دەشاخێت و پێ ی دەڵێت، ئێمەی جوو بە درێژایی مێژوو هەروا ژیاوین و خوای گەورە هەر ئەوەندەمان پێ ڕەوا دەبینێت، ئێمە زیاتر لە هەزار**

[1] سیزا أحمد قاسم، بناء الرواية، دراسة قارنة لثلاثية نجيب محفوظ، ص٥٤.

**ساڵە لەلایەن کوردە موسوڵمانەکانەوە، وەک و قەومێکی زەلیل و داڵدەدراو حیسابمان بۆ دەکرێت)).**

لەم نموونەیەدا، بگێڕەوە لە ڕێی تەکنیکی (دواخراوی تیکەڵ)ەوە، کاتی رابردووی نزیک و دوور بەیەکەوە پەیوەست دەکات، ئەوەش بەهۆی گەڕانەوە بۆ ڕووداوێکی ناوەکی کە باسی گفتوگۆی نێوان دایک و باوکی سارایە، ئەوەش ئەو کاتەیە کە ئەوان هێشتا لە سلێمانین، واتە پێش ڕاگواستنیان بۆ ئیسرائیل و مردنی سارا، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو بەڵام ئەم ڕابرِدووە دەکەوێتە ناو کاتی گێڕانەوە و بگێڕەوە پێشتر بەسەر ئەم ڕووداوانەدا تێپەڕیووە و باسی نەکردوون و لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا، باسی ئەم ڕابڕووە دەکات، ئەمەش دواخراوی ناوەکییە. دواتر بگێڕەوە هەر لەم نموونەیەدا بۆ کاتێکی دوورتر دەگەڕێتەوە، کە دەکەوێتە پێش دەستپێکردنی کاتی گێڕانەوەکە، کە بگێرەوە بە دەستەواژەی (زیاتر لە هەزار ساڵ) ئاماژەی بەم کاتە کردووە، کە ئەمەش دواخراوی دەرەکییە بگێڕەوە هەردوو ڕووداوەکەی ئاوێتەی یەکتر کردووە و دواخراوی تێکەڵی پێ دروست کردووە، بە مەبەستی زیاتر تیشک خستنە سەر ڕووداوەکانی ئێستای کاتی گێڕانەوەیە. بگێڕەوە بەهۆی ئەم تەکنیکەوە بۆ ڕابردوو گەڕاوەتەوە و ئەمەش شیعرییەتی کاتی دروست کردووە چونکە ئەم گەڕانەوەیە ڕیزبەندی کاتی تێک شکاندووە.

بەشێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی لە بارەی بنیاتی دواخراوی تێکەڵ، جگە لەم بۆچوونەی پێشوو بۆچوونێکی تریان هەیە و لە بارەی ئەم تەکنیکەوە دەڵێن: ((دواخراوی ئاوێتە ئەوەیە، ڕۆماننووس کاتی ئێستای ڕووداوەکان ڕادەگرێ و پاشی دەخات بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە دواوە بۆ باسکردنی کۆمەڵە ڕووداوێک کە دەکەونە کاتی ڕابردووەوە و پێداویستی پەرەسەندنی ڕووداوەکان ئەوە دەخوازێت کە لە کاتی ئێستادا بخرێنە ناو تێکستەکەوە، یان بگێڕدرێنەوە، بەڵام ئەو پرۆسەی گێڕانەوەیە بەوەندە کۆتایی نایەت، بەڵکو بەردەوام دەبێت

تـا دەگـاتەوە ڕووداوەکـانی کـاتی ئێسـتا و     لەگەڵـی تـێکەڵ دەبـێ و لەوێـوە جـارێکی تـر گێڕانەوەکە بەرە و  داهاتوو هەڵدەکشێ)).[1]

واتە جگە لەم بۆچوونەی، کە پێی وایە دواخراوی تێکەڵ بریتییە لە ئاوێتە بوونی ڕووداوێکی دەرەکی و ڕووداوێکی ناوەکی بۆچوونێکی تریش هەیە، کە ئەم ڕووداوانەش بە دواخراوی تێکەڵ دەزانێت، کە بگێڕەوە ئێستای کاتی گێڕانەوە ڕادەگرێت و دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێکی ڕابـردوو و تـێکەڵ بە ڕووداوەکـانی ئێسـتای کـاتی گێـڕانەوەی دەکـات و بەرەو داهـاتوو بەردەوامی پێ دەدات، ئینجا ئەو ڕووداوە ڕابردووەی کە تێکەڵ بە  ئێستای کاتی گێڕانەوە دەکرێت و دەبێت ڕووداوەکە دواخراوی ناوەکی، یان دواخـراوی دەرەکی بێت، بەڵام دەبێت ئەم ڕابردووە تێکەڵ بە ئێستای کاتی گێڕانەوەکە ببێت. لە هەرسێ ڕۆمانەکەدا نموونەمان بۆ ئەم بۆچوونە زۆرترە بە بەراورد بە بۆچوونی یەکەم، لەبەرئەوە لە هەردوو ڕۆمـانی (خەمـی مەسـتوورە، شـەوگەڕەکان)دا، لە خسـتنەڕووی نموونەکانـدا پشـتمان بە بۆچـوونی دووەم بەستووە.

ڕۆمـاننووس لە ڕۆمـانی (نیشـتمانی سـارا)دا لە ڕێـی بگێـڕەوە، بەهـۆی ئەم تەکنـیکەوە ڕووداوەکـانی کـاتی ڕابـردووی بە ئێسـتای کـاتی گێـڕانەوە پەیوەسـت کـردووە و بەرەوە داهـاتوو ڕووداوەکـانی بەرەوپـێش بـردووە، بگێـڕەوە لە یەکێـک لە نموونەکـانی دواخـراوی ئـاوێتە بەم شـێوەیە بەرەو کـاتی ڕابـردوو دەگەڕێـتەوە و پاشـان بە ئێسـتای گێـڕانەوەی دەبەستێتەوە و بەرەو داهاتووی دەبات کاتێک لە لاپەڕە (٢٨٩)دا، دەڵێت:

**((سالار گیان ئەو شەوەی لە گەڕەکی سابونکەران تۆ سەردانت کردین، من تاکو بەردەرگا تۆم بەڕێ کرد و بڕیاربوو تۆ بگەڕێیتەوە، تاوەکو پێکەوە بە جێپەکەت بچین بۆ ماڵی ئێوە و مـن لە وێـوە مـن سـارا لەگەڵ خـۆم بێنمەوە، هەمـووی چەنـد دەقەیەک دووای ئەوەی تـۆ ڕۆیشـتیت، هێزێکـی تـایبەتی میـری جلـوبەرگی مەدەنیـان لەبەردابـوو، ئەوەنـدەی لامـان**

---

[1] نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، بیناى کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، ٢٠٠٣، ل ١٣٤.

**ئاشکرابوو یەکێکیان کورد بوو، سەڵت و قوڵت پێچاپیانینەوە و هەر ئەوە شەوە و بۆ دەمەو بەیانی گەیاندینیانە بەغداد، ڕۆژی دوای ئەو شەوە لە فڕۆکەخانەی بەغداد سواری فڕۆکەیان کردین و ڕاستەوڕاست لە فڕۆکەخانەی یورشەلیم دابەزین، لە فڕۆکەکەدا سەلما و خانێ و منداڵەکانیانمان لەگەڵدا بوو، سەرجەم سەرنشینانی ناو فڕۆکەکە چل کەسێک دەبووین، زۆربەمان کوردبووین، لێرە ئێمە گوزەرانمان باشە و جێگایان بۆ دابین کردووین و ئێستا لە کەمپین، بەڵام پێ دەچێت لە داهاتوویەکی نێزیکدا لە شار یان لە گوندەکانی ئیسرائیل نیشتەجێمان بکەن)).**

بگێڕەوە لە ڕێی نامەیەکەوە، بۆ کاتی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، ئەم نامەیەش لە ئیسرائیلەوە بۆ (کەتان و سالار و سارا) هاتووە، باسی ئەو شەوەیان بۆ دەکات کاتێک سالار دەچێتە ماڵی دایک و باوکی سارا و پێیان دەڵێت، کە سارا لە نەخۆشخانە دەرچووە و ئێستا لە ماڵی ئێمەیە، دواتر سالار دەچێت جێبەکەی بێنێت، تا لەگەڵ باپیرە خایم بەیەکەوە بچن بۆ ماڵی خۆیان و سارا بۆ ماڵی دایک و باوکی بگەڕێننەوە، بەڵام کاتێک سالار جێبەکەی دێنیت بۆ بەردەرگای ماڵی سارا دەبینێت، کە ئەم ماڵە چۆڵە و کەسی تێدا نەماوە. دواتر بگێڕەوە لە ڕێی نامەیەکەوە بۆ ڕووداوەکانی ئەو شەوە دەگەڕێتەوە و ئێستای کاتی گێڕانەوە ڕادەگرێت و کاتی ڕابردوو لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا باس دەکات، دواتر ئەم ڕابردووە بە کاتی ئێستای گێڕانەوە دەبستێتەوە و بەرەو داهاتوو پرۆسەی گێڕانەوەکەی بەرەو پێش دەبات. ئەم پاش و پێش پێکردنەی کات، جوانیناسی لە ڕۆمانەکەدا بنیات ناوە و شیعرییەتی زیاتری بە ڕۆمانەکە داوە.

بگێڕەوە لە زاری مەستوورەوە لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)دا لە لاپەڕە(١٢٢)دا، دەڵێت:

**((ئەو ڕۆژانەم باش لەبیرە کە ویستم لەدەست ئەوان خۆم ڕزگار بکەم و لێیان دووربم و بەتەنیا بژیم، جارێک لە ماڵ ڕۆیشتم و لەو کێو و هەردە خۆم شاردەوە، ئیتر ماڵی خدر بە قوڕ گیرێت، لە کۆڵم نەبووەوە و پەلی منداڵەکانی گرتبوو، هاتن و دۆزیمیانەوە، منیش دیسان کەوتمەوە، ناو گێژاوی ترس و دوودڵییەوە. دەزانم ئێستا خدر و منداڵەکان، لە**

**شوێنیک دەژین، خدر چاوەڕوانمە و کچەکانم هەرچواریان بوون بە سەرە، ژن و خاوەنی منداڵی خۆیانن، ئەوان ئێستا خۆیان دایکن)).**

بگێرەوە لەم نموونەیەدا، لە ڕێی زەینی (مەستوور)ەوە بۆ ڕووداوێکی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، باسی ئەوکاتە دەکات کە مەستوورە لەگەڵ خدر و منداڵەکانی دەژیت ئەم ڕووداوەش دەکەوێتە پێش دەستپێکردنی کاتی گێڕانەوە، بەڵام بگێڕەوە ئەم ڕووداوە لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا دەخاتەروو ئەمەش وای کردووە کە بگێڕەوە ئێستای کاتی گێڕانەوە ڕابگرێت و لەم کاتەدا ڕووداوێکی ڕابردوو بگێرێتەوە پاشان بگێڕەوە ئەم ڕووداوە تێکەڵ بە کاتی ئێستا دەکات، چونکە مەستوورە پێی وایە کە منداڵەکانی ئیستا لە ژیاندا ماون و بوونەتە خاوەنی منداڵی خۆیان. پاشان بگێڕەوە بەرەو داهاتوو پرۆسەی گێڕانەوەکەی بەردەوامی پێ دەدات و پێی وایە، کە خدر چاوەڕوانی دەکات، ئەم ڕووداوە وا پێویستی کردووە، لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا بگێڕدرێتەوە، چونکە مەستوورە پێی وایە، وەک چۆن خدر لە کاتی ڕابردوودا، نەی هێشتووە مەستوورە لە دووری ئەوان بژیت و منداڵەکانی هێناوە تا مەستوورە بگەڕێتەوە ناویان بە هەمان شێوە مەستوورە وا بیردەکاتەوە، کە خدر و منداڵەکانی ماون و چاوەڕوانی ئەو دەکەن. بگێڕەوە بەهۆی پەیوەستکردنی کاتی ڕابردوو بە کاتی ئێستا و هەنگاونان بەرەو داهاتوو پرۆسەی گێڕانەوەکەی بەرەو پێش بردووە. لەم نموونەیەدا، تێکشکاندنی زنجیرەیی کات و یاریکردن بە کاتە جیاوازەکان، جوانیناسی بەرهەم هێناوە و شیعرییەتی کاتی لە گێڕانەوەکەدا دروست کردووە.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا، لە ڕێی بگێڕەوە و بە تەکنیکی دیالۆگ لە نێوان سەلیم و مارتنەوە، ڕووداوێکی ڕابردوو بە کاتی ئێستای گێڕانەوە دەبەستێتەوە و لە لاپەڕە (٢٦١-٢٦٢)دا، دەڵێت:

**((‘تێناگەم، یانی باوکی خۆتت نەبینیوە، مردووە، یان، چۆن؟’**

**‘گوێ بگرە سەلیم ئەوە تۆ چەندین جار پرسیاری باوکمت لێ کردم، نازانم چۆنت بۆ باس بکەم، کاتی خۆی لە تاقیگەیەک، لە نەخۆشخانەی شاری ئەمستردام، چەند دڵۆپێک شەهوەت**

**له منداڵانی دایکمدا دەنێژن، بەو شێوەیە دووگیان دەبێت و پاش نۆ مانگ، منی دەبێت، خۆیشی نازانێت ئەم شەهوەتە لە کام پیاو گیراوە،'**

**سەلیم چاویلکەکەی لە چاوی داکەند و دەستێکی بە دەموچاویدا هێنا و بە سەرسامییەکەوە وتی، 'خوای گەورە تۆبە بڕواناکەم بە ڕاستت بێت، تۆ یاری بە عەقڵی من دەکەیت. 'بەڵێ بەڕاستمە، بەو شێوەیە بوو، هەڵبەتە ئەوەش هەڵبژاردنی دایکم بووە، نەک من، بەڵام هەردەم ئەو مافەم بەو ڕەوا بینیوە و هەرگیز سەرزەنشتم نەکردووە، ئەوسا کە منداڵ بووم، پرسیارم زۆر لێ دەکرد، پاشان کە گەورە بووم، تێگەیشتم. '**

**'یانی، یانی تۆ، بمبوورە کە وا دەڵێم، یانی تۆ زۆڵیت؟**

**'زۆڵ، زۆڵ، وشەیەکی چەند بێمانایە...'))**.

لەم نموونەیەدا، لە دوای ئەوەی (سەلیم) لە بارەی باوکی (مارتن)ەوە پرسیار دەکات، مارتن بۆ ڕووداوێکی کاتی ڕابردوو دەگەڕێتەوە و باسی چۆنیەتی لە دایکبوونی خۆی بۆ سەلیم دەگێڕێتەوە و باسی ئەوە دەکات، کە ئەو نازانێت باوکی کێیە و لە تاقیگەیەکدا چەند دڵۆپێک لە شەهوەتی پیاوێک لە منداڵدانی دایکی دەنێژن بەبێ ئەوەی دایکیشی  بزانێت، کە ئەم پیاوە کێیە، ئەم ڕووداوە دەکەوێتە پێش دەستپێکردنی ئێستای کاتی گێڕانەوە، واتە بگێڕەوە بۆ ڕابردوویەکی دوور دەگەڕێتەوە، ئەم ڕابردووەش لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا دەگێڕێتەوە و ڕووداوەکەش بە کاتی ئێستا پەیوەست دەکات، دواتر بەرەو کاتی داهاتوو بەردەوامی بە گێڕانەوەکە دەدات، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بگێڕەوە گەمەیەکی هونەری لە نێوان کاتی ڕابردوو و ئێستا دروست بکات، تا کاریگەری ڕووداوەکانی کاتی ڕابردوو لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا دەربخات، چونکە سەلیم بە هۆی ئەم ڕابردووەی مارتنەوە، لە ئیستای کاتی گێڕانەوەدا مارتن بە (زۆڵ) ناودەبات، ئەم گەمەکردنە بە کاتەش تەکنیکی دواخراوی ئاوێتەی پێ دامەزراوە و شیعرییەتی کاتی بە ڕۆمانەکە داوە، چونکە ڕەچاوی بە دوای یەکترداهاتنی کاتەکانی (ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی) نەکردووە و ئەم کاتە جیاوازانەی لەم نموونەیەدا

تیکەڵ کردووە و چونکە لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا باسی ڕووداوێکی ڕابردووی کردووە و ئەم ڕووداوەشی تێکەڵ بە کاتی ئێستای گێڕانەوە کردووە.

هەروەها بگێڕەوە لە ڕێی ئەم نموونەوە وێنای لادان لە کەلتوری باومان بۆ دەکات، بەم هۆیەوە دایکی مارتن لە مافی دایکایەتی بێ بەش نابێت بەهۆی ئەوەی، کە نەیویستووە لە پیاوێکی دیاریکراودا، ببێتە خاوەنی منداڵ، بەڵکو منداڵێکی بەو سیفەتانە داوا کردووە کە خەونی پێوە بینیوە، بەڵام ئەمە لەلای سەلیم، کە خاوەن باوەڕێکی پتەوە بە خودا و لە ژێر کاریگەری کەلتوری کۆمەڵگەدایە، ئەمە بەلایەوە نامۆیە و پێی وایە، مارتن زۆڵە، لەبەرئەوەی بە پێی نەریتی ئاینی و کۆمەڵگە نەهاتووەتە ژیان، دواجاریش مارتن وشەی زۆل بە وشەیەکی بێ مانا ناودەبات و ئەمەش دنیابینی ڕۆماننووس دەردەخات، کە پێی وایە دەکرێت مرۆڤ بەبێ ڕەچاوکردنی ئاین و داب و نەریتی کۆمەڵگە، مافی خۆی بەدەست بێنێت و لە ژێر کاریگەری ئەو دووانەدا واز لە مافەکانی خۆی نەهێنێ، هەروەک کە چۆن باسی ئەوە دەکات کە مارتن ئەم مافە بە دایکی ڕەوا دەبینێ و سەرزەنشتی ناکات بۆ ئەم کارە. ئەمەش شیعرییەتی خوێندنەوە لە لای خوێنەر دروست دەکات چونکە بەهۆی ئەم لادانە کۆمەڵایەتییەوە گرژی و تیڕامان و بیرکردنەوەی جیاواز لە لای خوێنەر دروست دەکات.

ڕۆماننووس، لە هەرسێ ڕۆمانەکەدا، بەهۆی تەکنیکی دواخراوی (دەرەکی، ناوەکی، ئاویتە)وە، ڕووداوەکانی کاتی ڕابردووی لە کاتی ئێستای گێڕانەوە باس کردووە، لە دواخراوی دەرەکی بۆ ڕووداوەکانی پێش دەست پێکردنی کاتی گێڕانەوە و ڕابردوویەکی دوور گەڕاوەتەوە و لە دواخراوی ناوەکی بۆ کاتی ڕابردوویەکی نزیکتر  گەڕاوەتەوە، ئەو ڕووداوانەی کە کەوتونەتە ناو کاتی گێڕانەوە بەڵام ئەم ڕووداوانە لە کاتی خۆیدا باس نەکراون و گێڕانەوەیان دواکەوتووە و ڕۆماننووس لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا باسی کردوون، لە دواخراوی ئاویتەشدا کاتی ڕابردووی لەگەڵ ئێستای کاتی گێڕانەوە پەیوەست کردووە و هەردوو کاتەکەی تێکەڵ بەیەکتر کردووە، ڕۆمانووس بەهۆی ئەم تەکنیانەوە

زنجیرەیی و بە دوای یەکتر داهاتنی کاتەکانی (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو)ی تێکشکاندووە، ئەوەش جوانیناسی و شیعرییەتی کاتی لە ڕۆمانەکاندا دروست کردووە.

**دووەم: ڕێچکەی پێشخراو**

ئەم تەکنیکە بە پێچەوانەی تەکنیکی دواخراو، بەرەو ڕابردوو ناگەڕێتەوە، بەڵکو ڕووە و داهاتووە و ڕووداوەکانی داهاتوو بۆ ئێستای کاتی گێڕانەوە دەهێنێت، ئەم ڕێچکەیە ئەم ڕووداوانە پێش دەخات، کە لە داهاتوودا ڕوودەدەن، لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا باسیان دەکات، واتە پێشخستنی ڕووداوێک پێش کاتی خۆی و باسکردنی لە کاتی ئێستای گێڕانەوەدا ڕێچکەی پیشخراو دروست دەکات، ئەمەش وا پێویست دەکات، کە بگێڕەوە ئێستای کاتی ڕووداو ڕابگرێت، بە مەبەستی ئاماژە پێکردنی یان هێنانی ڕووداوێکی داهاتوو[1] بگێڕەوە بە هۆی ئەم تەکنیکەوە، کاتی زنجیرەیی تێک دەشکێت و یارییەکی ئێستاتیکی بەناو کاتە جیاوازەکاندا دەکات، ئەوەش شیعرییەتی زیاتر بە ڕۆمانەکە دەبەخشێت.

تەکنیکی پێشخراو مامەڵەکردنی بگێڕەوەیە لەگەڵ داهاتوو و ئەو ڕووداوانەشی، کە دەیان هێنێتە ئێستای کاتی گێڕانەوە، بە پێی بۆچوونی هەندێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی، مەرج نییە، کە هەموو ڕووداوەکان ڕووبدەن و هەندێکیان ئەگەری ڕوودان و هەندێکی تریان ئەگەری ڕوونەدانیان هەیە، ئەوەش وا دەکات، کە تەکنیکی پێشخراو لە پێشبینی نزیک بکەوێتەوە، چونکە ((پێشخراو گێڕانەوەی ڕووداوێکی داهاتوو یان پێشبینی کردنی دەگەیەنێت)).[2] هەرچەندە هەندێک لە ڕەخنەگران بڕوایان وایە، کە لە تەکنیکی پێشخراودا ئەو ڕووداوانەی، کە باس دەکرێن دەبێت ڕۆماننووس لێیان دڵنیابێت و مەرجی ڕوودانیان تێدا بێت، چونکە پێیان وایە پێشخراو لەگەڵ پێشبینیکراودا جیاوازە و لە پێشخراودا نابێت ڕووداوەکان

[1] بڕوانە: بان البناء، الفواعل السردية- دراسة في الرواية الاسلامية المعاصرة، عالم الكتب الحديث، الاردن، ٢٠٠٩، ص ٥٧.

[2] فاليط برنار، النص الروائي(تقنيات السرد)، ت: رشيد بنحدو، الهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية، ١٩٩٩، ص ١١٠- ١١١.

گۆڕانیان بەسەردا بێت و دەبێت وەکو خۆی، کە باسکراوە ڕوودەدات، بەڵام لە پێشبینیکراودا مەرج نییە ڕووداوەکان گۆڕانیان بەسەردا نەیێت و وەک خۆیان روودەدەن، واتە پێشخراو ((پێشکەشکردنی ڕووداوە بەدی هاتووەکانی داهاتووە...بە پێچەوانەی پێشبینی، کە ڕەنگە ڕوودات یان نا)).[1]

ئێمەش لەگەڵ بۆچوونی دووەم داین و پێمان وایە، کە پێشخراو جیاوازە لە پێشبینیکردن، چونکە لە پێشخراودا بگێڕەوە کاتێک ڕووداوەکانی داهاتوو لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا باس دەکات، ڕوودان و ڕوونەدانی کارەکان بۆ وەرگر جێناهێڵێت و بە ڕوونی ئاماژە بە ڕووداوەکانی داهاتوو دەکات، کە لە داهاتوو وەک و خۆی و بێ گۆڕانکاری روودەدەن، بەڵام لە پێشبینیکردندا ڕوودان و ڕوونەدانی کارەکان زۆرجار بۆ وەرگر جێ دەهێڵدرێت و وەرگر بەپێی ئاستی مەعریفی خۆی، ڕاڤە بۆ پێشبینییەکان دەکات، لەبەرئەم هۆکارە پێمان وایە کە ئەم دوو تەکنیکە جیاوازن و هەمان تەکنیک نین، هەروەها تەکنیکی پێشخراو کاتی گێڕانەوە تێک دەشکێنێت، چونکە لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا باسی ڕووداوێک دەکات، کە لە داهاتوودا ڕوودەدات، ئەمەش شیعرییەتی کات لەناو ڕۆماندا دروست دەکات.

لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا، لە هەندێک شوێنی گێڕانەوەکەدا تەکنیکی پێشخراو بەکارهاتووە و بووەتە هۆی ئەوەی ڕووداوەکانی داهاتوو تێکەڵ بە ڕووداوەکانی کاتی ئێستای گێڕانەوە ببن. چەند نموونەیەکی ڕێچکەی پێشخراو لە ڕۆمانەکەدا هەیە و لە یەکێک لە نموونەکانی ئەم تەکنیکەدا، بگێڕەوە لەسەر زاری باپیرە خایم و لە ڕێی دکتۆرەکانەوە باس لە مردنی (مەحموود) دەکات، کە لە داهاتوودا دەمرێت، کاتێک لە لاپەڕەکانی (٤٣٤-٤٣٥)دا، دەڵێت:

**((دوختۆرەکان پێیان وتم، کە تەنها چەند مانگێکی لە ژیاندا ماوە، چونکە ئۆرگانەکانی جەستەی داوەشاون و چارەسەر ناکرێت)).**

---

[1] أمنة يوسف، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، ص ٨١.

لەم نموونەیەدا ڕووداوە پێشخراوەکە مردنی مەحمووده کە بگێڕەوە لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا باسی دەکات، بەڵام ڕووداوەکە لە داهاتوودا ڕوودەدات. بگێڕەوە بیر و زەینی خوێنەر بۆ ڕووداوێک ئامادە دەکات، کە لە داهاتوودا ڕوودەدات و لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا چارەنووسی کارەکتەرەکە نیشان دەدات، بۆیە لەم نموونەیەدا، باپیرە خایم لە زاری دکتۆرەکانەوە لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا باسی مردنی مەحموود دەکات، بەڵام ڕووداوەکە لە کاتی داهاتووی گێڕانەوەدا بەدی هاتووە. ڕۆماننووس لە ڕێی ئەم تەکنیکەوە ڕیزبەندی کاتی تێک شکاندووە و لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا باسی ڕووداوێکی کردووە کە لە داهاتوو ڕووی داوە، ئەوەش شیعرییەتی کاتی لە کاتی گێڕانەوەدا دروست کردووە.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا لە ڕێی بگێڕەوەی خودی و لە زاری کارەکتەری سەرەکییەوە، بەهۆی تەکنیکی پێشخراوە لە بارەی بەئاگا هاتنەوەی (مارتن)ەوە لە لاپەڕە (٢٩٥)دا، دەڵێت: ((**یادەوەرییەکانی ئەو ڕۆژە، وەک خەونێک، تاریک و ڕوون، نازانم لە ژێر چ ناوێکدا تۆماریان بکەم و چ ناونیشانێکیان بدەمێ، ئیتر بەم شێوەیە لە خەیاڵمدا تۆمارن:**

**لە نادیارەوە ترپەی پێکانم دەبیست و سییەکانم لە بۆکرووزی لاشەی مرۆڤی سووتاو پڕ بووبوون، جەستەی کەنەفت و پەککەوتەی خۆمم بینی، چەند جارێکیش گوێم لە دەنگی دایکم بوو، لە جێیەکی نادیارەوە بەردەوام بانگی لێ دەکردم، مارتن، مارتن، ئازیز بەئاگا بە بەئاگا بە**)).

لەم نموونەیەدا، پێشخراوەکە بە ئاگا هاتنەوەی (مارتن)ە، کە ڕۆماننووس بۆ ئەوەی دنیابینی خۆی بئاخنێتە نێو ڕۆمانەکە، ئەوە ڕوون بکاتەوە، کە دایک هەرچەندە دووربێت دەتوانیت هەست بە ئازارەکانی منداڵەکەی بکات و لەبەرئەوە ڕۆماننووس هەوڵی داوە لە ڕێگەی تەکنیکی خەونەوە، لەبارەی چارەنووسی ئەم کارەکتەرەوە، کە لە دۆخێکی تەندروستی ناجێگیر دایە باس لە ئومێد و داهاتوویەک بکات، ئەم داهاتووەی لە شێوەی خەون خستووەتە ناو ئێستای کاتی گێڕانەوە و ڕووداوەکەش لە داهاتوودا ڕوودەدات و مارتن بە ئاگا دێتەوە و لەم دۆخە نالەبارە ڕزگاری دەبێت. ڕۆماننووس یاری بە کاتی گێڕانەوەی

ئەم ڕووداوە کردووە، ئەمەش پرۆسەیەکی هونەرییە و سەرنجی وەرگر قوڵتر دەکاتەوە و شیعرییەتی کات دروست دەکات. ڕۆماننووس بەهۆی تەکنیکی پێشخراوەوە لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا و شەوگەڕەکان)دا، ڕووداوەکانی کاتی داهاتووی تێکەڵ بە ڕووداوەکانی کاتی ئێستای گێڕانەوە کردووە و بیر و زەینی خوێنەری بۆ ڕووداوێکی داهاتوو ئامادە کردووە، لە ڕێی ئەم تەکنیکەوە زنجیرەیی کاتی چیرۆکی  تێکشکاندووە و لە ئیستای کاتی گێڕانەوەدا باسی ڕووداوێکی داهاتووی کردووە  و شیعرییەتی کاتی لە کاتی گێڕانەوە دروستکردووە، ئەوەش چاوەڕوانی و تامەزرۆیی و چێژی لە لای وەرگر دروست کردووە، بەڵام لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)دا بە پێی ئەم توێژینەوەی ئێمە لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)دا کردوومانە، ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا هیچ ڕووداوێکی باس نەکردووە کە دواتر ئەم ڕووداوە لە لاپەڕەکانی دواتردا ڕووبدات لەبەرئەوە بە پێی ئەم بە توێژینەوەی ئێمە لەم ڕۆمانەدا کردوومانە، تەکنیکی پێشخراوی بەکارنەهێناوە.

**بەشی سێیەم: شیعرییەتی کات لە ڕۆمانەکانی (میران ئەبراهام)دا لە ڕوانگەی ڕەهەندە جیاوازەکانی کاتەوە.**

بنیاتی واتایی یەکێکە لە پایە گرنگەکانی ڕۆمان، چونکە ڕۆماننووس سەرەڕای چێژ و جوانییەکەی لە پێناو گەیاندنی پەیامێک ڕۆمان دەنووسێت، خوێنەریش لە پێناو وەرگرتنی پەیامێک ڕۆمان دەخوێنێتەوە، ڕۆماننووس لە ڕێی تواندنەوەی پەیامەکانی لەناو توخمەکانی ڕۆماندا، کاریگەری لەسەر وەرگر دروست دەکات، لەبەرئەوەی کاتیش یەکێکە لە توخمە گرنگەکانی ڕۆمان و ڕۆماننووس پەیامەکانی خۆی لەناو ئەم توخمەدا دەتوێنێتەوە و بە شێوازێکی هونەری پێشکەشی وەرگری دەکات، پەیامەکانی ڕۆماننووسیش لەناو ڕۆماندا پەیوەندی بە ئایدیالۆژیا و ڕوانینەکانی ڕۆماننووسەوە هەیە و گوزارشت لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونی ئابووری و مێژوویی و ئاکارە مرۆییەکان دەکەن.

لە شیعرییەتی ڕۆماندا، ناتوانین باسی بنیاتی هونەری بکەین، بەبێ ڕەچاوکردنی بنیاتی واتایی لەبەرئەوە شیعرییەت بە بنیاتی واتایی و بنیاتی هونەرییەوە پەیوەستە، لە شیعرییەتی کاتیشدا، بنیاتی هونەری جوانی لەناو ڕۆماندا دروست دەکات، هەمیشە لەگەڵ واتادا یەک دەگرێتەوە و لێی جیانابێتەوە، لەبەرئەوەی هەموو ڕۆمانێک هەڵگری واتایە و ئەم واتایەش بە هۆی شێوازێکی هونەری پێشکەش بە وەرگر دەکرێت، بۆیە **((ئەرکی ئایدیالۆجی و ئێستاتیکی دوو ڕووی یەک دراون. بە جۆرێک کە مەحاڵە بوونی هونەریی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بێتە دی ئەگەر هەردوو ئەرکەکە پێکەوەو لە یەک کاتدا جێ بەجێ نەکات)).**[1] هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی لە دوو بنیات پێک دێت، بنیاتی واتایی و بنیاتی هونەری، هەریەک لەم دوو بنیاتە بەبێ یەکتر ناتوانن جوانی و شیعرییەت لە بەرهەمی ئەدەبی بنیات بنێن.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکانی (نیشتمانی سارا، شەوگەڕەکان، خەمی مەستوورە)دا لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، دەروونییەوە ڕەخنە لە دەسەڵاتی سیاسی و سیستەمی

[1] طه وادي: الرواية السياسية، دار نوبار للطباعة، القاهرة، ٢٠٠٣. ص٤٢.

حوکمڕانی و  داب و نەریت و کەلتوری کۆمەڵگە جیاوازەکان دەگرێت، ئەم داب و نەریتانەی لە بەردەم تاک ڕێگرن، تا بتوانێت سوود و چێژ لە ئازادی و مافی تاکەکەسی خۆی وەربگرێت، هەروەها ڕۆماننووس  لە ڕێی جیهانبینی خۆیەوە دەچێتە ناو دەروونی کارەکتەرەکان و لە ڕێی جۆرەکانی بگێڕەوە شیان دەکاتەوە. ئێمەش لە سنووری توێژینەوەکەمان لەم بەشەدا  باسی سێ لە گرنگترین ڕەهەندی ڕۆمانەکانی ڕۆماننووس دەکەین، کە کات ڕۆڵێکی گرنگی لە بنیاتنانی ئەم رەهەندانەدا بینیوە.

**تەوەری یەکەم: ڕەهەندی کاتی کۆمەڵایەتی**

ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی سەردەمیانە  پەیوەندییەکی دانەبڕاوی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە، بۆیە داب و نەریت و کەلتور و ژیانی واقیعی تاکەکانی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی هونەری لەناو ڕۆماندا ڕەنگدانەوەی هەیە، واتە ڕۆمان پردی نێوان واقیع و ئەدەبە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ڕۆمان لە ژانرەکانی تری ئەدەب زیاتر پەیوەندی بە واقیعەوە هەبێت، چونکە ((ڕۆمان زیاتر و وردتر پەنجە دەخاتە سەر سیما و بنەمای ژیانی کۆمەڵایەتی، هەربۆیە کۆمەڵناسان هونەری ڕۆمان لە شیعر بە گرنگتر دادەنین، چونکە دەلالەت و بەڵگەداری تیایدا لە شیعر ڕونترە))[1]،  لە بەرئەوەی ڕۆمان بە پەخشان دەنووسرێت، ئەمەش وایکردووە ئەزموونی واقیعی و کێشە و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ لە خۆیدا هەڵبگرێت و بتوانێت چارەسەری گرفتەکان و تێڕوانینیکی نوێ و هەندێک جار ئاراستەی بیرکردنەوەی کۆمەڵگا بگۆڕێت.

خاڵی هاوبەش لە نێوان پێکهاتەی ڕۆمان و بنیاتی کۆمەڵگەدا هەیە، پێکهاتەی بنیاتی ڕۆمان پەیوەندی بە بونیادی کۆمەڵگەوە هەیە، بەشێک لەم پەیوەندییەش بۆ ڕۆماننووس دەگەڕێتەوە، چونکە دواجار ڕۆماننووسیش لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەژییێت و

١ حەسەن یوسف کریم، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانەکانی (عەتا نەهایی)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٢، ل ١٨.

پەیوەنـدییەکی کـۆمەڵایەتی  لەگەڵ تاکەکـانی کۆمەڵگـادا هەیە و مێژوویەکـی هـاوبەش بە یەکەوەیـان دەبەسـتێتەوە، هەروەک (لوسـیان گوڵـدمان) کە لە ڕوانـگەی سۆسـیۆلۆجییەوە دەڕوانێتە دەقی ڕۆمان، ئەوە ڕەت دەکاتەوە، ڕۆمان داهێنانی تاک بێت و لە کاریگەرییەکانی کۆمەڵگە دابڕاو بێت، چونکە پێی وایە تاکی نووسەر ناتوانێت لە دەرەوەی کۆمەڵگە و کات و سەردەم و شوێن و بەبێ کاریگەریی ئەم ڕەهەندانە دەقی ئەدەبی و بەتایبەتی ڕۆمان بنیات بنێت، بۆیە بارەوە دەڵێت:

((ئەدەب بەرهەمی تاک نییە و وەک تێڕاونینی کەسیش مامەڵەی لەگەڵ ناکەین، چونکە ئەم تێڕوانینە، پرۆسەی هۆشیاریی کۆمەڵ و جێناوی کۆمەڵی تێدا بەکاردەهێنریت، زیاتر لەمەش هەرچەندە نووسەر پلەیەکی بەرز و قووڵی هەبێت، ئەوا بەرجەستەکردنەکەی بۆ تێڕوانینی کۆمەڵی   بەهێزترو ئاشکراتر دەبێت)).[1]

پەیوەندی نێوان ڕۆمـان و کـۆمەڵگە زیـاتر بـۆ ئەم لایەنە واتـاییە دەگەڕێـتەوە کە لە بنیـاتی ڕۆمانـدا هەیە، بـۆیە بەهـۆی لێکدانەوەی مانـاوە ئەو پەیوەنـدییەی نێـوان ڕۆمـان و کـۆمەڵگە دەردەکەوێـت و پەیوەنـدی دەق بە دەرەوەی خـۆی ڕوون دەبێـتەوە. ئەمەش پـێچەوانەی بۆچـوونی بنیاتگەرەکـانە، کە دەقیـان لە دەرەوە دادەبـڕی و گرنگییـان بە نـاوەوەی دەق دەدا، کە پێیان وابوو، ڕۆمان دەقێکی دابڕاوە لە واقیع و گوتاری گێڕانەوە جگە لە یارییەکی زمـانی هیچی تر نییە، بونیاتگەرەکان لە بۆچوونەکانیاندا، پشتیان بە تێڕوانینەکانی فێردنیان سۆسێر بەسـتبوو[2]، کە پێـی وابـوو، ((زمـان سیسـتەمیکی خـۆ بەڕێـوەبەرە  بەنـدە بە یاسـاو ڕێسـا نـاکۆمەڵایەتی و دەرهەسـتەکانی خـۆیەوە))[3]، بەڵام قوتابخـانەی سۆسـیۆلۆجیای ئەدەب، کە هەریەک لە (لۆکاش، لوسیان گوڵدمان، مباختین، میشـیل زێراڤا) نـوێنەرایەتی دەکەن، ڕۆمـان بە ژیـانی کـۆمەڵایەتی دەبەسـتنەوە، لەبەرئەوە هەوڵـدەدەن لە ڕێـی واتـاوە  پەیوەنـدی نێـوان

---

[1] صلاح فضل، مناهج النقد المعاصر، دار الافاق العربية، ١٩٩٦، ص ٥٦- ٥٧.

[2] بڕوانە: ئیدریس عەبدوڵڵا، دەقناسی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، تەفسیر، هەولێر، ٢٠٢١، ل٩٥-٩٦

[3] میخائیل باختین، سەودای وتووێژ پێکەنین و ئازادی، و.بەختیار سەجادی، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٩.

ڕۆمان بە واقیع نیشان بدەن، هەروەک بنیاتگەرەکان دەق لە دەرەوەی خۆی دانابڕن و بەڵکو هۆکار و پاڵنەرەکانی دەرەوەی دەق شیدەکەنەوە، کە بوونەتە سەرچاوەیەکی مەعریفی بۆ نووسەر و تێکەڵ بە خەیاڵەکانی نووسەر بووە و لەناو دەقدا ڕەنگی داوەتەوە.

ڕووداوەکانی ژیانی واقیعی و بیروباوەڕی ئاینی و سیاسی و ململانێی چینایەتی و دیاردە سروشتییەکان لەناو دەقدا تێکەڵ بە خەیاڵی نووسەر دەبن و نووسەر بە شێوەیەکی هونەری لەناو دەقدا بەرجەستەیان دەکات، بۆیە لە لای لوسیان گۆڵدمان پەیوەندییەکی پتەو هەیە، لە نێوان دەق و ئەو ژینگە واقیعییەدا نووسەر تێیدا دەژییێت، جیهانبینی نووسەریش هەر لەم ژینگەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە ((ئەو واقیعە چینایەتییەی نووسەرێک تێیدا دەژییێت، لە بونیادی زەیینی نووسەرەکەدا ڕەنگ دەداتەوە، لەمیانەی بەرهەمهێنانی دەقێکی ئەدەبی و هونەری ئەو نووسەرە، جیهانبینی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییە دەخاتە ڕوو کە خۆی تێیدا دەژیت))[1]،

واتە ڕۆماننووس لەبەرئەوەی پەیوەستە بە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی، کەواتە ڕوانینەکانیشی بەتەنیا لێکدانەوەی خۆی نییە لەژێر کاریگەریی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەدایە. باختینیش ئاماژە بە سۆسیۆلۆجی ژانری ڕۆمان دەکات و دەڵێت: ((شێوازی گونجاوی ژانری ڕۆمان تەنیا دەبێت سۆسیۆلۆژی بێت)).[2]

ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان زۆرجار هەمان ڕووداوە مێژوویەکانی ناو کۆمەڵگەن و کارەکتەرەکانیش نموونەی کەسایەتی ناو کۆمەڵگەن، ئەمەش پەیوەست بوونی ڕۆمان بە مێژووی کۆمەڵگە دەردەخات، هەروەک (میشێل زیراڤا) دەڵێت: ((ئێمە بەهۆی ئەدەبەوە دەتوانین مێژووی کۆمەڵگە بخوێنینەوە))[3]، بەڵام ڕۆماننووس وەک مێژوونووس ئەم ژینگە

---

[1] عوسمان یاسین، بونیادگەری پێکهاتوویی، میتۆدی لوسیان گۆڵدمان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٩، ل ٩.

[2] میخائیل باختین، الكلمة في الرواية، ترجمة، يوسف حلاق، ط١، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٨٨، ص ٦١.

[3] میشیل زيرافا، الأدب القصصي، الرواية والواقع الاجتماعي، ص ٥.

واقیعییە وەک خۆی ناگوازێتەوە بۆ ناو ڕۆمان، بەڵکو خەیاڵی ڕۆماننووس ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دووبــارە دامەزرانــدنەوەی ڕووداوەکــان و پێشکەشــکردنی کارەکتەرەکــان بە شـێوەیەکی هـونەری بـۆ ئەوەی وێنەیەکـی نـوێ و جیـاواز لە واقیـع سـەبارەت بە ژیـان بخـاتەڕوو، واتە هونەرنواندنی ڕۆمـاننووس لە تـێکەڵ کردنـی خەیـاڵ و واقیـع دەردەکەوێت، بەشـێوەیەک شیعرییەت و جوانی هـونەری ڕۆمـان لەبارنەبـات، چـونکە ڕۆمـاننووس کاتێک واقیعێک بـۆ نـاو ڕۆمـان دەگوازێتەوە، لە گۆشـەنیگای جیاوازەوە خوێندنەوەی بـۆ دەکات و وێنەیان دەکێشێت، بۆیە ئاستی مەعریفی ڕۆمـاننووس ڕۆڵـی سـەرەکی هەیە لە داڕشـتنەوەی ئەو دەربـڕین و وێنـانەی، کە ڕۆمـاننووس لە ڕۆمانـدا بـۆ ژیـانی کـۆمەڵایەتی بەشـێوەیەکی هـونەری دەیـان خـاتەڕوو، چـونکە لە ڕێـی دیـالۆگی نێـوان کارەکتەرەکـان و ئەو زمـانە کۆمەڵایەتییەی بەکاری دەهێنن ئاست و پێگەی کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکان دەردەکەوێت.

شـیعرییەتی ڕۆمــان جـگە لەوەی بە ڕەچـاوکردنی لایەنـی هـونەری پەیوەسـتە، هەروەهـا پەیوەسـتە بە چـۆنیەتی ڕەنگدانەوە و گوزارشـت کـردن لە ژیـانی کـۆمەڵایەتی، لەبەرئەوەی لـۆژیکی ئێسـتاتیکای ڕۆمـان نـامۆ نییە، بە لـۆژیکی ژینگەی کـۆمەڵایەتی، هەر وەک (میشـێل زیرافا) دەڵێت: ((ڕۆمان جگە لەوەی خاوەنی لۆجیکێکی ئێستاتیکای تایبەت بە خۆیەتی، بەڵام ئەم لـۆجیکە لەگەڵ لـۆجیکی کـۆمەڵگە هەمیشـە یەک دەگرێتەوە، بە پێـی ئەمەش ڕەهەنـدی کۆمەڵایەتی و مێژوویی لە بەرهەمی نەیارانی نەریت، نەیـارانی کۆمەڵگەدا هەمیشـە ئامـادەیە، بە نموونەی بەرهەمەکانی ڤێرجینیا وەڵف و سامۆئیل پیکیت)).[1]

ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بەپێی ئەم بۆچوونانەی باسمان کرد، بە شـێوەیەکی فراوان لە ئەدەبی گێڕانەوە بەگشتی و ژانری ڕۆمان بەتایبەتی ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین ڕۆمـان و واقیــع دوانەیەکــی لەیەکتــر دانەبــڕاون، چــونکە تۆخمەکــانی وەک (کــات، شــوێن، ڕوداو، کارەکتەر) لەناو ڕۆماندا هەڵبژاردەی ناو ژیانی کۆمەڵایەتین، بەڵام ڕۆمـاننووس لە ڕێی ئەم

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص ٥.

توخمانەوە گوزارشت لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات، هەرچەندە ئەم توخمانە هەمان کۆپی واقیع نین و نموونەیەکی کۆپیکراو نین لەبەرئەوەی ڕۆماننووس پەیامەکانی خۆی بەشێوەیەکی هونەری لەم توخمانەدا دەتوێنێتەوە و ئاراستەی وەرگری دەکات، لە پێناو ئاراستەکردن و گۆڕینی هەندێک بیری وەرگر، جگە لە گەیاندنی چێژ بە وەرگر، هەرچەندە ئەگەر ڕووداو و کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان خەیاڵیش بن، ڕۆماننووس هەوڵدەدات لە واقیع نزیکیان بکاتەوە، بۆ ئەوەی بڕوا بە وەرگر بهێنێت کە ڕووداوەکان و کارەکتەرەکان نموونەی واقیعین، ئەوەش مانای وانییە، کە ڕۆمان درۆمان لەگەڵ دەکات و دەبێت ئێمە ئەم درۆیە بەڕاست بزانین.[1] واتە ڕۆماننووس پەیام و خەیاڵەکانی خۆی کە لە ڕۆماندا بەرجەستەی کردوون لە واقیع نزیکیان دەکاتەوە، چونکە وەرگر زیاتر چێژ لەو ڕووداو و کارەکتەرانە وەردەگرێت کە بتوانێت وێنای هاوشێوەکانیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیدا بدۆزێتەوە.

**أ- ڕەهەندی کاتی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا**

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا، باسی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات، کە ئەویش ڕێگریکردنە لە بەیەکگەیشتنی دوو خۆشەویست بەهۆی جیاوازی ئاینی و دیاردەی هەژارییەوە، بگێڕەوە لە نموونەیەکی ئەم ڕەهەندە لە لاپەڕە (٢٢١-٢٢٢) دا، دەڵێت:

**((کاتێک مەولوودی چەرچیی باوکی سوارە خوازبێنی ساباتی لە ئەوڕامە جوو کردبوو، لەناو بازاڕەکەی پێنجوێن و لەسەر شۆستەی بەر دوکانەکەی ئەوڕامدا پێکەوە وەستابوون، ئەوڕامە جوو لە مەولوودی چەرچی توڕە بووبوو، دەستیان دابووە یەخەی یەکتری و دوکاندار و مشتەری ئەو بازاڕەیان بەسەردا ڕژابوو، ئەوڕامە جوو هاواری لە مەولوود کردبوو، بە چ ڕوویەکەوە داوای کچ لە من دەکەی، خۆت و کوڕەکەت خوا نەناس و کۆمەنیستن، نابووت، سواڵکەر، نانت نییە بیخۆیت!)).**

[1]بڕوانە: سعد محمد رحيم، سحر السرد، دراسات في الفنون السردية، دار نينوى للدراسات والنشر والتوزيع، سورية، دمشق، ٢٠١٤، ص ١٦- ١٧.

لەم نموونەیەدا بگێڕەوەی هەمووشتزان دەگەڕێتەوە بۆ کاتی ڕابردوو و باسی پێش شوکردنی سابات بە حەکیم دەکات و ئەم کاتەش ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەیە، چونکە بگێڕەوە هۆکاری بەیەک نەگەیشتنی سابات و سوارە  بە دوو دیاردەوەی کۆمەڵایەتی دەبەستێتەوە  کە ئەوانیش دیاردەی چینایەتی و جیاوازی ئاینییە، ئەم دوو هۆکارە بوونەتە هۆی ئەوەی، کە سابات نەدەن بە سوارە مەولود، چونکە باوکی سابات جوولەکەیە و بە هاوسەرگیری سابات ڕازی نابێت،  هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکدا بکات، کە بەئاین جوولەکە نەبێت، لەبەرئەوە کاتێک  باوکی سوارە خوازبێنی سابات بۆ سوارەی کوڕی لە ئەوڕامە جووی باوکی سابات دەکات، هەرچەندە ئەوڕامە جوو دۆست و ناسراوێکی نزیکی باوکی سوارەیە، بەڵام بەوە ڕازی نابێت، کچی خۆی بداتە کەسێک، کە خۆیی و باوکی خوانەناس و کۆمەنیست و بن و لە ڕووی چیانیەتییەوە لە چینی هەژار بن.

ڕۆماننووس لە ڕێی ئەم نموونەوە ڕەخنە لە جیاوازی چینایەتی دەگرێت بەوەی، کە ڕێگەرە لە بەیەک گەیشتنی ئەو کوڕ و کچانەی یەکتریان خۆش دەوێت و دەیانەوێت هاوسەرگیری بکەن، بۆیە باسی کاریگەری ئەوە دیاردەیە دەکات لە بنیاتنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ڕەخنە لە چینی سەرمایەداری دەگرێت، کە بەردەوام چینی هەژار بەکەمتر لە خۆیان دەبینن، چونکە جیاوازی ئاین و چینی کۆمەڵایەتی بەربەست دەبێت لە بەردەم هاوسەرگیری نێوان سابات و سوارەدا، ئەمەش یەکێکە لە دیاردەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی، کە بەهۆی جیاوازی ئاین و چینی کۆمەڵایەتییەوە ڕێگری لە بەیەک گەیشتنی بەشێک لەم کوڕ و کچانە دەکرێت، کە یەکتریان خۆش دەوێت،  ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە کاریگەری لەسەر دەروونی سابات دروست کردووە و بووەتە هۆی ئەوەی، بەردەوام لەگەڵ ئەو یادەوەریانەدا بژیت کە لەگەڵ سوارەی دڵخوازی هەیبوو، بەردەوام لە ڕێگەی خەونەکانییەوە بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو. ڕۆماننووس  لە ڕێی ئەم نموونەوە ڕەخنە لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگەی کوردی دەگرێت، کە ئەویش دیاردەی ڕێگری کردنە لە لایەن باوانەوە لە بەیەک گەیشتنی ئەو کوڕ و

کچانەی یەکتریان خۆشدەوێت و دەیانەوێت بەیەکتری بگەن و ببنە هاوسەری یەک، بەڵام بەهۆی جیاوازی ئاین و چینی کۆمەڵایەتییەوە ڕێگریان لێ دەکرێت.

ڕۆمانووس لە نموونەیەکی تری ڕەهەندی کاتی کۆمەڵایەتی، باسی دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتی دەکات، کە دیاردەی بەزۆر بەشودانی کچە، بگێڕەوە لە ڕێی بگێڕەوەی هەمووشتزانەوە باسی چۆنییەتی کاتی خوازبێنی و گواستنەوەی سارا بۆ حەکیم دەکات و لە لاپەڕە (٢٢٢)دا، دەڵێت:

**((دوو مانگ دوای ئەو ڕۆژە، باپیرە خایم لە لای ئەوڕامە جوو، خوازبێنی ساباتی بۆ حەکیمی کوڕی کردبوو، بەبێ ئەوەی سابات ڕەزامەندیی لەسەر بێت، داواکردن و گواستنەوەی بەسەردا تێپەڕی، سابات وشەیەک چییە نەیوت، پاشان بەبوکێنی بۆ شاری سلێمانیان برد، چەند مانگێک بەسەر هاوسەرگیرییاندا تێپەڕی و هێشتا سابات ڕێگای بە حەکیم نەدابوو وەکو مێردی دەستی بەردەستی بکەوێت، حەکیمی نەدواند و تەنانەت بۆ جارێکیش چییە لێی نەڕوانیبوو)).**

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا لە ڕێی بگێڕەوەی هەمووشتزانەوە، لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا، باسی دوو کاتی جیاواز دەکات ئەوانیش کاتی خوازبێنی و گواستنەوەی (سابات)ە، دواتر باسی چەند مانگێک دوای هاوسەرگیریان دەکات، هەردوو کاتەکە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیان هەیە، چونکە لەم دووکاتەدا باسی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات، کە بەزۆر بەشودانی کچە لە لایان باوانەوە. ناوەڕۆکی ئەم نموونەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، دوای ئەوەی باپیرە خایم خوازبێنی سابات بۆ حەکیمی کوڕی باوکی سابات دەکات، (ئەوڕامە جوو)ی باوکی سابات بەبێ پرسکردن و وەرگرتنی ڕەزامەندی سابات لەسەر ئەم هاوسەرگیرییە، داواکارییەکەی باپیرە خایم قبووڵ دەکات و ڕازی دەبێت، بەوەی سابات بداتە حەکیمی کوری باپیرە خایم، ئەوەش لە ڕووی دەروونییەوە کاریگەریەکی خەراپ دەکاتە سەر سابات، چونکە بە خواستی خۆی شوی بە حەکیم نەکردووە، لەبەرئەوە لە دوای ئەوەی چەند مانگێکیش بەسەر هاوسەرگیریان تێدەپەڕی، بەڵام سابات حکیم وەک هاوسەری نابینێت و نایەوێت

پەیوەندی سۆزداری و خۆشەویستی لەنێوانیاندا دروست ببێت، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە سابات ڕەزامەندی لەسەر ئەم هاوسەرگیرییە نەبووە و هەمیشە لە ڕێی زەینەوە بۆ خەیاڵەکانی ڕابردووی گەڕاوەتەوە و بیری لەو یادەوەریانە کردووەتەوە کە لەگەڵ (سوارە)ی دڵخوازیدا هەیبووە.

لەبەرئەوە کاتێک دایک و باوکی سابات بەم کێشە کۆمەڵایەتییەی نێوان سابات و حەکیم دەزانن دەیبەنەوە بۆ پێنجوێن و داوای لێدەکەن، کە واز لەو خەیاڵەی بێنێت و سوارەی خۆشەویستی پێشووی لە خەیاڵی خۆی دەربکات، ڕۆماننووس وێنای ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەمان بۆ دەکێشێت، کە لە کوردستان هەیە، لەبەر ئەوە ئەم چیرۆکانە نامۆ نین بە واقیع و زەینی خوێنەری کورد بۆیە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوە لە ڕێی زەینەوە جارێکی تر بۆ ڕووداوی هاوشێوە دەگەڕێتەوە و ئەوەش جوانی و چێژی زیاتر لە لای خوێنەر دروست دەکات و شیعرییەتی خوێندنەوە دروست دەکات، هەروەها ڕۆماننووسیش لە ڕێی ئەم وێناکردنەوە پەیامێکی ڕەخنەیی بە وەرگر دەدات، لایەنە خەراپەکانی بەزۆر بەشوودانی کچ و وەرنەگرتنی ڕەزامەندی ئەو لە کاتی هاوسەرگیری نیشان دەدات و باسی کاریگەری نەرێنی ئەم دیاردەیە دەکات، کە ڕەنگدانەوەی لە سەر داهاتووی ئافرەتەکە دەبێت و دەبێتە هۆی ئەوەی ئافرەتەکە نەتوانێت ئەو کەسە بەئاسانی بە هاوسەری خۆی و قبوڵ بکات، پەیوەندییەکی خۆشەویستی پتەوی لەگەڵ دروست بکات.

**ب- ڕەهەندی کاتی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا**

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا، لە یەکێک لە نموونەکانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە ڕێی بگێڕەوە و بەهۆی تەکنیکی دیالۆگ، باسی کەلتور و داب و نەریتی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی دەکات، سەلیم، کە خەڵکی میسرە و لەگەڵ مارتن, کە خەڵکی هۆڵەندایە، لە هەمان زیندان لە میسر پێکەوە زیندانی کراون. بگێڕەوە لەسەر زاری سەلیم و لە شێوەی بیرەوەری باسی یەکێک لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و لە لاپەڕەکانی (٢١٠-٢١١)دا، دەڵێت:

**((باوکم سێ ژنی هەبوو، ژنی یەکەمی، کە ئامۆزای خۆی بوو، لە تەمەنی چواردە ساڵیەوە خێزانی بوو، لە هەمان کاتدا، جێگر و دەمڕاستی باوکم بوو، حەوت کوڕی هەبوو، هەموو منداڵی ئەو ماڵە بە دایە گەورە بانگمان دەکرد، تەنانەت دایکم و ژنەکەی تری باوکیشم، هەر بە دایەگەورە بانگیان دەکرد...)).**

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا لە ڕێی زەینی سەلیمەوە بۆ کاتی ڕابردوو دەگەڕێتەوە و ئێستای کاتی گێڕانەوە ڕادەگرێت و بەهۆی ئەم تەکنیکەوە لە ڕووی هونەرییەوە شیعرییەتی کاتی دروست کردووە، جگە لەوەی لە ڕووی واتاوە  باسی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات، کە ئەویش دیاردەی فرەژنییە، ئەم دیاردەیە  یەکێکە لەم دیاردە کۆمەڵایەتییانەی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا دیاردەیەکی باوە، ئەم دیاردەیە هۆکارە بۆ دروست بوونی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی لەناو خێزان و هۆکارێکە بۆ دروستبوونی ڕق و کینە لە نێوان ئەندامانی ئەو خێزانە، بگێڕەوە باس لەوە دەکات، کە باوکی سەلیم سێ ژنی هێناوە، باسی تەمەنی یەکێک لە ژنەکانی دەکات، کە تەمەنی تەنها چواردە ساڵ بووە، ڕۆماننووس لە ڕێی خستنەڕووی تەمەنی خێزانی یەکەمی سەلیم بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەخنەیەکی تر لە کەلتوری ئەم وڵاتە دەگرێت ئەویش بەشودانی کچە لە تەمەنێک، کە تەمەنی هەرزەکارییە و هێشتا مرۆڤ لەم تەمەنەدا لە ڕووی عەقڵییەوە، ناتوانێت خاوەنی بڕیارێکی دروست بێت، سەرەڕای زۆری جیاوازیی تەمەنیان لەگەڵ یەکتردا، هەروەها لایەنێکی تر، کە بگێڕەوە باسی کردووە ئەو جیاوازییەیە، کە لە نێوان ژنی یەکەم لەگەڵ دوو ژنەکەی تر، کە ژنی یەکەم لە ڕووی پایەی کۆمەڵایەتییەوە پایەکی بەرزتری هەیە، لەگەڵ دوو ژنەکەکەی تر، ئەوەش نیشان دانی ئەو نایەکسانییەیە، کە پیاو لە کاتی فرەژنی بەرانبەر خێزانەکانی دەیکات، دواتر بگێڕەوە باسی یەکێک لەو کێشە کۆمەڵایەتیانە دەکات، کەبەهۆی دیاردەی فرەژنییەوە دروست بووە ئەویش شەڕی نێوان هەوێکانە، بگێڕەوە لە زاری سەلیم باسی شەڕی نێوان دایکی سەلیم، کە دەکاتە ژنی سێیەمی باوکی، لەگەڵ ژنی دووەمی باوکی دەکات، کاتێک لە لاپەڕەکانی (٢١٥-٢١٦)دا دەڵێت:

**((پێش جەژنان و ڕۆژانی جەژنانی ماڵەکەمانم باش لەبیرە، لە یەکێک لەو ڕۆژانەدا، باوکم و دایە گەورەم پێکەوە، چووبوون بۆشار، تا پێداویستی و جلوبەرگ بکڕن بۆ هەمووان، بە بۆنەی هاتنی جەژنەوە، کە ئەوسا چەند ڕۆژێکی مابوو، خوای گەورە ئاگادارە لەگەڵ دەرچوونی ئەوان لە دەرگای باخەکەمان، ئەوماڵە بوو بە مەیدانی جەنگ، دایکم و ژنی دووەمی باوکم، پڕ بە ماڵەکە هاواریان دەکرد و جنێویان بە یەکتر دەدا، کوڕەکانیش هەموو بەرامبەر ئێمە ڕاوەستابوون و دانیان لێ جیڕدەکردینەوە و چاوەڕوانی فەرمانی دایکیان بوون، لەناکاو یەکێک لە کوڕەکان هاواری کرد هێرش بەرن، پەلاماریان بدەن ملیان بشکێنن، گازیان لێ بگرن، لە ئانوساتێکی کورتدا، هەموو دەستمانکرد بە زۆرانبازی و ژنانیش دەستیان نایە قژی یەکتری...)).**

بگێڕەوە لەم نموونەیەشدا، لە ڕێی زەینی سەلیمەوە بۆ کاتی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، کە تێیدا باسی دوو کات دەکات، ئەوانیش ڕۆژانی جەژن و پێش جەژنە ئەم دوو کاتە لە نێو واقیعدا و لە زەینی وەرگر ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەیە، چونکە جەژن یەکێکە لەو بۆنە خۆشانەی، کە خەڵکی لەم ڕۆژەدا ئاشتەوایی و لێبوردەیی بەرانبەر یەکتری دەنوێنن، لەم بۆنەدا خۆیان بەتاڵ دەکەنەوە لە ڕق و کینە بەرانبەر یەکتری، بەڵام ڕۆماننووس لە ڕێی خستنەڕووی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پەیامی ئەوە بە وەرگر دەدات، کە دیاردەی فرەژنی خۆشترین ڕۆژەکان دەگۆڕێت بە ناخۆشی و سەرچاوەیەکە بۆ دروست بوونی کێشە لە ناو خێزاندا، بگێڕەوە لە ڕێی خستنەڕووی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە ڕەخنە لەم دیاردەیە دەگرێت، ئەم کێشە کۆمەڵایەتییەش شەڕی نێوان ژنی دووەم و ژنی سێیەمی باوکی سەلیمە، کاتێک باوکی سەلیم لەگەڵ ژنی یەکەمی، کە بە دایەگەورە بانگی دەکەن دەچن بۆ شار بە مەبەستی ئەوەی بۆ هەموو ئەندامانی خیزانەکە پێداویستی و جل و بەرگ بکڕن، ئەوەش دەلالەتە لە نایەکسانی باوکی سەلیم بەرانبەر ژنەکانی و جیاکردنەوە و گەورە دەرخستنی ژنی یەکەمە بە بەراورد بە ژنەکانی تر، واتە لە ڕووی پلەو پایەوە ژنەکانی تر بە کەمتر لە ژنی یەکەم دەبینێت، جگە لەوە لە کاتی کڕینی جل و بەرگ و پێداویستییەکان ڕەچاونەکردنی هەست و

حەزی ژنەکانی تر و منداڵەکانی ناکات، ئەوەش ئەوە دەردەخات لە بری بوونی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دروست لەمماڵەدا، سیستەمێکی باوک سالاری هەیە، لەبەرئەوەش دوو ژنەکەی تری سەلیم لەدوای ڕۆشتنی باوکی سەلیم و ژنی یەکەمی بۆ شار، ئەم کاتە بە دەرفەت دەزانن بۆ خۆ خاڵی کردنەوەی ئەم ڕق و کینەیەی کە لە دەروونیاندا هەیە و دەست دەکەن بە شەرکردن، بگێڕەوە باسی ئازاری جەستەیی و دەروونی ژنەکان و منداڵەکان دەکات، بە دەستەواژەکانی (جنێودان، هاوارکردن، گازلێگرتن، قژڕاکێشان...) ئاماژەیان پێ دەکات و کاریگەری نەرێنی فرەژنی لە دروستبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان ڕوون دەکاتەوە.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا، لە یەکێک لە نموونەکانی تر باسی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی دەکات، کە دیاردەی پیاوسالارییە، بگێڕەوە لە زاری (سەلیم)ەوە باسی دەستەڵاتخوازی و توندوتیژی باوکی سەلیم بەرانبەر بە خێزانەکانی و کچەکەی دەکات، چونکە لەناو خێزانەکەیاندا پیاو لە سەرووی ئافرەتەوە بووە، ئافرەت پلەو پایەکی زۆر کەمی هەبووە و پیاو وەک خاوەن هێز و دەستەڵات و ئافرەتیش وەک موڵکی پیاو وێناکراوە، لەبەرئەوە باوکی سەلیم لە چوارچێوەی خێزانەکەیدا دەستەڵاتێکی ڕەهای هەبووە و هەر بڕیارێک کە خۆی ویستوویەتی بەسەر خێزانەکانیدا سەپاندوویەتی، لەبەرئەوە ژنەکانی و کچەکەی زۆرترین توندوتیژی جەستەیی و دەروونییان بەرانبەر کراوە، چونکە بە پێی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی ناو ماڵی باوکی سەلیم، کە بگێڕەوە لە زاری (سەلیم) بۆمان دەگێڕێتەوە، کە دایکی سەلیم و فاتیمەی خوشکی بۆیان نەبووە بێنە سەر هەمان سفرە و لەگەڵ باوکی و (سەلیم) نان بخۆن، تا باوکیان نانی دەخوارد و دەڕۆیشت، ئینجا ئەوان نانیان خواردووە، بگێڕەوە لە زاری سەلیم باسی ئەم دیاردەیە دەکات و لە لاپەڕەکانی (٢١٤-٢١٥)دا دەڵێت:

**((ئەو ئێوارانەی لەگەڵ باوکمدا پێکەوە نانمان دەخوارد، هەموو جارێک باوکم لێی دەپرسیم، "کوڕم بووی بە پیاو؟"**

**زووزوو خۆم قنج دەکردەوە، بێ ئەوەی بوێرم لێی بڕوانم، لە وەڵامدا دەم وت، "بەڵێ باوکی بەڕێزم"**

**بە خوا ئەوسا جاری واش هەبوو، بە مانگ باوکم سەری بە ژوورەکەی ئێمەدا نەدەکرد، بەبیرم دێت باوکم هەموو جارێک دەی وت، "من تەنیا لەگەڵ پیاودا دەچمە سەر سفرە."**

**ئەوسا پێم وابوو دەبێت من هۆکاری ئەو نەهاتنەی باوکم بوو بێتم، بەردەوام براکانم تانەیان لێ دەدام و دیان وت، "باوکمان دێتە ژوورێک کە پیاوی تێدابێت"))**.

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، لە ڕێێ زەینی سەلیمەوە بۆ کاتی ڕابردوو دەگەڕێتەوە و باسی دیاردەی پیاوسالاری لەناو ماڵی باوکی سەلیم دەکات و پلەنزمی و ژێردەستەیی ئافرەت لەناو ئەم خێزانەدا نیشان دەدات، بەشێوەیەک، کە تەنانەت باوکی سەلیم ئامادە نەبووە، لەسەر هەمان ئەم سفرەیە نان بخوات کە ئافرەتی لێبێت، ئەم دیاردەیە بووەتە هۆی ئەوەی کە باوکی سەلیم بەردەوام توندوتیژی خێزانی و جیاوازی ڕەگەزی لە دەروونی سەلیم و کوڕەکانی تری پەرەپێبدات و جیایان بکاتەوە لە ڕەگەزی بەرانبەر و بە کەمتر لە خۆیان ئافرەت ببینن، چونکە هەمیشە وتوویەتی ئەو تەنیا لەگەڵ پیاودا نان دەخوات و تەنیا دەچێتە ئەو ژوورانەش، کە پیاوی تێدابێت، ئەوەش ئەوەدەگەیەنێت، کە بەهۆی دیاردەی پیاوسالارییەوە باوکی سەلیم نایەکسانی لە نێوان ڕەگەزی کوڕ و کچدا دەکات و ناچێتە سەر ئەو سفرە و ژوورانەی ئافرەتی لێبێت، ئەوەش وا دەکات، فاتیمەی کچی لە هەستی باوکایەتی بێبەش بکات و کوڕەکان وا بیربکەنەوە تەنیا باوکی ئەوانە، کاتێک باوکیان وشەی پیاوبوون بە بوونی ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتییە نا یەکسان و ناهاوسەنگە دەبەستێتەوە هەمان بیرکردنەوە لەلای کوڕەکانیش دروست دەبێت و ئەمەش پەروەردەیەکی خێزانی نادروست بەرهەم دەهێنێت، خێزانیش وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بچووککراوەی کۆمەڵگەیەکە و ئەم نا هاوسەنگییە خێزانییە نا هاوسەنگی لە کۆمەڵگەش دروست دەکات.

بگێڕەوە لە نموونەیەکی تری دیاردەی پیاوسالاری باسی ئەوکاتە دەکات، کە دوای ئەوەی باوکی سەلیم لەگەڵ خێزانی یەکەمی لە شار دەگەڕێنەوە، باوکی سەلیم بە شەڕی نێوان ژنی

دووەم و سێیەمی دەزانێت، بگێڕەوە لە زاری سەلیمەوە باسی کاردانەوەی باوکیان بەرانبەر ئەم ڕووداوە دەکات و کاریگەری نەرێنی دیاردەی پیاوسالاری لە دروستبوونی توندوتیژی خێزانی لە لاپەڕەکانی (٢١٩–٢٢٠–٢٢١) بەم شێوەیە دەخاتەڕوو:

**((هەر وەکوو چۆن پێم وتیت، تاوێک بوو هەموو بێدەنگ بووبووین و چاوەڕوانی باوکمان دەکرد، ئەویش خێرا خێرا مژی قووڵی لە نێرگەلەکەی دەدا و بە تووڕەییەوە لێی دەڕوانین، هەموو ئارەق بە ڕووماندا دەچۆڕایە خوار. لە پڕێکا باوکم ئەم بێدەنگییەی شکاند و نەڕاندی، "لەبەر خاتری خوا و ڕێزم بۆ جەژنی قوربانی پیرۆز، بەخوای گەورە و میهرەبان ئەگەر پیاوبم، نایەڵم بە سەرتانەوە بچێت، "هەستایە سەرپێ و پاش ئەوەی دیسان بە تووڕەییەوە، لە هەمووانی ڕوانی، نەڕاندی بەسەرماندا، "من پیاوم پیاو! دەی لەبەرچاوم ون بن، جانەوەرینە."... 'ئەوەی لەبیرم مابێت، هەر ئەو شەوە باوکم یەک یەک ژنەکانی دارکاری کرد...)).**

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، لە ڕێی زەینی سەلیمەوە و تەکنیکی گەڕانەوە بەکاردەهێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ کاتی ڕابردوو و باسی ڕووداوێکمان بۆ دەکات، کە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەیە و لەم ڕەهەندەشدا باسی دیاردەی پیاوسالاری و کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر خێزان دەخاتەڕوو و ئەم کاتەش، کە بگێڕەوە بۆی دەگەڕێتەوە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەیە، چونکە ئەم کاتە بە بوونی ڕووداوێکەوە پەیوەستە، کە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەیە، بگێڕەوە باسی ئەم ترسە دەروونییەی ئەندامانی ناو بنەماڵەی سەلیم دەکات، کە بەهۆی تووڕەبوونی باوکیان دروستبووە، ڕۆماننووس جگە لە وێناکردنی دیاردەی پیاوسالاری لەناو بنەماڵەی سەلیم، باسی لێکەوتەکانی، ئەم دیاردەیەشی کردووە، کە یەکێک لەم لێکەوتانەش توندوتیژییە.

پیاوسالاری دەسەڵاتی ڕەهای نێرە لە بڕیاردانی خێزانی و هەرکارێک کە خۆی پێی باشە لەناو خێزاندا ئەنجامی بدات. ئەم دیاردەیەش لای باوکی سەلیم دەردەکەوێت، کە بڕوای بە پیاو سالاری هەیە و دەستەواژەی (پیاو) بۆ مەبەستی توندوتیژی و دڵڕەقی و ستەم

بەرانبەر ئافرەت  بەکاردەهێنێت و پێی وایە لەبەرئەوەی پیاوە، دەبێت توندوتیژبێت بەرانبەر خێزانەکانی و تەنانەت کچەکەشی، چونکە چەمکی پیاو لای ئەو واتە نیشاندانی هێزی نێر بەسەر مێدا و هەرکاتێک ژنەکانی لە فەرمانی ئەو دەرچووبن یان کارێکیان کردبێ پێچەوانەی ویست و حەزی ئەو بووبێت،  ئەوا لە ڕووی دەروونی و جەستەیی ئازاری داون و ئەم ئازاردانەشی بە پیاوبوونەوە پەیوەست کردووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە باوکی سەلیم بڕوای بە دیاردەی پیاوسالاری هەیە و لە کاروکردەوەکانی ئەودا ئەم دیاردەیە دەردەکەوێت.

ڕۆماننووس وێنای باوکی (سەلیم)مان بۆ دەکات، وەک کەسێکی بڕوادار، کە بڕوای بە میهرەبانی خودا و نەریتە ئاینییەکان هەیە، جەژنی قوربان، کە بۆنەیەکی ئاینی ئیسلامە و ڕۆژی لێبووردن و ئاشتەواییە و ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام باوکی سەلیم بە پێچەوانەوە ئەم بۆنە ئاینییە بۆ ئامانجێکی تر بەکاردەهێنیت، کە ئەویش سزادان و دارکاری کردنی ژنەکانییەتی،  واتە پێی وایە، ئەگەر دارکاریان نەکات ئەوە خاتری خودا و ڕێزی جەژنی نەگرتووە، لەبەرئەوە لێیان خۆش نابێت و لێبوردەییان بەرانبەر نانوێنێت، ئەمەش ڕەخنەیەکە ڕۆماننووس لە کەسانێکی دەگرێت، کە لە میهرەبانی خودا و بۆنە ئانییەکان تێنەگەیشتوون، چونکە باوکی سەلیم پێی وایە، ئەگەر کەسێک پیاو بێت و خاتری خودای  لابێت و ڕێزی جەژن بگرێت، نابێت لە ژنەکانی خۆش بێت، چونکە لەم باوەڕەدایە، کە خێزانەکانی خاتری خودا و ڕێزی  جەژنیان نەگرتووە و شەڕیان کردووە، بەڵام ئەو بە سزادانی ئەوان خاتری خودا و ڕێزی جەژن دەگرێت و پیاوەتی خۆی لە سزادانی ئەواندا دەبینێت، ئەگەر پیاوبێ دەبێ سزایان بدات، واتە لە هزری باوکی سەلیم  چەمکی پیاو نیشاندانی پیاوەتی پەیڕەوکردنی توندوتیژییە بەرانبەر خێزانەکانی بۆیە هەرکاتێک شتانێکیان کردبێ لە دەرەوەی ویستی ئەو، ئەوە دارکاری کردوون و ئەم دارکاری کردنەشی بۆ دیاردەی پیاسالاری دەگەڕێتەوە، هەروەها بەکارهێنانی دەستەواژەکانی (ئەگەر پیاوبم، من پیاوم پیاو!) لە لایەن باوکی سەلیمەوە  و

دیاردەی پیاوسالار بوونی باوکی سەلیم زیاتر ڕووندەکاتەوە. چونکە ئەم دەستەواژانەی بۆ مەمەبەستی  جیاوازی ڕەگەزی و توندوتیژی خێزانی بەکارهێناوە.

**ج-ڕەهەندی کاتی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)دا**

لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)دا،  بگێڕەوە لە ڕێی دیالۆگی نێوان (مەستوورە) لەگەڵ (گوڵە و مینا)  دیاردەی بەشوودانی کچ لە بری خوێن دەخاتەڕوو، ئەمەش کاتێک مەستوورە لە شاری کەرکوک دەچێتە پێش بارەگای حیزبی بەعس بە مەبەستی ئەوەی بزانێت، کە خدری هاوسەری و کچەکانی بۆ کوێ بردراون و چارەنووسیان بە کوێ گەیشتووە کاتێک دەگاتە پێش بارەگاکە چاوی بە چەندین ئافرەتی دەکەوێت، کە سڕەیان گرتووە بە مەبەستی زانینی چارەنووسی کەسوکاریان، کە لە لایەن حیزبی بەعسەوە بێ سەروشوێن کراون، مەستوورە لەم شوێنەدا (گوڵە و مینا) دەناسێت، کە ئەوانیش بە مەبەستی دۆزینەوەی هاوسەرەکەیان بۆ ئەم شوێنە هاتوون، بگێڕەوە لە زاری (گوڵە)وە لە لاپەڕە (٤٤)دا، دەڵێت:

**((”خۆ خوشکێ گیان ئێمە بە خواستی خۆمان شوومان پێ نەکردبوو، باوکم بە ناچاری دابووینی بە شێخ شەمسەدین. کاتێک حەیدەری برام لەسەر سەرەی ئاو دوو کوڕی شێخ شەمسەدینی کوشت، ئیتر کاتێک خوێنیان خۆشکرد، لە بریی خوێنی دوو کوڕە کوژراوەکە: ئێمەیان پێدان، لەدوای ئەو ڕۆژە حەیدەر سەری خۆی هەڵگرت و هەر نەمان بینییەوە”**

**”بەخوا تاوەکوو ئەو دەمەو بەیانییەی ناو دێ تۆپ باران کراو سەربازەکان بۆ ناو دێ هاتن، ئێمە حاڵمان لە حاڵی سەگ خەراپتربوو. سەربازەکان لەسەر قەڵای شاری کفرییەوە بیست تۆپیان زیاتر بەناو ئاوایی سماقییەوە ناوە، ئیتر مەگەر خوا بۆخۆی بزانێت چەند لە ناڕەحەتیدا بووین!))**.

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، دەگەڕێتەوە بۆ کاتی ڕابردوو و باسی کاتی هاوسەرگیری گوڵە ومینا دەکات، کە هەردووکیان لە بری خوێن دراون بە شێخ شەمسەدین، بەبێ خواستی خۆیان بە مەبەستی ئاشتەوایی لە نێوان ئەم دووبنەماڵەیە. ڕۆماننووس لە ڕێی ئەم نموونەوە ڕەخنە لە دیاردەی بەشوودانی کچ لەبری خوێن دەگرێت و ئەم جیاوازییە

کـۆمەڵایەتییەی، کە کـۆمەڵگە لە نێـوان ڕەگەزی کـوڕ و تـوخمی کـچ دروسـتی کـردووە، دەخـاتەڕوو، کاتێـک کـوڕ تـاوانی کوشـتن دەکـات بنەمـاڵەی بکـوژ بە مەبەسـتی ئاشـتەوایی نێوانیان لەگەڵ بنەماڵەی کوژراو کچ وەک ئامرازێک بەکاردەهێنن و کچێک یان دووان بە پێـی ڕێکەوتنـی هەردوو بنەمـاڵەکە دەدەنە مـاڵی بنەمـاڵەی کـوژراو، ئەمەش بەبـێ خواسـتی کـچەکە و ڕەچـاوکردنی حەزو ویسـتەکانی و وەک کەلـوپەل بـۆ ئاشـتەوایی نێـوان ئەم دوو بنەمـاڵەیە بەکاردەهێنرێـت، زۆرجـار بنەمـاڵەی کـوژراو، دوای ئاشـتەوایش وەکـو بکـوژ هەڵسـوکەوت لەگەڵ ئەم ئافەرەتـانە دەکەن، کە لەبـری خـوێن وەریـان گرتـوون، هەروەک بگێڕەوە لەم نموونەیەدا باسی لێوە دەکات کاتێک براکەی (گوڵە و مینا) دوو کوڕی شێخ شەمسەدین دەکوژن لەبری ئەوەی براکەی (گوڵە و مینا) سزا بدرێت، (گوڵە و مینا) دەبنە قوربانی و باجی تاوانی براکەیان دەدەن، ئەوەش لە کاتیکدا کە لە بری خوێن، بەبێ ویستی خۆیـان شـوو بە پیاوێـک دەکەن، کە تەمەنـی زۆر لەوان گەورەتـرە و دەبـنە قوربـانی ئەم دیـاردە کۆمەڵایەتییە، لەگەڵ ئەم پیـاوە لە بـارێکی دەروونـی ناخۆشـدا دەژیـن، تـا ئەوکـاتەی گوندەکەیان لە لایەن ڕژێمی بەعس تۆپباران دەکرێت و پیاوەکەیان بێ سەروشوێن دەکرێت.

ڕۆماننووس هەر لە ڕۆمانی (خەمی مەستورە)دا، باسی دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتی دەکات، کە مێژوویەکـی دێرینـی لەنـاو کـۆمەڵگەدا هەیە، ئەویـش دیـاردەی جـادووە، مەسـتورە کە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە، بڕوای بەم دیاردەیە هەیە و بەردەوام کێشەکانی خۆیی و دەوروبەری بە دیـاردەی جـادوکردن دەبەسـتێتەوە، هەروەهـا پێـی وایە بەشـێکی زۆری ئەو کێشانەی، کە تووشـی بـووە بەهـۆی جادووەکـانی دایکەیەوەیە. بگێڕەوە لە نموونەیەکی ئەم دیـاردەیەدا لە زاری مەسـتورەوە بـۆ کـاتی ڕابـردوو دەگەڕێـتەوە و باسـی ئەو جـادووە دەکات، کە دایکی مەستوورە لە مەستوورەی کردووە و لە لاپەڕەکانی (٧١-٧٢)دا، دەڵێت:

**((جارێک ئەوەم لێ بیست کە جادووی لێ کردووم و بە نسیبی یەکێک لە پیاوەکانی قاسم ئاغا دەبم! خۆ ئەوە ڕووی دا و بڕایەوە، خۆزگە دایکم تەنیا ئەم کەتنەی پێ بدامایە، ئەوەتانێ بزانە چۆن ئەم بەڵایەم لەکۆڵ نابێتەوە، ئەوە تەمەنێکە، لەو ڕۆژەوە تاوەکوو**

**ئێستا من ڕۆژانە دڵۆپ دڵۆپ خوێنم لەبەر دەڕوات، دایکیشم لە ژیاندا نەماوە تاوەکوو لێی بپرسم ئاخۆ چ جادوویەکی لێ کردووم! دەی قەرزارم بیت، چۆن تووشی ئەم خەمەت کردم!)).**

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، لە زاری مەستوورەوە بۆ کاتی ڕابردوو دەگەڕێتەوە و باسی ئەو کاتە دەکات، کە لە زاری دایکییەوە بیستوویەتی، کە جادووی لێکردووە، کاریگەری ئەم جادووەش بە ئێستای کاتی گێڕانەوە دەبەستێتەوە، واتە بەهۆی تەکنیکی ئاوێتەوە پەیوەندی لە نێوان ئەم دووکاتە دروست کردووە و ئەوەش شیعرییەتی کاتی لەم نموونەیەدا دروست کردووە، مەستوورە بەهۆی ئەو خەمە دەروونییەی، کە بەهۆی ئەم نەخۆشییەوە تووشی بووە لە ڕێی گەڕانەوە بۆ کاتی ڕابردوو باسی ئەو جادووە دەکات، کە دایکی لێی کردووە، کە شوو بە یەکێک لە پیاوەکانی قاسم ئاغا بکات، مەستورە پێی وایە، کە هۆکاری ئەم شووکردنە بۆ جادووەکەی دایکی دەگەڕێتەوە، بەڵام هۆکاری ڕاستەقینەی ئەم ڕووداوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە مەستوورە پێش ئەوەی شوو بە خدر بکات ئاشقی بایز ئاغا دەبێت، کە یەکێکە لە پیاوەکانی قاسم ئاغا، هەروەها لە دوای بێ سەروشوێن بوونی خدر و کچەکانی و بەو هیوایەی بایز ئاغا بتوانێت خدر و کچەکانی بۆ بدۆزێتەوە، شووی پێ دەکات، کەواتە ئەم ڕووداوە هۆکارێکی واقیعی هەیە و مەستوورە خۆی ئەم چارەنووسەی هەڵبژاردووە ،کە شوو بە قاسم ئاغا بکات، بەڵام ئەم کەسانەی بڕوایان بە جادوو هەیە، ئەم دەستەڵاتی بڕیاردانە لە مرۆڤ دەسەننەوە و پێیان وایە، جادوو هێزێکی سەرووی مرۆڤە و دەتوانێت چارەنووسی مرۆڤەکان دیاری بکات و ئەوەش بەکەم سەیرکردنی تواناکانی مرۆڤە و بڕوا نەبوونە بەوەی مرۆڤ بە بیرکردنەوە و کردارەکانی خۆیی دەتوانێت بڕیار لەسەر داهاتووی خۆی بدات، هەروەها بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هۆکاری ئەم بڕوابوون و ڕەشبینییەی مەستوورە بۆ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە دەگەڕێنێتەوە، کە تێیدا پەروەردە بووە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی دایکی مەستورە جادووکەر بووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەکەی لەسەر کەسایەتی مەستوورە دەردەکەوێت، کە ئەو

کێشانەی ڕوودەدەن بۆ جادووکردن بگێڕێتەوە، هەرچەندە  هۆکاری ڕوودانی ئەم کێشانە بە ڕەهەندی (پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووریی، تەندروستی)ەوە پەیوەستن.

مەستورە بەدەست نەخۆشییەکەوە دەناڵێنێت، ئەویش ئەم خوێنەیە، کە بەردەوام لە دامەنی دێت و ئەوەش هۆکارێکی زانستی هەیە، کە زۆرجار ترسی زۆر دەبێتە هۆی تێکچوونی هۆرمۆنەکان و بەم هۆیەوە سووڕی مانگانەی ئافرەت تێکدەچێت، ئەمەش نەخۆشییەکی هۆرمۆنییە و پەیوەندی بە ترس و دڵەڕاوکێ و باری دەروونی ئافرەتەوە هەیە، مەستورەش تووشی ئەم نەخۆشییە بووە ئەوەش بۆ هۆکاری ئەم ترسە زۆرەی دەگەڕێتەوە، کە لە منداڵییەوە لە حەرەس قەومییەکان هەی بوو، دواتریش بەهۆی بێ سەروشوێن بوونی پیاوەکەی و کچەکانی بەردەوام لەناو ترس و دڵەڕاوکێ و خەمۆکێ دەبێت و بەردەوام لە بارێکی دەروونی ناخۆشدا دەژیت، ئەمەش هۆکارە بۆ بەردەوام بوونی نەخۆشییەکەی، بەڵام مەستوورە هۆکارەکەی بۆ جادووەکەی دایکی دەگەڕێنێتەوە، چونکە پێش ئەوەی شوو بە خدر بکات، دایکی جادووی لێی کردووە، تا لە شەوی هاوسەرگیری خوێن ببینێت، چونکە مەستوورە پێشتر پەردەی خۆی بە یەکێک لە پیاوەکانی قاسم ئاغا داوە.

ڕۆماننووس لە هەرسێ ڕۆمانی (نیشتمانی سارا و شەوگەرەکان و خەمی مەستوورە)دا، لە ڕێی جیهانبینی خۆیەوە ڕەخنە لە  چەند دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وەک (جیاوازی ئاینی و چینایەتی، بەزۆر بەشوودانی کچ، فرەژنی، پیاوسالاری،  بڕوابوون بە جادوو،  دیاردەی بەشوودانی کچ لە بری خوێن) دەگرێت، کاتی ڕووداوەکان ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیان هەیە، چونکە ڕۆماننووس ئەم کاتانەی بە گێڕانەوەی ئەم ڕووداوانە پەیوست کردووە، کە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتییان هەیە، ئەم دیاردە و کێشە کۆمەڵایەتییانەشی لە ژیانی واقیعی کۆمەڵگاوە وەرگرتووە، بەڵام هەمان کۆپی واقیع نین و ڕۆماننووس ئەم دیاردانەی تێکەڵ بە خەیاڵ و ڕوانینەکانی خۆی کردووە و پەیامەکانی خۆی لەناو توخمی کاتدا تواندووەتەوە.

ڕۆماننووس ناوەڕۆکی  ئەم نموونانەی لە قالبێکی هونەریدا پێشکەش بە وەرگر کردووە، چونکە لەم نموونانەدا لە ڕێی بگێڕەوە بۆ کاتی ڕابردووی ڕووداوەکان گەڕاوەتەوە و لە

ئێستای کاتی گێڕانەوەدا ئەم ڕووداوانەی خستووەتەڕوو، ئەم یاریکردنەی بەکاتیش وای کردووە، جوانیناسی و شیعرییەتی کات لە بنیاتی واتایی ڕۆمانەکەدا دروست ببێت، هەروەها وێناکرنی ژیانی واقیعی لەناو ڕۆماندا چێژی زیاتری بە خوێنەر بەخشیووە، چونکە وا لە خوێنەر دەکات لە ڕێی زەینەوە بۆ ڕووداوی هاوشێوە بگەڕێتەوە، کە لە ژیانی واقیعیدا هەیە، ئەوەش شیعرییەتی کاتی خوێندنەوە لە لای خوێنەر دروست دەکات.

**تەوەری دووەم: ڕەهەندی کاتی سیاسی**

کات وەک توخمێکی ڕۆمان جگە لە ڕەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی، ڕەهەندێکی تری هەیە، ئەویش ڕەهەندی سیاسییە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕۆمان نزیکترین ژانری ئەدەبییە لە واقیع، کە بتوانێت هەڵگری ڕەهەندە جیاوازەکان بێت بە تایبەت ڕەهەندی سیاسی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی کۆمەڵگەوە هەیە و بەشێک لە بیرکردنەوەی مرۆڤەکان بە سیاسەتەوە پەیوەستە، چونکە سیستەمی سیاسی پەیوەندی بە کار و چالاکییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە هەیە، وەک ڕێگەدان بە کردنەوەی فرنێکی نان و دیاریکردنی تەمەنی گونجاو بۆ دەست پێکردنی خوێندن و پەخشکردنی کەناڵی تەلەفزیۆنی و کردنەوەی گۆڤارێک یان ڕۆژنامەیەک یان سینەمایەک، هەموو ئەوانەی پەیوەندی بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، بەم بازنەوەوە گرێدراون، کە بڕیارە سیاسیەکان بەڕێوەدەبەن، هیچ کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ ناکەوێتە دەرەوەی سیستەمی سیاسی، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە سیاسەت بەرپرسیارە لە هەموو ئەو شتانەی، کە پەیوەندی بە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە هەیە.(1)

ڕۆماننووسیش وەک تاکێکی ناو کۆمەڵگە، لەناو ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتییە و لە قۆناخ و سەردەمێکی سیاسی دیاریکراودا دەژیت و کارتێکراوە بە قۆناخ و سەردەمە سیاسیەکەی، ئینجا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ، هەروەها ئازادە لەوەی کە سەر بە

١بڕوانە: طه وادي: الرواية السياسية، ص٣٧.

چین و ڕەوتێکی سیاسی بێت و هزری سیاسی خۆی لەناو توخمەکانی ڕۆماندا بتوێنێتەوە، بەبێ ئەوەی لایەنی هونەری ڕۆمانەکە فەرامۆش بکات، چونکە شیعرییەتی ڕۆمان بە گواستنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی یان گوازارشت کردن لە هزرێکی سیاسی، وەک ئەوەی لە واقیعدا هەیە دروست نابێت، بەڵکو دارشتنەوەی ئەم ڕەهەندانەیە بە شێوەیەکی جیاوازتر لەوەی لە واقیعدا هەیە.

دارشتنەوەی ئەم واقیعەش  بە ئەزموون و هونەرنواندنی ڕۆماننووس پەیوەستە، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین، ڕەهەندی سیاسی پەیوەستە بە سەرجەم توخمەکانی ڕۆمانەوە، چونکە ڕۆماننووس لە ڕێی ئەم توخمانەوە دەتوانێت گوزارشت لە هزری سیاسی بکات و سەرجەم توخمەکانی ڕۆمانیش پەیوەندییان بەیەکترەوە هەیە و لەیەکتر دانەبڕاون، بۆیە مەبەست لە ڕەهەندی سیاسی کات، کاتی ڕووداوە سیاسییەکان دەگرێتەوە یاخود گوزارشت لە کاتی سیاسی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان دەکات.

**أ-ڕەهەندی کاتی سیاسی لە ڕۆمانی (نیشتمانی سار)دا.**

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا، چەندین ڕووداوی سیاسی و هزری سیاسی بەشێک لە کارەکتەرەکان دەخاتەڕوو، کە بەسەر پارت و ڕێکخراو و کۆمەڵە و لایەنە سیاسییەکان دابەشبوونە، سالار یەکێکە لەم کارەکتەرانەی خاوەنی هزرێکی سیاسییە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی توشی چەندین کێشە و دەربەدەری بێت، یەکێک لەم ڕووداوانەش دوورکەوتنەوەی سالارە لە دایکی و سارای خێزانی کە دووگیانە. کاتێک دەگەڕێتەوە مناڵەکەی لەدایکبووە و دایکی سالار منداڵەکەی ناوناوە ئارۆن، بگێڕەوە ئاماژە بە هەستی ڕەشبینی و باری دەروونیی سارا دەکات، کە بەهۆی سەرقاڵبوونی سالار بە سیاسەتەوە بۆی دروست بووە، واتە کاریگەری ئەو کاتانەی کە ڕەهەندێکی سیاسیان هەیە، لەسەر دەروونی سارا دەخاتەڕوو، کاتێک بگێڕەوە لە ڕێی دیالۆگەوە لە لاپەڕەکانی (٣٠٧-٣٠٨)دا دەڵێت:

**((سالار له سارای ڕوانی، 'سارا گیان تۆ ناوی ئارۆنت بەلاوە چۆنە؟' سارا شانی هەڵتەکاند، لە کاتێکدا لە چاوی سالاری دەڕوانی، ماسولکەکانی دەموچاوی گرژ کرد و فرمێسک بە چاویدا هاتە خوار، 'بەلاتەوە گرنگە هەر ناوێکی لێ نرابێت؟ کە تۆ هاوڕێکانت و سیاسەت لە پێش دایک و ژن و منداڵتەوەن، تاکو یەکێتی قوتابیان بوو، تۆ هەموو ژیانت بۆ تەرخان کردبوو، ئەوە ئێستا وەکو خۆت دەڵێیت ئێمە کۆمەڵەین، من نازانم دایکت ناوی ناوە، بەمن بوایە ناوم لێ دەنا بەدبەخت!')).**

لەم نموونەیەدا بگێڕەوە ئاماژە بە کاتی ڕابردوو و ئێستای سالار دەکات، هەردوو کاتەکە ڕەهەندێکی سیاسییان هەیە، چونکە کاتی ڕابردووی ژیانی سالار بە یەکێتی قوتابیان و کاتی ئێستای ژیانی سالار بە کۆمەڵەوە پەیوەست دەکات، ئەم دوو کاتە جگە لەوەی کە ڕەهەندێکی سیاسییان هەیە، هەروەها ڕەهەندێکی دەروونیشیان هەیە، چونکە بگێڕەوە بۆ دەروونی سارا شۆڕدەبێتەوە و کاریگەری دوورکەوتنەوەی سالار بەهۆی پەیوەست بوونی بە سیاسەتەوە دەخاتەڕوو، بەشێک لەم ڕەشبینی و ترسی سارا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پێشتر بە هۆی سیاسەتی عەرەبە شۆڤێنیستەکان و سەهیۆنییەکان دایک و باوک و براو باپیرەی سارا لە کوردستان بە زۆرەملێ بۆ ئیسرائیل گواستراونەتەوە، کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر دەروونی دروست کردووە، ترسی هەیە، کە هەمان شت بۆ منداڵەکەی دووبارە ببێتەوە لەبەرئەوە وەک بەدبەختێک لە داهاتووی منداڵەکەی دەڕوانێت و پێی وابووە، بەهۆی ئەم سیاسەتەی لە کوردستان و عێراقدا هەبووە، هیچ پاشەڕۆژێک بۆ جوولەکەکان بوونی نییە، لەبەرئەوە هەمان ئەم ڕوانینەی بۆ سیاسەت نییە، کە سالار بڕوای پێیەتی و سیاسەتی خستووەتە پێش دایک و ژن و منداڵەکەیەوە.

ڕۆماننووس لە نموونەیەکی تری ڕەهەندی کاتی سیاسیدا، ئاماژە بە بابەتێکی سیاسی دەکات، ئەویش ڕاونان و دەرکردنی جوولەکەکانە لە زێدی خۆیان، ئەمەش بە پلانێکی سیاسی لە لایەن عەرەبە شۆڤێنیستەکان ئەنجامدراوە، جگە لە پیلانی سیاسی سەهیۆنییەکان ،کە هانی جوولەکەکانیان داوە بەمەبەستێکی سیاسی و بۆ دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل،

ئەمانە هۆکارێک بوون بۆ ئەوەی جوولەکەکان بیر لە نوێکردنەوەی پارتی خەڵتووز بکەنەوە، چونکە ئەم پارتە پێشتر هەبووە و کاری بۆ پاراستنی جوولەکەکان کردووە، بۆیە هاوڕێکانی خایم بە هاوکاری خایم و سوود وەرگرتن لە ئەندامە کۆنەکانی ئەم پارتە، پارتی خەڵتووز دادەمەزرێننەوە بە مەبەستی پاراستنی جوولەکەکان لە پلانی عەرەبە شۆڤێنیستەکان، کە ئامانجیان دەرکردنی جوولەکەکان بوو، لە سەر زێدی خۆیان، هەروەها پیلانی زایۆنیستەکان کە ئامانجیان هاندانی جوولەکەکانیان بوو، بۆ ئەوەی بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل کۆچ بکەن، ئەمەش پیلانێکی سیاسی بوو، بگێڕەوە لە زاری خایم، کە یەکێک بوو لە ئەندامانی پارتی خەڵتووز، باس لەم کاتە دەکات، کە لەناو پارتی خەڵتووز کاریان کردووە و ئامانجیان ئاگاداركردنەوەی کۆمەڵگا بووە، لە پیلانە سیاسییەکان و ئەو پلانانەی عەرەبە شۆڤێنیستەکان لە عێراق دژی کەمایەتییە ئاینی و نەتەوەییەکان دەیان گێڕا، بەڵام خایم و هاوڕێکانی بەهۆی ئەم بیروباوەڕەوە تووشی ئەشکەنجەدان هاتوون بۆیە نوێکردنەوەی ئەم پارتە بە هەڵەیەکی گەورە دەزانێت و لە لاپەڕە (١٩٨)دا دەڵێت:

**((بیرکردنەوە لە نوێکردنەوەی پارتی خەڵتووز هەڵەیەکی گەورە بوو، بە تایبەتی لە کوردستان، لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەدا من و هاوڕێکانم بێجگە لە سەرئێشە و لێدان و بەندکردن هیچی ترمان پێ نەبڕا، گەلێک پارەیشمان لەو پێناوەدا خەرج کرد، بەبێ ئەوەی بتوانین لە ڕێگای پارتی خەڵتووزەوە خزمەتێک پێشکەش بە خەڵکی دانیشتووی کوردستان بکەین، لە شاری سلێمانی بێجگە لە حەمەجان سەلیم، هیچ کەسێکی تر ئامادە نەبوو لە پارتی خەڵتووز ببێت بە ئەندام، سەرکێشیمان بە ژیانی خۆمان دەکرد و بەئاشکراو بەنهێنی بانگەشەمان دەکرد، ویستمان خەڵکی لە پلانگێڕییەکان ئاگاداربکەینەوە...)).**

لەم نموونەیەدا بگێڕەوە باسی کاتێکی سیاسی دەکات، کە بە دەستەواژەی (هەشت ساڵ) ئاماژەی پێکردووە، ئەم کاتەش ڕەهەندێکی سیاسی هەیە، چونکە خایم و هاوڕێکانی لەم ماوەیەدا سەربە

پارتێک بوون، بەناوی پارتی خەڵتووز، کە بیروڕایەکی هاوبەش کۆی کردوونەتەوە و لەناو پـارتی خەڵتـووز بەیەکەوە کاریـان کـردووە، بەڵام بەهـۆی نەبـوونی ئـازادی سیاسـی و بیروباوەڕەکانیانەوە تووشی ئەشکەنجە و زیندانیکردن هاتوون، لەبەرئەوە ڕووداوەکانی ئەم کـاتە سیاسـین و گوزارشـت لەو ئایـدۆلۆژیا جیـاوازەی خـایم و هاوڕێکـانی دەکـات، کە پـێچەوانەی ئایـدۆلۆژیای عەرەبە شۆڤێنیسـتەکان و زایۆنیسـتەکان بـوو، هەروەهـا بەهـۆی جیاوازی ئاینەکەیانەوە ئەم پارتە نەی توانیوە گەشەبکات و بەردەوام بێت، چونکە لەم کاتەدا بەشـێک لە شـێخ و مەلاکـان لەژێـر کـاریگەری دەوڵەتـی عوسـمانیدا بـوون و ئەمەش وای کـردووە، ئایـدۆلۆژیای ئیسـلامی سیاسـی بەسـەریاندا زاڵ بێت و بەهـۆی بەرژەوەنـدیانەوە زیاتر لەژێر بیروبـاوەڕی ئیسـلامی سیاسـیدا بوون، نەوەک بیروبـاوەڕی نەتەوەیی، بۆیە لە ڕووی ئـاینی و سیاسـییەوە نەیـاری جوولەکەکـان بـوون، هەرچەنـدە پـارتی خەڵتـووز ویسـتوویەتی جگە لە جوولەکەکـان کەسـانی نـاو کەمەنەتەوەییەکـان و ئـاینە جیاوازەکـانی تـریش لەم پـارتە کۆببنەوە و هەموویـان بەیەکەوە بەرهەڵسـتی ئەم ئایـدۆلۆژییە سیاسـییەی عەرەبە شۆڤێنیستەکان بکەن، کە پیلانی بۆ لەناوبردنی کەمەنەتەوەیەکانی عێراق داڕشـتبوو، هەروەها بگێڕەوە باسی پارتەکانی تر و کەمەئاینییەکانی تر دەکات، کە دژی پارتی خەڵتووز بـوون و بە بەکرێگـراو و سـیخوڕ توانباریـان کـردوون و پیلانـی دروسـتبوونی دەوڵەتـی ئیسرائیل و ڕێکخستنی کیانی سەهیۆنییەتیان خستووەتە پاڵ پارتی خەڵتووز، بۆیە ئەم پارتە نەیتوانییـوە لە پاراسـتنی سـەروماڵی جوولەکەکـان و کەمەئـاینی و کەمەنەتەوەییەکـان و ئاگـادارکردنەوەی خەڵکـی لە پیلانـی عەرەبە شۆڤێنیسـتەکان سـەرکەوتووبێت، بـۆیە لەم نموونەیەدا کاتی ڕووداوەکان لەڕووی ڕەهەندەوە ڕەهەندێکی سیاسی هەیە، چونکە ئەم کاتە پەیوەست کراوە بە کار و چالاکی سیاسی کارەکتەرەکانەوە و بەهۆی ئەم کار و چالاکییە سیاسیانەوە تووشی کێشە و لیدان و زیندان هاتوون.

**ب-ڕەهەندی کاتی سیاسی لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا**

ڕۆمـاننووس لە ڕۆمـانی (شـەوگەڕەکان)دا، باسـی چەنـدین ڕووداوی سیاسـی وڵاتـی میسـر دەکات، یەکێک لەم ڕووداوانە، دادگایی کردنی کارەکتەری (سـەلیم)ە، بە هۆکاری بوون بە ئەندام لە ڕێکخراوی ئیخوان، بگێڕەوە لە زاری سەلیم بۆ کاتی ڕابردوو دەگەڕێتەوە و باسـی دادگایکردنەکەی سـەلیم دەکات، بەم شێوەیە ڕووداوی دادگایکردنەکە لە لاپەڕەکانی (١٩٠-١٩١) دەخاتەڕوو:

**((پاش ئەوەی چوار ساڵ لە گرتووخانەی سەربازی بووم، ئینجا لێپێچینەوەم لەگەڵدا کرا، بە خوای گەورە هیچ پرسیارێکیان لێ نەکردم، هەموو لێپێچینەوەکەم دوو خولەکی پێ چوو، بێ ئەوەی من بۆم هەبێت هیچ بڵێم، لێپرسـراوێکی سـەربازی پێی وتـم، "تۆ بە دوو تۆمەت تاوانبار کراویت:**

**یەکەم، تۆ ئەندامێکی چالاکی دەستەی تیرۆرستی اخوان المسلمینیت**

**دووەم، لە سـاڵی ١٩٧١ کاتێـک تەمەنـت هەژدە سـاڵ بـووە، نەچوویـت بـۆ سـەربازی، هەڵهاتوویت لە ئەدرەسی نیشتەجێ بوونت، بە تایبەتی لەو ساڵەدا وڵات لە تەنگانەدا بووە، چونکە لەگەڵ ئیسرائیلدا لە جەنگێکی قورسدا بووە"))**.

بگێڕەوە لەم نموویەدا، بۆ کاتی ڕابرووی چەند ڕووداوێک دەگەڕێتەوە، لە ئێستای کاتی گێـڕانەوەدا باسـیان دەکـات، ئەمەش وای کـردووە کە شـیعرییەتی کـات لەنـاوەڕۆکی ئەم نموونەیە دروست بێت، هەروەها لەم کاتی ڕابرووەدا باسی چەند کاتێکی تر دەکات، کە ڕەهەنـدێکی سیاسـییان هەیە، بەم دەسـتەواژانە ئامـاژەی بەم کـاتە سیاسـییانە کـردووە: (چوارساڵ، دووخولەک، ١٩٧١)، ئەم کاتانەی بگێڕەوە بەم دەستەواژانە ئاماژەی پێکردن و کاتی سیاسین، چونکە هەریەک لەم دەستەواژنە بۆ مەبەستی ئاماژەدان بە کاتی ڕووداوێکی سیاسی خراونەتەڕوو، ڕۆماننووس لە ڕێی خستنەڕووی ئەم نموونەوە ڕەخنە لە دەستەڵاتی سـەربازی ئەم وڵاتە دەگرێـت و وەک دەسـتەڵاتێکی سیاسـیی دیکتـاتۆر وێنـای دەکـات، بەوپێیەی بۆماوەی چوار ساڵ (سەلیم) زیندانی دەکەن، ئینجا لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکەن و

له کاتی لێپێچینەوەکەش هیچ دەرفەتێک بە (سەلیم)نادەن، تاکو بەرگری لەم تۆمەتانە بکات، کە ئاڕاستەی دەکرێت و بەبێ پرسیارکردن لێی، یان ڕێگە بدەن هیچ بڵێت لە ماوەی تەنیا (دووخولەک) بە دوو تۆمەت تاوانباری دەکەن، ئەوەش ئەوە دەردەخات، کە دەسەڵاتی سەربازی ئەم وڵاتە پابەندی یاساکانی مافی مرۆڤ نییە.

هەروەها ڕۆماننووس ڕەخنە لە دەستەڵاتی دادوەری ئەم وڵاتە دەگرێت، کە هیچ دەستەڵاتێکی بەسەر دەستەڵاتی سەربازیدا نییە و زیندانیانی سیاسی ئەم وڵاتە لە دادگای سەربازی بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە دادگایی دەکرێن، هەروەها تۆمەتی دووەمی (سەلیم) و تاوانبارکردنی بەم تۆمەتە، هاوشێوەی تۆمەتی یەکەم نادادپەروەری تێدایە، بەو پێیەی هیچ مافێکی پێ نادرێت بۆ بەرگری کردن لە خۆی لەم تۆمەتەی ئاڕاستەی کراوە، ئەو تۆمەتەش نەچوون و هەڵهاتنی (سەلیم)ە، لە خزمەتی سەربازی لە کاتی جەنگی نێوان میسر و ئیسرائیل، ئەم کاتەش ڕەهەندێکی سیاسی هەیە، چونکە بە ڕووداوێکی سیاسیی وڵاتی میسر پەیوەستە.

ڕۆماننووس جگە لە ڕەخنەگرتن لە دەستەڵاتی سەربازی میسر ڕەخنە لە ڕێکخراوی (ئیخوان)یش دەگرێت، بەو پێیەی هۆکاری ئەم ڕووداوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، دوای ئەوەی سەلیم لە بنەماڵەکەی دووردەکەوێتەوە و دەکەوێتە سەرشەقامەکان و بێ نان و ماڵ و شوێن و کەسوکار دەمێنێتەوە، ئەم ڕێکخراوە باری ئابووری و بێکەس و کاری سەلیم بچووکی تەمەنی سەلیم دەقۆزنەوە بۆ مەرامە سیاسییەکانی خۆیان و سوود لەم بۆشاییەی ژیانی سەلیم وەردەگرن، هەروەها ڕۆماننووس ڕەخنە لە باری ئابووری و سیاسی دەستەڵاتی میسریش دەگرێت، لە بەرئەوەی هۆکارن بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی لە دۆخێکی خەراپی ئابووریدا دەژین، لە ناچاریدا ببن بە ئەندام لە ڕێکخراوی ئیخوان، چونکە لە لایەن دەستەڵاتدارانی ئەم وڵاتە تووشی گرتن و سوکایەتی پێکردن دەبنەوە، لە بری هاوکاری و دەستگیرۆیی کردنیان و دۆزینەوەی هەلی کار و شوێنی نیشتەجێبوون بۆیان، ئەوەش یەکێکی ترە لەم هۆکارانەی، کە سەلیم ببێت بە ئەندام لە ڕێکخراوی (ئیخوان موسلیمن) جگە

لەوەی سەلیم ئەوکات، کە دەبێت بە ئەندام لەم ڕێکخراوە تەمەنی تەنیا چواردە ساڵە، ئەوەش تەمەنی هەرزەکارییە و مرۆڤ لەم تەمەنەدا لەژێر کاریگەری هەستەکانیدایە و ناتوانێت بە شێوەیەکی دروست و ژیرانە بڕیار لە داهاتووی خۆی بدات.

ڕۆمانووس لە نموونەیەکی تردا لە ڕێی بگێڕەوە و لە زاری (سەلیم)ەوە، باسی دوو کاتی جیاواز دەکات، کە هەردوو کاتەکە ڕەهەندێکی سیاسیان هەیە و لە لاپەڕەکانی (٢٣١-٢٣٢)دا، دەڵێت:

**((سەلیم بە ساردییەکەوە ئاوڕی لێ دامەوە و وتی'ئەمڕۆ بیستوسێی مانگی حەوتە، ڕۆژی یادکردنەوەی شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٥٢ە، یانی ڕۆژی سەربەخۆیی گەلی میسرە'.**

**'ناوی ئەو ڕۆژەم بیستووە، بەڵام نەمدەزانی ڕێکەوتی ئەمڕۆ دەکات، زیاتر لە ٣٦٠ ڕۆژ لە ساڵێکدا، وەکوو جانەوەر کردەوەمان لەگەڵدا دەکەن، بەڵام بە یەک ڕۆژ لە ساڵێکدا کە ڕۆژی هاتنە سەر دەستەڵاتی خۆیانە، بە یادکردنەوەی ئەو ڕۆژە دوورە، دەیانەوێت ئێستای خۆیان پیرۆز ڕابگرن و بە ناو دڵمان خۆش بکەن، بە خوای گەورە شتێک نییە لە میسردا ناوی سەربەستی بێت، نەک بۆ من، کە زیاتر لە سی ساڵە بەندیان کردووم، بەڵکوو بۆ هەموو ئەو کەسانەیش، کە ئێستا لە جێگەی ئەوسای من، لە کوچە و کۆڵانەکانی قاهیرەدا دەیگوزەرێنن، تەمەننا دەکەم خوای گەورە تۆڵەی ئێمەیان لێ بکاتەوە و ڕیسوایان بکات)).**

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، باسی دوو کاتی سیاسی دەکات، هەردوو کاتەکە بەیەکترەوە پەیوەست دەکات، یەکەمیان کاتێکی ڕابردووە و ڕەهەندێکی سیاسی هەیە، ئەم کاتەش ڕۆژی سەربەخۆیی گەلی میسرە، کە لەم ڕۆژەدا بەهۆی کودەتایەکی سەربازی دەستەڵاتی مەلەکی لە میسردا بە دەستەڵاتی کۆماری گۆڕی، هەروەها ئەم کودەتا سەربازییە بە مەبەستی گۆڕانکاری لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کشتوکاڵ و پیشەسازی و پەروەردە و چەندین بواری تر سەری هەڵدا.

کاتی دووەمیش باسی کاتی ئێستای دەستەڵاتی میسر دەکات، کە ئەویش ڕەهەندێکی سیاسی هەیە، بگێڕەوە ئەم دووکاتە بەیەکترە دەبەستێتەوە و واتە ڕۆژی سەربەخۆیی میسر

بووەتە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک سیاسی دیکتاتۆر دەستەڵات بگرنە دەست، هەرچەندە ئەم کودەتایە بەناوی سەربەخۆیی بۆ گەلی میسر کراوە، بەڵام ڕۆماننووس لە ڕێی بگێڕەوە و لە زاری سەلیم ڕەخنە لە دەستەڵاتی سیاسی میسر دەگرێت و بە کەسانی دووڕوو وێنایان دەکات، بەم پێیەی تەنیا لە کاتی یادکردنەوەی ئەو ڕۆژە دەیانەوێت وا دەری بخەن، کە ئازادی لەم وڵاتەدا هەیە، دواتر بگێڕەوە جارێکی تر بۆ کاتی ڕابردوو دەگەڕێتەوە و ئاماژە بەوە دەکات، کە زیاتر لە (سی ساڵ)ە لە زیندانە و هەروەک چۆن ئەوکات ئازادی لە میسر نەبووە بەهەمان شێوە ئێستاش هیچ ئازادییەک بۆ ئەو کەسانە نییە، کە بە هەمان شێوەی سەلیم خاوەنی هزرێکی سیاسین بواریان پێ نادرێت، لەژێر دەستەڵاتی میسردا ئازادانە پەیڕەوەی ئەم هزرە سیاسییەی خۆیان بکەن، واتە ڕۆماننووس ڕەخنە لە دەسەلاتی سیاسی وڵاتی میسر دەگرێت، کە ئازادی سیاسی ڕێگەپێدراو نییە بۆ کەسانێک کە خاوەنی هزری سیاسی جیاوازن.

**ج- ڕەهەندی کاتی سیاسی لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)دا**

بگێرەوە لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)دا، لە ڕێی (مەستوورە)وە ڕووداوی کوشتنی باوکی بایز ئاغا دەخاتەڕوو، مەستوورەش لە زاری بایز ئاغا ئەم ڕووداوەی بیستووە، بگێڕەوە لەم نموونەیەدا بۆ کاتێکی سیاسی دەگەڕێتەوە، کە کوشتنی باوکی بایز ئاغایە لە لایەن پێشمەرگەوە، لە لاپەڕەکانی (٧٤-٧٥)دا، دەڵێت:

**((ساڵی ١٩٦١ باوکم لە کەرکووک هەڵهات و بوو بە پێشمەرگە. لەگەڵ دایکم و براکانم لە ماڵی باپیرەم بووین، تاوەکوو ساڵی ١٩٦٣ چاومان پێی نەکەوتەوە، مەبەستم ئەوەیە تاوەکوو ئەو ڕۆژەی هەواڵیان بۆ هێناین کە تەرمەکەی لە مەیتخانەی جمهووری بوو. هەر چەندە دایکم نەیهێشت ئێمە لە گەڵی بچینە ژوورەوە، نازانم باش لە بیرم نەماوە... وابزانم باپیرەم بوو کە لە چوونەژوورەوەدا ڕێگای لێ گرتین، تۆ بزانە دەبێ چەند بە زەلیلی کوشتبێتیان، چونکە تاوانی ئەوەیان بۆ دروست کردبوو گوایا لایەنگری حەرەس قەومییەکانە! بەڵام باپیرەم بەردەوام لەبەرخۆیەوە دەیگوت: ´کوڕی من خوێنی پاکە و قەت**

**خیانەت لە مەملەکەتی خۆی ناکات!ʹ لە دوای ئەو ڕۆژەوە، دایکم لە گریان و کڕووزانەوە زیاتر تاوەکوو مرد؛ هیچی ترمان لێ نەبیست. هەمووی ساڵێکی نەبرد دوای کوژرانی باوکم دڵی وەستا و مرد. دەزانیت مەستورە، کاتێک بیستمان کە باوکمان بووە بە پێشمەرگە، ئیتر لەگەڵ براکانمدا شەو و ڕۆژ باسمان دەکرد، هەموو شەوێک خەونم پێوە دەبینی، یانی قەت ڕێکەوتی ئەوەم نەدەکرد، باوکم بە تفەنگەوە ببینم، تاوەکوو ئەمڕۆ چاوی بۆ دەگێڕم)).**

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، بە گەڕانەوە بۆ کاتێکی ڕابردوو و ئاماژە بە کاتێکی سیاسی دەکات، چونکە لەم کاتەدا باسی ڕووداوێکی سیاسی دەکات، کە ڕووداوی کوشتنی باوکی بایز ئاغایە لە لایەن پێشمەرگەکان، باوکی بایز ئاغا دوای ئەوەی دەبێت بە پێشمەرگە و دواتر لە لایەن چەند هاورێیەکی خۆی بوختانی بۆ دەکەن، بە لایەنگری حەرەس قەومییەکان تاوانباری دەکەن، بگێڕەوە ئاماژە بە بەکاتی ئەم ڕووداوە دەکات، کە لە نێوان ساڵەکانی (١٩٦١- ١٩٦٣) دایە، واتە کاتی ڕووداوەکە، کە کاتی کوشتنی باوکی بایز ئاغایە، ئەوەش کاتێکی سیاسییە، چونکە پەیوەستە بە ڕووداوێکی سیاسی و بە تۆمەتی جیاوازی هزری سیاسییەوە ڕووداوەکە ڕووی داوە.

کاریگەری ئەم ڕووداوە لە سەر دەروونی باپیرە و دایکی بایز ئاغا و بایز ئاغا وایکردووە، کە ئەم ڕووداوە ڕەهەندێکی دەروونیشی هەبێت، چونکە بگێڕەوە لە ڕێی ئەم ڕووداوە سیاسییەوە بۆ دیوی ناوەوەی ئەم کارەکتەرانە شۆڕدەبێتەوە و باسی لایەنی دەروونی و هەست و سۆزیان دەکات، بەهۆی ئەم ڕووداوەوە تووشی دۆخێکی دەروونی خەراپ بوون، ڕۆماننووس لەم نموونەیەدا، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەخنە لە کاربەدەستانی سەربازی پێشمەرگەش دەگرێت، کە بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە و بەبێ ڕەچاوکردنی یاساکانی مافی مرۆڤ و دادگایکردنەکی دادپەروەرانە خەڵکیان کوشتووە، چونکە هەروەک لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت، بەهۆی بوختانی هاوڕێکانی باوکی بایز ئاغایان کوشتووە، چونکە هیچ ئاماژەیەک بە بەوە ناکات کە باوکی بایز ئاغا لایەنگری حەرەس قەومییەکان بووبێت و تەنیا ئاماژەی بەوە کردووە، کە لە لایەن هاوڕێکانی بوختانی بۆ کراوە، ئەمەش نادادپەروەرییە، لە

سەر بنەمای بوختان کەسێک تاوانبار بکرێت، بەبێ بوونی بەڵگەیەکی ئاشکرا، کە تاوانەکەی بسەلمێنیت، هەروەها ڕۆماننووس بە وێناکردنی ئەم ڕووداوە هۆکاری بوون بە جاش و ڕق و کینەی بایز ئاغا بەرانبەر پێشمەرگە دەردەخات، چونکە بایز ئاغا پێی وابووە، بە غەدر باوکی لەلایەن پێشمەرگەوە کوژراوە، هەروەها باسی دیاردەی بوختان کردن دەکات لە لایەن هاوڕێکانی باوکی بایز ئاغا، کە بووەتە هۆی ئەوەی بایز بە لایەنگری حەرەس قەومییەکان تاوانباربکرێت ئەوەش یەکێکە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە کاتی ئەم ڕووداوە جگە لە ڕەهەندی سیاسی ڕەهەندی دەروونی و ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیشی هەیە.

ڕۆماننووس لە نموونەیەکی تری ڕەهەندی کاتی سیاسیدا، لە زاری (مەستوورە)دا، لە ڕێی تەکنیکی دواخراو بۆ ڕووداوێکی تر دەگەڕێتەوە و باسی کاتی ئەو ڕووداوە سیاسییانەمان بۆ دەکات، کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعس و بەهۆی سیاسەتی ئەوانەوە دژ بە خەڵکی هەرێمی کوردستان و ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی ڕووی داوە، لەناوچەی (جەلەمۆد) باسی کارەساتی (ئەنفال)دەکات، کە لە لایەن ڕژێمی بەعس دژ بەخەڵکی ئەو ناوچەیە ئەنجامی داوە، کە بووەتە هۆی بێ سەروشوێن کردنی بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی ئەم گوندە، ئەوانەشی کە لەم کارەساتە ڕزگاریان بووە، بەهۆی لە دەستدانی کەس و کاریان و وێرانکردنی گوندەکەیان لە لایەن ڕژێمی (بەعس)ەوە، واتە بەهۆی ئەو ڕووداوە سیاسیانەوە تووشی چەندین کیشەی دەروونی و کۆمەڵایتی و تەندرووستی بوونەتەوە، هەروەها ڕۆماننووس لە باسکردنی ئەو تاوانانەدا، باسی ڕۆڵی ئەو کوردانە دەکات هاوکاری ڕێژێمی بەعسیان کردووە، لەنموونەی ئەم تاوانانەش باسی ڕووداوی سەربڕینی شوانەکان لە لایەن حەرەس قەومییەکان دەکات و لە لاپەڕە (١٨٣)دا، ئەم ڕووداوە بەم شێوەیە دەخاتەڕوو:

**((لەو ساڵەدا لەو گوندانەی ناوشوان و تاوەکو دەگەییەوە دێهاتەکانی قەرەداغ و گەرمیان، لەلایەن پیاوانی میرییەوە، کە پێیان دەوتن "حەرەس قەومی": بەو دەردە بران، سەریان دەبڕین و کەللەسەرەکانیان بۆ مەخفەری پۆلیس یان سەربازگەکان دەبردن، بەو کەللەسەرە، پاداشتیان وەردەگرت. خەڵکی گوندەکان لەو نهێنییەی میری سەریان سوڕمابوو، کە**

**شوانەکانیان بە یاخی و دوژمنی میری دەزانی، یان بۆچی کەللەسەری شوانێک دەبێ میری ئەوەندەی پارە لە پێناودا بدات!)).**

ڕۆماننووس لەم نموونەیەدا، لە ڕێی بگێڕەوە بە دەستەواژەی (لەو ساڵەدا) ئاماژە بە کاتێکی سیاسی دەکات، کە ئەم کاتە بۆ سەردەمی حوکمرانی حیزبی بەعس لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، لەم سەردەمەدا بەشێک لە کوردەکان لەناو خەڵکی هەرێمی کوردستان بە کە (جاش) ناسرابوون، لە ژێر ناوی (حەرەس قەومی) لە ڕووی سیاسییەوە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی حیزبی بەعسیان کردووە، بەشداربوون لەم تاوانانەی، کە ڕژێمی بەعس بەرانبەر خەڵکی هەرێمی کوردستان کردوویەتی، واتە لە ژێر ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی دژی میللەتی خۆیان چەندین تاوانیان ئەنجام داوە، یەکێک لەم تاوانانەی کە بگێڕەوە لەم نموونەدا باسی کردووە، ڕووداوی سەربڕینی شوانەکانە، لە لایەن حەرەس قەومییەکان لە ناوچەکانی ناوشوان و دێهاتەکانی قەرەداغ و گەرمیان، کە لە پێناو دەسکەوتی ماددی و سیاسی دژ بە خەڵکی ئەم ناوچانە ئەنجامیان داوە، ئەمەش بۆ ئەم بڕیارە سیاسییەی ڕژێمی بەعس دەگەڕێتەوە، کە پاداشتی ماددیان بەم حەرەس قەومیانە دەدا، کە کەللەسەری پێشمەرگەیان بۆ دەبردن، ئەمەش وای لە جاشەکان کردبوو، جگە لە پێشمەرگە خەڵکانی تریش، کە هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ پێشمەرگە نەبووە، لە لایەن جاشەکان سەرببڕدرێن و بە کەللە سەرەکەیان پاداشتی ماددی لە ڕژێمی بەعس وەربگرن، ئەمەش وای کردبوو، کە چەندین کەس لە دانیشتووانی ئەم ناوچانە بەبێ ئەوەی پەیوەندیان بە سیاسەتەوە هەبێت، ببنە قوربانی ئەم بڕیارە سیاسییەی رژێمی بەعس، بەهۆی ئەوەی شوانەکان بە مەبەستی لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان لە دەرەوەی گوندەکان و لە ئاوەدانی دوور دەکەوتنەوە، حەرەس قەومییەکان ئەم تاوانەیان زیاتر دژی شوانەکان ئەنجام داوە.

ڕۆماننووس لە هەرسێ ڕۆمانەکەدا، لەم نموونانەی بۆ ڕەهەندی سیاسی بەکاری هێناون، هەندێکیان لە ڕووی کاتەوە جگە لەوەی ڕەهەندێکی سیاسیان هەیە، ڕەهەندێکی دەروونی و کۆمەڵایەتیشیان هەیە، چونکە کاریگەری ڕووداوە سیاسییەکان ڕەنگدانەوەیان لە سەر

دەروونی کارەکتەرەکان و دروستبوونی دیاردە و کێشە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. ڕۆماننووس لە ڕێی خستنەڕووی کاتی سیاسی کارەکتەرەکان و کاتی سیاسی ڕووداوەکان، پەیامی خۆی لەناو توخمی کاتدا تواندووەتەوە و لە ڕێی تەکنیکەکانی کاتەوە و بەشێوەیەکی هونەری، ناوەڕۆکی ئەم نموونانەی پێشکەش بە وەرگر کردووە، چونکە لە هەموو نموونەکاندا تەکنیکی داوخراوی بەکارهێناوە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ناوەرۆکی نموونە سیاسییەکان لەناو هەرسێ ڕۆمانەکەدا شیعرییەتی کات دروست بکەن.

**تەوەری سێیەم: ڕەهەندی کاتی دەروونی**

مەبەست لەم کاتانەیە، کە لەناو ڕۆماندا بە ناوەوە و دەروونی کارەکتەرەکانەوە پەیوەستە، کورتی و درێژی بە دەروونی کارەکتەرەکانەوە بەندە و پێوانەکردنی لە دەرەوەی کاتی ئاساییە، لەبەرئەوە پێوانەکردنی کارێکی ئاسان نییە، بە پێچەوانەی کاتی فیزیکی، کە بە سەعات و ڕۆژ و هەفتە و ساڵ و مانگ پێوانە دەکرێت و بە شێوەیەکی زنجیرەیی و لۆژیکی کاتەکانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو بەدوای یەکتردا دێت، بەڵام لە کاتی دەروونیدا کە زنجیرەییەی کات تێک دەشکێندرێت بۆ ئەمەش سوود لە تەکنیکەکانی (مۆنۆلۆگ، خۆدواندن، خەیاڵ، خەون، بیرهاتنەوە، دیالۆگ) وەردەگیرێت، ئەم جۆرە کاتە بەپێی باری دەروونی کارەکتەرەکان دەگۆڕێت، بۆیە کاتێکی جێگیر نییە و ئەگەر کارەکتەرێک لە بارێکی دەروونی خۆشدا بێت، ئەوا مەودای کاتەکان بۆ ئەو کورت دەبێتەوە و هەست دەکات کات بە خێرایی تێدەپەڕێت، بەڵام بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر کارەکتەرێک لە بارێکی دەروونی ناخۆشدا بێت، ئەوا هەست دەکات، کە مەودای کات بە سستی تێدەپەڕێت و خوولەک و کاتژمێر و ڕۆژ و هەفتە و ساڵەکان لە کاتی ئاسایی درێژتر دەبنەوە، بۆیە لە کاتی دەروونیدا ((سەعاتەکان ناتوانن کاتەکانی ڕۆژانی ئێمە دیاری بکەن، چونکە ئێمە هیچ کاتێکمان نییە، جگە لەم کاتانە

نەبێت کە هەستی پێ دەکەین))[1]، واتە ئەوەی کاتی ئێمە دیاری دەکات کاتی دەرەوە نییە بەڵکو کاتی دەروونییە، بەم پێیەی ڕۆمانیش نزیکترین ژانرە لە ژیانی واقیعی، بۆیە هەمان ئەم کاتە بۆ ناو ڕۆمانیش گواستراوەتەوە بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی ڕۆمانی شەپۆلی هۆش و ئەو ڕۆمانانەی کە ڕەهەندی دەروونییان هەیە.

گرنگی و بایەخی ئەم ڕەهەندە لەوە دەردەکەوێت، کە ڕۆماننووس دەتوانێت بۆ ناوەوەی کارەکتەرەکان شۆڕببێتەوە و کاتی هەڵچوون و کاردانەوەیان بۆ ڕووداوەکان بخاتەڕوو، بەبێ ئەوەی بە کاتی فیزیکی پابەند بێت، بگێڕەوە لە ڕێی زەینی کارەکتەرەکان بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە و لە ئێستای کاتی گێڕانەوەشدا باسی کاتی ڕابردوو دەکات، واتە دەتوانێت لەناو کاتە جیاوازەکاندا هاتووچۆ بکات و پابەندی زنجیرەیی کاتی فیزیکی نەبێت، ئەمەش بە هونەرنواندن و شارەزایی ڕۆماننووس پەیوەستە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی کاتی دەروونی، کە چۆن سوود لەم تەکنیکانە وەردەگرێت و لەناو ڕۆماندا بەکاریان دەهێنێت، هەروەها یەکێکی تر لە گرنگییەکانی ئەم ڕەهەندە ئەوەیە ((خوێنەر دەتوانیت بە ئاسانی خۆی تێکەڵی ئەو کارەکتەرە بکات کە لەبارەی دەیخوێنێتەوە))[2]، ئەوەش سەرنجی وەرگر زیاتر ڕادەکێشێت و وا لە وەرگر دەکات، تێکەڵی هەڵچوون و هەڵویستەکانیان ببێت و خۆی لەناو دەروونی کارەکتەرەکان وێنا بکات، بتوانێت لە هەڵوێست و کاردانەوەکانیان بۆ ڕووداوەکان تێبگات، جگە لەوەی یارمەتی ڕۆماننووسیش دەدات، تاکو لە ڕێی دەروونی کارەکتەرەکانەوە گوزارشت لە دیوی ناوەوەی خۆی بکات، کاتێک وێنای هەست و سۆزی کارەکتەرەکان بەشێوەیەکی نزیک لە واقیع دەخاتەڕوو، بەڵام کاریگەری ئەم ڕەهەندە بە لایەنی ئیستاتیکی و هونەری و دروستکردنی شیعرییەتەوە پەیوەستە، تاکو خوێنەر لە کاتی خوێندنەوە چێژ وەرگرێت و نەبێتە هۆی بێزاری خوێنەر و لە کاتی پرۆسەی خوێندنەوە بتوانێت تەواو

---

[1] أ.أ. مندلاو، الزمن و الرواية، ترجمة: بكر عباس، الطبعة الاولى، دار الصادر للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٩٧، ص ١٤١.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص ١٤١.

تیکەڵی باری دەروونی کارەکتەرەکان ببێت، بۆیە دەبێت بگێڕەوە بە شێوەیەکی ئێستاتیکی و هونەری باری دەروونی کارەکتەرەکان بخاتەروو بە سوود وەرگرتن لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە.

**أ- ڕەهەندی کاتی دەروونی لە ڕۆمانی (نیشتیمانی سارا)دا**

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا، لە ڕێی شۆڕبوونەوە بە دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکان وێنای دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکانمان بۆ دەکات، یەکێک لەم کارەکتەرانەش سارایە، بگێڕەوە لە ڕێی دەروونی ئەوەوە، وێنای دەرونی جوولەکەکانمان بۆ دەکات، کاتێک بە پیلانی عەرەبە شۆڤینیستەکان و سەهیۆنییەکان، کەسانی ناوئیسلامی سیاسی تووشی چەندین ئازاری دەروونی و جەستەیی دەبنەوە و لە زێدی خۆیان دەریان دەکەن و ناچار بە کۆچی زۆرەملێیان دەکەن بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل، بگێڕەوە کاریگەری ئەم دۆخە لە ڕێی شۆڕبوونەوە بە دەروونی ساراوە دەخاتەڕوو، بەسەرهاتەکانی ژیانی ئەومان لە زاری سارا خۆی بۆ دەگێڕێتەوە.

لەدوای ئەوەی بنەماڵەی سارا کۆچی زۆرەملێیان پێ دەکرێ، ژیانی واقیعی بۆ ئەو زۆر سەخت دەبێت و بۆشاییەکی گەورە لە ژیانی ئەودا دروست دەبێت و لەگەڵ ڕوحیەتی مردووەکان دەژیت، کە لە شاری سلێمانیدا نێژراون و لە ڕێگای خەون و خەیاڵەکانییەوە لەگەڵ ئەواندا دەدوێ و بەناو کاتە جیاوازەکاندا هاتوچۆ دەکات، هەروەها ڕۆماننووس بە شێوەیەکی هونەری ئەم پەیوەندییە پتەوەی نێوان شوێن و کارەکتەر نیشان دەدات و ئەوە دەردەخات، کە مرۆڤ چۆن لە ڕێی زەینەوە دەتوانێت بۆ ڕابردوو بگەڕێتەوە، چونکە لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا، بگێڕەوە لە ڕێی زەینی ساراوە بەردەوام بۆ کاتی ڕابردوو و سەردەمی منداڵی و ئەوکاتانەی، کە بۆ ئەو پڕن لە یادەوەری خۆش دەگەڕێتەوە، بگێڕەوە وێنای ئەم دۆخە دەروونییەی سارامان بۆ دەکات و لە لاپەڕە (٢٩٥)دا دەڵێت:

**((لەو کاتەدا سارا بێدەنگ سەرنجی لە ڕەفەکان دەدا، لای شانی ڕاستیەوە دەستێکی هەڵبڕی و پەنجەکانی بەڕووی زبری تەختە کۆنەکاندا هێنا، لە خەیاڵیدا باپیرە خایم لەو جێگایەی ئەودا دانیشتبوو، سەردەمی منداڵی خۆی هاتەوە پێشچاو، کاتێک لە سەر مێزی دوکانەکە بەرامبەر مێزی باپیرەی دادەنیشت، بەتایبەتی دیمەنی ئەو ڕۆژەی تازە چووبووە قوتابخانە و ساڵی یەکەمی خوێندنی بوو، عەزییەکی هاوشێوەی ئێستای لەبەردا بوو، قاچە ڕووتەکانی دەرخستبوون و لەبەرخۆیەوە گۆرانی دەچڕی، زوو زوو حاجی حمەساڵح و شێخ قادر لەو خەیاڵەی دایان دەبڕی، لەو کاتەدا حەکیمی باوکیی بینی، خۆی کرد بە ژووردا و هاتە ناو دوکانەکە، کاتێک باوکی گەیشت باپیرە خایم دەستی سارای گرت و لە دوکانەکە چوونە دەرەوە...)).**

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، لە ڕێی بینینی شوێن و کەلوپەلی ناو شوێنەوە بۆ کاتی ڕابردوو دەگەڕێتەوە و باری دەروونی کارەکتەرمان لە ژێر کاریگەری ڕووداوەکان بۆ دەخاتەڕوو، ئەمەش بۆ ئەم پەیوەندییە پتەوەی نێوان شوێن و کات دەگەڕێتەوە، سارا بە بینینی شوێنی (باپیرە خایم) بۆ کاتی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، چونکە یەکێک لەو ئامرازانەی دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ لە کاتی بوونی واقیعێکی ناخۆش لە ژیاندا، پەنای بۆ ببات، گەڕانەوەیە بۆ کاتی ڕابردوو، بۆ ئەوەی دووربکەوێتەوە لەم واقیعەی ئێستا و بگەڕێتەوە بۆ کاتێکی تر، کە پڕە لە یادەوەری خۆش، ساراش لە داوای دوورکەوتنەوەی لە بنەماڵەکەی و بە بینینی ئەم شوێنانەی، کە بۆ ئەو پڕن لە یادەوەری خۆش، لە ڕێی زەینەوە بۆ سەردەمی منداڵی دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو کاتانەی بنەماڵەکەی لە سلێمانین و کۆچی زۆرەملێیان بۆ ئیسرائیل نەکردووە، سارا دەچێت بۆ دوکانەکەی باپیرە خایم و لەوێ دەکەوێتەوە بیری سەردەمی منداڵی و ئەوکاتەی باپیرە خایم لەوێ دەبێت و هەمان دیمەنەکانی ڕابردووی ژیانی لەوێدا دێتەوەوە بەرچاو، بگێڕەوە وێنای دەروونی ئەومان لەکاتی ڕابردوو بۆ دەکات، کە هەستێکی خۆشی هەبووە و گۆرانی چڕیووە و لەگەڵ باپیرە خایم بووە.

ڕۆماننووس لە ڕێی ئەم نموونەوە باسی هەستی دوورکەوتنەوەی مرۆڤمان بۆ دەکات لە خۆشەویستانی و کاریگەری نەڕێنی ئەم هەستەمان بۆ دەخاتەڕوو، کە وا لە مرۆڤ دەکات لە کاتی ئێستای ژیانی دابپڕێت و لە ڕێگەی خەیاڵەکانیەوە لەگەڵ ئەم ڕابردووە، بژیت کە هەیەتی و ئەم هەستەش هەستی تەنیا سارا نییە و هەستی تەواوی ئەم جوولەکانەیە، کە بەهۆی سیاسەتی سەهیۆنییەکان و عەرەبە شۆڤێنیستەکان و کەسانی ناو ئیسلامی سیاسی، کە کاریان بۆ وەدەرنانی جوولەکەکان لەسەر زیدی خۆیان کردووە، ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی سارا و هاوشێوەکانی تەنیا لە ڕێی گەڕانەوە بۆ کاتی ڕابردوویان لە ڕووی دەروونییەوە هەست بە خۆشی بکەن.

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، لە ڕووی تەکنیکی کاتەوە بەرەو ڕابردوو گەڕاوەتەوە و ئێستای کاتی گێڕانەوەی ڕاگرتووە، ئەمەش وای کردووە، ناهاوسەنگی لە نێوان کاتی چیرۆک و کاتی گێڕانەوە دروست بێت و کاتی گێڕانەوە کورتتر بێت بە بەراورد بە کاتی چیرۆک ئەمەش شیعرییەتی کاتی بە ناوەڕۆکی ئەم نموونەیە داوە.

ڕۆماننووس لە نموونەیەکی تری ڕەهەندی دەروونی لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا، لە لاپەڕەکانی (٣٦٢-٣٦٣)دا لە ڕێی خەیاڵی (سارا)وە، بۆ ڕووداوێکی ڕابردوو دەگەڕێتەوە و لە شێوەی یادەوەری دەیخاتەڕوو:

**((پاشان خەیاڵم دەڕوات بۆ ئەو ڕۆژانەی منداڵ بووم و لەگەڵ دایکم پێکەوە لە گەرەکی سەر شەقامەوە بۆ گەرەکی جوولەکان دەگەڕاینەوە، لەبیرم دێت، هەموو جاریک لە لایەن منداڵانی ئەو گەرەکەوە بەردباران دەکراین بۆ پاراستنی من لە بەردەکان دایکم لە باوەشی دەگرتم و دەینام بە سینگیەوە، ''لەبیرم نایەت من بەردێکم بەرکەوتبێت، ئەوسا دایکم لە منی دەشاردەوە و پێی نەدەوتم لە چەند لاوە سەری شکابوو یان جێگای بەردەکان کوێیان شین و مۆر کردبووەوە، بەڵام کاتێک دەگەیشتنە ماڵەوە، دا دەنیشتین و بێدەنگ و کز لەبەرخۆیەوە دەگریا و نزای لێ دەکردن. دوای ئەو ڕووداوانە لە دایکمم دەپرسی، 'دایکە، بۆچی ئەو منداڵانە دوای ئێمە دەکەون و بەردبارانمان دەکەن؟' ئەو لە وەڵامدا دەیوت،**

**"ئەوانە منداڵی هەرچی و پەرچین و هەر ڕێبوارێک لەوێوە بڕوات یەخەی پێ دەگرن و بەردبارانی دەکەن"».**

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، لە ڕێی خەیاڵ و یادەوەری ساراوە بەرەو ڕووداوێکی ڕابردوو دەگەڕێتەوە و لە ئێستای گێڕانەوەدا باسی دەکات، ئەم کاتەش کاتێکی دەروونییە، چونکە بگێڕەوە ئێستای کاتی گێڕانەوەی ڕاگرتووە و بۆ کاتی ڕابردوو گەڕاوەتەوە، ئەمەش پێچەوانەی کاتی فیزیکییە، کە کات بە شێوەیەکی زنجیرەیی و کاتەکانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو بەدوای یەکتردا دێن، بەڵام بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، ئەم بەدوای یەکتردا هاتنەی کاتی تێک شکاندووە ئەمەش شیعرییەتی زیاتری بە گێڕانەوەکە داوە.

بگێڕەوە لە ڕێی ئەم نموونەوە وێنەی دەرەوە و ناوەوەی دایکی سارامان بۆ دەکێشێت، ڕۆماننووس ویستوویەتی ئەوەمان بۆ دەربخات، کە چۆن وێنەکانی دەرەوە بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەری کردووەتە سەر دەروونی دایکی سارا، لەدوای ئەوەی بەردەکانی بەردەکەوێت لە ماڵەوە بێدەنگ دەگری و توکیان لێ دەکات، هەروەها وێنای هەست و سۆزی دایکی سارامان بۆ دەکات، ئەم هەست و سۆزەی دایکایەتی وایکردووە لە کاتی بەردبارانکردنەکاندا دایکی سارا، سارا بنێ بە سینگی خۆیەوە و ڕێگە نەدات بەردەکان بەر سارا بکەون، دواتریش لە سارای دەشارێتەوە، کە لە چەند لاوە سەری شکاوە، چەند شوێنی بە بەردەکان شین و مۆر بووە، تاکو سارا بەهۆی ئەم بەردانەی کە بەر دایکی کەوتوون خەم نەخوات، واتە بگێڕەوە بۆ دیوی ناوەوەی دایکی (سارا)ش شۆڕدەبێتەوە و وێنەی دەروونی ئەومان بۆ دەکێشێت.

ڕۆماننووس دایک وەک ڕەمزی خۆنەویستی و پارێزەر بۆ منداڵەکانی وێنا دەکات، ئەوەش کاریگەری لەسەر دەروونی خوێنەر دروست دەکات، چونکە دایک وەک ڕەمزی سۆز و خۆشەویستی لە دەروونی وەرگریشدا چەسپاوە، لەبەرئەوە وا لە وەرگر دەکات، لە ڕێی زەینەوە بۆ وێنەی هاوشێوەی ئەم وێناکردنە بگەڕێتەوە و بەم وێناکردنەی بگێڕەوە کارتێکراو بێت، ئەمەش شیعرییەت لە لای وەرگر دروست دەکات.

بگێڕەوە بەهۆی پیشاندانی ئەم وێنە دەروونییە ناڕاستەوخۆ ڕەخنە لە پەروەردەی خێزانی دەگریت و منالەکان بە منالی هەرچی و پەرچی ناودەبات، چونکە مندال ڕەنگدانەوەی ئەو خێزانەیە، کە لێی پەروەردە دەبێت و جگە لەوەی باروودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دەروون و پەروەردەی مندالانیش هەیە، ئەم ڕۆمانە پەیوەستە بە قۆناغێکی مێژوویی، کە تێیدا کوردستان بە چەندین ڕووداوی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی ناهەمواردا تەنراوە و کاریگەری ئەم قۆناغە مێژووییە و نەبوونی پەروەردەیەکی دروست لە لایەن خێزانەوە وایکردووە مندالەکان وەک ڕێگر دەربکەون و هەر ڕێبوارێک لەوێوە بڕوات یەخەی پێ بگرن و بەردبارانی بکەن و ببنە مایەی دروستکردنی باروۆخیکی دەروونی ناخۆش بۆ ئەو کەسانەی لەوێوە تێدەپەڕن.

**ب-ڕەهەندی کاتی دەروونی لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا**

بگێڕەوە لە ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)دا، لە لاپەڕەکانی (١٩٢-١٩٣)دا، لە ڕێی دیالۆگەوە ئاماژە بە کاتی دەروونی کۆمەڵێک زیندانی دەکات، کە لە زەینی ئەواندا کات بە پێوەری کاتی فیزیکی ناپێورێت، ئەمەش کاتێک مارتن و سەلیم لەناو بەندیخانەوە بۆ ئەو زیندانییانە دەڕوانن، کە لە گۆڕەپانی زیندانەوە بەردەوام نێرگلە دەکێشن، بگێڕەوە دەڵێت:

**((سەلیم دەستی ڕووەو گۆڕەپانەکە ڕاکێشا و وتی، ' ئەو زیندانییانە دەبینیت؟ ئەوانە یان زیینداني هەتاهەتایین، یان بە مردن سزا دراون، شەو دەخەون و بە ڕۆژیش لەبەر ئەو خۆرە گەرمە نێرگەلە دەکێشن. '**

**'بۆچی یەکتری نادوێنن، بۆیان نییە یان...!'**

**'نەخێر، نەخێر، ''قومی لێ بدە و خۆت هەڵبدە ڕابردووتەوە.'' ئەوە حیکمەتی ئەو دانیشتنەیە.'**

**بە سەرسووڕمانێکەوە لە سەلیمم ڕوانی و پرسیم، 'تێناگەم!'**

**'ژیان بۆ ئەوان، کۆتایی پێ هاتووە، هیچ ڕووناکی و ئاسۆیەک لە پێشیان نەماوە، تاوەکوو بۆی بژین، بە پێچەوانەی مرۆڤی سەربەستەوە، دەژی بە هیوای بەردەوام بوون و گەیشتن**

**به هیواکانی و داهاتوویەکی باشتر و زۆر شتی تریش بەڵام ئەو زیندانییانە بۆ گەیشتن بەوئازادییە و وەک مرۆڤ، سەرلەنوێ بەرکەوتنەوەیان، لەگەڵ ژیاندا، تەنیا گەڕانەوەیانە بە خەیاڵ بۆ ڕابردوویان، ئێستا ئەوان خوازیارن ڕۆحیان لە ئێستایان، دابڕن)).**

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، ئاماژە بەکاتی دەروونی کۆمەڵێک زیندانی دەکات، کە زیندانی هەتاهەتاین یان بەمردن سزادراون، بۆ ئەوان کاتی فیزیکی کۆتایی هاتووە، کاتی واقیعی مرۆڤ ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی هەیە، بەڵام ئەوان لە ڕێگەی یادەوەرییەوە تەنیا بۆ کاتی ڕابردوو دەگەڕێنەوە، ئەوەش بۆ ئەو ڕەشبینییە دەروونییە دەگەڕێتەوە، کە لە زیندان تووشی بوون و هیچ هیوایەکیان بۆ ژیان نەماوە، لەبەرئەوە ئەم زنجیرە زەمەنییەی کە لە واقیعدا لە کاتی ڕابردووەوە درێژ دەبێتەوە بۆ کاتی ئێستا و بەرەو داهاتوو دەچێت بۆ ئەوان کۆتایی هاتووە. بگێڕەوە لە ڕێی ئەم نموونەوە ئەوە دەخاتەڕوو، کە ژیان و مردن تەنیا بە لایەنی فیزییکییەوە پەیوەست نییە، بەڵکو دەکرێ مرۆڤ لە ڕووی فیزیکییەوە بژیت، بەڵام لە دنیای ناوەوە مردبێت و بەرلەوەی کاتی فیزیکی بۆ ئەو کۆتایی هاتبێت، واتە مرۆڤ ئەوکاتە لە ڕووی دەروونییەوە دەمرێت، کە هیچ خەون و خەیاڵ و هیواو ئامانجێکی بۆ داهاتوو نییە، هەروەها لەم نموونەیەدا، بگێڕەوە گرنگی کاتی ڕابردوو دەخاتەڕوو و وەک کاتێکی بەسەرنەچوو ئاماژەی پێ دەکات و چونکە کاتی دەروونی بە پێچەوانەی کاتی فیزیکی ڕابردوو بەسەرناچێت و لەناو کاتی ئیستادا بەردەوامی هەیە و مرۆڤ لە ڕێی یادەوەریی و هۆشیارییەوە بۆ کاتی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بەڵام لەم نموونەیەدا، بگێڕەوە باسی ئەوە دەکات کە زیندانییەکان شەوان دەخەون و بەڕۆژیش لەبەر تیشکی گەرمی خۆر نێرگلە دەکێشن و یەکتریش نادوێنن، واتە بگێڕەوە دیوی ناوەوەی زیندانییەکان وەکو کەسانێکی ڕەشبین و گۆشەگیر وێنا دەکات، هیچ هەستێکیان بۆ ژیان نەماوە و لەدوای هەر قومێکی نێرگەلەوە دەگەڕێنەوە بۆ یادەوەرییەکی خۆیان و هەر هێندەی قومێکی نێرگلە بە کاتی ئێستای ژیانەوە پەیوەستن.

ڕۆمـاننوس لە نمـوونەیەکی تـری ڕەهەنـدی کـاتی دەروونـی لە ڕۆمـانی (شـەوگەڕەکان)دا، لە زاری (کارل)ەوە بۆ کاتێکی ڕابردوو دەگەڕێتەوە و باسـی ڕووداوی گەڕانەوەی (کارل) بۆ گەڕەکەکەی خۆیان دەکات و لە لاپەڕە (٣٤٣)دا، دەڵێت:

**((تاوێک بوو لە سەر بۆ خوار لە باڵای گەڕەکم دەڕوانی، دەیـان وێنەی سـەردەمی منداڵیم بەخێرایی بە پێش چاومدا تێدەپەڕین، دەتوانم بڵێم، لە چەند هەناسـەیەکدا شـێوەی پیتەری برام و هەموو منداڵانی ئەوسای گەڕەکم هاتنەوە پێشچاو، هەنگاوەکانم هەڵهێنانەوە و وەکوو جاران بە ڕاکردن خۆم گەیاندە دەرگای ماڵەکە، کە هەمان ڕەنگ و ڕواڵەتی جارانی هەبوو، کاتێک دەستم بەری کەوت، دەرگاکە کەوتە سەر پشت، باوەڕ بکە مارتن، بەبێ هیچ گومان و شەرمێک لەوەی سی ساڵە بێ ماڵئاوایی بەجێم هێشتووە، خۆم کرد بە ژووردا، وەکو ئەوەی چەند کاتژمێرێک بووبێت، ئەو ماڵەم بەجێ هێشتبێت...)).**

بگێـڕەوە لەم نمـوونەیەدا، باسـی ئەو کـاتە دەکـات، کە کـارل دوای (سـی سـاڵ) بـۆ ئەو گەڕەکەی دەگەڕێتەوە، کە لەسـەردەمی منداڵی تێیدا ژیـاوە، ئەمەش دەبێتە هـۆی ئەوەی لە ڕێی زەینەوە بۆ یادەوەرییەکانی سـەردەمی منداڵی بگەڕێتەوە، بە پێی کاتی فیزیکی کارل سی ساڵە لە گەڕەکەکەی خـۆی دوورکەوتـووەتەوە، بەڵام کـارڵ هەسـت بە درێژی ئەم کاتە ناکـات و هەسـت دەکـات، تەنیـا چەنـد کـاتژمێرێکە لە گەڕەکەکەی دوورکەوتـووەتەوە، لەبەرئەوەی لە ڕێی زەینەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەو کاتەی، کە لەوێدا ژیاوە و ئەم سـی ساڵە لە دەروونی (کارل)دا، وەک ئەوەیە چەند کاتژمێرێک بێت، ئەمەش کاتێکی دەروونییە و بە دەروونی (کارل)ەوە پەیوەستە.

کـارل بەهـۆی ئەو بیرەوەریـانەی لەم شـوێنەدا هەیەتـی، بـۆ کـاتی ڕابـردوو دەگەڕێتەوە و هەسـت دەکـات لە سـەردەمی منـداڵی دایە، بـۆیە لە دەروونـی کـارل دا مەودای کـاتی دوورکەوتنەوەی ئەو لە گەڕەکەکەی هەمـان ئەو مەودایە نییە کە لەواقیعدا هەیە، هەروەهـا ڕۆماننووس لە ڕێی ئەم نموونەوە ئەو پەیوەندییە گرنگە دەردەخـات، کە لە نێوان شـوێن و بیرەوەریدا هەیە، چـونکە بیرەوەرییەکـانی مـرۆڤ لەنـاو شـوێندا دروسـت دەبـن، (کـارل)یش

لەبەئەوەی لەم شوێنەدا لە دایکبووە و لە سەردەمی منداڵیدا لەوێدا ژیاوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کۆمەڵێ بیرەوەری و یادگاری بۆ دروست ببێت، کاتێک دووبارە دەگەڕێتەوە ئەم شوێنە و بەهۆی بینی شوێنەکە، لە ڕێی زەینەوە  بۆ هەمان ئەوکاتە دەگەڕێتەوە، کە ئەو بیرەوەریانەی تێدا دروست بووە، لەبەرئەوەی کارل لە ڕێی زەینەوە بۆ هەمان کات و سەردەم گەڕاوەتەوە، بۆیە هەست بەم مەودا درێژەی کاتی فیزیکی ناکات.

**ج- ڕەهەندی کاتی دەروونی لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)دا**

بگێڕەوە لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)دا، لە زاری (مەستوورە)ەوە، بەهۆی تەکنیکی خۆدواندان لە زەینی (مەستوورە)دا، باسی کاتێکی دەروونی دەکات، ئەمەش کاتێک مەستوورە لە ڕێی زەینەوە بۆ سەردەمی منداڵی دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی پیاوەکانی قاسم ئاغا بۆ ناو ئاوایی (جەلەمۆرد) هاتوون، بە هۆڕینی ئوتۆمبێلەکانیان و فیشەک تەقاندن خەڵکی ئاوایی (جەلەمۆرد)یان ترساندووە،  لە هاتنی خۆیان ئاگاداریان کردوونەتەوە، ئەم ڕووداوە کاریگەری نەرێنی لەسەر دەروونی  مەستوورە دروستکردووە و بووەتە هۆی ئەوەی مەستوورە نەتوانێت ئەم ترسەی کاتی منداڵی لەبیر بکات، بگێڕەوە لە لاپەڕە (٦١)دا کاریگەری ئەم ڕووداوە لەسەر دەروونی مەستوورە بەم شێوەیە دەخاتەڕوو:

**((مەستوورە هێشتا خەیاڵی لە ئاوایی جەلەمۆرد بوو. لە جامێکی باغەدا نانی بۆ کتە خووساند. وەکوو قسە لەگەڵ یەکێک بکات: "لەدوای ئەو ڕۆژەوە ئیتر دەردەسەری و خەم و خەفەت دەستی پێ کرد. خۆ ئەم ڕووداوانە چەند ساڵ پێش ئەمڕۆ بوون بەڵام زۆرجار هەست دەکەم دوێنێ بووە. بە گوێرەی هەندێک خەونم بێت، سەردەمی منداڵیم ڕوویان داوە، ئیتر ئاوا پێیانەوە سەرقاڵم و تەواو ماندوویان کردووم. ئەوە ساڵانێکە من عەقڵ و هۆشم لەسەردا نەماوە، لە بیرکردنەوە لەو دەردەسەریانە زیاتر"))**.

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، لە ڕێی کات و شوێنەوە باسی بارودۆخی دەروونی مەستوورەمان بۆ دەکات، ئەویش بەهۆی نیشاندانی کاریگەری کاتی ئەم ڕووداوانەی لە دێی جەلەمۆردەوە ڕوویان داوە، ڕۆماننووس لە ڕێی بگێڕەوە و بەکارهێنانی تەکنیکەکانی (خۆدواندن و خەون،

بیرهاتنەوە) بۆ کاتێکی ڕابردوو گەڕاوەتەوە و باسی دیوی ناوەوەی مەستوورەمان بۆ دەکات، ئەم کاتەش کاتێکی دەروونییە، بە پێوەری کاتی فیزیکی پێوانە ناکرێت، چونکە ئەم کاتە بە ناخی (مەستوورە)وە پەیوەستە، مەستوورە بەهۆی ئەم ڕووداوانەوە لە بارێکی دەروونی ناخۆش دایە، سالآنێک دوای ئەم ڕووداوانەش بیر لەم ڕووداوانەی سەردەمی منداڵی دەکاتەوە، ئەمەش وای کردووە، کاتی ئەم ڕووداوانە لە دەروونی مەستوورە زۆر درێژتربن لە کاتی واقیعی ڕووداوەکان، واتە مەودای کاتی ئەم ڕووداوانە لە دەروونی مەستووره بە سستی تێدەپەڕێت و ساڵەکان لە کاتی ئاسایی درێژتر بوونەتەوە، هەروەک بگێڕەوە ئاماژە بە کاتی فیزیکی چیرۆکەکە دەکات، کە چەندین ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوانە تێپەڕیووە، بەڵام کاتی ئەم ڕووداوانە لە دەروونی مەستوورەدا وەک ئەوەیە دوێنێ بێت.

ڕۆماننووس لە نموونەیەکی تری ڕەهەندی کاتی دەروونی لە ڕێی بگێڕەوەوە باسی باری دەروونی (مەجیدە شەل)مان بۆ دەکات و لە لاپەڕە (١٩٨)دا، دەڵێت:

**((کاتێک مەستوورە لە مەجیدە شەل دەپرسێت: " کاک مەجید، ژن و ماڵ و منداڵت نییە؟" مەجیدە شەل لە وەڵامدا دەڵێت: "هەمبوو، ناشوکری خودا نەبیت ئاوا ئێستا پیر بووم و خۆم بە تەنیا بۆ خەم و دەردەسەری ماومەتەوە. ئەوە بیستوشەش ساڵ بەسەر ئەو لێقەومانەدا تێپەڕ دەبێ و من هەر وا دەزانم ئەمڕۆیە، کە دوای ئەم هەموو ساڵە گێڕانەوەی هێشتا گرانە! ")).**

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، لە زاری (مەجیدە شەل) باسی دەروونی ئەو کارەکتەرەمان بۆ دەکات، کە بەهۆی ڕووداوی لەدەستدانی خێزانەکەی تووشی دۆخێکی دەروونی خەراپ بووە، ئەمەش وایکردووە، کاتی ئەم ڕووداوەی بەسەری داهاتووە لە کاتی واقیعی ڕووداوەکە زۆر درێژتر ببێتەوە و ئەگەرچی ڕووداوەکە (بیست و شەش) ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، بەڵام ئەم کاتە ناخۆشە لە دەروونی مەجیدە شەڵ بە شێوەیەک درێژبووەتەوە وا دەزانێت ئەم ڕووداوە دوێنێ ڕووی داوە، ئەوەش کاتێکی دەروونییە، چونکە ئەم ڕووداوە کۆتایی هاتووە و لە ڕابردوو ڕووی داوە، بەڵام لە دەروونی مەجیدە شەل ئەم کاتی

ڕابـردووە لە کـاتی ئێسـتای ئەودا بـوونی هەیە و هێشـتا کـاتی ڕووداوەکە بـۆ ئەو کۆتـایی نەهاتووە، چونکە بگێڕەوە بە دەستەواژەی (ئەمڕۆ) لە دەروونی مەجیدە شەل ئاماژە بە کاتی ئەم ڕووداوە دەکات. واتە کاتی ڕووداو لە دەروونی مەجیدە شـەل زۆر درێژتـرە بە بەراورد بە کاتی ئاسایی ڕووداوەکە لەبەرئەوەی کاتی دەروونی بە دەروونی کارەکتەرەوە پەیوەستە و بە کاتی واقیعی پێوانە ناکرێت.

ڕۆمـاننووس لە هەرسـێ ڕۆمـانەکەدا، لە ڕێی بگێـڕەوەوە بۆ دیـوی نـاوەوەی کارەکتەرەکـان شـــۆڕبووەتەوە و بـــاری دەروونـــی کارەکتەرەکـــانی لەژێـــر کـــاریگەری ڕووداوەکانـــدا، خســـتووەتەڕوو، بـاری دەروونـــی کارەکتەرەکانیشـــی  بە دۆخـــی سیاســـی و ئـــابووری و کۆمەڵایەتیەوە پەیوەست کردووە. ناوەڕۆکی ئەم نموونانەی بەشێوەیەکی هونەری و لە ڕێی تەکنیکەکـانی ((خۆدوانـدن، خەیـاڵ، خەون، بیرهـاتنەوە،)) پێشـکەش کـردووە، ئەمەش وای کردووە ناوەڕۆکی ئەم نموونانە لە قاڵبێکی هونەریدا دەربکەون، هەروەها ڕۆمـاننووس کـاتی دەروونی بە شوێنەوە پەیوەست کردووە، چـونکە شـوێنی ڕووداوەکـان بووەتە هـۆی ئەوەی بگێـڕەوە بـۆ کـاتی ڕابـردووی ڕووداوەکـان  بگەڕێـتەوە، ئەم گەڕانەوەش بـووەتە هـۆی تێکشکاندنی کات و شیعرییەتی کاتی لەناو ڕۆمانەکەدا دروست کردووە.

## ئەنجام

١-شیعرییەتی ڕۆمان تەنیا لە بەزاندنی زمانی باو و لایەنی زمانەوانی کورت نابێتەوە، بەڵکو شیعرییەتی ڕۆمان پەیوەندی بە چۆنییەتی چنین و ڕێکخستنی توخم و تەکنیکەکانی ڕۆمان و ڕەهەندە جیاوازەکانی ڕۆمانەوە هەیە، هەروەها بۆ چۆنییەتی مامەڵەی ڕۆماننووس لەگەڵ توخم و تەکنیکەکانی ڕۆمان دەگەڕێتەوە، شیعرییەتی ڕۆمان بەهۆی ئەو وێنایانەی، کە ڕۆماننووس لەناو ڕۆماندا دروستیان دەکات، زیاتر دەردەکەوێت، تا وێناکان کاریگەرتربن شیعرییەتی دەقەکە لە لای وەرگر زیاتر دەردەکەوێت.

٢- ڕۆماننووس لە هەرسێ ڕۆمانی (نیشتمانی سارا، خەمی مەستوورە، شەوگەرەکاندا) بەهۆی تەکنیکی (لابردن، کورتکردنەوە) خێراییکردنەوەی لە کاتی گێڕانەوە دروست کردووە و زەمەنێکی درێژ، یان کورتی لە کاتی چیرۆکی لابردووە، یان کورتی کردووەتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ناهەوسەنگی لە نیوان کاتی گێڕانەوە و کاتی چیرۆک ببێت و کاتی گێڕانەوە بە بەراورد بە کاتی چیرۆک کورتتربێت، ئەوەش شیعرییەتی کاتی لە ڕۆمانەکاندا بەرهەم هێناوە، هەروەها ڕۆماننووس لە ڕێی ئەم تەکنیکانەوە نەی ویستووە خوێنەر تامەزرۆیی خوێندنەوە لە دەست بدات و لە چاوەڕوانی ڕووداوە سەرەکی و گرنگەکاندا بمێنێتەوە، ئەوەش شیعرییەتی خوێندەوەی لە لای وەرگر دروست کردووە.

٣-ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکانیدا لە ڕێی بەکارهێنانی تەکنیکی وەسف کاتی گێرانەوەی خاوکردووەتەوە و چونکە ئەم تەکنیکە بووەتە هۆی ئەوەی کاتی گێرانەوە درێژتربێت بە بەراورد بە کاتی چیرۆک ئەمەش شیعرییەتی کاتی دروست کردووە چونکە ناهاوسەنگی لە نێوان ئەم دوو کاتەدا دروستکردووە، جگە لەوە شیعرییەتی خویندنەوەشی لە لای وەرگر دروست کردووە چونکە بەهۆی ئەم وەسفانەوە وەرگر دەتوانێت بۆ دیوی دەرەوە و ناوەوەی کارەکتەرەکان شۆڕببێتەوە و لە کاردانەوە و هەڵسوکەوت و هەڵچونەکانیان تێبگات.

٤- ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکانیدا بەهۆی تەکنیکی دواخراوی (دەرەکی، ناوەکی، ئاویتە)وە، بۆ ڕووداوەکانی کاتی ڕابردوو گەڕاوەتەوە و لە ئێستای کاتی گێڕانەوە باسی کردوون، لە دواخراوی دەرەکی بۆ ڕووداوەکانی پێش دەست پێکردنی کاتی گێڕانەوە و لە دواخراوی ناوەکییش بۆ ئەو ڕووداوانەی کە کەوتوونەتە ناو کاتی گێڕانەوە گەڕاوەتەوە، بەڵام ئەم ڕووداوانە لە کاتی خۆیدا باس نەکراون، گێڕانەوەیان دواکەوتووە، ڕۆماننووس بە هۆی ئەم تەکنیکەوە لە ئێستای کاتی گێڕانەوەدا باسی کردوون، لە دواخراوی ئاویتەشدا کاتی ڕابردووی لەگەڵ ئێستای کاتی گێڕانەوە پەیوەست کردووە و هەردوو کاتەکەی تیکەڵ بەیەکتر کردووە، رۆماننووس بەهۆی ئەم تەکنیانەوە زنجیرەیی و بە دوای یەکتر داهاتنی کاتەکانی (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو)ی تێکشکاندووە، ئەوەش جوانیناسی و شیعرییەتی کاتی لە ڕۆمانەکاندا دروست کردووە.

٥-ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا و شەوگەڕەکان)دا، بەهۆی تەکنیکی پێشخراوەوە زەینی خوێنەری بۆ ڕووداوێکی داهاتوو ئامادە کردووە، چونکە ڕووداوەکانی کاتی داهاتووی تێکەڵ بە ڕووداوەکانی ئێستای کاتی گێڕانەوە کردووە بەمەش زنجیرەیی کاتی چیرۆکی تێکشکاندووە و شیعرییەتی لە کاتی گێڕانەوە دروستکردووە، هەروەها شیعرییەتی خوێندنەوەی دروست کردووە چونکە وای لە خوینەر کردووە بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی ڕووداوەکانی داهاتوو بێت، بەڵام لە ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)دا، بە پێی ئەم توێژینەوەی ئێمە لەم ڕۆمانەدا کردوومانە، ڕۆماننووس تەکنیکی پێشخراوی بەکارنەهێناوە.

٦-ڕۆماننووس لە هەرسێ ڕۆمانەکەدا، لە ڕێی بەکارهێنانی تەکنیکی دواخرا چەند ڕووداوێک دەخاتەڕوو کە کاتی ڕووداوەکان ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیان هەیە و لە ڕێگەی ئەم ڕووداوانەوە ڕەخنە لە چەند دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وەک (جیاوازی ئاینی و چینایەتی، بەزۆر بەشوودانی کچ، فرەژنی، پیاوسالاری، بڕوابوون بە جادوو، دیاردەی بەشوودانی کچ لە بری خوێن) دەگرێت، ناوەڕۆکی ئەم ڕووداوانەش بە شێوەیەکی هونەری پیشکەش

کراون چونکە زنجیرەیی کاتی چیرۆکی تێکشکاندووە و بەهۆی ئەوەشەوە شیعرییەتی کات لە ڕۆمانەکەدا دروست بووە، هەروەها بە هۆی وێناکردنی ژیانی واقیعی شیعرییەتی خوێندنەوەش درووست بووە لەبەرئەوەی وای لە خوێنەر دەکات لە ڕێی زەینەوە بۆ ڕووداوی هاوشێوە بگەڕێتەوە کە لە ژیانی واقیعیدا هەیە.

٧-ڕۆماننووس لە هەرسێ ڕۆمانەکەدا، لە ڕێی خستنەڕووی کاتی سیاسی کارەکتەرەکان و کاتی سیاسی ڕووداوەکان، پەیامی خۆی لەناو توخمی کاتدا تواندووەتەوە و لە ڕێی تەکنیکەکانی کاتەوە ، ناوەڕۆکی ئەم نموونانەی پێشکەش بە وەرگر کردووە، چونکە لە هەموو نموونەکاندا تەکنیکی گەڕانەوەی بەکارهێناوە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ناوەرۆکی نموونە سیاسییەکان لەناو هەرسێ ڕۆمانەکەدا شیعرییەتی کات دروست بکەن.

٨- ڕۆماننووس لە هەرسێ ڕۆمانەکەدا، لەم نموونانەی بۆ ڕەهەندی سیاسی بەکاری هێناون، لە پاڵ ڕەهەندە سیاسییەکە هەندێکیان ڕەهەندێکی دەروونی و کۆمەڵایەتیشیان هەیە، چونکە ڕووداوە سیاسییەکان کاریگەرییان لە سەر دەروونی کارەکتەرەکان هەیە و هۆکاری دروستبوونی دیاردە و کێشە کۆمەڵایەتییەکانن.

٩- ڕۆماننووس لە هەرسێ ڕۆمانەکەدا، لە ڕێی بگێڕەوەوە بۆ دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکان شۆڕبووەتەوە و باری دەروونی کارەکتەرەکانیشی بە دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە پەیوەست کردووە، ناوەڕۆکی ئەم نموونانەی بەشێوەیەکی هونەری و لە ڕێی تەکنیکەکانی (خۆدواندن، خەیاڵ، خەون، بیرهاتنەوە)، پێشکەش کردووە، ئەمەش وای کردووە کە ناوەڕۆکی ئەم نموونانە لە قالبێکی هونەریدا دەربکەون، هەروەها ڕۆماننووس کاتی دەروونی بە شوێنەوە پەیوەست کردووە، چونکە شوێنی ڕووداوەکان بووەتە هۆی ئەوەی بگێڕەوە بۆ کاتی ڕابردووی ڕووداوەکان بگەڕێتەوە، ئەم گەڕانەوەش بووەتە هۆی تێکشکاندنی کات و شیعرییەتی کاتی لەناو ڕۆمانەکەدا دروست کردووە.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:

### ١-کتێبە کوردییەکان


- ئارام سدیق، زمان و شیعرییەت، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، (٢٠١٧).
- ئیدریس عەبدوڵڵا، شێوازگەری لادان، چاپخانەی لەریا، سلێمانی،(٢٠١٣ ).
- ئیدریس عەبدوڵڵا، دەقناسی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، تەفسیر، هەولێر، (٢٠٢١).
- ئەدۆنیس، شیعرییەتی خوێندنەوە، و: عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ، (٢٠٠٢).
- ئەمین عەبدولقادر عومەر، شیعرییەت د ڕۆمانێن (سدقی هرۆری)دا، چاپخانا حاجی هاشم، هەولێر،(٢٠٠٨).
- ئەرستۆ، هونەری شیعر، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، (٢٠١١).
- بوشرا کەسنەزانی، پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا، ساڵی ١٩٩٥-٢٠٠٥، چاپی دووەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، (٢٠٢١).
- پەرێز سابیر، بینای چیرۆکی کوردی (لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، (٢٠٠١).
- حەمید عەزیز، تیۆری زانستی زانستییانە، چاپخانەی حەمدی، (٢٠١٦).
- دیار فایەق مەجید، شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی کوردیی باشوری کوردستان بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست(١٩٧٢- ٢٠٠٣)، ناوەندی خاک بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، کەلار، (٢٠٢١).
- سابیر ڕەشید، چیرۆکی کوردی - ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، هەولێر، ئاودێر، (٢٠١٦).

- سەباح ئیسماعیل، چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، (٢٠٠٩).
- سەنگەر قادر شێخ محمەد حاجی، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا، چاپخانەی خانی، (٢٠٠٨).
- عوسمان یاسین، بونیادگەری پێکهاتوویی، میتۆدی لوسیان گۆڵدمان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، چاپی یەکەم، هەولێر، (١٩٩٩).
- عەبدولقادر حمە امین محمد، بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، (٢٠٠٨).
- عەبدوڵڵا سەراج، ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان، سلێمانی، (٢٠٠٧).
- عەزیز گەردی، ئەدەب و ڕەخنە، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، (١٩٧٤).
- کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر، ئیستاتیکا، چاپخانەی مێخەک، (٢٠٢١).
- مارتن هایدگەر، بوون و کات، وەرگێڕانی د.محمد کەمال، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، (٢٠١٣).
- میخائیل باختین، دیالۆگ، خەندە، ئازادی، و: هادی محەمەدی، کتێبی یانەی قەڵەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی،(٢٠٠٨).
- میخائیل باختین، سەودای وتووێژ پێکەنین و ئازادی، و: بەختیار سەجادی، چاپخانەی موکریان، هەولێر، (٢٠٠٨) .
- میران ئەبراهام، نیشتمانی سارا، چاپی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، سلێمانی، (٢٠٢٠).
- میران ئەبراهام، خەمی مەستوورە، ناوەندی بڵاوکراوەی کەپر، سلێمانی، (٢٠٢٠).

- میران ئەبراهام، شەوگەڕەکان، چاپی سێیەم، ناوەندی بڵاوکراوەی کەپر، سلێمانی، (٢٠٢١).
- نەجم خالید ئەڵوەنی، گرنگی کارەکتەر لە ڕۆمانی (یادداشتی عەترو ئاگر)ی (بەیان سەلمان)–دا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، (٢٠٢١).
- نەجم ئەڵوەنی، لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لە بارەی ڕۆمانی کوردییەوە، دەزگای ئاراس، هەولێر، (٢٠١١).
- هیمداد حوسێن، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک،(٢٠٠٧).


**٢- نامە ئەکادیمییەکان**


- حەسەن  یوسف کریم، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانەکانی (عەتا نەهایی)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، (٢٠١٢).
- خەلیل ئیبراهیم مستەفا، شیعرییەتی دەق، بە نموونەی شیعرە کوردییەکانی مەحوی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، (٢٠٠٩).
- کارزان موحسین قادر، سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی(١٩٩١–٢٠٠٠)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، (٢٠٠٩).
- نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، (٢٠٠٣).
- هێمن عومەر ئەحمەد، چەند لایەنێکی شیعرییەت لە کۆچیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن)ی (جەبار جەمال غەریب)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، (٢٠٠٨).

**٣-ڕۆژنامە و گۆڤارەکان**

- دانا فایەق، مناڵێک بە دزییەوە کتێب دەخوێنێتەوە گفتوگۆ لەگەڵ (کاروان کاکەسوور)، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، (٢٠٠٨).
- سروە تاهیر عەلی، ئەڤین ئاسۆس حەمە، شعرییەتی ناو لە ڕۆمانی "دواهەمین هەناری دونیا"ی بەختیار عەلی دا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خول ٦ 5th Conferance of Human sciences جۆزەردان (٢٠١٩).
- کاروان عومەر کاکە سور، کات وەک پرسێکی شەڕانگێز لە ئەزموونی مندا، گۆڤاری گێڕانەوە، ژمارە(١) ساڵی یەکەم، بەهاری (٢٠٢١).
- ناز ئەحمەد سەعید و سدیق ئەوڕەحمان عەلی، غەزەلە وەرگێڕدراوەکانی حافز لە تەرازووی شیعرییەتدا، گۆڤاری پژوهشنامه ادبیات کردی، سال ٦، شماره ٢١، پیایی ٩، بهار و تابستان سنندج، (١٣٩٩).
- هەرێم عوسمان، تەکنیک لە سێ چیرۆکی (ئارام کاکەی فەللاحدا، گۆڤاری هەنار، ژ (٤٤)، (٢٠٠٩).
- عطا رشید حسین، ڕەگەزی کات لە بنیاتی دەقی شانۆیی (چێژ لە مەرگتان وەردەگرم)دا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خول (٦)، ژمارە (٣)، (٢٠١٩).

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**١- کتێبەکان**

- أ.أ. مندلاو، الزمن و الرواية، ترجمة: بكر عباس، الطبعة الاولى، دار الصادر للطباعة والنشر، بيروت،(١٩٩٧).
- أ.م. فورستر، اركان الرواية، ترجمة : موسى العاسي، دار جروس برس، طرابلس-لبنان،(١٩٩٤).
- أحمد العدواني، بداية النص الروائي، النادي الأدبي والمركز الثقافي العربي، رياض، الدار البيضاء، بيروت،(٢٠١١).

- احمد حسين الجارالله، اسلوبية القصة، (دراسة في القصة القصيرة العراقية)،اصدارات مشروع بغداد عاصمة الثقافة العربية، بغداد، (٢٠١٣).
- احمد زياد محبك، متعه الرواية، دار المعرفة، للطلباعة والنشر والتوزيع، ط1، بيروت، لبنان،(٢٠٠٥).
- أحمد قاسم سيزا، بناء الرواية، دراسة قارنة لثلاثية نجيب محفوظ الهيئة المصرية العامة الكتاب،(١٩٨٤).
- أسامة غانم، التجربة الجمالية والمكان في الرواية العربية – الطليعة الأدبية – دار الشؤون الثقافية العامة – ع/٣ السنة الرابعة – بغداد، (٢٠٠٢).
- أمينة يوسف، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، دار الحوار للنشر والتوزيع، ط١، سورية، (١٩٩٧).
- بان البناء، الفواعل السردية- دراسة في الرواية الاسلامية المعاصرة، عالم الكتب الحديث، الاردن، (٢٠٠٩).
- بسام قطوس، مقاربة نصية في الأدب الفلسطيني الحديث، دارالشروق، عمان،(٢٠٠٠).
- بودوستنيك وياخوت، عرض موجز للمادية الديالكتيكية، دار التقديم، موسكو، بدون سنة.
- تزفيطان طودورف، الشعرية، الطبعة الثانية، ت: شكري المبخوت ورجاء بن سلامة، المغرب، دار توبقال،(١٩٩٠).
- جان كوهن، بنية اللغة شعرية، الطبعة الأولى، ت: محمد الوالى و محمد العمري، المغرب ، دار البيظاء: دار توبقال للنشر، جولان، (١٩٨٦).
- جيرار جينيت، خطاب الحكاية (بحث في المنهج)، ت: محمد معتصم و عبدالجليل الأزي و عمر حلي، ط٢، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، (١٩٩٧).

- چون كوين، النضرية الشعرية(بناء لغة الشعر والتوزيع)، ت: د.أحمد درويش، القاهرة، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع،(٢٠٠٠).
- حسام الالوس، يالزمان في الفكر الدينى والفلسفى القديم، الطبعة الاولى، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، (١٩٨٠).
- حسن بحراوى، بنية الشكل الروائي (الفضاء- الزمن- الشخصية)، الطبعة الاولى، الناشر: المركز الثقافي العربي، دار البيضاء، بيروت، (١٩٩٠).
- حسن ناظم، مفاهيم الشعريية(دراسة مقارنة في الأصول والمنهج والمفاهيم ) الناشر: المركز الثقافي العربي، بيروت،(١٩٩٤).
- روبرت شولز، السيماء والتأويل، الطبعة الأولى، ترجمة سعيد الغانمي، بيروت، المؤسسة العربية للدرسات والنشر، (١٩٩٤).
- رولان بارت، مدخل إلى التحليل البنوي للقصص، ت: د. منذر عياشي، مركز الإنماء الحضاري، ط١، حلب – سوريا، (١٩٩٣).
- رولان بورنوف وريال اوئيليه: عالم الرواية، ترجمة: نهاد التكرلي، دار الشئوون الثقافية العامة، ط ١، بغداد، (١٩٩١).
- رومان ياكبسون، قضايا الشعرية، الطبعة الأولى، ترجمة محمد الولي ومبارك حنون، المغرب، دار توبقال للنشر، (١٩٨٨).
- سعيد يقطين، تحليل الخطاب الروائي(الزمن – السرد- التبئير)، المركز الثقافي العربي للطباعة و النشر و التوزيع، ط٣، بيروت،(١٩٩٧).
- سعد محمد رحيم، سحر السرد، دراسات في الفنون السردية، دار نينوى للدراسات والنشر والتوزيع، سورية، دمشق، (٢٠١٤).
- صدوق نور الدين، البداية في النص الروائي، دار الحوار للنشر والتوزيح، سورية، (١٩٩٤).

- صلاح فضل، مناهج النقد المعاصر، دار الافاق العربية،(١٩٩٦).
- صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الادبي، الطبعة الاولى، دارالشؤون الثقافية، العامة، بغداد،(١٩٩٧).
- طه وادي: الرواية السياسية، دار نوبار للطباعة، القاهرة، (٢٠٠٣).
- عباس رشيد الددة، الانزياح في الخطاب النقدي والبلاغي عند العرب، الطبعة الاولي، بغداد،(٢٠٠٩).
- عبدالرحمن بدوي، الوجود بالزمان، الطبعة الثالثة، دار الثقافة، بيروت، لبنان، (١٩٧٣).
- غاستون باشلار، جماليات المكان، الطبعة الثانية، ت: غالب هلسا، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت ، الحمراء، (١٩٨٤).
- فاضل عبود التميمي، البناء السردي في الشعر شيركو بيكەس، سلسلة كتب سردم العربي، ط١، السليمانية، (٢٠٠٨).
- فاليط برنار، النص الروائي(تقنيات پالسرد)، ت: رشيد بنحدو، الهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية، (١٩٩٩).
- ڤاستون بشلار، حدس اللحظة، تعريب رضا عزوز و عبدالعزيز زمزم، نشر دار الشؤون الثقافية العامة، العراق، بغداد،(١٩٨٦).
- كمال ابو ديب، في الشعرية، مؤسسة الأبحاث العربية، الطبعة الاولي، بيروت،(١٩٨٧).
- لورانس بلوك، كتابة الرواية من الحبكة الى الطباعة، ترجمة وتقديم دكتور صبرى محمد حسن، دار الجمهورية للصحافة، (٢٠٠٩).
- مجموعة من الكتاب، الفضاء الروائي، ت: عبدالرحيم حزل، منشورات أفريقيا، الدار البيضاء - المغرب و بيروت – لبنان،(٢٠٠٣).
- محمد زغلول سلام، دراسات في القصة العربية الحديثة، منشأة المعارف، اسكندرية-مصر، بدون سنة .

- محمد عزام، شعرية الخطاب السردي، منشورات إتحاد الكتاب العرب، دمشق، (٢٠٠٥).
- محمد عزام، فضاء النص الروائي (مقاربة بنوية تنكوينية في أدب نبيل سليمان)، دار الحوار للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، سورية،(١٩٩٦).
- مراد عبدالرحمن مبروك، بناء الزمن في الرواية المعاصرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، (١٩٩٨).
- ميخائيل باختين، أشكال الزمان والمكان في الرواية، ت: يوسف الحلاق، د ط ، وزارة الثقافة( نقلا عن رسالة) «البنية الزمكانية في رواية الرماد الذي غسل الماء لعزالدين جلاوجي دراسة تحليلية تأويلية»،(١٩٩٠).
- ميخائيل باختين، الكلمة في الرواية، ت: يوسف حلاق، ط١، منشورات وزارة الثقافة، (١٩٨٨)، دمشق.
- ميشيل زيرافا، الأدب القصصي، الرواية والواقع الاجتماعي، ترجمة، سما داود. ط١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، (٢٠٠٥).
- موريس أبو ناضر، الالسنية والنقد الادبى فى النظرية والممارسة، دار النهار للنشر، بيروت، (١٩٧٩).
- هنرى برجسون، الطاقة الروحية، ترجمة د.سامى الدروبى، الهيئة المصرية العامة للتاليف والنشر ، القاهيرة، (١٩٧١).
- هنري برغسون، طاقة الروحية، ترجمة د.علي مقلر ، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت ، الحمراء ، (١٩٩١).
- يان مانفريد، علم السرد، مدخل إلى نظرية السرد، ت: أماني ابو رحمة، دار نينوى للدراسات والنشر والتوزيع، ط١، سورية- دمشق، (٢٠١١).
- يحيى هويدي، درسات في الفلسفة الحديثة و المعاصرة، دار الثقافة للطباعة ولنشر، القاهرة،(١٩٨١).

**٢- نامە ئەکادیمییەکان**

- اوبيرة هدى، مصطلح الشعرية عند محمد بنيس. رسالة ماجستير، جامعة قاصدي مرباح ورقلة في الجزائر، (٢٠١٢).
- حسين مجيد حسين، البناء الزمن للخطاب السردي، رساله الماجستير، جامعه صلاح الدين،(٢٠١٥).
- سليمان سالم الفرعين، شعرية الرواية، مدن الملح أنموذجا، إشراف الأستاذ الدكتور محمد علي الشوابكة، رسالة الدكتوراه، قسم اللغة العربية وآدابها جامعة مؤتة، الاردن، (٢٠١٠).
- عبدالله ابراهيم علاوي، البناء الفني في رواية الحرب العربية في العراق (١٩٨٠- ١٩٨٥)، رسالة ماجستير، كلية الادب – جامعة بغداد، (١٩٧٨).
- عبدالأمير مطر فيلى الساعدي، الوسف في الرواية العراقية (دراسة نقدية في تقنية بناء الوصف) ١٩٣٧- ١٩٩٠، رسالة ماجستير، كلية لأداب، جامعة بغداد،(٢٠٠٠).
- نيان نوشيروان فؤاد، التكنيك والموضوعات الدالة بين القصة الانگليزيه والعربية والكردية القصيرة، دراسات مقارنة، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين،(١٩٩٥).

**سەرچاوە فارسییەکان:**

- جمال مير صادقى و ميمنت مير صادقى، واژەنامه هنر داستان، چاپ دوم، كتاب مهناز، تهران،(١٣٨٨).
- ريچارد هالند، درامدى تاريخى بر نظريه ادبى از افلاطون تا بارت، ترجمه. گروه ترجمه شيراز(على معصومى، شاپور جوركيش)، چاپ دوم، نشر چشنه، تهران،(١٣٨٥).
- سيروس شميسا، انواع ادبى، ويرايش چهارم، نشر ميترا، تهران، (١٣٨٣).

**پێگەی ئەلیکترۆنی ئەنتەرنێت:**

the MasterClass staff. (2021), what is a flashback.

https://www.masterclass.com/articles/what-is-a-flashback- 14-2-2023

میران ئەبراهام

ڕۆژی ٢٦ی مارتی ساڵی ١٩٧٠ لە شاری سلێمانی لە دایک بووم.
زیاتر لە ٣٠ ساڵە هاوسەرگیریم لەگەڵ (هەنەمێک دیکما) کردووە، پێکەوە
خاوەنی کوڕێک بە ناوی (کوێشتین) ٢٢ ساڵ و کچێک (تیبا) ١٨ ساڵیانە.
دانیشتووی وڵاتی هۆڵەندایین.
من لە منداڵییەوە سەرسام بووم بە ڕەوشتی کەسوکارم و هەموو
مرۆڤ و گیانلەبەرێک لە بینینێتم، هەردەم لێکدانەوە و بیرکردنەوە
لە شێواز و فۆرمە جیاوازەکانی جێگای سەرنجم بوون، بە تایبەتی
هونەر بە هەموو فۆرم و شێوازەکانییەوە، کە بە جیهانی
خۆمیان دەزانم، بە تایبەتی هونەری گێڕانەوە. هەروەها
زۆر سەرسامم بە هونەری شێوەکاری، ئەویش زیاتر هونەری
دەربڕینخوازی. بەردەوام لەو بوارانەدا دەخوێنمەوە و بیرێکی
چاولێکیشم. بێگومان هونەر بۆ بینین و تێگەیشتن.
هەروەها هەندێک جار بۆ دوورکەوتنەوە لە نووسین و
جەنجاڵی ژیان لە لەدار پەیکەرێک دەتاشم.

* ساڵی ٢٠٠٠ کۆمەڵەچیرۆکی "گوێ لە گەڵاکەم" بە زمانی هۆڵەندی بڵاوکردەوە.
* ٢٠١٥ ڕۆمانی شەوگەڕەکان (بە کوردی)
* ٢٠١٩ ڕۆمانی نیشتمانی سارا
* ٢٠٢١ ڕۆمانی خەمی هەسکوان
* ٢٠٢٢ کۆمەڵەچیرۆکی ڕۆژی ڕەشنووس
* ٢٠٢٣ ڕۆمانی خانەقای میرزا

شێوازی نووسینم:
دەتوانم بڵێم ڕۆمان و چیرۆکەکانم باس لە قۆناغێکی مێژوویی دەکەن
کە شوێن و کاتی ڕووداوەکان لە هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان و دابونەریتەکانی
ڕابردوودا بە شێوەیەکی هونەرییانە دووبارە نمایش دەکەمەوە.
لەگەڵ واقیعی مێژووی ئەو سەردەمەدا هاوشێوەن، کە کارەکتەرەکانی
مێژوویی و ڕاستەقینەن، شوناسی خۆیان پێ دەدەمەوە و جارێکی تر
بە نەوەی ئێستایان دەناسێنمەوە، کەواتە مێژووی ڕابردووی
نەتەوەکەی خۆم لە فۆرمێکی هونەری گێڕانەوەدا بە ستایلێکی
مێژوویی ڕیالیستی دەگێڕمەوە.

میران ئەبراهام
٢٠٢٣/٤/٢٦

ڕۆمانی شەوگەڕەکان

ستایلی جوانترین مرۆڤ کەناری گرتووە، ستایلێکە کە لە هێڵکاری و فۆڕمدا ئەبستراکتە و هونەرییانە کاری لەسەر کراوە، بە هێزی خەیاڵ و تەکنیکی هونەری نووسین و حەوسەڵەی گێڕانەوە کارەکتەرەکان خولقێنراون، بە دەنگ و ڕەنگی خۆیان نمایش دەکەن و بەسەرهاتی خۆیان دەگێڕنەوە.

مارتن سەلەمۆ، کارەکتەری سەرەکی و گێڕەرەوەی چیرۆکەکەیە، بەپێچکی ئەوەی مارتن ئاشنامان دەکات بە هونەری ڕەنگ و فۆڕم و چیرۆکی هونەرییەکان، ئەو پێی وایە ڕازاندنەوەی ماڵ و شوێنە گشتییەکان ئەگەر ئەبشاز و دیکۆراتیفی بن توانای هەستەکانی مرۆڤ لاواز دەکەن و ناچار دەبێت لێیشی هەڵبێت.

مارتن خۆی ئاوارەیە و نموونەی مرۆڤی لەدەرەوەبووە، گومانی لە هەموو شتێک هەیە و بەردەوام لە گەڕاندایە بەدوای نهێنی بووندا، بوونێک کە خۆی هەڵی نەبژاردووە.

خودێک کە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا زۆر شت لەدەست دەدات، بەترم ژیان بە هەموو شێوازەکانییەوە قبووڵ دەکات.

مارتن بەدوای نهێنی بوون و گرنگی شوێن و شتەکاندا دەگەڕێت. تاوەکوو لەوە تێ بگات کە ژیان و مردن دوو وشەی تەواوکەری یەکترین و پێویست ناکات ترسی لە هیچیان هەبێت.

میران ئەبراهام

٢٠٢٣/٤/٢٦

ڕۆمانی نیشتمانی سارا

مێژووی سەد ساڵی نەتەوەیەک یان شارێکە، بەشێکە لەو مێژووە ون بووەی یان لە بیرکراوی... کە لە ڕابردوودا تۆمار نەکراون، ئیتر لە بەر هەر هۆکارێک بێت. ڕۆمانەکە ئاوێنەیەکی ڕوونە کە لە ڕابردوودا لە کوچە و کۆڵانەکانی شاردا هەڵواسراوە و دیمەنەکانی بیر تۆمار کردووین، کە من ئەو دیمەنانە لە خوێندنی ڕۆمانەدا دووبارە تۆمار دەکەم و دووبارە تەماشایان دەکەمەوە.

ئەم ڕۆمانە سەرنجی هەمووان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت، کە ئیتر لە ئێستا و لە ڕابردوودا (لە کوردستان دینی ڕەگەزنامە نییە) لەو پێناوەدا و تاوەکو ئەو ڕووداو یان هەڵەیە دووبارە نەبێتەوە هەروەها دانیشتوانی کوردستان بە بێ جیاوازی بیروڕا و دین یەکتری قبووڵ بکەن، پێکەوەمان بە دەرس وەرگرتن لە هەڵەکانی ڕابردوو.

میران ئیبراهیم
٢٠٢٣/١٤/٢٨

ڕۆمانی خەمی هەستوورە

من دەمەوێت هەموو ئەوکەسانەی، ئیتر چ کورد بن یا عەرەب، چ فارس بن یا تورک، کە گوێیان لە قسەی شایەتحاڵێکی تاوانەکانی ئەنفال گرتبێت، یان خۆیان لەو سەردەمەدا ژیابێتن بێنە شایەتحاڵ، ئیتر ئەگەر تۆزێک هەستی مرۆڤانەی تێدابێت.
هەروەها ئەم ڕۆمانە وەکوو مانیفێستێک بۆ ئەنفال و دەنگی ژن بەتایبەتی، گرنگی پێ بدرێت.

لەم ڕۆمانەدا سەرنج لەسەر باری دەروونی کەسایەتی هەستوورەیە، کە لە ئەنفال ئازار بووە، کەسایەتییەک کە من هەوڵم داوە بە هێنانی هونەری گێڕانەوە بچمە نێو ڕۆحییەوە و ڕووداو و بەسەرهاتی تاوانەکانی ئەنفال نمایش بکەم، بەڵام لە نێو خەون و خەیاڵەکانی هەستوورەدا ئەوەش بە بارە هەیجانییەکەیدا.
کە چیرۆکێکی جادوویی ڕیالیستییە.

میران ئەبراهام
٢٠٢٣/٤/٢٦

# Abstract

The current study is entitled “The Poetics of Time in Miran Abraham's Novels”. Time is of great importance in the novel, which with other elements of narrative has a complementary and strong relationship. Moreover, the narrative elements form the structure of the novel with each other. In this study, we have presented the background of research in order to be aware of and benefit from previous works, then the concept and terms of poetry are discussed and the opinions of Western, Arab and Kurdish writers about poetry are mentioned in Safa and Roman. Relationship of time to other elements of narrative such as; (event, character, place) are presented in this study. In the sense that, time is closely related to these elements. Since no event, character and place exists without time. In addition, the poetry of time in the novels is shown in terms of different dimensions, including: social, political, psychological dimensions .The result of the study shows that the novelist in the three novels (Nishtemani Sara, Shawgarakan, Khami mastura) have created speeding and and slowing in narration through time techniques, and that in the sense of short and length has made imbalance between the time of the story and the time of the narration in the novel. This imbalance has resulted poetry time in the novel, moreover, it has broken the path of narration time (past, present and future) and that has created poetry time in the novel. Furthermore, the novelist has demonstrated social, political and psychological messages in an artistic manner through the techniques of time.

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# The Poetics of Time in Miran Abraham's Novels

A Thesis
Submitted to the Council of the College of Language-
Salahaddin University- Erbil in Partial Fulfillment of the
Requirements for the Degree of Master of Arts in Kurdish
Literature

By
**Rekar Ali Hassan**
B.A. in Kurdish Language and Literature -Salahaddin
Universty-Erbil-2012

Supervised By
**Prof. Dr. Mohsen Ahmad Omer**

Erbil- Kurdistan
August 2023